# یەکتاپەرستانی
# دەرزی

**لێکۆڵینەوەیەکی**
**( مێژوویی ـ ئایینی ـ سیاسی ) یە**

**ئازاد تۆفیق خەیات**

**٢٠٠٩**

- ناوی کتێب: یەکتاپەرستانی دەرزی، لێکۆڵینەوەیەکی ( مێژوویی - ئایینی - سیاسی) یە
- نووسەر: ئازاد تۆفیق خەیات
- بابـــەت: فەلسەفە ولێکۆڵینەوە
- نەخشەسازی ناوەڕۆك: پەیام ئەحمەد
- نەخشەسازی بەرگ: جەبار سابیر
- سەرپەرشتیاری کتێب: ئەکرەم محەمەد ئەمین
- تایپ: نووسەر
- هەڵەچنی: محەمەد عەبدوڵلاً
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی بینایی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

سەرپەرشتیاری گشتی
محەمەد کوردۆ

ژمارەی سپاردنی (١٨١٢)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی وچاپ وبلاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی**

# وتەیەکی پێویست

سـاڵی (٢٠٠٨)، ئـەم بەرهەمـەم وەك پێداویسـتییەك بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی (بـەکالۆریۆس) ئامـادەکردبوو، وە پێشـکەش بـە بەشـی (زانسـتە ڕامیارییـەکان) لـە کۆلێـژی (یاسـا و ڕامیـاری)ی زانکـۆی سـلێمانیم کـرد. بـەڕێزانی لیژنـەی گفتوگـۆ وهەڵسـەنگاندنی توێژینەوەکان لە زانگۆی سلێمانی، ئەم بابەتەمیان بە پلەی (باڵا) وەرگرت....

# سوپاس و پێزانین

لە دڵەوە، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە لە ئامادەکردن وبەچاپگەیاندنی ئەم بەرهەمەدا هاوکارییەکی زۆریان کردم.

دووبارە سوپاسیان دەکەم

# پێڕست:

**پێڕست** ........................................ ١
**پێشکەش** ........................................ ٢
**پێشەکی** ........................................ ٣
**بەشی یەکەم**: چەمك و زاراوەی دەرزی وە سەرەتای دەرکەوتنیان لە مێژوو دا ........ ٥
**تەوەری یەکەم/ چەمك و زاراوە و مێژووی دەرزییەکان** ........................................ ٦
**١- ڕاستی وشەکە و ڕەسەنیان** ........................................ ٦
**٢- فاتیمییەکان و عوبەیدییەکان کێن؟** ........................................ ١٧
**تەوەری دووەم/ مێژووی دەرکەوتنیان** ........................................ ٢٧
**بەشی دووەم**: فەلسەفە و بیروباوەڕیان ........................................ ٤٠
**تەوەری یەکەم/ بنەما ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان** ........................................ ٤١
**ا- ئەرکە ئایینییەکان** ........................................ ٤١
**ب- چینەکانی کۆمەڵگای یەکتاپەرستان** ........................................ ٥٥
**ج- سرووتە ئایینییەکان** ........................................ ٥٧
**تەوەری دووەم/ باوەڕە فەلسەفییەکان** ........................................ ٥٩
**ا- بیروباوەڕیان** ........................................ ٦٠
**١- دۆناودۆن** ........................................ ٦٣
**٢- نرڤانا (پۆشاك پۆشی)** ........................................ ٦٥
**٣- ئاوێتە بوون** ........................................ ٦٧
**ب- پایە فەلسەفییەکان** ........................................ ٦٩
**١- خودا و خودا پەرستی** ........................................ ٧١
**٢- دروست بوون** ........................................ ٧٣
**٣- ئایین** ........................................ ٧٥
**٤- ژیری** ........................................ ٨٠
**بەشی سێیەم**: ڕۆڵ و پێگەی دەرزییەکان ........................................ ٨٢
**تەوەری یەکەم/ پێگەی دەرزییەکان لە شام** ........................................ ٨٣
**تەوەری دووەم/ ڕۆڵی دەرزییەکان لە سیستمی سیاسی لوبنان دا** ........................................ ٩٨
**ئەنجام** ........................................ ١١١
**پاشکۆکان** ........................................ ١١٣
**سەرچاوەکان** ........................................ ١٢١

# پێشکەش

**پێشکەشە بە هەموو کوردێکی خاوەن هەستی نەتەوایەتی پاك**...

# پێشەکی

مەبەست لەم توێژینەوەیە، ناساندنی کۆمەڵێکی ئایینی خاوەن بیروباوەڕێکی تایبەتمەندە، کە نهێنی و ناوەخنی (باطن)و ئاشکرانەکردنی زانیارییەکانیان، جۆرە دۆگمایەتییەکی ئایینی و سێکتی پێبەخشیون. مەبەستیش یەکتاپەرستانی دەرزییە. لەسەرەتای دروست بوونی ئەم کۆمەڵە خاوەن دۆکترینە ئایینییەوە، زۆرینەی کۆمەڵگای ئیسلامی بە چاوێکی گوماناوییەوە تێیان ڕوانیون، هەرچەندە ئەوان هەردەم جەختیان لەسەر موسڵمانێتی و یەکتاپەرستی خۆیان کردووە.

دیارە لە مێژووە هەڵسوکەوت و ڕوخسار و جلوبەرگی ئەم کۆمەڵە، بە شێوەیەك سەرنجیان ڕاکێشاوم کە خوازیاربوم هەلێکم بۆ برەخسێت، تا بتوانم لە نزیکەوە زیاتر ئاشکرایان بیم و توێژینەوەیەکی چڕ وپڕی زانستییانە لەبارەیانەوە ئەنجام بدەم. سوپاس بۆ خوا، کە ئاواتەکەم هاتەدی.

لێرەوە توێژینەوەکە، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم چەمك و زاراوە و دەرکەوتنیان لەمێژوو دا تیشکی خراوەتە سەر، کە خۆی لە ڕاستی وشەکە و ڕەسەنیان دا دەبینێتەوە. واتە وەك سەرەتایەك بۆ ناسینی ئەم کۆمەڵە ئایینییە، پاشان ئەو جیاوازییە خراوەتە ڕوو کە لەنێوان فاتیمییەکان و عوبەیدییەکان دا هەبووە، کە زۆرێك لە مێژوونووسان هاوجوتییەکیان تێدا بەدی کردبوون، وە جۆری پەیوەندی و کارلێکی بەرژەوەندی و هاوپەیمانێتی و دەستێوەردان و پێکداهەڵپڕژانەکانیان خراوەتە ڕوو.

لە تەوەرێکی تردا باس لە مێژووی دەرکەوتنیان کراوە، ڕاستییەکان خراونەتە ڕوو، ئاماژە بە ساڵی (٤٠٨ك/١٠١٧ز) دراوە وەك سەرەتایەك بۆ دەرکەوتنی ئەم بیروباوەڕە، ئەوەش لە سەردەمی شەشەمین خەلیفەی فاتیمی (حاكم بیئەمریللای فاتیمی)(٣٧٥ك/٩٨٥ز –٤١١ك/١٠٢١ز) کە بانگەشەی خواوەندی بۆ خۆی کردبوو. ئەو کارەش، واتە ڕاگەیاندنی بانگەواز و مژدەبەخشینەکە، کەسایەتی پیرۆزی ئایینزاکە (حەمزە کوڕی عەلی) دانیشتووی ناوچەی (زۆزان)ی مەڵبەندی کوردان هەستابوو پێی، ئەمەش خۆی لەخۆی دا ئاماژەدانێکە بە کوردی ناساندنی ئەو کەسایەتییە مژدەبەخشە. لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەدا باس لە بنەما و بیروباوەڕە فەلسەفییەکانیان کراوە، کە بەستراوەتەوە بە وتەکانی فەیلەسوفانی گریکی و فیرعەونی و هیند و فارسەوە، هەروەها باس لە ئەرکە ئایینییەکانیان کراوە. لێرەدا ترۆپکی فەلسەفەی ئەوان خراوەتە ڕوو، زۆر جوانتر لە (ئیخوانولسەفا) توانیویانە وتەکان و ماناکانی بفەلسەفێنن، ئەوان توانیبویان هاوسەنگی و بەیەکەوە بەستنێك دروست بکەن لەنێو فەلسەفە و ئایین دا. پاشان لە تەوەرێکی تردا،چین و توێژەکانی کۆمەڵگاکەیان خراوەتە ڕوو، کە دواتر ئاماژە بە ڕۆحانییەکان (عقلاء و دیـني) وە ناڕۆحانی (دنیـوي) دراوە. واتە توانیویانە کاروبار و پێکهاتەی کۆمەڵگاکە دابەش بکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەدانێکە بە چەمکی (سکیۆلاریزم)(عەلمانیەت) کە لە سەدەی بیستەم دا پێبەپێی ئایدیۆلۆژیاکانی (فاشیزم و کۆمۆنیزم) گەشەی سەندبوو.

لە تەوەرێکی تری ئەم بەشەدا ئاماژە بە دۆناودۆن و نرڤانا دراوە، وەك پرەنسیپ و مۆرکێکی ئایینی سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە، ئەم پرەنسیپانەیە کە گەورەترین کێشەی بۆ ئەوان دروست کردووە. لەم ڕووەوە ئاماژە بە کرۆکی جیاوازییەکان کراوە لەگەڵ ئایینی ئیسلامی پیرۆز دا.

دوابەش ئاماژەدانێکە بە ڕۆڵ وپێگەی ئەوان، چ لەشام چ لە سیستەمی سیاسی لوبنانی دا. تیایدا باس لە ململانێی نێوان دەرزییەکان و مارۆنییەکان کراوە، پاشان دروست بوونی سیستەمی دەرەبەگی و دوو قائیمقامیەت وەکی چارەسەرێك. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشە و ململانێکان خراونەتە ڕوو، هەروەها ڕۆڵی وڵاتە زلهێزەکانی ئەو کاتە لەو ململانێیە دا چی بووە؟ هاوپەیمانێتی و دەستێوەردان و هاوسەنگی هێز چ کاریگەرییەکی هەبووە؟ لە دوا تەوەریش دا ئاماژە بە شەڕی ناوخۆی لوبنانی دراوە و هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکانی خراوەتە ڕوو، لە چ ساڵێك دا ئەو شەڕە ڕویداوە؟ فاکتەرەکانی ئەو شەڕە ناوخۆییە چی بووە؟ چی بەسەر پێکهاتەی لوبنانی دا هێنا؟ کاریگەرییەکانی ئەو شەڕە ناوخۆییە لەسەر پێکهاتەی ئێستای لوبنان چییە؟ ڕەنگدانەوەی ئەو شەڕە، ڕۆڵی وڵاتە زلهێزەکان چی بووە لە هەڵگیرسان و یەکلایکردنەوەی ئەو شەڕە دا؟ ڕۆڵی دووجەمسەری و وڵاتانی ناوچەکە، کاریگەری ئایدیۆلۆژیا و ئایینەکان و گۆڕانکارییەکان و سیاسەتمەداران چی بووە؟ لەمانەش گرنگتر ڕۆڵی یەکتاپەرستانی دەرزی چی بووە؟ کە کرۆکی توێژینەوەکە لەسەر ئەوان دەڕوات. دواجار ئەو ڕێگەچارانەش باسیان لێکراوە کە پێویستە بگیرێنە بەر، بۆ بەرگرتن لەو شەڕ و ململانێیە چ لەو کاتە دا، چ لە ئێستا دا. ئاماژە بە دەستووری لوبنانی و عەقڵییەتی تایەفەگەریش دراوە وەك هۆکاری سەرەکی ململانێی نێوان پێکهاتەی لوبنانی.

دیارە لەگەڵ ئەو گرفتانەی ڕێگرییان دەکرد، لە نەبوونی سەرچاوەی کوردی و ئاڵۆزی بابەتەکە، هەوڵدراوە توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام بدرێت. ئاشکرایە کە سەرچاوەی کوردی دەربارەی یەکتاپەرستان وەك (پەڕتووك) دەشێت شتێکی زۆر قورس بێت، تەنها ئەوە نەبێت سەرنج و تێڕوانینێك دەربارەی ئەوان لە ڕۆژنامە یا گۆڤارێك دا بڵاوکرابێتەوە کە دەقێکی وەرگێڕاوی سەرچاوەیەکی عەرەبی یا بیانی بێت, واتە سەرچاوەیەك نییە کە توێژەرێکی کورد بتوانێت سوودی لێوەربگرێت و بیکاتە بنچینەیەك بۆ توێژینەوەکانی دەربارەی ئەوان. تەنها سەرچاوە عەرەبی و بیانییەکان نەبێت. ئاخۆ ئەوەش تا چەند لە ڕاستییەوە نزیك بێت، لەبەر ئەوەی نووسەرانی عەرەب بە هەستێکی ناسیۆنالیستی پڕ لە گومڕاییەوە نووسینەکانیان دادەڕێژن دەربارەی ئەوان، کە یەکتاپەرستانی دەرزی زۆر باشتر ئەو ڕاستییە دەزانن و گیرۆدەی دەستی گومڕایی لە لایەك و دۆگمایی بیروباوەڕە ئایینییەکانی خۆیان لە لایەکی ترەوە.

ئەمەو لە کۆتایی دا خوازیارم ئەم توێژینەوەیە کەلێنێکی کتێبخانەی کوردیی پڕبکاتەوە. هەنوکەش پێویستی بە ئاوڕدانەوە و ڕەخنەی زانستی پسپۆڕانە هەیە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم گەر کەموکوڕییەك لە نێو توێژینەوەکە دا بەدی بکرێت. هیواداریشم سەرنج وتێبینییەکان باشتر خزمەتی لێکۆڵینەوەکە بکات...

ئازاد تۆفیق محەمەد

سلێمانی

٢٧/ ٨/ ٢٠٠٨

# بەشی یەکەم

## چەمك و زاراوەی دەرزی
## وە سەرەتای دەرکەوتنیان لە مێژوو دا

### تەوەری یەکەم /

**چەمك و زاراوە و مێژووی دەرزییەکان**

**ا- ڕاستی وشەکە و ڕەسەنیان**
**ب- فاتیمی و عوبەیدییەکان کێن ؟**

### تەوەری دووەم /

**مێژووی دەرکەوتنیان**

## تەوەری یەکەم /

### چەمك و زاراوە و مێژووی دەرزییەکان

#### ١- ڕاستی وشەکە و ڕەسەنیان

لەسەر چەمك و واتای دەرزی بۆچونی جیاجیا هەیە، بەڵام تێکڕا مێژوونووسان و بیرمەندان کۆکن لەسەر ئەوەی مانای (بەرگدروو) دەگەیەنێت وشەکە.

ڕاستی وشەکە (دەرزی) لەخۆ دەگرێت نەك (دورزی)، [1] کە دەیگێڕنەوە بۆ ناوی لادەر و نەفرەت لێکراوی دەرزی (نەشتەکین محەمەد کوڕی ئیسماعیل دەرزی- نشتکین محمد بن اسماعیل الدَّرزي) کە مژدەبەخشی ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزی بووە لە (شام)، وە وشەی دەرزی مانای (بەرگدروو)ی گەیاندووە.[2] بەڵام ئەم کەسایەتییە بە خواستی دەسەڵاتدارانی یەکتاپەرستان نەجوڵاوەتەوە بەڵکو بەپێی بەرژەوەندی خۆی ڕەفتاری کردووە، بۆیە بە فەرمانی (حاکم بیئەمریللای فاتیمی- الحاکم بأمرالله الفاطمي) لە ساڵی (٤١٠ك/ ١٠١٩ز ) دەکوژرێت و نەفرەتی لێدەکرێت..[3] هەروەها تێکڕای نووسەرانی دەرزیش جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکەنەوە، هەرچەندە نووسەر (سەعد ڕۆستەم- سعد رستم) بنچینەی ئەم ناوەی گێڕاوەتەوە بۆ ئەم کەسایەتییە و کەسێکی تر بە ناوی (حەمزە- حمزە)ەوە کە بە پیشە لباد و نەژاد فارس ناوی بردووە..[4]

لە زمانی تورکی دا زاراوەی (تەرزی) بەکاردێت بەمانای بەرگدروو، ئاشکرایە لە زمانی کوردیش دا (دەرزی) بۆ مەبەستی بەرگدروویی بەکار دێت. لە ماڵپەڕی (ئەهلل بەیت - اهل البیت)دا باس لەم ڕاستییە کراوە، وە بە وشەیەکی بیانی دانراوە کە هاتووەتە ناو فەرهەنگی عەرەبییەوە و جێی خۆی کردووەتەوە. دەرزییەکان کۆمەڵێکی ئایینین، تێکڕای بیروباوەڕیان لە ئیسماعیلییەکانەوە وەرگرتووە، بڕوای تەواویان بە ناخ و ناوەڕۆکی شتەکان هەیە، خاوەنی چەندین سێریمۆن (طقوس)ی ئایینین، ئایینزاکەیان زۆر شێوازی نهێنی لەخۆ گرتووە کە بۆتە مایەی نەهامەتی بۆیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا هەردەم جەختیان لەسەر ناسنامەی ئیسلامیی خۆیان کردووەتەوە، دان بەوەشدا دەنێن کە مەزهەبی بنەماڵەکانیان سوننی یا شیعین..[5]

---

[1] ابو ترابي،جميل: من هم الموحّدون الدّروز، الطبعه الثانيه، دار علاءالدين للنشر و التوزيع و الترجمه- دمشق، سوريه،٢٠٠٧، ص ٧

[2] طليع،امين محمد:اصل الموحدين الدروز واصولهم، الطبعه الاولى، دار الاندلس للطبع والنشر- بيروت،لبنان،١٩٦١،ص٨٠

[3] العسراوي،نجيب: المذهب التوحيدى الدرزي ، الطبعه الثالثه - برازيليا، برازيل ، ١٩٩٠، ص ٧٢

[4] سعد رستم: الفرق والمذاهب الاسلاميه منذ البدايات، الطبعه الاولى، الاوائل للنشر والتوزيع والطبع- دمشق، سوريا، ٢٠٠٤، ص ٢٩٩

[5] طليع،امين محمد:اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص١٨

نووسەری دەرزی (ئەمین محەمەد تەلیع –امین محمد طليع) جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئیسلامن و (عەرەبی پالأوتەن) وە لە خێڵەکانی (بەنی ڕەبیعەن– بني ربیعە)، پێش بانگەوازی دەرزییەکان بە دووسەد ساڵ لە نیوە دورگەی عەرەبییەوە کۆچیان کردووە بۆ لوبنان و بەو ناوەدا بلأوبونەتەوە، دوبارە ئەم ڕاستییەش بە هەمان شێوە نووسەرانی یەکتاپەرستان جەختیان لەسەر کردووەتەوە و سوورن لەسەر نەژاد عەرەبی و ئیسلامیەتی خۆیان..

بەلأم ئایا ئەو نووسەرە دەرزییەی باس لە پێناسەی خۆی و نەژاد عەرەبی خۆی دەکات بەو جۆرە، تا چەند ڕازییە لە ڕاستییەکان و قسەکەی خۆی؟ لەبەرئەوەی لە لوبنان یا ولأتانی عەرەبین دەبێت بەو شێوەیە بدوێن و هەمان بۆچونیان هەبێت. تەنانەت ئەو نووسەرانەی لە ولأتانی ئەورووپی و ئەمریکیشن هەمان هەڵوێستیان هەیە. نووسەرێکی دەرزی (نەجیب عەسراوی– نجیب العسراوي)، سەرۆکی دەستەی دەرزییەکان لە بەرازیل، ئاماژەی بەوە دابوو کە بیروباوەڕیان وەك (بزوتنەوەیەکی چاکسازی) لە ئیسلام دا دەرکەوتبوو.. [1] واتە لە کۆمەڵگای ئیسلامی دا جۆرێك لە ونبوون دروست بووە بۆیە ئایینزای یەکتاپەرستی وەك فریادڕەسێك دەرکەوتووە. هەرچەندە دەشێت ئەم وتەیە والێك بدرێتەوە کە لە بەرژەوەندی ئایینی ئیسلامی پیرۆز ئەمان دەرکەوتوون، یاخود بەهۆی گەندەڵی دەسەلأتداران و دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئیسلامییەوە, هەرچۆنێك بێت ئەم چەمکە بەریەککەوتنێك دروست دەکات لەگەڵ ڕاکەی پێشوو دا، کە خۆیان بە عەرەبی پالأوتە دادەنا.

دەرزییەکان ئەوە باش دەزانن گەر خۆیان بە عەرەبی ئیسلامی لەقەڵەم نەدەن ئەوا بەر بەرداشی فیکری ئیسلامی و جینۆسایدی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکەون. هەرچەندە لەگەڵ ئەو ناسین و جەختکردنەش دا، پیاوانی ئایینی ئیسلام و ڕۆشنبیرانی عەرەب بەگومانن لەم ناسنامە ئیسلامییەیان.

لەگەڵ ئەو هەموو پاساوانەی دەرزییەکان دەربارەی ڕەچەڵەکی خۆیان دەیهێننەوە، لەبەرامبەر دا مێژوونووسان و ڕۆشنبیرانی عەرەب بە تەواوی دانیان بە عەرەب بوونیان و موسڵمان بوونیان دا نەهێناوە، بەڵکو هەندێکیان بە (نوسەیری و قەرامیتە) ناوزەدیان کردوون، ئەوەش نەك ڕای زۆرێك لە عەرەب، بگرە هەندێك لە مێژوونووس و ڕۆژهەلأتناسە بیانییەکانیش هەمان ڕایان هەبووە.

لەوبارەوە ڕۆژهەلأتناسی فەرەنسی (بارۆن کارادیڤۆ) کاتێك باسی لە ئیسماعیلییە شیعەکان کردبوو، ئاماژەی بەوە دابوو کە دەرزییەکان ئیسلامی ڕاستەقینە نین، هەروەها زۆر پابەندی بیروباوەڕەکەشیان نین، جەختی لەسەر ئەوەش کردبوو کە " لەگەڵ ئیسلام دا ئیسلامن، لەگەڵ مەسیحی دا مەسیحین." لە ڕاستی دا ئەو بۆچونانە گەورەترین کێشەی بۆ یەکتاپەرستانی دەرزی دروست کردووە بە درێژایی مێژوو. هەربۆیە نووسەر (مەحمود ئیسماعیل) ڕەخنەی لەو بۆچونەی ڕۆژهەلأتناسی فەرەنسی گرتبوو، وە جەختی لەسەر شوناسی ئیسلامی دەرزییەکان کردبوو...[2]

دەربارەی ڕەچەڵەکیان، مێژوونووسان گێڕابویاننەوە بۆ چەندین سەرچاوە، بەلأم هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، گرنگترین سەرچاوە ئەوە بوو کە لکێنرابوون بە نازناوی (نەشتەکینی دەرزی– نَشتَکین

[1] العسراوي،نجيب: المذهب التوحيدى الدرزي ، ص ٨

[2] د.محمود اسماعيل:فرق الشيعه بين الدين و السياسة، الطبعه الاولى، رؤية للنشر والتوزيع– القاهره، مصر،٢٠٠٥،ص٦٨ مصر،٢٠٠٥،ص٦٨

الدَّرزي)یەوە، کە خەڵکی (تیرون) لە خاکی فارس بووە، وە نەفرەت لێکراو بووە لەلایەن دەرزییەکانەوە. لە سایتی (لەکی– لَكِ)دا ئاماژە بەم بابەتە درابوو، وە گێڕابونییەوە بۆ (عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئی یەهودی– عبدالله بن سبأ الیهودي) ڕەگەز جوو. یاخود هۆکاری دەرکەوتنیان گێڕابونەوە بۆ (سەعیدخێری کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی مەیمونی قەدداحی کوڕی دیصان (دیمان)– سعیدالخیر بن محمد بن عبدالله بن میمون القدّاح بن دیصان)ی کەسایەتی کوردی خۆراسان، پەرەپێدەری بیروباوەڕی ئیسماعیلی..[1]

لە سایتی (ئەهلل بەیت– اهل البیت)دا سەرچاوەکەیانی بۆ دامەزرێنەری ئایینزاکە (حەمزە کوڕی عەلی– حمزە بن علی) گێڕابوەوە، کە خەڵکی (زۆزان) بووە و بە فارسی نەژاد لە قەڵەمی دابوو، ئەمەش بۆچونی تێکڕای نووسەرانی یەکتاپەرستانە دەربارەی نەژادی.

لە هەمان سایت دا، سەرەڕای ئەمانە چەندین وشەی دوور لە ڕاستی خرابووە پاڵیان وە ئاماژە بەوە درابوو کە لە ناو پەرستگاکانیان دا (خەڵوەت) وێنەی (گوێرەکە) هەڵواسراوە، بەوەی بەرز و پیرۆز سەیردەکرێت و خواردنی گۆشتەکەشی حەرامە. لە بڵاوکراوەکانی (نەدوەی جیهانی بۆ گەنجانی ئیسلامی– الندوة العالمیە للشباب الاسلامي) ئاماژە بەوە درابوو کە دەرزییەکان کۆمەڵگایەکی داخراون، ڕێ نادەن بەوەی ژن و ژنخوازی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر بکرێت، خوشك و برا لەیەك مارەبڕ دەکرێن، جگەرەکێشان و مەی خواردنەوە و جلی جوان و شادی و ئاهەنگ ناگێڕن لەبەرئەوەی حەرامە.

بەپێی فەتوای (لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا– اللجنە الدائمە للبحوث العلمیە و الافتاء)کەلە (گۆڤاری توێژینەوە ئیسلامییەکان– مجلة البحوث الاسلامیە) دەردەچێت، تیایدا (ئیبن تەیمییە– شیخ الاسلام ابن تیمیە) وتبوی: "ئەمانە بێباوەڕن، موسوڵمانان کۆکن لەسەر ئەم ڕاستییە، ئەوەشی بەگومان بێت لەم بێباوەڕییە ئەوا خۆی لەوان بێباوەڕترە، ئەوانە ئەهلی کتێبی پیرۆز نین، بەڵکو (لادەر و زەندیق)ن، تۆبەتیان پەسەند ناکرێت، نە خواردنیان دەبێت بخورێت، نە ئافرەتیشیان دەکرێتە خێزان، بەڵکو لە هەرکوێ بن دەبێت بکوژرێن. نە موسوڵمان نە جوو نە مەسیحین، بەڵکو قەرامیتەن کە زۆر بێباوەڕترن لە (جوو، نەساری، هاوبەشانی عەرەب– مشرکي العرب). ئەمانە دەیانەوێت ببنە فەیلەسوف لەسەر شێوازی ئایینزای ئاگرپەرستان و ئەرستۆ و هاوشێوەکانی."

لەگەڵ ئەو ڕاستییانەی باسکران، بەڵام دەرزییەکان هەردەم جەختیان لەسەر ئەوەش کردووەتەوە کە ئەوان موسوڵمانن و لەسەر ڕێبازی ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەڕۆن، وە بە (هەڵە)ش ناودەبرێن بە (دورزی)، بەڵکو ناوی ڕاستەقینەی ئەوان (یەکتاپەرستان– الموحّدون)ە. هەروەها ئارەزوومەندن کە ناوبرێن بە (بەنی مەعروف، ئەلموئمنونە بیللا ئەلواحد، ئەبنائولئیحسان، موەحیدو ئەڵڵا – بني معروف، المؤمنون بالله الواحد، أبناء الاحسان، موحّدوا الله) ئەم زاراوانە مانایەکی ئایینی پوخت دەبەخشێت، کە خۆی لە خوداپەرستی دا دەبینێتەوە. کەواتە لێرە بەدواوە باشتر وایە ئێمەش پەیڕەوانی ئەم ئایینزایە بە (یەکتاپەرستان– الموحدون) ناوبەرین، لەبەرئەوەی لەگەڵ چەمکی (تەوحید– توحید– الموحدون) دا یەك دەگرێتەوە، ئەم چەمکەش لە ڕاستیدا مانا شاراوەکەی

[1] طلیع،امین محمد:اصل الموحدین الدروزواصولهم، ص٣٧

(لا ئیلاهە ئیللا ئەڵڵاّ– لا اله الا الله) دەگەیەنێت، کە مەبەست پەروەردگاری تاك و تەنیایە.

بێگومان یەکتاپەرستی پراگماتیزم* کرابوو لای یەکتاپەرستانی دەرزی، بە شێوەیەك کە مۆرکێکی دۆگمایی وەرگرتبوو. لەبەرئەوەی ژینگەی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەو سەردەمە جۆرە گومڕانییەکی بەخۆوە بینی بوو، کە خۆی لە دابەش بوونێکی فیکری ئیسلامی ئەوپەڕگیری و فەلسەفەی لاهوت و هزری باودا بینیبووەوە. دەرەنجامی ئەمەش ئایینزای یەکتاپەرستان وەك بزوتنەوەیەکی چاکسازی لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامی دا هاتبووە گۆڕێ..[1]

نووسەر نەجیب عەسراوی ئاماژەی بەوە دابوو، لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەوەی ژینگە بارگاوی بوو بە جۆرێك لە گێرەشێوێنی و لەیەك نەگەیشتن، بەڵام کۆمەڵی (ئیخوان ئەلسەفا–اخوان الصفاء) لە (بەسرە و بەغداد) وەك کاردانەوەیەکی ناڕەزایی هاتبونە گۆڕێ، کە سەرکردایەتی دەکران لە لایەن ڕابەر (ئەحمەد ئەلڕەزی کوڕی محەمەد کوڕی ئیسماعیل کوڕی جەعفەرصادق کوڕی محەمەدباقر کوڕی عەلی زەینەلعابدین کوڕی حسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب– احمدالرضي بن محمد بن اسماعيل بن جعفرالصادق بن محمدالباقر بن علي زين العابدين بن حسين بن علي بن ابي طالب)، خودا لێیان ڕازی بێت.

لە نێو ئەم کۆمەڵە ئایینی و فەلسەفییە نوێیە دا، (ئەبو سەلمان محەمەد کوڕی نەسر ئەلبەستی– ابو سلمان محمد بن نصر البستي) ناسراو بە (مەقدیسی– المقدسي) وە (ئەبو حەسەن عەلی کوڕی هارونی زنجانی– ابو الحسن علي بن هارون الزنجاني) وە (ئەبو ئەحمەدی نەهرەجوری– ابواحمد النهرجوري) وە (زەیدی کوڕی ڕەفاعە– زيد بن رفاعه)، (ئەبی عەلائلمعەرری– ابي العلاء المعرّي)، (عەوفی– العوفي) دەرکەوتبوون، ئەمانە (٥٢) نامەیان نووسی بوو، لەهەمویان گرنگتر کۆنامە (رسالة الجامعه) بوو، باسی لە چەشە کردنی ژیری (عقل) بە بنەما زانستییەکان دەکرد، کە ئایین و فەلسەفەی لەخۆ گرتبوو.

ئاماژەی بەوەش دابوو کە ئەو کۆمەڵەیە (تەوحید– توحيد)ی ڕاستەقینەیان ڕاگەیاندبوو بەپێی ژیری. هەموو شێوازە ئایینییە تەفرەدراوە باوەکانیشیان ڕەت کردبوەوە، وە لەسەر ئەم بنەما زانستیانە ئایینزای یەکتاپەرستان بنیات نرا بوو، تاوەکو ببێتە کلاوەڕۆژنە بۆ بیروڕای ئیسلامی پیرۆز، وە بە پێی فەلسەفەی ژیری کار بکات، کە ئەمەش پێشتر ڕێچکەی گرتبوو لە ئیسماعیلییەکانەوە تا گەیشتبووە فاتیمییەکان...[2] ئاشکرایە خەلیفەکانی فاتیمی خۆیان دەگەڕاندەوە سەر (فاتیمەی زەهرا– فاطمة الزهراء) کچی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) کە ژنی ئیمامی عەلی بوو خودا لێی ڕازی بێت. ئەوان سەر بە ئیسماعیلییەکان بوون، بەڵام دوای بەدەستهێنانی زۆرێك لە (فەلسەفەی تەئویلی– الفلسفه التأويليه)

---

* پراگماتیزم : زاراوەیەکی یۆنانییە بەمانای (کردار یا کردە) دێت، تیۆرییەکە بیر لە هەنگاو وە کردەوە دەکاتەوە، واتە ئەوشتەی بەسوود و بوونی هەبێت و شایەنی بەدواداچوون بێت، پێویستە هەوڵی بۆ بدرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ)، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦، ل ١٣٣

[1] العسراوی،نجيب: المذهب التوحيدی الدرزي ، ص ١٩

[2] العسراوی،نجيب: المذهب التوحيدی الدرزي ، ص٢٠

ئايينزايەكی تريان بەدەستهێنا كە ناسرا بە (ئايينزای فاتيمی) وەك گەڕانەوەيەك بۆ ناويان. كاتێكيش (حەمزە كوڕی عەلی كوڕی ئەحمەد– حمزە بن علي بن احمد)ی زۆزانی گەيشتە قاهيرە، وەك زانايەكی گەورەی ئايين و شەريعەت ناسرا، وە بەيەكێك لە فەيلەسوفەكانی ئايينزای ئيسماعيلی دانرا. لە خۆيان نزيك كردەوە و يارمەتييان دا بۆ دۆزينەوەی فێركارييە نوێيەكان، وە تێكەڵ كردنی بە ئايينزای فاتيمی كە دواتر ئايينزايەكی نوێيان لێهەڵهێنجا، ئەويش ئايينزای يەكتاپەرستانی چاكسازی..[1]

يەكتاپەرستان شانازی بەوەوە دەكەن كە ئايينزاكەيان پشتی بەستووە بە فەلسەفەی يۆنانی و ڕۆمانی، هيند، فارس، فيرعەونی بۆ ڕاڤە (تأويل) كردنی ئايين. ئەمەش دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی كە بڵێين ئيسماعيلييەكان كەسانێكی فەيلەسوف و زانای سەردەمی خۆيان بوون. پشتيان بەستبوو بە ئايينزای (ئەفلوتينی)يەكان * بۆ ڕاڤە كردنی ناوەڕۆكی دەقەكان، كە دواتر ببوە ڕێڕەوی (ئيخوان ئەلسەفا– اخوان الصفاء)، پاشتريش گوازرابوەوە بۆ مەغريب (مغرب)، لەوێشەوە بۆ ميسری فاتيمی و يەكتاپەرستان..[2]

ئەم شانازی كردنە دەكرێت ئاماژەی پێبدرێت، وەك هۆكاری ئەو گومڕاييەی بەشێك لەنووسەرانی عەرەب هەيانبووە و هەيانە بەرامبەر ئيسلاميەتی يەكتاپەرستان. لەوەش گرنگتر جەخت كردنيانە لەسەر ئەوەی پێشينانيان فەيلەسوف بوون و پەيامبەرەكەشيان (حەمزە) خەڵكی خۆراسان بووە، وە بڕوابوونی تەواويان بە دۆناودۆن و نرڤانا و ئاوێتە بوون، كەسايەتی (سەلمانی فارسی– سلمان الفارسي)ش وەك كەسێكی پيرۆز سەير كراوە. ئەوەش وەك ڕێزلێنانێك بۆ فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) كە فەرمويەتی:

( **سلمان منّا آل البيت** )...[3] واتە: سەلمان لە ئێمەيە ئەهلل بەيت.

لە سايتی (جزيرە تۆك– الجزيرە توك)دا ئاماژە بەوە درابوو كە يەكتاپەرستان، فەيلەسوفان و داناياني هيند و فارس، فيرعەونی، يۆنانی و زۆرێكی تر بە پێشەوای خۆيان دەزانن، قورئانی پيرۆز بە دانراوی (سەلمانی فارسی) دەزانن و كتێبێكی پيرۆزی تايبەت بە خۆيان هەيە كە ناو دەبرێت بە (موسحەفی مونفەريد بيزاتيهی– مصحف المنفرد بذاته).

يەكتاپەرستانی دەرزی ئەو كەس و كۆمەڵانە بوون كە لە ستەم و لەوتاندن (تعسّف)ی دەوڵەتی عەباسی لە خۆراسان هەڵاتبوون و بەرەو شام و پاشان باكوری كيشوەری ئەفريقيا بڵاوبوبونەوە، تا دواتر لە ميسر گيرسابوونەوە و (قاهيرە)يان كردبووە قەڵای خۆيان لەڕێی شەشەمين خەليفەی فاتيمييەوە (حاكم بيئەمريللا– الحاكم بأمرالله). ئەم گروپە ئايينيەش تێكەڵەيەك بوون لە كورد و عەرەب و تورك و فارس و ئەرمەن و نەتەوەی تر.

---

[1] العسراوی،نجيب: المذهب التوحيدی الدرزي ، ص١١٦

* ئايينزای ئەفلوتينی: دامەزرێنەرەكەی (ئەفلوتين ٢٠٥– ٢٧٠ز) نەژاد ڕۆمانی و لەدايك بووی (ئەسيوت–اسيوط) لە ميسر. وانەی فەلسەفەی لە (ئەسكەندەريە) پاشان (ڕۆما) خوێندبوو. وتبووی" مرۆڤ دەتوانێت پەيوەندی بە خودا يا خواوەندەكەيەوە بكات لەڕێگەی نقوم بوون لە بيركردنەوەدا (تأمّل)، وە سۆفيگەرێتی و ميتافيزيكەوە. "

[2] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم ، ص ٨١

[3] طليع، امين محمد: اصل الموحدين الدروز و اصولهم ، ص ٢٣

مێژوونووسان دەرزییەکانیان لکاندبوو بە قەرامیتەکانەوە، ئەمەش دوورە لە ڕاستییەوە. ڕاستە قەرامیتەکان شیعەی ئیسماعیلی بوون، بەڵام پێش دەرکەوتنی دەرزییەکان ئەوان باڵادەست بوون لە (ئیحسا- إحساء) لە بەحرەین. دواتر توانیبویان بەرەو باکوور بکشێن و میسر و شام داگیر بکەن. لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانی فاتیمییەکان بوون، بەڵام زۆربەی جاریش دژیان جەنگابوون و لە ململانێی بەردەوام دا بوون لەگەڵیاندا. ئەوان بوون کە (بەردە ڕەشەکە)ی کەعبەی پیرۆزیان لە شوێنی خۆی هەڵکەندبوو ساڵی (٣١٧ك/٩٢٩ز)، بە فەرمانی ڕابەرەکەیان (ئەبوتاهیری قرمتی- أبوطاهر القرمطي) کە ساڵی (٣٣٢ك/٩٤٣ز) کۆچی دوایی کردبوو. هەرچی کاروانی حەج و باری موسوڵمانان بوو ڕێگریی لێدەکرا لەلایەن قرمتییەکانەوە، تەنانەت ڕێڕەوی حەج بۆماوەیەك گۆڕدرا.

نووسەر فاروق عومەر لە کتێبەکەی دا ئاماژەی بەم ڕوداوانە دابوو، بەڵام مێژووی کارەساتی بەردە ڕەشە پیرۆزەکەی گەڕاندبوەوە بۆ (٣١٧ك/ ٩٣٠ز)، هەروەها ئاماژەی بەوەش دابوو کە ئەوان توانیبویان ساڵی (٣١٢ك/ ٩٢٤ز) بە (١٧٠٠) چەکدارەوە هێرش بەرنە سەر شاری بەسرە و داگیری بکەن بۆ ماوەی حەڤدە ڕۆژ، لەو ماوەیە دا ئەوپەڕی دزی و دەستدرێژی و تاڵانکاریان کردبوو. ئەمە بێجگەلەوەی کاتێك قافڵەی حاجیان لە مەککەی پیرۆزەوە گەڕابوونەوە بۆ بەغداد بەر شاڵاوی تاڵانکاری ئەوان کەوتبوون. ساڵی (٣١٥ك/ ٩٢٧ز) قرمتییەکان توانیبویان هەڕەشەی داگیرکاری لە بەغداد بکەن..[1] نووسەر هۆکاری سەرەکی ئەم کارانەیان دەگەڕێنێتەوە بۆ فاکتەری ئابوری و بەرژەوەندی..

خەلیفە (عوبەیدوڵڵای فاتیمی- عبیدالله الفاطمي) لە نامەیەکی دا بۆ ڕابەری قرمتییەکان نووسیبوی: بەم کارەت لۆمەت بۆ ئێمە دروست کرد، ڕۆحی نهێنی و ڕاستییەکانت خستە ڕوو، کە بەرەو هەڵدێرمان دەبات. گەر بەردە ڕەشەکە و ئەوکەلوپەلانەی لە خەڵکی (مەککە)ی پیرۆز بردووتە نەی گەڕێنیتەوە شوێنی خۆی، ئەوا هیچ پەیوەندییەکمان نامێنی، نە لەم دنیا وە نە لەو دنیا..[2]

لێرەدا باشتر وایە ئاماژە بەو هەڵەیە بدەین کە (ئیبن خەلدون)ی تێ کەوتبوو، بەوەی لە مێژووەکەی دا ئاماژەی بەوە دابوو، کاتێك لە سەردەمی خەلیفە (موستەکفی- المستكفي) داوایان لێکرابوو (بەردە ڕەشەکە) بگێڕنەوە لە بەرامبەری (٥٠٠٠٠) دیناری زێڕی دا، گوایە قرمتییەکان ئەو داوایەیان ڕەت کردبوەوە، لەبەرئەوەی بە فەرمانی (عوبەیدوڵڵای فاتیمی) ئەو کارەیان ئەنجام دابوو، وە بەفەرمانی ئەویش دەیانگەڕاندەوە شوێنی خۆی..[3] مێژوونووسان ئەو نامەیەیان کردبووە بەهانە بۆ بەیەکەوە بەستنی ئەم دوو کۆمەڵەی باسی لێکرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا زۆر دژایەتی یەکتریان دەکرد، وە تەواوکەری یەکتریش نەبوون.

پێشتر ئاماژە بەوە درا کە یەکتاپەرستان پێك هاتبوون لە چەندین نەتەوە، بەڵام لەناویان دا (پێنج) کەسایەتی زۆر بەپیرۆز سەیر دەکرێن، بە (ئەستێرەیەکی ڕەنگاوڕەنگ) هێمادەکرێن کە ئەمانەن:

---

[1] د.فاروق عمر: التاريخ الاسلامي وفكر القرن العشرين، الطبعه الثانيه، مكتبة النهضه- بغداد، عراق ، ١٩٨٥، ص ٣٠٧

[2] دفتری،د.فرهاد: خرافات الحشاشين و اساطير الاسماعيليين، ت: سيف الدين القصير، دراسات ، دار المدى للثقافة و النشر- بيروت ، لبنان، ١٩٩٦،ص ٢٠٨

[3] دفتري،د.فرهاد: الاسماعيليون في العصر الوسيط،ت: القصير، سيف الدين، الطبعه الاولى، دار المدى للثقافة و النشر- دمشق، سوريا، ١٩٩٩، ص ٥٣

١- حەمزە کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەد زۆزانی- حمزه بن علي بن احمد الزوزاني ناسراو بە (ئەلئەقل ئەلکوللی- العقل الكلّي)

٢- ئەبو ئیبراهیم ئیسماعیل کوڕی محەمەد کوڕی حامید ئەلتەمیمی ئەلبەصری - أبو ابراهيم اسماعيل بن محمد بن حامد التميمي البصري ناسراو بە (ئەلنەفس ئەلکوللی- النفس الكلّي)

٣- ئەبو عەبدوڵلاّ محەمەد کوڕی وەهەب ئەلقوڕەشی- أبو عبدالله محمد بن وهب القرشي ناسراو بە (ئەلکەلیمە- الكلمه)

٤- ئەبوخەیر سەلامە کوڕی عەبدولوەهاب ئەلسامری - أبوالخير سلامه بن عبدالوهاب السامريّ ناسراو بە (ئەلسابیق- السابق)

٥- ئەبو حەسەن بەهادین عەلی کوڕی ئەحمەد ئەلتائی ئەلسموقی - أبو الحسن بهاءالدين علي بن احمد الطائي السموقي ناسراو بە (ئەلتالی- التالي)

ئەم کەسایەتییانە وە تێکڕای یەکتاپەرستان کەسایەتییەکی تر بە ترۆپکی پیرۆزان دەزانن کە (ئەبوعەلی ئەلمەنسوور کوڕی ئەلعەزیز بیللا کوڕی ئەلموعیز لیدینیللا ئەلفاتیمی- أبوعلي المنصور بن العزيزبالله بن المعز لدين الله الفاطمي) ناسراوبە (حاکم بیئەمریللای فاتیمی- الحاكم بامرالله الفاطمي)یە (٣٧٥-٤١١ ك/ ٩٨٥-١٠٢١ ز)، وە بڕوایان وایە کە ڕۆحی پیرۆزی پەروەردگار چۆتە جەستەیەوە. لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (ئەلخەیمە- الخيمه)ی ئیسلامی ئاماژەی بەم کەسایەتییە دابوو وەك خواوەندێك لای یەکتاپەرستان، وە پێنج کەسایەتییەکەی تر وەك پەیامبەر و مژدەبەخش.

یەکتاپەرستان هەرگیز بە باشیان نەزانیوە ئامارژە بە خەلیفەی ناوبراو بدەن وەك خواوەندێك، لەبەر کاردانەوەی خراپی ئەم وتەیە. بەلاّم زۆر بە ڕاشکاوانە لە نامە نهێنی و کتێبە پیرۆزەکانیان دا ئاماژەیان پێ داوە و جەختیان لەسەر کردۆتەوە. لێرەوە پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیرانی عەرەب (ئەوانیش) جەخت لەسەر ئەم ڕاستیانە و ئەم وتانەیان دەکەنەوە لەم بارەیەوە.

نووسەر (عەبدوڵلاّ نەجار- عبدالله النجار) لە کتێبەکەی دا ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەم کەسایەتییانە دەستنیشان کراو یا نوێنەر بوون، جا نەك لە کاتی خەلیفەی ناوبراو دا، بەڵکو لە سەردەمەکانی تریش دا، هەر وەك لە کتێبی (حیکمە- الحكمه) دا هاتووە. لە نامەی (٣٤) دا بە ناوی (حەمزە) وە، ئامارژە دراوە کە (هیچ سەردەمێك بێ من نییە- لا يخلوا منّي عصر)، مانای ڕۆحی پیرۆزیان لە جەستەیەکەوە دەچێتە جەستەیەکی تر. هەروەها نامەی (٣٢) وەسفی کردوون بێئەوەی خەڵکی بیانناسێ، واتە بەپێی سەردەمان گۆڕاون...[1]

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا کەسایەتی (حەمزە) خەڵکی (خۆراسان) بووە، وە نەژاد (عەرەب) نەبووە. کەسێکی پیشەوەر بووە، پیشەکەی (لباد و قەزازی و ڕازاندنەوەی زین) بووە، واتە نزیك بووە لە (بەرگدروو)ییەوە. بەلاّم زیرەکی خۆیی و گۆڕانکارییەکان ڕێخۆشکەری بوون بۆ گەیشتن بە ئاستە بالاّکان (دیيني و دنيوي). لای یەکتاپەرستان ئەم کەسە وەك (باوکی ڕۆحی) سەیری کراوە، هەروەك (قەشە ئۆگەستین)ی باوەڕدارانی ئایینی مەسیحی پیرۆز.

[1] النجّار،عبدالله : مذهب الدروز و التوحيد ، دار المعارف بمصر – القاهره ،مصر، ١٩٦٥ ، ص ١٣٨

لە لایەکی ترەوە نووسەر نەجیب عەسراوی ئاماژەی بەو ڕاستییانە دابوو کە کەسایەتی (حەمزە) لە (خۆراسان)ەوە هاتووەتە قاهیرە، ڕەگەز (فارس) وە خەڵکی ناوچەی (زۆزان) بووە، دەرچووی خوێندنگەی (جندیسابور)* وە لە زانایانی ئایین و فەلسەفە بووە..[1] لێرەدا تێکەڵییەك دروست دەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی کەسایەتی (حەمزە) دا، بەوەی ئایا خەڵکی (خۆراسان یا خوزستان یا زۆزان) بووە؟ لەبەرئەوەی (جندیسابور– جوندی شاپور) شارێکی هەرێمی (خوزستان) بووە. ئاماژەی بەوەش دابوو کە بەهۆی زمانە فارسییەکەیەوە، چەندین وشە و زاراوە و لێکدانەوە و دەربڕین چوبووە ناو داڕشتن و فەرهەنگی عەرەبییەوە. ئەمە بێجگە لەوەی شارەزاییەکی تەواوی هەبووە لە نووسین و قسەکردن بە (عەرەبی).

لە وشە و زاراوە عەرەبییەکانی ناو نامەکانی دا: (ئەلعەلی ئەلئەعلا، تەعالا سوڵتانەهو عولوەن عالیەن عەلییەن، جەللە سەنائوهو، جەللە ئیسموهو، ئەلحاکم ئەلحەکیم – العليّ الاعلى، تعالى سلطانه عُلوّاً عالياً عَليّاً، جلّ ثناؤه، جلّ اسمه، الحاكم الحكيم)...هتد. لەگەڵ ئەمەش دا چەندین وشەو زاراوەی (فارسی) وەك: هورموز، هەرمس (ئیدریس)، هرمس الهرامسە (نهێنی نهێنییەکان)، بەرخودای، کردیو بەکردیو، وەحەق میزە بەتردیو...هتد بەدی کراوە..[2] نووسەر ئاماژەی بەوەش دابوو کە ڕۆژی لەدایك بوونی خەلیفەی ناوبراو وەك ڕۆژی لەدایك بوونی کەسایەتی حەمزە وابووە، کە شەوی پێنج شەممە (٢٣)ی (ڕەبیعولئەوەل– ربيع الاول)ی ساڵی (٣٧٥ك/٩٨٥ز) بووە.

بەڵام نووسەرێکی تر کە (ئەمین محەمەد تەلیع– امين محمد طليع)ە ئاماژەی بەوە دابوو کە (حەمزە) خەڵکی (زۆزان) بووە..[3] دوبارە گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای بابەتەکەمان، واتە ڕەسەن و نازناویان. ئەم نووسەرە ئاماژەی بەوەش دابوو کە (نەشتەکین محەمەد کوڕی ئیسماعیل دەرزی) دەبێت بە (دال) بخوێنرێتەوە، واتە (دەرزی) کە چەمکی(بەرگدروو) دەگەیەنێت، هەروەها ئاماژەی بەوەش دابوو کە بە هەڵە ناو دەبرێن بە (دورزی)، بەڵکو ناوی ڕاستەقینەیان (مووەحدون– الموحدون)ە وە نازناویان (بەنو مەعروفە– بنو معروف)..[4] وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا بوو. لەو بارەوە نووسەر (عەبدوڵڵا نەجار) ئاماژەی بەوە دابوو، کە کەسایەتی (نەشتەکین دەرزی) ئەو کەسە لادەر و گێرەشێوێنە بووە کە بە هەڵە نازناوی دەرزییەکانی بۆ گەڕاوەتەوە لە (شام)..[5]

---

* (جندیسابور)، ڕاستتر وایە بوترێت (جوندی شاپور) بە مانای (سوپای شاپور)، شارێکە لە هەرێمی خوزستان، واتە ئەو شارەی بە بازووی دیلەکانی ڕۆم دروستکرا پاش شەڕی ساڵی ٢٦٠ز کە تیایدا ئیمپراتۆری ڕۆم (ڤالریان) بەدیل گیرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، کەیوان ئازاد ئەنوەر: مانیزم، لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی– ئایینی)یە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٢٤

[1] العسراوي،نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي ، ص٧٢

[2] النجّار،عبدالله: مذهب الدروز و التوحيد ، ص ١٢٤

[3] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز و اصولهم ، ص ٧٩

[4] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز و اصولهم، ص ٨٠

[5] النجّار،عبدالله :مذهب الدروز و التوحيد ، ص ١١١

لەلایـــەکی تـــرەوە (نـــەجیب عەســـراوی) ئامـــاژەی بـــەوە دابـــوو کـــە (نەشـــتەکین) نـــاوی (محەمـەد کـوڕی اسماعیل دەرزی)یـە وە کـە مانـای (بەرگـدروو) دەگەیـەنێت و لـە دەسـتەیەکی ون بـووە (ضالّ)..[1] بـە هـەمان شـێوە نووسـەر (جـەمیل ئـەبو تـورابی- جمیل ابـو ترابي) ئاماژەی بـەو ڕاسـتییانە دابوو، بەڵام بە ڕەگەز (تورك) لە قەڵەمی دابوو نەك (فارس).. [2] ئەمەش جیاوازی ڕاکان دەردەخات..

بـە هـەمان شـێوە (سـەعد ڕۆسـتەم- سعد رسـتم) باسـی لـە یەکتاپەرستانی دەرزی کردبـوو، وە جـەختی لەسـەر ئـەوە کردبـوو کـە ڕاسـتتر وایـە نـاوبرێن بـە (دەرزی) نـەك (دورزی)، لەگـەڵ ئـەوەش دا لەبارەی (حەمزە) وە دوابوو، وە بە (سۆفییەکی فارسی) هەرێمی (زۆزان) ناوی بردبوو..[3]

کـەوابوو زۆرینـەی مێژوونووسـانی ئیسـلامی وە نووسـەرانی دەرزی خۆشـیان کـۆکن لەسـەر ئـەوەی کەسـایەتی (حـەمزە) دانیشـتووی هـەرێمی (زۆزان) بـووە. مەبەسـتیش لـە دووبارەکردنـەوەی پێشـەکی بابەتەکە، خستنە ڕووی ئەو ڕاستییەیە کە ئەو هەرێمە ناوچەرگەی (کوردستان) بووە نەك (فارس)، واتـە ئەمە یا بە هەڵـە یا بـە مەبەست وتـراوە، بەمانای نـاوی هـەرێمی کوردسـتان نـەبراوە، کـە دواتـر ئاماژەی پێدەدەین.

لەو سەردەمانە و بگرە دواتریش ناوچەکانی (کوردستان و خۆراسان و لووڕستان و ئازەربایجان و زۆر ناوچەی تر)، لەبەرئەوەی لە ژێر دەسەلاّتی عەرەبی ئیسلامی دا بوون، بەهـەموو شێوەیەك هـەوڵی (تعریب) کردنیان درابوو، جا چ لەڕێی بواری ئایینییەوە بووبێت یا فیکری یا سیاسـی وەیـا نەتـەوەیی و زمانـەوانی و کلتـووری و فەرهـەنگی و زۆر بـواری تـر. ئەمـەش وای کردبـوو کـە چینی ڕۆشـنبیرانی ئـەو سـەردەمە لـە کـورد و تـورك و فـارس و نەتـەوەکانی تـر، بـە زمـانی (عـەرەبی) بنووسـن و نـاو وە نازنـاوی عـەرەبی لـە خۆیـان بنـێن. بـەو پێیـەی زمـانی (قورئـانی پـیرۆزە)، ئەمـە بێجگەلـە واقیعـی کۆمـەڵگا ئیسلامییەکانی ئەو سەردەمەی نووسەران و مێژوونووسان کە ڕاستییەکانیان تێدا تۆمار کردبوو.

زۆر لــە ڕۆژهەلاّتناســان پێیــان وابــووە (وەرگێڕانــی) (ئەلبەلعــەمی- البلعمــي) بــۆ پــەڕتووکی (تەئریخی تەبەری- تأريخ الطبري) لە ناوەڕاستی سەدەی (دەی) زایینیی دا، وەك سەرەتایەك زانرابێت بۆ وەرگێڕانـی نووسـراو و بابەتـە عەرەبییـە مێـژوویی و فیکـری و فەرهـەنگی و هونـەری و زۆرێکـی تـر بـۆ زمانەکانی تر. بەڵام هەرچەندە سەرەتاکانی وەرگێڕان لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی (حەرەکەی شعوبییە - الحرکە الشـعوبیە) دا یـەك دەگرنـەوە بـەڕای زۆرینـەی مێژوونووسـان، واتـە کۆتـایی سـەدەی هەشـتی زایینـی، کەواتـە دەشـێت کـاری وەرگێـڕی پـێش سـەدەی (دە)ی زایینـی بووبێـت. لـە لایـەکی ترەوە لـەوە دەچـێت وەرگێڕانـی (ئەلعـەبباس کـوڕی تـەرخان- العبـاس بـن طرخـان)ی بەرمـەکی، یەکـەمین هـەوڵی وەرگێڕانی ئەو سەردەمە بوو بێت..[4]

لێرەوە دەردەکەوێت کە لە کۆمـەڵگای کوردەواری و زۆر لـە کۆمـەڵگاکانی تـری ئـەو سـەردەمە دا، زۆربەی مێژوونووسان و زانایان و شاعیران بە زمانی عەرەبی نووسیویانە کە زمانی باو بووە.

---

[1] العسراوی،نجیب: المذهب التوحیدی الدرزي ، ص٧٢

[2] ابو ترابي،جمیل: من هم الموحّدون الدّروز، ص ٨

[3] سعد رستم: الفرق والمذاهب الاسلامیه منذ البدایات، ص ٣١١

[4] د.فاروق عمر: التاریخ الاسلامي وفكر القرن العشرین، الطبعه الثانیه، مکتبة النهضه- بغداد، عراق ، ١٩٨٥، ص ١٦١

**بواری وەرگێڕان کۆمەڵگای کوردەواریشی گرتبوەوە، بەلاّم مەرج نییە بە زمانی کوردی. دیارترین (نووسراو)ی کۆمەڵگای کوردەواری، پەڕتووکی (شەرەفنامە)ی میر شەرەفخانی بەدلیسی بووە، کە لە ساڵی (١٠٠٥ك/ ١٥٩٦ز) بە زمانی (فارسی) نووسیویەتی...[١] لە ڕووی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە بە یەکەمین هەوڵی کوردی دادەنرێت لە سەدەی شانزەی زایینی دا، بەلاّم بەهۆی زاڵ بوونی زمانی عەرەبییەوە میر شەرەف کوڕی شەمسەدین (شەرەفخان) دوالاپەڕەی پەڕتووکەکەی بە زمانی عەرەبی نووسی بوو....[٢]**

**هەرچەندە مێژوونووسی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) ڕەخنەی ئاڕاستەی (میر) کردبوو کە دەبوایە بە زمانی کوردی دایبڕشتایە، لەبەرئەوەی مێژووی کلتوور و میرانی کورد بووە..[٣]**

**بێگومان ملکەچ بوون بۆ کلتووری عەرەبی ئیسلامی لەو ڕۆژگارە دا، هۆکاری ستەم و باجەکانی (خەراج و جزیە و زەکات) بووە کە بە زۆر لە خەڵکی ڕەش وڕووتی نەتەوە و ئایینە نائیسلامییەکان (المستئمنون) سەندراوە و سەپێنراوە بە سەریان دا. کۆمەڵگای کوردەواریش یەکێك بووە لەوانە، بێجگەلە دەوڵەمەندی ناوچەکە لە ڕوی سامانی سروشتییەوە کە بۆتە هۆی زیاد کردنی دەرامەتی دەوڵەتی ئیسلامی...[٤]**

**مێژووش شاهیدە کە سوپای عەرەبی ئیسلامی چ شالاّوێکی کردبووە سەر ناوچە جیاجیاکان. لە کوردستان دا شەڕی (حولوان) بە سەرکردایەتی (قەعقاع کوڕی عومەر– قعقاع بن عمر) سەرەتای ئاشنابوونی ئەوان بووە بە ناوچە کوردییەکان، پاش سەرکەوتنیان لە شەڕی (قادسیە) دا بەسەر لەشکری (ساسانی)یە زەردەشتییەکان بە سەرکردایەتی (ڕۆستەمی فروخزاد)(١٥ك/ ٦٣٨ز). یاخود شەڕە خوێناوییەکەی (جەلەولا) کە هەزاران ڕۆڵەی کوردی تێدا شەهید کرابوو..[٥]**

**نووسەر (فرسەت مەرعی) باسی لەم ڕوداوانە کردبوو، کە (سعد کوڕی ئەبی وەقاس–سعد بن ابي وقاص) سەرکردەی گشتی هێزە ئیسلامییەکان لە بەرەی عێراق، (هاشم کوڕی عەتەبە– هاشم بن عتبە)ی لەگەڵ (١٢٠٠٠) شەڕکەری موسوڵمان بۆ (جەلەولا) ناردبوو، پاش (٨٠) ڕۆژ پێکدادان، لەشکری فارسەکان کە زۆربەی شەڕکەری میدی (هەرێمی چیا) بوون، لەگەڵ (٤٠٠٠) ئەرمەنی تێکشکابوون، دواتر لەشکری موسوڵمانەکان توانیبویان بچنە ناو شاری (حولوان)ەوە، کە دەرەنجام بووە هۆی کوشتنی (١٠٠٠٠٠)کەسی ناوچەکە، بۆیە بە (جەلەولا) ناوبرابوو..[٦]**

**پێشتر باس لەوە کرا کە زمانی فارسی (پەهلەوی نوێ) توانیبوی جێی خۆی بکاتەوە، تا ببێتە زمانی ڕۆشنبیران و نووسەران، کە دەتوانین بڵێین زمانی (دپلۆماسی و هاوچەرخی) ئەو سەردەمە بووە.**

---

[١] بدلیسی، شەرەفخان: شەرەفنامە، و: هەژار، لە بلاّوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد– نەجەفی پیرۆز، عێراق، ١٩٧٣،ل ٥٩

[٢] عبدالرقیب یوسف: تابلۆکانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم، لە بلاّوکراوەکانی بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٧

[٣] محمد امین زکی: کورد وکوردستان، جلدی ١–٢–٣، (چاپخانەی دار السلام،بغداد)،انتشارات سیّدیان– مهاباد،١٩٣١،ل٤

[٤] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٨٣

[٥] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك ، ل ٦٧

[٦] د.فرست مرعي:کردستان في القرن السابع الميلادي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه– السليمانيه،٢٠٠٦،ص١٢٨

ئەمەش بالأدەستی زمانەکانی تر دەگەیەنێت لە ئاست زمانی کوردی دا، جا نەك هەر زمان بەڵکو ئایینزاش کاریگەر بووە. نووسەر (کەلیموڵلأی تەوەحودی) لە ڕوانگەی جیاوازی ئایینزا (مذهب)ەوە ئامارژەی بەوە دابوو کە (ئۆزبەگ)ە سوننییەکان، ساڵی (١٠٠٥ك/١٥٩٦ز) پەلاماری کوردە شیعەکانی خۆراسانیان دابوو، هەتا (یەزد) پێشڕەوییان کردبوو لە ڕاوەدونانیان...[١]

[١] تەوەحودی، کەلیموڵلأ: کۆچی مێژوویی کورد بۆ خۆراسان ، و: عەدنان بەرزنجی، چاپ و پەخشی سەردەم _ سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦ ، ل ١١٦

## ٢- فاتیمییەکان و عوبەیدییەکان( الفاطمیّون و العُبَیدیّون ) کێن ؟

ئەمانە وەچەیەکی ئیسماعیلییەکان بوون. حوکمڕانی وڵاتانی شام و میسر و نیوە دورگەی عەرەبی و سقلیە و جەزائیر و مەغریب بوون، لە ماڵپەڕی (ویکیپیدیا) دا ئاماژە بەوە درابوو کە لایەنگرانیان لە (وڵاتی نوبە) هەبووە، ئەوەش لەڕێی (ئیمارەتی کنوز- اِمارة الکنوز)ەوە. بە درێژایی حوکمڕانیان چەند پایتەختێکیان هەبووە، وەك: (قەیرەوان- قَیروان-٢٩٦- ٣٠٧ك/ ٩٠٩- ٩٢٠ن)، (مەهدییە- مَهدیە- ٢٠٤ - ٣٦٢ك/٨٢٠- ٩٧٣ن)، (قاهیرە- قاهرە- ٣٦٢- ٥٦٦ك/ ٩٧٣- ١١٧١ن).

بێگومان ناوی فاتیمییەکان لە ناوی (فاطمە) کچی پێغەمبەرەوە (د.خ) هاتبوو، هەرچی ناوی (عوبەیدی- عُبیدي)یەکانیش بوو، لە ناوی دامەزرێنەرەکەیەوە (عوبەیدوڵڵای مەهدی- عُبیدالله المهدي) هاتبوو، کە(٢٩٦- ٣٢١ك/ ٩٠٩- ٩٣٤ن) بەفەرمی ببوە یەکەمین خەلیفەی دەوڵەتی (عوبەیدی یا فاتیمی)، وە بانگەشەی (مەهدی مونتەزیر- المهدي المنتظر)ی بۆخۆی کردبوو، لە بانگەوازە نوێیەکەی دا پشتی بەستبوو بە(ئەبو عەبدوڵڵای شیعی- أبو عبدالله الشیعي). ئەوکەسە بوو کەلەناوچەکەدا توانی دەوڵەتی (ئەغالیبە- أغالبە) لەناوبەرێت و تاك ڕەوانە دەسەڵات بگرێتە دەست. هەردەم لە کێشمەکێش دا بوون لەگەڵ عەباسییەکان دا بۆ دەست گرتن بەسەر شام دا، ئەمەو بێجگەلە ناکۆکییان لەگەڵ ئەمەوییەکانی (ئەندەلوس)، بۆ دەست گرتن بەسەر باکوری کیشوەری ئەفریقا دا.

هەر ئەوان بوون کە توانیان لە ساڵەکانی (٣٥٣-٤٦٢ك/٩٦٥-١٠٧٠ن) دەست بەسەر حیجاز و سعودیەی ئەمڕۆ دا بگرن. لە ماوەی حوکمڕانییان دا (٢٩٧-٥٦٦ك/٩١٠- ١١٧١ن) (١٤) خەلیفە حوکمی کردبوو، کە ئەمانە بوون:

١- عوبەیدوڵڵای مەهدی (عبیدالله المهدي).

٢- ئەلقائیم بیئەمریللا ئەبولقاسم (القائم بأمرالله أبو القاسم).

٣- ئەلمەنسور ئیسماعیل (المنصور اسماعیل).

٤- ئەلموعیز لیدینللا ئەبو تەمیم (المعز لدین الله أبو تمیم).

٥- ئەلعەزیز بیللا نزار (العزیز بالله نزار).

٦- ئەلحاکم بیئەمریللا مەنسور (الحاکم بأمرالله منصور).

٧- ئەلزاهر عەلی (الظاهر علي).

٨- ئەلموستەنسر بیللا سەعد (المستنصر بالله سعد).

٩- ئەلموستەعلی بیللا ئەحمەد (المستعلي بالله احمد).

١٠- ئەلئامر بیئەحکامللا ئەلمەنسور (الآمر بأحکام الله المنصور).

١١- ئەلحافز لیدینللا عەبدولمەجید (الحافظ لدین الله عبدالمجید).

١٢- ئەلزافر بیئەمرللا ئیسماعیل (الظافر بأمرالله اسماعیل).

١٣- ئەلفائیز بینەسروڵڵا عیسا (الفائز بنصرالله عیسی).

١٤- ئەلعازد ليدينللا عەبدوڵلاّ (العاضد لدين الله عبدالله).

لێرە بەدواوە دەوڵەتی فاتیمی کەوتبووە ژێر دەسەلاّتی سەربازی (ئەیوبییەکان)ەوە، بە تایبەت پاش کودەتاکەی سەلاّحەدینی ئەیوبی (٥٣١- ٥٨٨ك/ ١١٣٧- ١١٩٣ز) لە ساڵی (٥٦٦ك/ ١١٧١ز) دا، کە میسری گەڕاندەوە بۆ ئایینزای (سوننی). نەوەکانی سەلاّحەدین تا ساڵی (١٢٤٩ز) حوکمڕانی میسر وە تا ساڵی (١٢٦٠ز) حوکمڕانی سوریا بوون...[١]

لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) دا باس لە کەسایەتی ناوبراو کرابوو، ئاماژە بەوەش درابوو دوای ئەوەی گرانی و قاتوقڕی ناوچەکەی گرتبووەوە، وە پاش ئەوەی سەیفەدین و سوڵتان ساڵح کۆچی دواییان کردبوو، جێگرەکەیان کە سوڵتان عێزەدین (مەسعودی کوڕی عیمادەدین زەنگی) بوو، وەك جۆرێك لە هەلپەرستی لەگەڵ خاچپەرستەکان ڕێکەوتبوو، دواتر هێرشی بردبووە سەر دەوڵەتی ئەییوبیەکان. پاش چوار ساڵ شەڕ و پێکدادان، سەلاّحەدین توانیبووی تێکڕای هێرشەکان تێك بشکێنێت و زاڵ بێت بە سەریان دا، لێرەوە ناوبراو توانیبووی ولاّتی ئەتابەگیەکەی * عێزەدین بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هەرچەندە مامۆستا (حەکیم عەبدولڕەحمان زوبێر) ئاماژەی بەناوبراو دابوو، وە بە (عێزەدین مەسعود زەنگی)(٥٧٦-٥٨٩ك/ ١١٨٠-١١٩٣ز) ئەتابەگی موسڵ ناوی بردبوو..[٢]

لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) وە لە کۆتایی ئەو بابەتەی تایبەت بوو بە سەرکردەی سەربازی کورد سوڵتان سەلاّحەدینی ئەییوبی، ئاماژە بە کۆچی دوایی ناوبراو کراوە، کە شەوی (٢٧/ سەفەر/ ٥٨٩ك) بووە، واتە (٣/ ٢ / ١١٩٣)ی زایینی دەکات..[٣]

لە شەرەفنامە دا ئاماژە بە (١٥/ سەفەر/ ٥٨٩ك)، (٢١/ فێبرایەر/ ١١٩٣ز) دراوە، وەك مێژووی کۆچی دوایی ناوبراو...[٤] بەلاّم مێژوونووس (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لە کتێبەکەی دا ئاماژە بە (٢٧/ سەفەر/ ٥٨٩ك)، (٤/ مارت/ ١١٩٣ز) دەدات وەك مێژووی کۆچی دوایی ناوبراو. ئاماژە بەوەش دەدات کە ناوبراو لەو کاتە دا تەمەنی (٥٧) ساڵ بووە..[٥]

گەر بگەڕێینەوە سەر باسی ئیسماعیلییەکان، دەبینین پاش ئەوەی (عەبدوڵلاّی کوڕی مەیمونی قەدداح) لە سەدەی پێنجی کۆچی دا بنچینەی بانگەوازی ئیسماعیلییەکانی داڕشتبوو، جۆرە دابەش بوونێك ئەم ئایینزایەی گرتبووەوە، ئەوەش پاش ئەوەی حاکم بیئەمریللا بانگەشەی (خواوەندی) بۆخۆی

---

[١] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧، ل ١٦٠

* لە کۆتایی سەدەی (٥ك/١١ز) دوای ئەوەی زۆرێك لە دەسەلاّتدارانی سەلجوقی لە تەمەنێك دا نەبوون کە بتوانن دەسەلاّت بگرنەدەست، بۆیە پێویست بوو کەسێك هەستێت بە ئامۆژگاری کردنیان و گرتنەدەستی دەسەلاّت، تا میری بچوك دەگاتە تەمەنێك کە ئیتر بتوانێت حوکم بکات. ئەو کەسە بەخێوکەرە پێی دەگوترا (**ئەتابەگ**)، ناوچەکەش پێی دەگوترا (ناوچەی ئەتابەگی). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (حکیم عبدالرحمن زبير البابيري: مدينة خەلات، دار سپيرێز- دهوك، ٢٠٠٥، ص ٨٨)

[٢] حكيم عبدالرحمن زبيرالبابيري: مدينة خەلات، الطبعة الاولى، دار سپيرێز للطباعة و النشر- دهوك، ٢٠٠٥، ص ١١٤

[٣] ڕۆژی کورد (١٩١٣ ئەستەمووڵ) گۆڤاری جڤاتی"هێڤی" قوتابیانی کورد: ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی عەبدوڵلاّ زەنگەنە، لە بلاّوکراوەکانی بنکەی ژین – سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥، ل ١٠- ١٣

[٤] بەدلیسی،شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١٦٠

[٥] محمد امين زكى: کوردوکوردستان، ل ١٧٦

کردبوو ساڵی (٤٠٨ك/١٠١٧ز)، لێرە بەدواوە و بەتایبەت پاش دیارنەمانی خەلیفەی ناوبراو، دواتر ئەم ئایینزایە ئەو باڵەی لیٚ جیا بوەوە کە ناوبران بە (یەکتاپەرستانی دەرزی).

لەبەرئەوەی بەشێك ئاماژەیان بەوە دابوو کە ئەو کوژراوە یا دیارنەماوە، مانای کۆتایی بە دەسەڵات و کەسایەتییە پیرۆزەکەی هاتووە. بەڵام لایەنگرانی ڕۆحیی خەلیفەی ناوبراو کە خۆی لە یەکتاپەرستانی دەرزی دا دەبینییەوە، لەو بڕوایەدا بوون کە خەلیفەی ناوبراو هەڵکشاوەتەوە بۆلای پەروەردگار، وە کاتێکیش دەردەکەوێتەوە کە سەرانسەری جیهان بە تاوان و لادەر و بێباوەڕی تەنرابێت. واتە بۆ تۆڵە سەندنەوە دێتەوە خواریٚ، ئەوەش لە کات و شوێنی تایبەتی خۆی دا ڕوو دەدات..

پاش کۆچی دوایی هەشتەمین خەلیفەی فاتیمی (موستەنسر بیللا- المستنصر بالله) ساڵی (٤٨٧ك-١٠٩٤ز)، جارێکی تر ئایینزای ئیسماعیلی دابەش بوونێکی تری بەخۆوە بینی بوو، کە دوو باڵی نویٚ هاتبونە کایەوە، ئەویش (نزارییەکان و موستەعلییەکان- النزاریە و المستعلیە) بوون. لایەنگرانی ئەو دوو باڵە بانگەشەی ڕابەرایەتییان بۆ هەریەك لەو دوو کوڕەی خەلیفەی ناوبراو دەکرد بەجیا، ئەمەش ببوە هۆی دروست بوونی ناکۆکییەکی گەورە لە نێوانیان دا. بێگومان چەندین دابەش بوونی تریش ڕوی دابوو بەڵام هێندە گرنگ نین تا باس بکرێن...

مێژوونووسان لەم بارەیەوە زۆر شتیان نووسیوە، بەڵام باشتر وایە ئاماژە بە چەند هەڵەیەك بدەین کە هەندێك لە مێژوونووس و نووسەرە عەرەبەکانی تێکەوتوون، دەربارەی دابەش بوونی ئیسماعیلییەکان. نووسەر (لیوا حەسەن صادق- اللواء حسن صادق) ئاماژەی بە یەکەم دابەش بوون دابوو کە ئایینزای یەکتاپەرستانی لیٚ کەوتبوەوە، پاش ئەوەی خەلیفە حاکم بیئەمرللای فاتیمی خواوەندی خۆیی ڕاگەیاندبوو.

هەڵەی نووسەر (حەسەن سادق) لەوەدا بوو کە ساڵی (٤١١ك/١٠٢١ز)ی بۆ ئەم ڕاگەیاندنە نووسیبوو، واتە ساڵی ڕاگەیاندی خواوەندی. هەروەها باسی لە دووەم دابەش بوونی ئیسماعیلییەکان لە ساڵی (٤٨٧ك/ ١٠٩٤ز) دا کردبوو، کە نزارییەکان وە موستەعلییەکانی لیٚ کەوتبوەوە..[١] هەروەها هەڵەی تریش. * بەڵام هەڵەکە لەوەدایە کە هۆکارەکەی بۆ کۆچی دوایی خەلیفە حاکم گەڕاندوەتەوە.

لە ڕاستی دا یەکەم هەڵە، ساڵی (٤٠٨ك/ ١٠١٧ز)یە نەك ئەو ساڵەی ئاماژەی پێدابوو وەك ڕاگەیاندنی خواوەندێتی بۆخۆی. دووەمین هەڵە، کۆچی دوایی خەلیفە موستەنسر بیللای فاتیمییە، نەك خەلیفە حاکم بیئەمریللای فاتیمی، کە ئەو ئاماژەی پێدابوو. دووبارە نووسەرێکی تر بە ناوی (فاروق عومەر فەوزی) هەمان هەڵەی نووسەری پێشووی کردبوو، ئەوەش بەوەی دابەش بوونی یەکەمی گەڕاندبوەوە بۆ ساڵی (٤١١ك/ ١٠٢١ز) کاتێك خەلیفە حاکم بیئەمریللای فاتیمی بانگەشەی

---

[١] اللواء حسن صادق: جذور الفتنه في الفرق الاسلامیه منذ عهد الرّسول حتی اغتیال السادات، الطبعة الرابعە، عربیه للطباعة و النشر- القاهره، مصر، ٢٠٠٢، ص ٩٠

* هەڵەیەکی تری ئەوەیە کە (ئێزدی)یەکانی بە (یەزیدی) ناوبردووە، وە بە (غلاة الشیعه)ی زانیون. لەڕاستی دا ناویان لە (ئێزدان)ەوە هاتووە و ئێزدان (پەروەردگار) دەپەرستن، ناویان نە لە(یزید بن انیسە)وە هاتووە، وە نە (غلاة الشیعه)ن، بەڵکو لە زۆر سێریمۆن (طقوس) دا لەگەڵ ئایینی زەردەشتی یەك دەگرنەوە. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٢٥

خواوەندی بۆخۆی کردبوو..[1] پێشتر ئاماژە درا بەو ساڵەی بانگەشەی خواوەندی بۆخۆی کردبوو..

ئەو نووسەرانە تێکەڵییەکیان دروست کردبوو لە ساڵی بانگەواز و دیارنەمانی خەلیفە حاکم دا، بەڵام گرنگ ئەوەیە نووسەرانی (دەرزی) تێکڕا کۆکن لەسەر ئەوەی بانگەواز ساڵی (٤٠٨ك/ ١٠١٧ز) بووە، هەرچەندە پێشتر هەوڵی بانگەشە درابوو بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. هەروەها ساڵی (٤١١ك/ ١٠٢١ز) خەلیفەی ناوبراو دیارنەما بوو. لەڕاستی دا پێدەچێت دابەش بوونی یەکەم هۆکاری ئەوە بوبێت کە زۆرینەی ئیسماعیلییەکان بڕوایان وابووە خەلیفەی ناوبراو مردووە، بەڵام کەمینەیەك لەو باوەڕەدا بوون خەلیفە نەمردووە و دەگەڕێتەوە، کە (دەرزی)یەکان بوون، ئەوەش ساڵی (٤١١ك/ ١٠٢١ز) ڕووی دابوو، هەروەك پێشتر بە ڕوونی ئاماژەی پێدرا.

نووسەر (سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی) دەربارەی دابەش بوونی دووەمی ئیسماعیلییەکان، بەتایبەت پاش بێبەری کردنی (نزار) کوڕی خەلیفە (موستەنسر بیللا) لە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی، وە هاتنە سەر حوکمی خەلیفەی نوێ (ئەلموستەعلی بیللا ئەحمەدی فاتیمی – المستعلي بألله احمد الفاطمي)، ئاماژەی بەوە دابوو کە کەسایەتییەك بە ناوی (حەسەنی کوڕی سەباح– الحسن بن الصباح– حسن الصباح) وەك پەرچەکردارێك دژی ئەو کارە لە ناوچەکە دا، بانگەشەی خەلافەتی بۆ (نزار)ی کوڕی خەلیفەی ناوبراو کردبوو.

ئەم کارەی حەسەن سەباح جۆرە دەنگدانەوەیەکی هەبوو لە نێو ئیسماعیلییەکانی ئێران دا، واتە دواتر هۆکاری دروست بوونی بیروباوەڕێکی ئایینی نوێ بوو بە ناوی (نزاری)یەوە. ئەمانە واتە نزارییەکان دوژمنی سەرسەختی فاتیمییەکان لە قاهیرە و عەبباسی لە بەغداد بوون، لە هەمان کاتیش دا بە پێی نووسراوە مێژووییەکان، ئەوان گەورەترین دوژمنی سوڵتان سەلاحەدینی ئەییوبی بوون.

نزارییەکان جۆرە پەرگیری و دەمارگیرییەکیان پەیڕەو دەکرد کە لە قۆناغێکی تردا کۆمەڵێکی ئایینیی سیاسیان بەناوی حەشیشەکێشەکان (الحشاشين) لێپەیدا ببوو کە کاری تیرۆری سیاسیان دژ بە دەسەڵاتدارانی فاتیمی و عەبباسی ئەنجام دەدا. هەرچەندە دەوترا ماددە بێهۆشکەرەکان هۆکاری کردنی کارە گیان فیداییەکانیان بووە. ساڵی (١٠٩٠ز) حەشیشەخۆرەکان (قەڵای ئەلەموت) * (قلعة الموت) یاخود (هێلانەی هەڵۆ)یان کردبووە بنکە و بارەگای خۆیان، نزیك شاری (قەزوین). پاشان توانیبویان پەرە بسێنن و ساڵی (٥٣٥ك/ ١١٤١ز) بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئیسماعیلی (ڕەشیدەدین سینان – رشيدالدين سنان) قەڵای (میسیاف – مِصیاف) لە باکوری سوریا داگیر بکەن...[2]

---

[1] د.فاروق عمرفوزي:نشأة الحركات الدينيه السياسيه في الاسلام،الطبعه الاولى،الاهليه للنشروالتوزيع– عمّان،١٩٩٩،ص٢١٢

* لە پەراوێزی (شەرەفنامە) دا ئاماژە بە ناوی قەڵای ئەلەموت کراوە، کە قەڵایەکی قایمە و لە قەزوێنە. مامۆستا هەژاری وەرگێڕ دەڵێت لە شەرەفنامە فارسییەکە دا نوسراوە (قلعة الموت)، بەڵام مامۆستا ڕۆژبەیانی لە تەرجەمە عەرەبییەکە دا نووسیویە (قلعة آل موت – الموت الاحمر)، واتا (مەرگی سوور). هەژار دەڵێت من لام وایە (هەڵەموت)ی کوردییە کە بە جێگەی زۆر سەخت دەڵێن، چونکە فارسیش بە (ئەڵەموت)ی دەخوێننەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بدلیسی، شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١٠٦. بەڵام مایکڵ گەنتەر بە (ئەلەموت) ناوی دەبات وە بە بنکەی (دەیلەمییەکان)ی شاخەکانی ئەلبورزی باشووری دەریاچەی قەزوینی دەزانێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، ل ١٢٧

[2] پێنجوێنی، سەروەر عەبدولڕەحمان: ڕیشەو بنچینەکانی توندوتیژی ئایینی، چاپی یەکەم– سلێمانی، ٢٠٠٧ ، ل١٨٠

بەڵام نووسەر(فەرهاد دفتری) بە (ڕاشیدەدین سنان – راشدالدین سنان) ناوی بردبوو..[1] هەروەها نووسەر (سەعد ڕۆستەم) هەمان ناوی بردبوو..[2] بەهەمان شێوە نووسەر (فاروق عومەر فەوزی)ش...[3] بەڵام لە ماڵپەڕی (مونتەدەیاتی سەردابی ئیسلامی– منتديات السرداب الاسلاميه) دا بە ناوی (ڕاشد کوڕی سنان – راشد بن سنان) ناو برابوو..

نووسەر عەلی شەممەری (علي الشمّري) لە ماڵپەڕی ئەلئخدود (الاخدود) دا ئاماژەی بەوە دابوو (موستەعلییەکان– المستعليه) کە بە (بەهەرە– البهره) واتە (بازرگان) ناو دەبران، بە بەشەکانی (سەلمانی و داوودی و دەرزی)یەوە، لەو باوەڕەدا بوون کە (عوبەیدوڵڵای مەهدی– عبيدالله المهدي) (جێگری) ڕابەری ڕاستەقینە بووە بۆ کاتێکی دیاری کراو، توانای ئەوەی نەبووە کە دوای خۆی پێشەوایەتی(الاماميه) ببەخشێتە کوڕەکانی، هەروەك ئیمام (حەسەن کوڕی عەلی). بەڵام (نزارییەکان– النزاريه) ناوبراویان بە ڕابەرێکی ڕاستەقینە وە(جێگیر) زانیبوو کە توانای بەخشینی ڕابەرایەتی بۆ کوڕەکانی هەبووە لە دوای خۆی، هەروەك ئیمام (حسێن کوڕی عەلی).

گەر چاوێك بە دوانزە ڕابەرەکەی شیعە دا بخشێنینەوە کە بە ئیمامی عەلی (خودا لێی ڕازی بێت) دەست پێدەکات وە بە ئیمام (محەمەد مەهدی کوڕی حەسەن عەسکەری– محمد مهدي بن حسن العسكري) کۆتایی دێت. دەبینین لە شەشەمین ڕابەرەوە کێشە دەستی پێکردووە، واتە لە ئیمام (جەعفەر صادق کوڕی محەمەد باقر– جعفرالصادق بن محمدالباقر)ەوە. پەیڕەوانی (دوانزە ئیمامی) یا (جەعفەری) وە یا (موسەوی) پێیان وابووە ئیمام (جەعفەر صادق) دوای خۆی ڕابەرایەتی بەخشیبوو بە کوڕە ناوەنجییەکەی، واتە ئیمام (موسا کازم– موسى الكاظم). بەڵام ئیسماعیلییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە ئیمام (جەعفەر صادق) لە دوای خۆی ڕابەرایەتی بەخشی بووە کوڕە گەورەکەی، واتە ئیمام (ئیسماعیل– اسماعيل).

ئاشکرایە (موسەوییەکان) جەختیان لەسەر ئەوە کردبوو کە کوڕە گەورەکەی ئیمامی ناوبراو نەخۆش بووە و کاتێك کۆچی دوایی کردووە باوکی لە ژیان دا مابوو، بۆیە دواتر باوکی ئیمامەتی بەخشی بووە (موسا کازم). دەرەنجامی ئەم جیاوازی ڕاوبۆچونەش، جۆرێك لە ڕق وکینەی لای (دوانزە ئیمامییەکان– الاثناعشريه) دروست کردبوو (بە پێچەوانەشەوە)، کە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە، هەر ئەمەش وای کردبوو کە بە چاوی گومان و کینەوە سەیری (دەرزی)یەکان بکرێت.

کاتێك شەڕی ناوخۆی (لوبنان) هەڵگیرسا (١٩٧٥–١٩٩٠ز) میلیشیای (حەرەکەی ئەمەل– حركة الامل)ی شیعی لە ناوچە هەستیارەکانی بەیروتی خۆرئاوا، گەورەترین پێشێلکارییان دەرهەق بە دەرزییەکان کردبوو. لەم ڕووەوە دەرزییەکان لەگەڵ کوردەکانی لوبنان (پێکەوە) بەرەنگاریان بوونەوە...[4] ئەمەی باسکرا وەك نمونەیەکی بچوك وابوو بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ڕاستییەکانی پێشوومان.

---

[1] دفتری، د.فرهاد خرافات الحشاشين و اساطير الاسماعيليين، ص ٢٢١

[2] سعد رستم: الفرق والمذاهب الاسلاميه منذ البدايات، ص٢٩٨

[3] د.فاروق عمرفوزي:نشأة الحركات الدينيه السياسيه في الاسلام، ص ٢٥١

[4] ديڤيد مكدول: تاريخ الاكراد الحديث ، ت: راج آل محمد، الطبعه الاولى ، دار الفارابي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٤، ص ٧٢٢

له كۆمەڵگادا بیروباوەڕەكان هێندە پێویستیان بە بڵاوبونەوە دەبێت تا جێپێی خۆیان دەكەنەوە، دواتر زەبروزەنگ و ململانێ و لەوتاندنی دەسەڵات دەیانكاتە بوونێكی واقعی، وە تێكڕای تاكەكانیش ملكەچی پرەنسیپەكانیان دەكات. مەبەست لەم وتەیە كەسایەتی (عوبەیدوڵڵا)یە كە وەك (چاكسازێك- مصلح) خۆی دەرخستبوو، وە بە وەچەی ئیمامی عەلی (خودا لێی ڕازی بێت) خۆی لەقەڵەم دابوو، بەلاَم كاتێك ناوچەكە ئارام و شیاو بوو بۆی، زۆر لەوە زیاتری داوا كردبوو. بگرە دەسەڵاتێكی شاهانەشی هێنابووە ئاراوە. ئەمە بێجگەلەوەی خەلیفەكانی دەوڵەتی فاتیمی هیچیان كەمتر نەبووە لە خەلیفەكانی دەوڵەتی عەباسی لە خۆشگوزەرانی و ڕابواردن و بەفیڕۆدانی سامانەكانی دەوڵەت. هەركاتێكیش هەستیان بە نالەباری بارودۆخ كردبایە خێرا باسی ئایین و ڕۆژی دوایی و ئیمامی عەلی و شیعەگەراییان دەهێنایە پێشەوە..

نووسەر (عەلی وەردی- علي وردي) باسی لەم ڕاستییانە كردبوو، وە ئاماژەی دابوو كە خەلیفەكانی فاتیمی بێ گوێدانە كاروباری دەوڵەت و ژیان و ئازادیەكانی خەڵك، هیچ كارێكیان نەبووە تەنها باس كردنی چاكە و خوداپەرستی ئیمامی عەلی نەبێت. لەم بارەوە ئاماژەی بەوە دابوو كە: (ئەلموعیز لیدینللای فاتیمی- المعز لدين الله الفاطمي) فەرمانی دابوو لەهەموو شوێن و جێگەیەكی شارەكانی میسر دا بنووسرێت (چاكترین كەس لە دوای پێغەمبەری خودا ئیمامی عەلییە)(خودا لێیان ڕازی بێت). ئاماژەی بەوەش دابوو كە لەسەرەتادا میسرییەكان وەك كەسێكی پیرۆز ڕوانیبویانە ئیمامی عەلی، بەلاَم زیادەڕەوی دەسەلاَتداران بۆ شیعە وئیمامی عەلی (خودا لێی ڕازی بێت) بەرپەرچدانەوەیەكی لا دروست كردبوون كە بە سوك سەیركردنی شیعە وبەرز ڕاگرتنی (معاويه) شكابووەوە..[1]

كاتێك سەلاَحەددینی ئەییوبی ساڵی (٥٦٦ك/١١٧١ز)، دەستی گرتبوو بەسەر كۆشكەكانی دوا خەلیفەی فاتیمی (عازد لیدینیللای فاتیمی- العاضد لدين الله الفاطمي) دا، لەناو ئەو كۆشكانەدا (١٢٠٠٠) ئافرەتی بەدی كردبوو، بێجگەلە خەلیفە و كوڕەكانی هیچ نێرینەیەكی تری بەدی نەكردبوو لە نێویان دا. هەروەها نووسەر ئاماژەی بەوەش دابوو كە خەلیفە موعیز لیدینللای فاتیمی فەرمانی دابوو لە پارچەیەك ئاوریشمی شینی نەخشێنراو بە زێڕ، وێنەی (مەككە و مەدینە)ی پیرۆزی تێدا بنەخشێنن، وە دواتر تێیدا بنووسن ((خەلیفە موعیز لیدینللا فەرمانی نووسینی ئەمەی داوە، لەبەر تامەزرۆیی بۆ خانەی خودا و دەرخستنی شوێنەوارە پیرۆزەكانی پێغەمبەری خودا (د.خ). ساڵی(٣٥٣)ی كۆچی نووسراوە.))...[2] ئەوەش جۆرێك لە گەندەڵی سیاسی و ئیداری دەوڵەتی فاتیمی دەردەخست كە دواتر كۆمەڵگاكەشی گرتبووەوە.

یەكێك لە دیاردە سەیرەكانی ئەو كۆمەڵگا ئیسلامییە (مەی خواردنەوە) بوو. دەشێت بووبێتە كارێكی ئاسایی، لەبەرئەوەی سەركردە ئیسلامییەكانیان پێشتر بەو كارە نامۆ نەبوون. كەواتە لەناو كۆمەڵگای گەندەڵ دا دەستەبژێر (نخبە)ی گەندەڵ دروست دەبن.. نووسەر ئەمین محەمەد تەلیع ئاماژەی بەوە دابوو كە لە سەردەمی خەلیفەی ناوبراو دا، سیستەمی پاشایەتی سەپێنرابوو، وە لە

---

[1] وەردی،عەلی:واعیزەكانی سوڵتان،و:عەبدوڵلاَ جەبار،چاپی دووەم،خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما- سلێمانی،٢٠٠٦،ل٢٩٣

[2] وەردی، عەلی: واعیزەكانی سوڵتان، ل ٢٩٤

سەردەمی خەلیفە (ئەلعەزیز بیللای فاتیمی- العزیز بالله الفاطمي) دا، جۆرێك لە خەمساردی، ڕابواردن، پەراوێز کردن، جۆرە خاوبونەوەیەك و گوێ پێنەدان، کۆمەڵگای گرتبوەوە. بەڵام لە سەردەمی خەلیفە حاکم بیئەمریللای فاتیمی دا سنوورێك بۆ ئەوانە دانرابوو، کە پێشتر ببوە مایەی لەدەست دانی بەها بەرز و بەنرخەکانی ناو کۆمەڵگاکە. هەربۆیە بەپێی (سجل)ێك (واتە بڕیارێك) مەی خواردنەوە قەدەغە کرابوو لەناو کۆمەڵگاکە دا، واتە سەرانسەری خاکی دەوڵەتی فاتیمی. ئەم ئاگادار کردنەوەیەش لە مانگی (زیلقەعدە- ذي القعدە)ی ساڵی (٤٠٠ك/ ١٠٠٩ز) دا دەرکرا بوو...[١]

لەناو کۆمەڵگای ئیسلامی دا بەدەر لە کۆمەڵگا مەسیحییەکان، ڕێ بە مەی خواردنەوە نەدرابوو، بەتایبەت دوای باڵادەست بوونی ئایینی ئیسلامی پیرۆز لەو ناوچانە دا. بەڵام ئاشکرایە کە لە سەردەمی عەباسییەکان دا کۆمەڵگا وردە وردە نوقمی گەندەڵی دەبوو بە هەموو شێوازەکانییەوە و لە گشت بوارەکان دا، هەموو کارێکی قەدەغە کراو شیرین و گرنگ بوو لەنێو کۆمەڵگادا. جا (مەی خواردنەوە) کە پێشتر نەهی لێ کرابوو دواتر ببوە کارێکی ئاسایی، هەرچەندە لەڕووی ئایینەوە بەهیچ شێوەیەك ڕێ پێدراو نەبووە..

گەر کەمێك لە باسەکەمان لابدەین و تێبینی (ئەهلی هەق) بکەین، دەبینین کە (مەی خواردنەوە) نەهی لێ نەکراوە لای ئەوان، هەرچەندە بیروباوەڕی ئایینیان حەڵاڵیشی نەکردووە، واتە ئەو کارە بە شتێکی ئاسایی وەرگیراوە. بەڵام لێرەدا مەبەست مەی خواردنەوە نییە، بەڵکو باس کردنی ئایینزایەکی نوێیە کە ناوی (تۆماری) بووە، وە لە دەستەی ئەهلی هەقەکان بووە. زانای ئەرمەنی (ه. ئاجەریان) نووسراوێکی بە ناوی (گۆران و تۆماری: ئایینێکی نهێنی تازە دۆزراو لە ئێران) نووسی بوو، کە بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری (بۆڵتەنی) زانکۆی دەوڵەتی ئەرمەنستانی شورەوی * بڵاوکرابوەوە..

ئاجەریان وتبوی:" گۆرانەکانی تۆرۆس دەناسین بەڵام هیچی وا دەربارەی ئایینەکەیان نازانین... دەڵێن نیشتمانی سەرەکی تۆمارییەکان کرماشانە. هەروەها زمانێکی جیاواز لە (فارسی)یان هەیە، وشەی (تورکی و تەتەری)ش بەدی دەکرێت تیایدا، هەروەها دێرە هۆنراوەی (فارسی و عەرەبی)ش دەزانن، ئەمانە ژمارەیان بە (٢٠٠) خێزان دەخەملێنرێت، زۆربەیان پیشەی (مسگەری) دەکەن ...

ئەو ئایینزایانەی لە ناوچەکە دا بوون و موسوڵمانەکان شتێکی ئەوتۆیان نەزانی بوو دەربارەیان، خێرا ناوی (گۆرانەکان)یان بەسەردا سەپاندوون. بەپێی بیروباوەڕی تۆمارییەکانیش تەمەنی جیهان (٣٠) ملیۆن ساڵ بوو. هیچ پەیامبەرێکیشیان قبوڵ نەبوو، تەنها کەسایەتی (سیم) * نەبێت کەبەخواوەندیان دەزانی. کتێبی پیرۆزیان ناوی (تۆمار) بوو، بڕوایەکی تەواوەتیشیان بە دۆنادۆن و (پۆشاکپۆشی- تقمص) و ئاوێتە بوون هەبوو، لە ساڵێك دا تەنها (٣) ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبوون."

---

[١] طليع، امين محمد: اصل الموحدين الدروز و اصولهم ، ص ٦٦

* ئەو زانکۆیەلە یەریڤان بوو کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ دامەزرا، چەندین مامۆستا وڕۆشنبیری لەخۆ گرتبووکاریان تێدا دەکرد.

* (سیم) کەسایەتییەکی زۆر پیرۆز بوو لای تۆمارییەکان، دەشێت ساڵی ١٨٣٤ز لەدایك بووبێت، لەتەمەنی ٣٤ ساڵی دا کتێبی پیرۆز(تۆمار)ی بۆ هاتۆتە خوارەوە لە تۆرۆس. وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی لە تۆرۆس ژیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و لە ماڵی خۆیدا نێژراوە لە گەڕەکی چەرەنداب لە تۆرۆس، کە دواتر بۆتە پەرستگا ئەم خانووەی.

ئاجەریان ئاماژەی بەوەش دابوو کە ئەم کارەیان لە (هیند و یۆنانی)یە کۆنەکانەوە وەرگرتبوو.. واتە وەك یەکتاپەرستانی دەرزی ئاییزنزاکەیان فەلسەفەی یۆنانی و هندی ڕەگی تێدا داکوتیبوو، لەوەش زیاتر هاوسەنگی دروستکردن بوو لە نێو ئایین و فەلسەفە دا..

تۆمارییەکان بۆ بەڕێوەبردنی سێریمۆنە ئایینییەکانیان خانەیەکی پیرۆزیان هەبوو کە ناودەبرا بە (جەمخانە). ئاجەریان جەختی لەسەر ئەوەش کردبوو کە تۆمارییەکان تەواو نەژاد کورد بوون. بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری لە ئاییزنزاکەیان دا، لە زۆرینەی کوردی (سوننی مەزهەب)ی جیا کردبوونەوە. لای تۆمارییەکان خودا چەندین ناوی هەبوو وەك: سیم، نەسیم، شاپور، هینۆ، سەقەنقوور، ڤێیرنگشان، ڕێرێ،.....هتد. بەهیچ شێوەیەك بڕوایان بە (دۆزەخ) نەبوو، بەڵکو دۆزەخ لای ئەوان (جیهان) بوو. پێیان وابوو ڕۆح (١٠٠١) جار جەستە دەگۆڕێ، زۆر ڕێزیان لە (عیسای پەیامبەر) و (مەریەمی پیرۆز) دەگرت، وەك ئەوان ڕۆژانی (یەك شەممە) ڕۆژێکی پیرۆز و پشوودان بوو ، گوایە گۆشتی بەراز و مەی خواردنەوە حەرام نەبووە لایان، هەروەها لە ڕۆژی یەکشەممە دا مەی خواردنەوە حەرام نەبوو لەناو جەمخانە دا. ئاجەریان ئاماژەی بەوەش دابوو کە ئاییزنزاکەیان پێدەچێت بنچینەیەکی کۆنی هەبووبێت، هەروەها لە ژێر کاریگەری ئایینی هیندی دا دروست بوو بێت..[1]

مامۆستا (محەمەد کەمال) دەربارەی کاریگەریی شارستانیەتی ڕۆژهەلاَت لەسەر شارستانیەتی یۆنانی ئاماژەی دابوو کە " ڕاستە ژیاری ڕۆژهەلاَت گەلێك لە ژیاری یۆنانییەکان کۆنترە و دەشێت زەخیرەی ئەدەبیشی دەوڵەمەندتر بێت، بەلاَم شێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفی بۆ یەکەمجار لەلای یۆنانییەکان سەریهەڵدا." دواتر ئاماژە دەدات کە (تالیس)(٦٢٤– ٥٤٦پ.ز) وەك پێشەنگی فەیلەسوفان مەدالیای فەلسەفەی لە بەرۆکی ژیاری (حضارة) دا، وە تاریکایی سەردەمی میتۆلۆجیای ڕەواندەوە و بانگی قۆناغێکی نوێی بە گوێی مرۆڤایەتی دا هەڵدا..[2]

وەك ئاماژەدانێك بە ڕاستیی وتەکانی مامۆستا (محەمەد)، نووسەر (یوسف کەرەم– یوسف کرم) دەربارەی کاریگەریی ژیار (حضارة)ی ڕۆژئاوا لەسەر ژیاری یۆنانی، ئاماژە دەدات کە " فەیلەسوفەکان ڕوویانکردە (ئاکار) ئەویش بە کاریگەریی ڕۆژهەلاَت، وە کردیانە تەوەری فەلسەفەکەیان. دواتریش کاریگەریی ڕۆژهەلاَت زۆر زیاتر بوو لەسەریان، بۆیە گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە دەبێت فەلسەفە هێندە بەرز ڕابگیرێت تا دەگاتە ئاستی (ئایین و تەسەوف)، وە دەبێت ڕۆژهەلاَتان هاریکاری فەلسەفە بکەن، بەلاَم بە زمانی یۆنانی."

لە بەشێکی تری کتێبەکەی دا ئاماژە بەوەش دەدات " کاتێك تێکەڵیی یۆنان بە ڕۆژهەلاَتان زیادی کرد، فەیلەسوفە یۆنانییەکان هەستیان بە پێداویستی ئایین کرد. لێرەوە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوکردنی (نهێنییەکان) بە مەبەستی ڕاڤەکردنی وتەکانیان. لێرەوە سرووتەکانیان دادەڕشت و دروست دەکرد بەپێی مانا و پێویستی، هەروەك لە کۆتایین ڕۆڵی فەلسەفەی یۆنانی کە لەنێو

---

[1] ه.ئاجەریان، ڤ.مینۆرسکی، موکری، د. محەمەد، ژ.ه.کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق ، و: نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بلاَوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥، ل ٣١

[2] د. محەمەد کەمال: کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفە دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٢٣

(فیساگۆرسی و ئەفلاتۆنی) نویێ دا دەردەکەوێت." [1]

لە ڕاستی دا ئەمانەی ئاماژەی پێدرا، مەبەست لە کاریگەری شارستانیەتەکان بوو لەسەر یەکتر، هەروەها تێکەڵبوونی ئایین و ئاکار و فەلسەفەش بە یەکتر، دواتر ڕەنگدانەوەی ئایین و تەسەوف و ئاکار لەسەر فەلسەفەی یۆنانی، هەروەها ڕەنگدانەوەی فەلسەفە لەسەر کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بەگشتی و ئیسلامیەکان بە تایبەتی. واتە لەنێو کۆمەڵگا و شارستانیە جیاجیاکانی ئاماژەی پێدرا، فەلسەفە و تەسەوف و ئایین و ئاکار ڕۆڵی سەرەکیان گێڕا. بەوەی هەر شارستانیەتە یا کۆمەڵگایە توانی بڕێك لەو بوارانەی باسیان لێکرا پەلکێشی بکات و تێکڕای زانستەکانی پێڕێك بخات وەك هاوسەنگییەك..

ئایینی تۆماری (نێوەند) بوو لە نێوان ئایینی زەردەشتی و ئایینزای شیعی دا. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا. ئاجەریان لەو باوەڕەدا بوو کە شارستانیەتی هندی (ڕۆژهەلات) بەرهەم هێنەری ئایینزای تۆماری بووبێت، کەواتە ئەم ئایینزایە دەشێت وەها ئاماژەی پێبدرێت کە بەیەکگەیەنەری دوو شارستانیەتی جیاواز بووە، لەبەرئەوەی لە لایەك ئایینی زەردەشتی توانیویەتی هزر و پێگەی خۆی لەناو خاکی ئێران و ئازەربایجان دا بسەلمێنێت بە پراکتیك، وە خۆی بگەیەنێتە ناو خاکی هندستانەوە، لە لایەکی تریشەوە فەلسەفەی یۆنانی بکاتە منداڵدانێك بۆ پێگەیاندنی بۆچوونەکانی.

لە سەردەمانی داهاتوش دا، دوای ئەوەی کاریگەری ئایینی زەردەشتی کەم بوەوە، ئایینزای شیعە باشترین ئاشتەنگ (شت) بوو بۆ لەقاڵبدانی ئەم دیدوبۆچوونانە، لێرەوە پرەنسیپەکانی دۆناودۆن و نرڤانا و ئاوێتەبوون جارێکی تر بە شێوازێکی نوێی چەشەکراو بە تەسەوف و پاراستنی نهێنییەکان هاتنە گۆڕێ..

نووسەر و وەرگێڕ (نەجاتی عەبدوڵڵا) ئاماژەی دابوو کە ئەهلی هەق وەك هەموو گروپە ئایینییەکانی دیکەی کورد لە ئێزدی و کاکەیی و باجەلانی و شاباکی و زۆریتر، لە ژێر کاریگەریی زۆری ئایینی زەردەشتیدان. مێژوونووس مایکڵ گەنتەر ئاماژەی بە گروپی ئایینی (سارەلوو) دابوو، کە کوردن و سەر بە کاکەییە ئەهلی هەقەکانن لە شەش گوندی بادینان لە باشووری کوردستان. وەك ئێزدی، شەبەك، باجەلانەکان نهێنییە ئایینییەکانی خۆیان دەپارێزن و کەس فێرناکەن..[2]

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس (ڤلادیمێر مینۆرسکی)* جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە (شاباك) ئەڵقەی پەیوەندین لە نێوان ئێزدی و شیعەی ئەوپەڕگیر (غلاة). وە ئاماژەی دابوو کە بە وتەی (باوکە ئەنستاس کەرمەلی)، شاباك بە توندی پەیوەستن بە ئیمامی عەلییەوە (خودا لێی ڕازی بێت)، وە ناوی دەبەن بە

---

[1] یوسف کرم: تأریخ الفلسفه الیونانیه، الطبعه الاولی، دار القلم – بیروت، لبنان، آیار – ۱۹۷۷، ص ۷– ۹

[2] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ۲۰۰۷، ل ١٥٤

* (ڤلادیمێر ڤیودۆرۆڤیچ مینۆرسکی) (۱۸۷۷– ١٩٦٦)، ناودارترین نووسەر و مێژوونووسی ڕووسە کە دەربارەی کورد نووسیبێتی. ساڵی (۱۹۰۰ز) لە زانکۆی مۆسکۆ دەرچووە، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە پەیمانگای (لازارێڤ)ی تایبەت بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە مۆسکۆ خوێندویەتی، ساڵی (۱۹۰۳ز) لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا دامەزراوە. لە دەوڵەتانی عوسمانی، ئێرانی، تورکستان کاری کردووە. پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری کۆمۆنیستەکان (۱۹۱۷ز) لە ڕووسیا هەڵات و گەیشتە فەرەنسا و پاشان بەریتانیا، وەك پەنابەرێك..

(عــەلی ڕەش). ئەوانــە بــە بنچــینە کــوردن وە دانیشــتووی ناوچــەی موســڵن، ئــەوان تێکــەڵن لەگەڵ ئێزدییەکان وە ئیسماعیلییەکان..[1]

تۆمارییەکان چەندین سێریمۆنی ئایینی تایبەت بە خۆیان هەبوو کە لەلای موسوڵمانەکان مایەی گومان و نهێنـی بوو، هـەروەك مەسیحییەکان خـواردنی هاوبـەش (ئـەگاپ)یان هـەبوو، هـەروەها کەڵەشێر کردنە قوربانی وەك جووەکان، وە پیرۆز کردنی مرواری وەك مانەوییـەکان. ئەمانـە هۆکاربوون بـۆ ئـەوەی نـاو ببرێن بـە (کەڵەشێر کـوژان ) یـاخود (چـرا کوژێنـەوەکان). ئـەو ناوانـەش تـەنها بـە مەبەسـتی سـووك کردنی تۆمارییەکان بوو.

موســوڵمانەکان لــە ســەرەتا دا دەیــانزانی کۆبوونــەوەکانیان بــۆ کــاری ئــاینی بــووە، بەڵام لە لایەکەوە تێنەگەیشتن و نەزانین، لە لایەکی ترەوە ساویلکەیی کۆمەڵگاکە، هەوێنێکی ئامادەکراو بوو بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان وە دروستکردنی چەندین قسـەی نابـەجێ و ناووناتۆرەی ناشـرین، کـە خرابوونە پاڵ ئایینزای تۆماری و ئایینزاکانی تری هاوشێوەی. ئەوانەی دەوترا زۆر لـە ڕاستییەوە دوور بــوون، بــەڵام بەداخــەوە هەرچــەندە کاریگــەریی خــۆیی هــەبووە و ئیســتاش هەیــەتی....

نووسەر (محەمەد موکری) *پێی وابوو کە ئـەهلی هەقەکان دابـەش بـوون بەسـەر (١١) هـۆز دا..[2] ڕۆژهـەڵاتناس (ڤلادیمێـر مینۆرسـکی) ئامـاژەی بـەوە دابـوو کـە " ئـەهلی هـەق ناسـرابوون بـەوەی لەگـەڵ هـەموو ئـایینزا هاوچەشـنەکان هـەڵیان کـردووە و لـە بناغـەش دا لەگـەڵ شیعە ئەوپـەڕگیرەکان دا هاوتـا بـوون، وە لەگـەڵ ئـەوەی هـەردەم لـەبارەی دوانـزە ئیمامەکـەوە دەدوان، بـەڵام نـەدەبوو بـە ئیسـماعیلی لـە قەڵەم بدرێن، لەبەرئەوەی سیستمێکی ئایینی تایبەت بە خۆیان هەبوو. ئەهلی هەق لە پەرستنی ئیمامی عەلی لەگەڵ (دەرزییەکان و نوسەیرییەکان) دا هاوبەش بوون، هەرچەندە ئیمامی عەلی لای ئـەهلی هـەق بـە تەواوی بە (سوڵتان سوهاك) داپۆشرا بوو"..[3]

مینۆرسکی باسـی لـە گەڕیدەیـەکی جوو کردبـوو بـە نـاوی (بنیـامین دی تودێـل) کـە لـە هـەرێمی (ملاحدە)ی ئیسماعیلییەکان لە ناوچەی (سلێمانی) دا چاوی بە ئەهلی هەقەکان کەوتبوو کە چەند کراوە بوون، وە دۆکترینەکەیان (عقیدە) لە ناو شیعە ئەوپەڕگیرەکانی ئیسماعیلی دا پەرەی سەندبوو، وەکی (دەرزییەکان، نوسەیرییەکانی سوریا، قزڵباشـەکان (سـەفەوییەکانی سـەردەمی شـا ئیسـماعیلی یەکـەم)، کۆمەڵـە ئایینییـە بچـوکەکانی موسـڵ)..[4] واتـە ئـەهلی هـەق و ئیسـماعیلییەکانی جیـا کردبـوەوە، بـەڵام هاوتاشـی کردبـوون. کەواتـە ئـایینزای ئـەهلی هـەق سـەرەتا لـە لووڕسـتان پاشـان هـەرێمی گـۆران و لەوێشەوە بۆ ئازەربایجان و شوێنەکانی تری ئێران بڵاوبۆتەوە.

---

[1] ھ.ئاجەریان، ڤ.مینۆرسکی، موکری، د.محەمەد، ژ.ھ.کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق ، ل ١١٢ – ١١٣

* (محەمەد موکری) لەدایك بووی کرماشان، ساڵی ١٩٢١ بەهۆی بۆچوونی سیاسییەوە بووە پەناهندە لە پاریس .

[2] ھ.ئاجەریان، ڤ.مینۆرسکی، موکری، د.محەمەد، ژ.ھ.کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق ، ل ١٢٠

[3] ھ.ئاجەریان، ڤ.مینۆرسکی، موکری، د.محەمەد، ژ.ھ.کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق ، ل ٧٤

[4] ھ. ئاجەریان، ڤ. مینۆرسکی، موکری، د. محەمەد، ژ. ھ. کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق ، ل ٥٩

## تەوەری دووەم /

### مێژووی دەرکەوتنیان

پێشتر باس لەوە کرا کە دەرزییەکان خۆیان بە پاڵاوتەی عەرەب و موسوڵمان دەزانن، وە لە سەدەی سێیەمی کۆچی دا، واتە دووسەد ساڵ پێش بانگەشەی یەکتاپەرستانی دەرزی، خێڵەکانی (بەنی ڕەبیعە- بني ربيعه) لە نیوە دورگەی عەرەبەوە کشابوون بۆ ناوچەکانی دەوروبەر. گرنگترینیان (بەنو عەبدولقەیس، بەنو عجل، بەنو هەنب- بنو عبد القيس، بنو عجل، بنو هنب) کە لە ناویان دا (وائیل، عامر، بەکر، تەغلوب، سەعلەبە- وائل، عامر، بکر، تغلب، ثعلبه) وە چەندین خێڵ و تیرەی تر، ئەوانە بەرەو باکور کشان هەتا گەیشتبوونە شاخەکانی (تۆرۆس)، کەلەوێ دا (بەنو عجل- بنو عجل) نیشتەجێ بوون، وە (بەنو تەیموڵلا کوڕی سەعلەبە- بنو تيم الله بن ثعلبه) لە شام لە دۆڵێك دا نیشتەجێ بوون کە ئێستا بە (وادی تیم- وادي التيم) ناودەبرێت، کە هەردوو قەزای (راشیا، حاصبیا) لەخۆ دەگرێت لە لوبنان. هەروەها خێڵی (بەنو کەلب- بنو کلب) لە (بیقاع، بەعلەبەك- بقاع، بعلبك) درێژ بووبونەوە بۆ (حمص) کە کۆن بە (بیقاع کەلب- بقاع الكلب) ناسرابوو..

خێڵی (بەنو هیلال کوڕی عامر کوڕی سەعسەعە- بنو هلال بن عامر بن صعصعه) لە (جەبەل دورزی- الجبل الدرزي) نیشتەجێ بوون کە لە کۆن دا بە شاخی (بەنی هیلال- بني هلال) ناسرابوو، هەروەها (بەنو عامر- بنو عامر) لە بەشی سەرەوەی (جەبەل دروز) نیشتەجێ بوون، وە (شەهبا- شهباء)یان کردبووە پایتەخت، ئەو شارە کۆنە مێژووییەی کە ئیمپراتۆری ڕۆمانی (فیلیپی عەرەبی) هێنابووە بەرهەم. دووبارە (بەنو مەعن کوڕی زائیدە- بنو معن بن زائده) نیشتەجێ بوون لە ناوجەرگەی (شۆف- الشوف) کە پایتەختەکەیان (بەعقەلین- بعقلين) بوو.

هەروەها تەننوخییەکان (التنوخييون) پایتەختەکەیان (عەین دارە- عين داره) بوو. بەلام دواتر بەهۆی ناکۆکییەوە تیرەکانی (ئال ئەمینەدین، ئال ناسرەدین، ئال قازی- آل أمين الدين، آل ناصرالدين، آل القاضي)، لە هەموویان گرنگتر (میر سەید عەبدوڵلا تەننوخی ساوی- الامير السيد عبدالله التنوخي الثاوي) بوو کە لە (عەبیە- عبيه) گیرسا بونەوە. دواتر ئەوەی مابووەوە لە خێڵەکانی (بەنی ڕەبیعە)، بەرەو باشوور بۆ (فەلەستین- فلسطين)، جارێکی تر بەرەو باکوور بۆ دامێنی شاخەکانی (تۆرۆس)، بەرەو ڕۆژئاوا بۆ کەنار دەریای ڕەش، بەرەو ڕۆژهەلات بۆ (عێراق) کەوتبوونە ڕێ..[1]

نووسەر (ئەمین محەمەد تەلیع) ئاماژەی بەوە دابوو کە لەو هۆز و خێلانەوە چەندین ئایین و ئایینزا دروست بوون، هەر لە (سوننی، شیعی، دورزی، مەسیحی کاتۆلیکی، ئەرسەدۆکسی)،

[1] طليع،امين محمد:اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص١٧٠

وه ئاماژەی بەوەش دابوو کە یەکتاپەرستانی دەرزی لەو خێڵانەوە دروست بوون، کە دواتر لە لوبنان و بەتایبەت (وادی تیم- وادی التيم) گیرسابونەوە، بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە وایان زانیبوو دەرزییەکان لە میسرەوە هاتوون... ئەم ئاماژەدانەی نووسەر، مانای جەختکردنییەتی لەسەر ئەوەی دەرزییەکانی لە سوننە و شیعە و ئایینزاکانی تر و عەرەبی پاڵاوتە جیاکردووەتەوە، ئەوەش یەکەمین جیاوازییە. دووەم جیاوازیش جەختکردنی زۆربەی نووسەرانی دەرزی و مێژوونووسانە لەسەر ئەوەی دەرزییەکان عەرەبی پاڵاوتەن، وە هەڵگری ناسنامەی ئیسلامیین.

بەڵام ئایا نووسەر چۆنی دەسەلمێنێت کە لە خێڵی بەنی ڕەبیعەوە چەندین ئایینزا و بگرە نەتەوەی جیاجیا دروست بوو؟ لەبەرئەوەی ئاماژەی دابوو بە (لەدایك بوونی) باڵە جیاجیاکانی ئایینە پیرۆزەکانی ئیسلام و مەسیحی لە خێڵی ناوبراوەوە، لە لایەکی تریشەوە ئاماژەی دابوو بەوەی ئایینزای دەرزییەکان تێکەڵی فەلسەفەی گریکی و هیندی و فارسی بووە، کە ئەمانەش نەتەوەی جیا و ئایینی جیان، هەروەها دامەزرێنەرەکەشی خۆراسانی بووە و ڕەگەز (عەرەب) نەبووە، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی وتە و ڕاستییەکانە. بەهەمان شێوە نووسەر (عەبدوڵڵا نەجار) جەختی لەسەر پاڵاوتەیی و ڕەگەز عەرەبی خۆیان کردبوو، کە ناکرێت وەك (نەتەوەیەك) سەیریان بکرێت، لەبەرئەوەی عەرەبن، ئاماژەی دابوو کە پاش جەنگی جیهانی دووەم فەرەنسییەکان ویستبویان لە ڕێگەی ژێرمانداتەوە (الانتداب) دەوڵەتێکی جیایان بۆ دابمەزرێنن لە (جبل الدروز) وە بە هەمان ناوەوە.. [1]

ئایا ئەم وتانە جۆرێك لە تێکەڵ و پێکەڵی زانیاری و مێژوو لەخۆ ناگرێت؟

بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی نووسەری دەرزی (عەبدوڵڵا نەجار)ەوە، یەکتاپەرستانی دەرزی تێکەڵەیەکی فرەنەتەوەیی بوون، کە پرەنسیپێکی ئایینی جیاواز کۆیکردبوونەوە، تا دواجار بەرگێکی ئیسلامی بە بەریان دا کرا بوو، واتە نەك بەتەنها کۆمەڵگەیەکی نەتەوە عەرەب، هەروەك ئاماژەی پێدرابوو، یاخود نووسەری ناوبراو جەختی لەسەر ئەوە کردبوەوە کە (ناسنامەیەکی نەتەوەیی) پێویست ناکات ببڕێت بە بەری ئەوان دا. بەڵام ئایا تێکڕای دەرزییەکان دەتوانن نکوڵی لەوە بکەن کە چەندین وەچەی خێزانی جیاجیا مۆڵی خواردووە لە ناویان دا؟ هەر لە (تەنوخییەکان، جانبولادییەکان، ئەترەشییەکان، ئەرسەلانییەکان، عیمادییەکان، حەمییەکان، و زۆرێکی تر). ئەمانە گلۆڵەی ئەو ڕەنگاڵەیەن کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەرزی پێچنرابوو.

لەسەردەمی خەلافەتی عەباسییەکان دا وەك دەرەنجامێکی چاوەڕوان کراو، هەژمون (هیمنە)ی دەسەڵاتی میلیتاری ئیسلامی ڕوو لە کەم بوونەوە دەچوو، هۆکارەکەشی ناکۆکی و کێشمەکێش بوو لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی. دواجار وەك بێ توانایی ئەو دەسەڵاتە، چەندین ڕەگەزی جیا بەشدارییان کردبوو لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات دا. کورد، فارس، تورك، ئەرمەنی، تاجیکی، بلووجی و زۆر نەتەوەی تر، توانییان جێپێی خۆیان بکەنەوە لە سیستەمی سیاسی وڵات دا، کە بە سەرەتای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئیسلامی عەبباسی هەژمار دەکرا... لە سەردەمی خەلیفە هارونە ڕەشید دا (١٦٩-١٩٣ك/ ٧٨٦-٨٠٩ز)، بواری زانستەکان ئەوپەڕی گەشەی بەخۆوە بینی بوو، کە بنەماڵەی

[1] النجّار،عبدالله : مذهب الدروز و التوحيد ، ص١٤

(بەرمەکی)یەکان تا ساڵی (١٨٦ك/٨٠٣ز) ئەم بوارەیان بەڕێوە بردبوو.

لە سەردەمی خەلیفە (عەبدوڵلأمەئمون- عبدالله المأمون) (١٩٧-٢١٧ك/ ٨١٣-٨٣٣ز) دا، پاش ئەوەی بەغداد کرابووە مەڵبەندی زانستەکان، ئایینزای (موعتەزیلە- المعتزلە) بەرز و پیرۆز ڕاگیرا بوو تابووە ئایینی فەرمی وڵات. لە دوای ساڵی (١٨٣ك/٨٠٠ز)یەوە زۆر ناوچە و هەرێمی ژێر دەسەلأتی عەبباسیەکان سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندبوو.. لێرەوە چەندین قەوارە و میرنشین و یەکەی سیاسی تر دروست بوون.

دوابەدوای کوشتنی خەلیفە (ئەبولفەزل جەعفەر ئەلمتەوەککەل- أبوالفضل جعفرالمتوکل) (٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦٢ز) هەژمون و دەسەلأتی دەوڵەت ڕوو لە کزی چوو. بۆیە لێرە بەدواوە چەندین هۆز و خێڵی ناعەرەب دەسەلأتیان گرتبووە دەست (هەروەك ئاماژەی پێدرا)، کە زۆربەیان مۆرکێکی سەربازیان هەبوو (ذات طابع عسکري)، لەوانەش (بوەیهییەکان) (٣٣٣-٤٤٦ك/ ٩٤٥-١٠٥٥ز)، هەروەها (سەلجوقییەکان) (٤٤٦- ٥٨٩ك/ ١٠٥٥- ١١٩٤ز)، (ئەییوبییەکان) (٥٦٦- ٦٥٢ك/ ١١٧١- ١٢٥٤ز)، (شاکانی خەوارزم) (٥٨٧-٦١٦ك/ ١١٩٢-١٢٢٠ز). دواتر شالأوی (مەغۆلییەکان) کۆتایی بە دەسەلأت و شارستانی عەباسییەکان هێنا، ئەوەش پاش ئەوەی دوا خەلیفەی عەبباسی (ئەبو ئەحمەد عەبدوڵلأ ئەلموستەعسیم بیللا- أبواحمد عبدالله المستعصم بالله)(٦٣٩-٦٥٦ك/ ١٢٤٢-١٢٥٨ز) لە بەغدا بە دەستی ئەوان کوژرا ، هەرچەندە دواتر لە (قاهیرە) خەلافەتێکی ڕوکار دامەزرا بوو لە سایەی (مەمالیك- ممالیك) دا، ئەوانەی دەسەلأتی (ئەییوبییەکان)یان کۆتایی پێهێنا لە میسر..

لە (شەرەفنامە) دا ئاماژە دراوە بەوەی ساڵی (٦٥٢ك/ ١٢٥٤ز) میرەکان و کەیخودایانی میسر، (عێزەدین تورکمانی- عزالدین ترکماني)یان کردبووە پادشای خۆیان و نازناوی (مەلیك موعین)یان دابویە. ناوبراو لە کۆیلەکان (مەمالیك)ی (مەلیك صالح ئەییوب) بوو، کە دواتر هەڵگەڕابوەوە لە دەسەلأتی ئەیوبییەکان، بەوەش کۆتای بە دەسەلأتی ئەیوبییەکان هاتبوو لە میسر..[1] مێژوونووس (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لە کتێبی کورد و کوردستان دا ئاماژەی بەو ڕوداوانە دابوو، بەلأم ئاماژەی بە ساڵی (٦٥٣ك/١٢٥٥ز) دابوو بۆئەو ڕووداوە...[2]

لەبەر تێکەڵی بابەتەکە باشتر وایە باسێکی دەسەلأتدارانی (ئەییوبی) بکەین کە بە بنەچە دەچونەوە سەر (شادی کوڕی مەروان)، واتە پادشایانی (شەدداد)ی کورد... کەسایەتی (شاد) لە هۆزی (هەزەبانی) یا (خێزانی) بوو، لە تیرە کوردەکانی (ڕەوەند)، کە مەڵبەندەکەیان (ئازەربایجان) بوو، دانیشتووی گوندی (ئەجدنکان)ی نزیك گوندی (دوین) بوو.[3] بە هەمان شێوە (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) ئاماژەی بەو ڕاستییانە دابوو، بە تایبەت ناوی گوندی (ئەجدنکان)ی بە (ئەجدانکان) بردبوو، کە گوندێکی نزیك (دوین) بووە..[4]

[1] بەدلیسی،شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١٩٣
[2] محمد امین زکی: کوردوکوردستان، ل٢١٦
[3] بەدلیسی،شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١٢٤
[4] محمد امین زکی: کوردوکوردستان، ل١١٦

پێشتر باس لە ئاوابوونی دەسەڵاتی عەباسییەکان کرا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کۆتایی هاتنی هەموو ڕەهەندەکان یان ئاشتەنگەکان بوبێت، بەڵکو گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە هەر بەردەوام بوو. یەکتاپەرستان ئەمەیان بە دادوەری و دانایی خودایی دەزانی، بەوەی تێکڕای گۆڕانکارییەکان لەڕێی (ژیریی گشتی– العقل الكلي) یەوە ڕویدابوو..

نووسەر (کەریم یەڵدز) ئاماژەی بەوە دابوو کە (٨٠٠) عەشیرەت لە کوردستان دا هەبووە، کوردەکان هاوچەشنی (سکۆتلەندییەکانی هایلەند) مێژوویەکی عەشایەرییان هەبووە. لە کاتی گرتنی (میسۆپۆتامیا) لە سەدەی حەوتەمی زایینی دا لە لایەن عەرەبەکانەوە، وشەی کورد بۆ ناولێنانی ئەو عەشیرەتە کۆچەرییانە بەکارهاتووە کە لە ناوچەکە دا ژیاون...[١]

بە تێڕوانین لەم چەند ڕستەیە، دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستانی ئەمڕۆکە، دوێنێکەش هەر جێنشینی کوردان بووە. کەواتە پێش داگیرکردن و دوای داگیرکردنی خاکی کوردستان، ئەم ناوچەیە گۆڕەپانی ململانێی دەسەڵاتەکان بووە بە درێژایی مێژوو، هەروەها زۆربەی جار تەنانەت نەژادی کەسی کوردی تیایدا کەسایەتییەکی نامۆ بووە و وەدەر نراوە لە خاك و زێدی باووباپیری، بە هیچ شێوەیەك ڕێی پێنەدراوە ژیان بگوزەرێنێت، نەخوازەلا باس لە ناسنامەی نەتەوەیی و ژیار و زمانی کوردی بکات. بەم وتەیەش نامەوێت ناسنامەیەکی کوردی پەتی بکەم بە بەری یەکتاپەرستانی دەرزی دا، لەبەرئەوەی پێشتر ئاماژە بە فرەنەتەوەییان درا..

وەك جەختکردنێك لەسەر ئەم ڕاستیانە، هەژاری شاعیری کورد لە کتێبی شەرەفنامە دا ئاماژەی بەوە دابوو کە کورد لەگەڵ ئەوەی بووە بە موسوڵمان، بەڵام لەوە دەچێت موسوڵمانێتیەکەی پەسەند نەکرابێت. لەم بارەیەوە ئاماژە دەدات بە (نۆ) کوردی بازرگانی هۆزی (باجن) لەلای بۆتانەوە، کە چونەتە (تائیف– طائف) و لەسەر دەستی پێغەمبەر (د.خ) بوونەتە موسوڵمان. بەڵام لەو ڕۆژەوە (باجن) کراوە بە (جنی نوسەیبین)(کە مەبەست لە جنۆکەیە)، وە نەتەوەی کورد لەو تیرە جنۆکانەوە هاتونەتە دنیاوە... یاخود (سولەیمان شای جووەکان) لەلایەن دێوودرنجانەوە کچێکی بە دیاری بۆ دەنێردرێت، بەڵام لە ڕێگە دا لەلایەن کوردانەوە دەستی لەگەڵدا تێکەڵ دەکرێت و سکی پڕ دەکرێت. لە ئەنجام دا سولەیمان شا دەڵێت: أكردوهن في الجبال.. واتە: هەڵیاندەنە کێوان با کوردانیان لێبکەوێتەوە.(هەرچەندە زمانی عیبری بووە بەڵام بە عەرەبی وتەکە دەربڕاوە)..[٢]

لە شەرەفنامەدا باس لە بنەماڵەی (عیماد)ی کوردی کرابوو کە چ ڕۆڵێکیان لە ناوچەکە دا گێڕابوو. کاتێك شاری (بەعلەبەك) کەوتبووە دەست (عیمادەدین– عیمادالدین)* ەوە بە نەجمەدین ئەییوبی سپاردبوو، کە لەڕووی ئیدارییەوە بیبات بەڕێوە. پاش ئەوەی نەجمەدین حوکمڕانی بەعلەبەکی کردبوو، خانەقایەکی بۆ (سۆفییەکان) دروست کردبوو بۆ خوداپەرستی، کە بە (نەجمیە) ناو برابوو..[٣]

---

[١] کەریم یەڵدز:کورد لە عێراق،و:شاهۆ بورهان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران– سلێمانی،٢٠٠٧،ل ١٧

[٢] بەدلیسی،شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١٤

* (عیمادەدین زەنگی کوڕی تاقسونقور)ە، دەسەڵاتی هەتا (بغداد) ڕۆیشتووە،ساڵی (٥٢١ك/ ١١٢٧ز) بووەتە فەرمانڕەوای موسڵ، ساڵی (٥٤٠ك/ ١١٥٥ز) کاتێك ئابڵوقەی قەڵای (جەعبەر)ی دابوو کوژرا بوو.

[٣] بەدلیسی،شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١٢٨

**لە ماڵپەڕی (Saudi infocus) دا ئاماژە درابوو بە نووسراوێکی نووسەر (فوئاد ئیسحاق خوری- فؤاد اسحاق خوري) لەژێر ناوی (بۆئەوەی دەرزی بیت- أن تكون درزياً) دا، باسی لەو ڕاستییە کردبوو کە ڕەسەنی (عیمادەکان- آل عماد) وەك ڕەسەنی (جانبولادەکان- آل جنبلاط) وایە، لە کوردەکانی موسڵ بوون. وە باسی لە هاوکاری نێوان (عەلی پاشا جانبولاد) وە میر (فەخرەدینی مەعنی دووەم) کردبوو، کە دواتر هۆکاری سەرکەوتنیان بوو بەسەر (جەبەل لوبنان- جبل لبنان) دا ساڵی (١٦٣٠ز). لێرەوە بنەماڵەی جانبولادەکان بوبوونە یەکتاپەرست و جێنشین و پیران (شیوخ)ی ناوچەی (شۆف- الشوف)..**

**یەکێك لە باڵە دیارەکانی دەرزی (جانبولادییەکان)ە، کە باپیرە گەورەیان (میر عەلی پاشا) بووە و کەسایەتییەکی سوننی مەزهەب بووە، بە (دڵە ئازاکە- القلب الشجاع) یا (القلب الحديد) ناسراوە، لە سەردەمی عوسمانییەکان دا. لە سەرەتای سەدەی (١٦)ی زایینی دا والی حەڵەب بوو، دواتر توانیبووی دژیان بوەستێتەوە و شۆڕش بەرپا بکات. ساڵی (١٥١١ز) دەستگیر دەکرێت و لە سێدارە دەدرێت. پاشان نەوەی ئەم میرە (جانبولاد کوڕی سەعید) گەیشتبووە (جەبەل لوبنان- جبل لبنان)، وە دواتر بنەماڵەی (گیان پۆڵاکان- جانبولادی دەرزی) دامەزراندبوو ساڵی (١٦٣٠ز) وەك یەکتاپەرست لە لوبنان دا.**

**کەسایەتی نەجمەدین ئەییوب، باوکی سەرکردەی سەربازیی کورد سەلاحەددینی ئەییوبی بوو، لە گوندی (ئەجدنکان) لە ئازەربایجان لەدایك بووە و ساڵی (٥٦٨ك/١١٧٢ز) کۆچی دوایی کردبوو. کەسایەتی (شێرکۆ) ناسراو بە (ئەبوحەرب ئەسەدەدین- أبوالحرب أسدالدين)ی برای نەجمەدین کە لە شەرەفنامە دا باس لە نەبەردییەکانی کرابوو، سەرلەشکری (نورەدین مەحمود کوڕی عیمادەدین زەنگی) بوو. ئەم کەسایەتییە نێردرابووە میسر بۆ یاریدەدەرێتی یازدەهەمین خەلیفە (عازد لیدینللای فاتیمی- العاضد لدين الله الفاطمي).کەسایەتی شێرکۆ توانیبووی سێ جار بەگژ لەشکری خاچ پەرستەکان دا بچێت، بەو هۆیەوە دواتر کرابووە وەزیری خەلیفەی ناوبراو. شێرکۆ ساڵی (٥٦٤ك/١١٦٩ز) لە میسر کۆچی دوایی کردبوو، هەر لەوێش نێژرابوو..**

**مامۆستای مێژوو لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی موسڵ (دورەید عەبدولقادر نوری- دريد عبدالقادر نوري) لە نووسراوێکی دا باسی (نورەدین زەنگی) کردبوو، بە سوڵتانی شام وجزیرە (سلطان الشام و الجزيرة) ناوی بردبوو..[1] نووسەر (موحسین محەمەد حسێن) کاتێك باسی داگیرکردنی (هەولێر)ی کردبوو لەلایەن (نورەدین زەنگی)ەوە، ئاماژەی بەوە دابوو کە مێژوونووسانی ئیسلامی کۆك نەبوون لەسەر ساڵی داگیرکردنەکەی، بەوەی هەندێکیان ئاماژەیان دابوو بە ساڵی (٥٢٢ك/١١٢٨ز)، هەندێکی تریان بە ساڵی (٥٢٦ك/١١٣١ز)..[2] هەروەها باسی لە سەلاحەددینی ئەییوبی کردبوو کە ئەفسەرێکی گەنجی (نورەدین زەنگی) بووە..[3]**

**مێژوونووسی کورد (محەمەد جەمیل مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی) باسی لە کەسایەتی باوکی ناوبراو کردبوو، ئاماژەی بە (عیمادەدین زەنگی کوڕی ئاقسونقور) دابوو، وەك دامەزرێنەری دەوڵەتی**

---

**[1] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، ١٩٨٠، ل٤٩٠**

**[2] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگی چوارەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، ١٩٧٦، ل٥٢٠**

**[3] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، ١٩٨١، ل٣٠٣**

**زەنگی لە موسڵ..[1] هەروەها مێژوونووسی ئەڵمانی (ڤۆلفگەنگ ڕۆدۆڵف)* باسی لە دەسنووسێکی فارسی کردبوو کە ساڵی (١٩٥٥ز) لەلایەن سێ نووسەری کوردی ئێرانەوە نووسرابووەوە. بابەتەکە تایبەت بووە بە هۆزی (فەیزوڵڵا بەگی بانی بۆکانی)، بەڵام تیایدا باس لە سێ خانەدانی مێژوویی کورد کراوە کە لە کوردستان دا حوکمڕانییان کردووە، یەکەمیان (نورەدین زەنگی)، دووەمیان (بابانییەکان)، سێیەمیان (بابە میرێ)..[2]**

**مامۆستا (محەمەد کورد عەلی)* لە کتێبی (کۆن و نوێ– القدیم و الحدیث) دا، لە بارەی ئەتابەگی زەنگییەکانەوە ئاماژەی دابوو، باسیشی لەوە کردبوو کاتێك (نورەدین زەنگی) ساڵی (٥٢٦ك/ ١١٣٢ز) لە باشووری تکریت لەگەڵ سەلجوقیەکان بەشەڕ دێت و دەشکێت، پەنا دەبات بۆ (نەجمەدین و شێرکۆ)ی ئەییوبی، هەروەها پاش ئەوەی هەردوو ناوبراو تکریت بەجێدەهێڵن، (بەهۆی کوشتنی ئەفسەرێکی سوڵتان مەسعودی سەلجوقی بە دەستی شێرکۆی مامی سەلاحەدینی ئەییوبی) ڕوو دەکەنە موسڵ و دەچنە لای (عیمادەدین زەنگی) کە فەرمانڕەوای موسڵ بوو..[3] واتە مەبەستی نووسەر ئەوە بووە کە بیسەلمێنێت پەیوەندیەکی بەهێز هەبووە لە نێوان بنەماڵەی ئەییوبییەکان و زەنگییەکان دا..**

**نووسەر (عەبدوڵڵا نەجار)یش ئاماژەی بە شاکارەکانی مامۆستا (محەمەد کورد عەلی) کردبوو، کە دەربارەی دەرزییەکان نووسیویەتی...[4] هەروەها نووسەر (حەننا ئەبی ڕاشد– حنّا أبی راشد) مامۆستای ناوبراوی زۆر بە جوانی باس کردووە... [5] کەواتە بە وتەکانی مامۆستای ناوبراو دەردەکەوێت، کە یەکتاپەرسانی دەرزی ئاشنایيان هەبووە لەگەڵ کوردان دا. پێشتر ئاماژە بەوەش درا کە مامی سوڵتان سەلاحەدین کاتێك حوکمرانی (بەعلەبەك)ی کردبوو، خانەقایەکی بۆ سۆفییەکان دروست کردبوو بە ناوی (نەجمیە)وە، کە خودا پەرستی تێدا دەکرا. ئاشکرایە کە شاری ناوبراو ژمارەیەکی زۆر یەکتاپەرستانی تێدایە. ئەمەش نمونەیەکی تر بوو بۆ دۆستایەتی و پەیوەندی نێوان کورد و دەرزییەکان.**

**ئاشکرایە کە کورد چەندین مێژوونووس و زانای هەبووە لەو سەردەمە کۆنەدا، بەڵام نوسراوەکان تێکڕا بە پیتی عەرەبی نووسراون، ئەمەش جۆرێك بووە لە (تەعریب– تعريب) کردن، لەوەش خراپتر**

---

**[1] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگی دەهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق– بەغدا، ١٩٨٣، ل٣٩٥**

*** ڤۆلفگەنگ ڕۆدۆڵف،مامۆستای سۆسیۆلۆجی (زانستی کۆمەڵان) بووە لە زانکۆی بەرلینی خۆرئاوا.**

**[2] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگیپێنجەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق– بەغدا، ١٩٧٧، ل٧٩**

*** زانا و مامۆستا (محەمەد فەرید کورد عەلی)(١٨٧٦– ١٩٥٣ز)، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری گەورەی کورد و گرنگترین نووسەری سوریا بووە, شارەزایی تەواوی لە زمانی عەرەبی، تورکی، فەرەنسەوی هەبووە. دوای جەنگی جیهانی یەکەم بووە سکرتێری گشتی کۆمیتەی پەروەردەی گشتی، ماوەیەکیش وەزیری پەروەردەی گشتی بوو. ساڵی (١٩٠٥ز) لە قاهیرە گۆڤاری (المقتبس)ی دەرکرد،ساڵی (١٩١٤ز) عوسمانییەکان گۆڤارەکەیان داخست. پاشان گۆڤاری (ئەکادیمیەی عەرەبی– الاكاديميه العربيه)ی دەرکرد وەك سەرۆکی دەزگاکە، دواتر سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی لوبنان بوو. چەندین وتار و نووسراوی پێشکەش کردبوو دەربارەی دەرزییەکان، لەوانە وتارێك دەربارەی جەنگی (سامی پاشای فاروقی)..**

**[3] بەدلیسی،شەرەفخان:شەرەفنامە، ل ١٢٧ – ١٢٩**

**[4] النجّار،عبدالله : مذهب الدروز و التوحيد ، ص٨**

**[5] ابي راشد، حنّا:حوران الداميه، الطبعه الثانيه، مكتبة الفكر العربي و مطبعتها– بيروت، لبنان، ١٩٦١، ص ١١٩**

ئەوە بووە کە بە کورد وتراوە (قورەیشی عەجەم).[1] گوایە مەبەست لە پاکی و ئازایەتی بووە. هەرچۆنێك بێت، کورد لە سەردەمانێك دا حوکمڕانی باکوری ئەفریقا بوون، مێژووش شاهیدی ئەم ڕاستییە دەدات، جا کورد بە ئازایەتی خۆی بووبێت یا بێدەسەلاتی عەرەب، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕاستییە بوونی هەبووە. هەروەها تیرەکانی (ڕەوەند)ی سەر بە هۆزی (هەزەبانی یا هەزانی یا خێزانی) ڕۆڵێکی بەرچاو و بالآیان هەبووە لە ناوچەکە دا. ئەمە بێجگەلە چەندین هۆز و خێڵی تر کە ئەوانیش بوونیان هەبووە.

(ئیبن خەلدون– ابن خلدون) لە مێژووەکەی خۆی دا ئاماژەی بە دوو هۆزی کوردی دابوو لە (جەزائیر)، کە ناویان (لاوین) وە (بادین) بووە...[2] هەرچەندە نووسەر (جەمال ڕەشید ئەحمەد) باس لە نووسراوێکی مێژوویی (ئیبن خەلەکان– ابن خلکان) دەکات کە ئاماژەی بەو دوو هۆزە کوردییە داوە بە ناوی (لاوین و بابین)ەوە، کە لە هەرێمی شارەزورەوە کۆچیان کردوە بۆ باکوری ئەفریقا، بەتایبەت جەزائیر. ئەم ڕوداوەش لە سەردەمی (هۆلاکۆ) دا بووە، پاش ئەوەی ساڵی (٦٥٥ك/١٢٥٧ز) شاری (هەمەدان)ی داگیر کردووە، پاشان ڕوی کردۆتە هەرێمی ناوبراو لەوێشەوە بۆ (بەغداد) بەمەبەستی داگیرکردنی...[3] لەمبارەیەوە مێژوونووسی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لە کتێبەکەی دا ئاماژەی بە (تەئریخ بەربەر– تأریخ بربر)ی (ئیبن خەلدون) دابوو، کە ناوبراو باسی لە دوو عەشیرەتی کوردی کردووە بەناوی (لاوین و بادین)ەوە، کە کوردن و دانیشتووی جەزائیرن، ڕەنگە داگیرکارییەکانی مەغۆل بۆ شارەزوور هۆکاری کۆچ کردنیان بوبێت...[4] دەشێت مێژوونووسی کورد ئەم بابەتەی لە شەرەفنامەوە وەرگرتبێت...

گەر لە بابەتەکە لانەدەین و باسێکی کەسایەتی پیرۆز و مژدەبەخشی ئایینزای یەکتاپەرستی (حەمزە کوڕی عەلی) بکەین، ئاشکرایە کە خەڵکی (زۆزان) بووە، بەوەی یەکتاپەرستان جەختیان لەسەر نیشتەجێبوونی ئەو کەسایەتییە کردبوو لەو هەرێمە دا. لە کۆن دا (زۆزان) بە مانای هاوینەهەوار هاتبوو، وە بە ناوجەرگەی (کوردستان) وترابوو. لە (موعجەمی بولدان– معجم البلدان)ی یاقوتی دا ئاماژە بەو هەرێمە درابوو کە ناوچەیەکی جوان بووە، لەناو چیاکانی (ئەرمەنستان و ئەخلاّت (خەلاّت) لە بەدلیس و ئازەربایجان و دیاربەکر و موسڵ)دا بووە. دانیشتوانەکەی تێکەڵ بوون لە ئەرمەنی و کورد...[5] کورد...[5] مامۆستا (حەکیم عەبدولڕەحمان زوبێر) بە هەمان شێوە ئاماژەی بە موعجەمی بولدانی (یاقوتی (یاقوتی حەمەوی) دابوو، دەربارەی (زۆزان)یش هەمان شێوە وەسفی دوبارە کردبوەوە کە لە کتێبی گەورە و بەپێزی شەرەفنامەی کوردی دا ئاماژەی پێدرابوو..[6]

---

[1] بەدلیسی،شەرەفخان:شەرەفنامە، ل ١٢١

[2] بەدلیسی،شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١٢٧

[3] د.جمال رشید احمد: ظهور الکورد في التاریخ، الجزء الاول، دراسة شاملة عن خلفیة الامه الکوردیه و مهدها، دار آراس للطباعة والنشر، السلسله الثقافیه– اربیل، اقلیم کوردستان العراق، ٢٠٠٣، ص ٣٠٤

[4] محمد امین زکی:کوردوکوردستان، ل٣٢٩

[5] بەدلیسی،شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١٢٢

[6] حکیم عبدالرحمن زبیرالبابیري: مدینة خەلات، ص ٤٨

مێژوونووسی کورد (ئیبن ئەسیر– اِبن أثیر) * ئاماژەی بەوە دابوو کە (زۆزان) مەڵبەندی هەوار بووە و لە ڕۆژهەڵاتی دجلەوە تا جزیرەی عومەر بووە، لە دوو ڕۆژەڕێی موسڵەوە سنوورەکەی دەستپێدەکات و بە ئەخلاتیش (خەلات) لە بەدلیس دا دەڕوات و لە سەڵماس (شەڵماش)ی ئازەربایجان کۆتایی دێت. ئەم هەرێمە تێکڕا بەدەست کوردەکانی (بەشنەوییە)،(بەختی)یەوە بووە..[1] بەهەمان شێوە (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) ئاماژەی بەوە دابوو کە لە سەرەتای دەسەڵاتی ئیسلامی دا نیشتمانی نەتەوەی کورد پارچەپارچە بووە و لەناو (تەقسیماتی ئیداری خەلافەت) دا بووە، ئەو پارچانەش: (زۆزان، خێلات (خەلات)، ئەرمینیا، ئازەربایجان، جبال، فارس، جزیرە، عێراق، بیلادی ڕۆم،....هتد)، کە تێکڕا کوردستانی گەورەی گەیاندووە. جەختی لەسەر ئەوەش کردبوو کە پارچەپارچەیی نیشتمانی کورد، وایکردبوو کە مێژوونووسانی عەرەب بە شێوەیەکی ئەوتۆ باس لە کورد و کوردستان نەکەن....[2] زۆزان بە گوێرەی (موعجەمی بولدان– معجم البلدان) لە نێوان (موسڵ و خەلات و سەڵماس) دا بووە، عەشیرەتی باشناوی و بوختی (بۆتانی) لەوناوەدا بوون، هەروەها گەلێ قەڵایان هەبووە. ئاماژە بەوەش دەدات کە (کوردستانی مەرکەزی) ئەمڕۆ، ئەو کاتەش هەر نیشتمانی کورد بووە...[3]

لێرەوە پرسیارێك دروست دەبێت دەربارەی کەسایەتی (حەمزە کوڕی عەلی) کە ناوزەد کرابوو بە ڕەگەز فارس، ئایا ڕاستە ڕەگەزی فارسە؟ ئاخۆ ڕەگەز کورد، یا ئەرمەن نەبووە؟.. لەبەرئەوەی هەر لەسەردەمی خەلافەتی فاتیمییەکان و پێشتریش لە سەردەمی دەسەڵاتە ئیسلامییەکانی تر دا، زۆر کەسایەتی تری بەناوبانگ هەبوون لەو کاتەدا کە جێدەستیان دیاربووە و کاریان کردووە، هەروەك: شیرازی، کرمانی، سەجزی، شابەشتی، مەسبەحی، ئەسفەهانی و زۆرێکی تر، کە ڕەگەزیان عەرەب نەبووە. واتە ئاسایی بووە کاتێك جۆرە تێکەڵییەك لە نەتەوە جیاوازەکان لەژێر ئاڵای ئیسلام دا بەدی کراوە. کەواتە ئەو ناوچەیەی مژدەبەخشی یەکتاپەرستانی تێدا دەرکەوتووە، دەشێت کوردنشین بووبێت. مەبەستیش هەرێمی (زۆزان)ە، کە بە گوێرەی بەڵگەنامەکان مەڵبەندی کوردان بووە..

هەربۆیە فرسەت مەرعی باسی لە هەرێمی زۆزان کردبوو، کە ناوچەیەکی کوردنشین بووە و ژمارەیەکی زۆر گوند و قەڵای تێدا بووە، لەوەڕگایەکی زۆر باشیش بووە، مەڵبەندی کوردان لەو ناوچەیەدا بووە. ئاماژەی بەوەش دابوو کە کورد و ئەرمەن نیشتەجێی ناوچەکە بوون، بەتایبەت کوردی هەزەبانی، ئەو ناوچەیەش کەوتبووە خوارووی دەریاچەی ئەرجیش (وان)ەوە...[4]

---

* اِبن أثیر، (ابو السعادات مجدالدین مبارك ابو الکرم)ی جزیری،ساڵی (٥٤٤ك،١١٤٩ز) لە دورگەی (ابن عمر) لەدایك بووە، لەوێش کۆچی دوایی کردووە ساڵی (٦٠٦ك،١٢٠٩ز)، خاوەنی چەندین کتێبی وەك (جامع الاصول، النهایە في غریب الاحادیث، الانصاف في تفسیر القرآن، البدیع في فن الکتابە، دیوان الرسائل، کتاب الشافي، المصطفی و المختار في الادعیە و الافکار) وە چەندین نووسراوی تریش.

[1] بەدلیسی،شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١٢٣

[2] محمد امین زکی: کوردوکوردستان، ،ل ٣١٩

[3] محمد امین زکی: کوردوکوردستان، ل ٣٢٣

[4] د.فرست مرعي:کردستان في القرن السابع المیلادي، ص١١٩

وەك جـەخت كردنێـك لەسـەر گرنگـی بابـەتی هـەرێمی زۆزان، نووسـەرێكی تـورك بـە نـاوی (مستەفا ئاكیول)ەوە باسی وشەی كوردستانی لە سەردەمی عوسمانیەكان دا كردووە، كە لە وتارێكی دا لە ڕۆژنامـەی (ستار)ی توركیا دا بڵاوكرابووەوە بە ناونیشانی (كوردستان چۆن دەناسن؟). نووسـەری نـاوبراو ڕەخنەیـەكی زۆری ئاڕاسـتەی بیروبۆچـونە توندڕەوەكانی نـاو كۆمـەڵگای تـوركی كردبـوو، كـە بەرامبەر كورد لە ئارادایە، وە لە وتەكانی دا ئەو دەستەواژە شۆڤێنییەی ڕەت كردبوەوە كە ئاماژە دەدات بەوەی (توركیا تەنها بۆ توركانە)، واتە خۆی لە خۆی دا دانانان بە بوون و مافەكانی كوردە.

ئـەوەی بـەلای ئێمـەوە گرنگـە ئەوەیـە كـە نووسـەر لـە بەشـێكی بابەتەكـەی دا بـاس لـە وشـەی (كوردستان) دەكات كە لە دەستورەكانی عوسمانی دا ناوبراوە، وە ئاماژە دەدات كە " لە بەیاننامەیـەكی دەستوری سەردەمی عوسمانیەكان دا كە لە (١٣/ كانونی یەكەمی/ ١٨٤٧ز) بڵاوكراوەتەوە، دامەزرانـدنی (ویلایـەتی كوردسـتان) ڕاگەیـەنراوە لـە نـاو سـنووری ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی دا، وە پایتەختەكەشـی شاری ئەخڵات (خەلات) بووە و ناوچەكانی (دیاربـەكر (ئامـەد)، مـوش، وان، هـەكاری جزیـرەی بۆكـان وە ماردین)ی لەخۆ گرتووە. ئەم ویلایەتە تا ساڵی (١٨٦٤ز) بـەردەوام بـووە." نووسـەری نـاوبراو ئەوەشـی خستووەتە ڕوو كە ناوچەی باشووری خۆرهـەڵاتی توركیا و باكووری ئێـستای عێـراق، لـە تۆمارەكـانی عوسمانی دا بە درێژایی سەدان ساڵ وەك نیشتمانی كورد ئاماژەی پێدراوە..[1] لە لایـەكی تـرەوە ڕەخنـە لە میكانیزم و شێوازەكانی پەروەردە دەگرێت، كە پشت بە سڕینەوەی وشەی (كوردستان) دەبەستێت.

ئـەم بابەتـەی باسـی لێكـرا دوو مەبەسـتی سـەرەكی لـە پشـتە، **یەكـەمیان** ئـەو گۆڕانكاریانەیـە كـە بەسـەر عەقڵیـەتی تـاكی تـوركی دا هـاتووە بەرامبـەر بـە ڕەگـەز و بـوون و مـاف و وشـەی كـورد، كـە بـە سـەرەتای قۆنـاغێكی هەسـتیار لـە قەڵـەم دەدرێـت بـۆ كـوردی توركیـا، كـە تیایـدا تـەتریك و كەمالیسـت و ناسیۆنالیزمی تـوركی خـەریكە پاشەكشـە دەكات و چـۆك دەدات لەبـەردەم واقـع و ڕای گشـتی جیهـانی و ئازادی و مافەكان دا. ئەمـەش چـەندین فاكتـەری جۆراوجـۆری لـە پشـتە كـە ماوەیەكـە توركیـای عـەلمانی ناچار كردووە بـەوەی ڕێگـە بـدات لـەم وتـار و بۆچوونانـە بڵاوبكرێتـەوە. وە بـە فـەرمی لـە مـانگی ئـازاری ساڵی (٢٠٠٢ز) دا لە ڕێی پەرلەمانەوە مافە ڕۆشنبیرییەكانی گـەلی كـورد لـە توركیـا بـە هەنـد وەربگیرێـت، واتە توركیا لەبەر گرنگی بەرژەوەندییەكانی خۆی ناچار بووە دان بە وشەی (حەقیقەت) دا بنێت.

**دووەمیـان** كـە مەبەسـتی سـەرەكی توێژینەوەكـە دەخاتـە ڕوو، ئەوەیـە كـە بـە فـەرمی جـەخت لـە بـوونی ناوچـەیەكی كـوردی دەكاتـەوە لـە دەسـتورەكانی عوسمـانی دا، لـەو شـوێنەی كـە پەیامبـەری یەكتاپەرستانی لێبووە، واتـە هـەرێمی زۆزان. لەبەرئـەوەی نووسـەر ئامـاژە دەدات بـەوەی كـە (ویلایـەتی كوردسـتان) ناوچـەكانی (دیاربـەكر، مـوش، وان، هـەكاری جزیـرەی بۆكـان و مـاردین)ی لـە خـۆ گرتـووە. ئاشكرایە (بە پێی نەخشە و بەڵگەنامەكان) كە هەرێمی یاخود ناوچەی زۆزان دەكەوێتـە ناوەڕاستی ئـەو ویلایەتـە كوردیـەی عوسمانیـەكان دیاریـان كـردووە و نووسـەریش ئامـاژەی پێـداوە. ئەمـەش ڕاسـتی نووسراوەكانی نـاو (موعجەمی بولـدانی) یـاقووتی حەمـەویمان بۆ دەردەخـات، كـە ئامـاژەی بـە ناوچـەی زۆزان دابوو، وە بە كوردستانی مەركەزی ناو بردبوو...

---

[1] ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ: زمانحاڵی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، ژمارە (٤٦٢١)، هەینی، ١١/ ٧/ ٢٠٠٨

**هاوشێوەی ئەو بابەتەی ئاماژەی پێدرا، لە بەشەکانی پێشتردا باس لە کەسایەتی (سەعید خێر- سعیدالخیر) کرا، کە دواتر ناسرابوو بە خەلیفە عوبەیدوڵڵای مەهدی، ناوبراو کەسێکی کورد بووە و خەڵکی خۆراسان و باپیرەگەورەی زەردەشتی بووە، لەوانە بوون کە پێیان وتراوە (ئەهلی زیممە- أهل الذمّة)، واتە ئەو موسوڵمانانەی بە ڕەگەز عەرەب نەبوون. لە شەرەفنامە دا باس لەم کەسایەتییە کرابوو، کە کوردەکان زۆر شانازییان کردبوو بەوەی هاوەڵێکی (پێغەمبەر) (د.خ) ناوی (گابان) یا (جابان)ی کورد بووە. کوڕی گابان ناوی (مەیمون ئەبو بەسیر) بووە، لای کوردان زۆر خۆشەویست بووە. گابان وەکی (سەلمانی فارسی) هاوەڵ بووە و زۆر لە فەرمووودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)ی لەبەر بووە، وەك چۆن فارسەکان خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن، کوردانیش بەو جۆرە..[1]**

**کەواتە (مەیمونی گابان)ی کوردی کە بە (مەیمونی قەدداح- میمون القدّاح) ناسرابوو، باووباپیری کەسایەتی (سەعیدخێر کوڕی حسێن کوڕی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی ئەحمەد کوڕی مەیمونی قەدداحی کوڕی دیصان (دیمان)- سعیدالخیر بن حسین بن محمد بن عبدالله بن احمد بن میمون القدّاح بن دیصان) بووە. ئەو کەسایەتییانە جێگر وجێبەجێکاری پێشەوایان (امام)ی ئیسماعیلی بوون، واتە (بەڵگەی ئیمام- حجّة الامام). لە ئایینزای شیعی دوانزە ئیمامی و ئیسماعیلی دا، دەبێت هەموو ڕابەرێك جێگرێکی هەبێت کە بە (حجّە) یا (الامام المستودع) وە یا (وکیل) ناو دەبرێت. لەکاتی دیارنەمانی (الامام المستقر) دا، ئەو کاروباری ئایینی دەگرێتە دەست، کە بە (تەقوا- التقوی) دەزانرێت، جا ئەو دیارنەمانە بە هەر شێوەیەك بێت.ساڵی (٢٨٠ك/٨٩٣ز) ئیمام (عەلی کوڕی حسێن وەفی) ناسراو بە (ئەلموعیل- المعلّ) کۆچی دوایی کردبوو، دوای خۆی کوڕێکی بچوکی بەجێهێشتبوو بە ناوی (محەمەد)ەوە کە لەلایەن سەعیدخێرەوە پەروەردە کرابوو.**

**بەڵام پەروەردەکردنەکەی ناوبراو بۆ ئەو منداڵە بچوکەی سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ بەجێ مابوو، جێگەی نیگەرانیی و تووڕەبوونی ڕابەرانی ئیسماعیلی بوو، ناچار ناوبراو بە خۆیی و ئەو منداڵەوە هەڵاتبوون بۆ (حەما- حماه) لەوێشەوە بۆ فەلەستین، میسر، مەغریب. بەڵام دوا وێزگەی لە (سەجلماسە- سجلماسه) ساڵی (٢٩٦ك/ ٩٠٨ز) دەستگیر کرابوو، دواتر لەلایەن (حەسەن کوڕی ئەحمەد کوڕی زەکەریا- الحسن بن احمد بن زکریا) کە ناسرابوو بە (ئەبو عەبدوڵڵای شیعی- أبوعبدالله الشیعي) یەمەنی ڕزگار کرابون. ئەوەش دوای ئەوەی ئەوشارە داگیرکرابو لەلایەن ناوبراوەوە، هەمان ساڵ سەعیدخێری وەك کەسێکی پیرۆزی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای شارەکە ناساندبوو...[2]**

**لە سایتی (ویکیپیدیا) دا ئاماژە بۆ ڕاستی ناوەکەیان کرابوو، لەم بارەیەوە ئاماژە بە مێژوونووسی ئیسلامی (ئیبن حەزم ئەلزاهری ئەلئەندەلوسی- ابن حزم الظاهري الاندلوسي) کرابوو کە لە کتێبی (جەمهەرەت ئەنساب ئەلعەرەب- جمهرة انساب العرب) دا جەختی لەسەرئەوە کردبوو کە فاتیمییەکان باشتروایە ناوبرێن بە (عوبەیدییەکان- العبیدیون)، بەڵام (مەقریزی- المقریزی) لە (بەیان و ئەعراب- البیان و الاعراب) دا پێی باش بووە کە ناوبرێن بە فاتیمییەکان.**

---

[1] بەدلیسی،شەرەفخان: شەرەفنامە، ل ١١٧

[2] طلیع،امین محمد:اصل الموحدین الدروز واصولهم، ص٣٧

هەروەها (ئیبن خەلدون) هەمان بۆچوونی هەبووە، وە ڕەسەنی فاتیمییەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ (حوسەینی هاشمی).لەبارەی (عوبەیدوڵڵای مەهدی)یەوە نووسەرانی دەرزی کۆك نین لەسەر ڕێچکەی ژیانی، هەڵوێستی، مێژووی، وە کۆچکردنی لە (سەلمییە)وە بۆ (مەهدییە)ی پایتەختی دەوڵەتەکەی. نووسەر (ئەمین محەمەد تەلیع) لە کتێبەکەی دا بەباشی باسی نەکردبوو، ئاماژەی بەوە دابوو کە (سەعیدخێر) واتە (عوبەیدوڵڵای مەهدی) چاوی بڕیبووە شوێنی پیرۆز و سامانی ئیمام (محەمەد)، بۆیە دواتر فڕاندبوی وە هەڵاتبوو لە سەلمییەوە بۆ مەهدییە لە مەغریب، پاش ئەوەی خۆی ناساندبوو وەك یەکەم خەلیفەی فاتیمی، ڕاشیگەیاندبوو کە ئیمامی بچکۆلە کوڕیەتی.

بەڵام نووسەر(نەجیب عەسراوی) لەگەڵ ئەوەی زۆر لە وتەکانی نووسەری پێشووی دووبارە کردبووەوە لە کتێبەکەی دا، بەڵام ئاماژەی بەوەش دابوو کە ئیمامی (موعیل– المعلّ) بە خواستی خۆی (سەعیدخێر)ی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی ئیمامی بچکۆلەی بۆ بەخێو بکات لەدوای خۆی، ئەمە بێجگەلەوەی بنەماڵەی (سەعیدخێر) جێگری ئیمام بوون. دوبارە باسی لەوەش کردبوو کە ناوبراو لە ترسی دەسەڵاتدارانی عەباسی هەڵاتبوو بۆ مەغریب، هەرچەندە بە (سەعید ئەلمەهدی– سعيد المهدي)ش ناوی بردبوو. واتە دەتوانین بڵێین ئاماژەپێدانەکەی هاوشێوەی نووسەری پێشوو نییە...

پاش ئەوەی زانیمان ئیمامی بچکۆلە ناوی (محەمەد) بووە، باشتر وایە بزانین ناوی ڕاستەقینەی (محەمەد کوڕی عەلی کوڕی حسێن وەفی کوڕی ئەحمەدڕەزی کوڕی محەمەد کوڕی ئیسماعیل کوڕی جەعفەرصادق کوڕی محەمەدباقر کوڕی عەلی زەینەلعابدین کوڕی حسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب– محمد بن علي بن حسين الوفي بن احمد الرضي بن محمد بن اسماعيل بن جعفرالصادق بن محمدالباقر بن علي زين العابدين بن حسين بن علي بن ابي طالب)ە، (خودا لێیان ڕازی بێت)، کە دواتر ناسرا بە خەلیفە (قائیم بیئەمریللای فاتیمی– القائم بأمرالله الفاطمي).

لەسەردەمی فاتیمییەکان دا هەوڵێکی نوێ بۆ ئاوێتە بوون و پێکەوە گرێدانی شەریعەتی ئیسلامی و فەلسەفەی یۆنانی هاتە گۆڕێ. کۆمەڵی (ئیخوان ئەلسەفا– اخوان الصفاء) پێشەنگی ئەو هەوڵە گۆڕانکارییە بوون، ئەم کارەش لەلایەن چەندین فەیلەسوفی ئەو سەردەمەوە بەئەنجام گەیەنرا بوو، هەر لە (ئەبو حاتەمی ڕازی، ئەبو عەبدوڵڵای نەسفی، ئەبو یەعقوبی سەجزی، ئەبو حەنیفە نوعمانی مەغریبی، جەعفەر کوڕی مەنسووری یەمەنی، ئەحمەد حەمیدەدینی کرمانی، ئەلموئەید فیددین هەیبەتوڵڵای شیرازی، ئەبو حەسەن عەلی شابەشتی، ئەبو صالحی ئەرمەنی، ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی، بەدیعزەمانی هەمەدانی، ئەبی عەلای معەری، محەمەد کوڕی حەسەن ئیبنولهەیسەم– ابو الحاتم الرازي، ابو عبدالله النسفي، ابو يعقوب السجزي، ابو حنيفة النعمان المغريبي، جعفر بن منصور اليمني، احمد حميدالدين الكرماني، المؤيد في الدين هبة الله الشيرازي، ابوالحسن علي الشابشتي، ابوصالح الارمني، ابي فرج الاصفهاني، بديع الزمان الهمداني، ابي علاء المعرّي، محمد بن الحسن ابن الهيثم). دەکرێت بە شێوەیەکی بابەتییانە سەیری ئەم کۆمەڵەیە بکەین، دوور لە شاکارە فەلسەفییەکانیان، ئایا گروپێکی فرەنەتەوەیی پێکناهێنن، کە دەتوانین لەم ڕۆژگارەدا وەك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئاماژەیان پێبدەین؟

لە سەردەمی فاتیمییەکان دا فەلسەفەی سوکرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و فیساگۆراس هاتبوونەوە گۆڕێ، کە گڕوتینێکی نوێیان دابوو بە زانست، هاوکات لە ئەورووپا دا فەلسەفەی واقعیەتی

ئەرستۆ لە برەودا بوو. ئیسماعیلییەکان ناوبانگیان بەوە دەرکردبوو کە سۆفیگەرێتییان تێکەڵ بە فەلسەفە کردبوو، بڕوایەکی تەواویشیان بە دۆناودۆن و نرڤانا و لەبەرگرتنەوەی ڕۆح و بەرجەستەبوونی ڕۆحی پیرۆز هەبوو.

یەکێك لە جیاوازییەکان ئەوەیە کە تێکڕای پەیڕەوانی شیعە بە ئیسماعیلییەکانیشەوە ڕۆحی ئیمامی (عەلی)یان بەرز و پیرۆز ڕادەگرت، بەڵام یەکتاپەرستانی دەرزی ڕۆحی خەلیفە حاکم بیئەمریللایان بەرز و پیرۆز ڕادەگرت.. ئەمەش مانای بوونی جۆرێك لە جیاوازییە لە نێوانیان دا، لەم بارەیەوە کەسایەتی (کەمال جانبولاد- کمال جنبلاط)* ئاماژەی بەوە دابوو کە جیاوازییەکی فراوان هەیە لە نێوان ئیسماعیلییەکان و دەرزییەکان دا..[1] یەکێك لە کارە گرنگەکانی خەلیفە حاکم بیئەمریللا دروستکردنی (دارولحیکمە- دار الحکمە) بوو ساڵی (٣٩٥ك/١٠٠٤ز) لە قاهیرە. لەو سەردەمەدا ئایین لە دەوڵەت هەرگیز جیا نەدەکرایەوە، بە هەمان شێوەی کۆمەڵگا مەسیحیەکانی ئەوروپا. هەروەها هەردوو دەسەڵاتی (دیینی و دنیوي) لای تەنها کەسێك قۆرخ کرابوو، هەردوو وەزیفەی بانگەشە (الدعوە) وە دادوەری (القضاء) خرابووە دەست تاکە کەسێکەوە.

بێگومان ئەو کارە گرانەی کە دەسەڵاتی بانگەشە و دادوەری مۆنۆپۆڵ کردبوو، لەلایەن چەندین کەسەوە بەڕێوە برابوو، بەڵام هەریەکە و تاکڕەوانە و لە کاتی جیاجیا دا. هەر لە (دادوەری گەورە نوعمان- القاضي الکبیر النعمان)(جەوهەر سقلی- جوهر الصقلي)(فارقی- فارقي)و چەندین کەسایەتی ترەوە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە کەسیان سەرکەوتوو نەبوون لەو کارەیان دا تا کۆتایی، بەوەی تێکڕا لابرابوون لەلایەن خەلیفەی ناوبراوەوە، جا بە هەر شێوەیەك بووبێت. دواجار ئەم دەسەڵاتە مۆنۆپۆڵکراوە ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیبووەوە لای کەسایەتییەکی ڕۆژهەڵاتی ئێران، کە دەشێت بە باوکی ڕۆحی ئیسماعیلییەکان دابنرێت، ئەویش (حەمیدەدین ئەبوحەسەن ئەحمەد کوڕی عەبدوڵلای کرمانی- حمیدالدین ابوالحسن احمد بن عبدالله الکرماني) بوو، کە هاوکاتی خەلیفەی ناوبراو بوو.

ئەم کەسایەتییە زۆر ئاشکرا نییە چ ساڵێك گەیشتبووە قاهیرە، ئایا ساڵی (٤٠٥ك/١٠١٤ز) یا ساڵی (٤٠٦ك/١٠١٥ز) بووە. ئەوەی لێرە دا گرنگە بوترێت ئەوەیە کە ئەم کەسایەتییە توانیبووی پرەنسیپەکانی ئایینزای ئیسماعیلی بە شێوەیەك پراکتیزە و دابڕێژێت کە تا ئەمڕۆکە خۆڕاگر و پتەو و نەگۆڕ بێت. ئەمە بێجگەلە کاری بانگەشە و فێرکاری لە (مەجالیسی حیکمە- مجالس الحکمە)ی هەفتانە دا، کە خەلیفە حاکم گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری پێدەدا، وە کە پێشتریش باسی لێکرا..[2]

---

[*] کەمال جانبولاد، دامەزرێنەری پارتی پێشکەوتوخوازی سۆشیالستی (الحزب التقدمي الاشتراکي)، باوکی سەرکردەی دەرزی (وەلید جانبولاد)، ساڵی (١٩٤٩ز) ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕابوو لە دامەزراندنی ئەو پارتە سیاسییەدا لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تر، بێجگە لەوەی لە شەڕی ناوخۆی لوبنانی دا ڕۆڵێکی کارای گێڕابوو. پارتی کەتائیب بە سەرەکیترین دوژمنی ئەو دادەنران. لە (١٩٧٧/٣/١٦ز) تیرۆر کرا، کە (پارتی سوریی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی) تاوانبار کرا بەو کارە.

[1] د.محمود اسماعیل:فرق الشیعە بین الدین والسیاسە، ص٨٤

[2] بول ووکر: حمیدالدین الکرماني الفکر الاسماعیلي في عصر الحاکم بامرالله، ت:سیف الدین القصیر،الطبعە الاولی، دار المدی للثقافة و النشر- دمشق، سوریا، ١٩٨٠، ص ٢٤

ئەم فەیلەسوفە ئیسماعیلییە لە کۆتایی کارەکانی دا، توشی جۆرێك لە ون بوون ببوو لەگەڵ مژدەبەخشانی یەکتاپەرستان دا، ئەوەبوو دواتر قاهیرەی جێهێشتبوو وە گەڕابوەوە بۆ عێراق، لەوێ جارێکی تر دەستی کردبوەوە بە بانگەشە بەڵام بە شێوازێکی نوێ..[1] هۆکاری نەگونجانی بۆچونەکانی یەکتاپەرستانی دەرزی لەگەڵ ناوبراو دا، ئەوە بوو کە ئەوان خەلیفەی ناوبراویان بە خواوەند دەزانی نەك خەلیفەیەکی ئاسایی، ئەمەش کرمانی زۆر بێزار کردبوو، لەبەرئەوەی لای ئیسماعیلییەکان هەردەم ئیمامی عەلی (خودا لێی ڕازی بێت) پیرۆزتر بوو. هەربۆیە دواجار کرمانی ئەو مژدەبەخشانەی بۆچوونیان وابوو، بە گەندەڵ و لادەر لە ئاییینزای ئیسماعیلی و بانگەشەی فاتیمی لەقەڵەمی دابوون، ئەمەش بە بۆچوونی نووسەر (مستەفا غالب– مصطفی غالب)..[2]

نووسەر (ئەنیس مەنسور– أنیس منصور) لە ڕۆژنامەی (ئەهرام– الاهرام)، ژمارە (٣٧٥٥٥) لە ١٩٨٩/١٠/٤ دا، وتارێکی وروژێنەری بڵاوکردبوەوە (لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی): کە مەبەست و جۆرە هێرشێکی بۆسەر یەکتاپەرستان لەخۆ گرتبوو. تیایدا ئاماژەی بەوە دابووکە یەکتاپەرستان موسوڵمانی تەواو نین، ڕاستیش نییە کە خۆیان ناوزەد کردووە بە موسوڵمان. ئاماژەی بەوەش دابوو کە یەکتاپەرستان ئایینیان نییە، بەڵکو تێکەڵن لە ئاییینی مەسیحی و ئاییینزای شیعی و بتپەرستی..[3] بێگومان ئەو وتارە ئاگرییە کاردانەوەیەکی زۆری دروست کردبوو، لەنێو یەکتاپەرستانی دەرزی و لەنێو کۆمەڵگا و یەکە سیاسییەکانی جیهان دا...

[1] بول ووکر: حمیدالدین الکرمانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٣٧

[2] د.محمود اسماعیل:فرق الشیعه بین الدین و السیاسه، ص٨٤

[3] سکیکر، زید علي: الموحدون عرب مسلمون..لادروز، الطبعه الاولی، دار علاءالدین للنشروالتوزیع و الترجمه– دمشق، سوریا، ٢٠٠٢، ص ١٣٢

# بەشی دووەم

# فەلسەفە و بیروباوەڕیان

## تەوەری یەکەم /

### بنەما ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان

ا- ئەرکە ئایینییەکان
ب- چینەکانی کۆمەڵگای یەکتاپەرستان
ج- سرووتە ئایینییەکان

## تەوەری دووەم /

### باوەڕە فەلسەفییەکان

ا- بیروباوەڕیان
ب- پایە فەلسەفییەکان

## تەوەری یەکەم /

### بنەما ئایینی و کۆمەلأیەتییەکان ....

### أ ــ ئەرکە ئایینییەکان

ئاشکرایە ئایینزای یەکتاپەرستان وەك هەر بیروباوەڕێکی تر خاوەنی بنەمای ئایینی و تەسەوف و سێریمۆنی تایبەت بە خۆیەتی، وەك هەموو ئایینێکی ئاسمانی و زەمینی چەندین ئەرکی ئایینی تایبەت بە خۆیی هەیە، کە جۆرە وابەستەیەکی بۆ پەیڕەوانی دروست کردووە..

یەکتاپەرستان ئایینزاکەیان بە لاوە زۆر بەرز و پیرۆزە (ئەمەش ڕاستییەکە) لەبەرئەوەی هەڵگری چەندین خەسڵەتی (ئەقلأنی و زانستی و یەکتاپەرستی و چاکسازی) بووە، کە باشتروایە ئەم خەسڵەتانە بخرێنە ڕوو..

**ئەقلأنی بوون** / لەبەر ئەوەی لەسەر ژیری (عقل) بنیات نراوە و پابەند بووە بە بڕیارەکانی ژیرییەوە، وە بڕوایەکی تەواوی بە بۆچونەکانی مێشك هەبووە، کە بە داهێنەرێکی بەرز و پیرۆزی پەروەردگاری لەقەڵەم دابوو، وە بڕوایان وابوو ئەقڵ لە کەسایەتییە پیرۆزەکان دا بەرجەستە بووە و زۆر جاریش بە (ئیمامی گەورە) ناو دەبرا .

**زانســـتی بوون** / بە زانستی ناسرابوو لەبەرئەوەی زانیارییە کۆنەکانی ڕاست کردووەتەوە، هەروەك (دێرزەمانی گەردوون و دروستبوونی بونەوەرەکان)، زانستەکانی جیۆلۆجی و بایۆلۆجی ڕاستی ئەم ڕاستکردنەوانەیان پشتڕاست کردووەتەوە ....

**یەکتاپەرستی بوون** / لەبەرئەوەی گوزارشتی لە پەروەردگاری داهێنەر کردووە، ئەمەش بەپێی چەندین ئایەتی (قورئانی پیرۆز) و (نامە نهێنییەکانیان) کە کەسایەتییە پیرۆزەکان نووسیبویانەوە و لە قاڵبی ژیری درابوو .

**چـاکســـــــازی بوون** / یەکتاپەرستی پەیڕەو کردووە و بیروباوەڕە جیاجیا و ناتەباکانی ڕێك خستووە و ڕێنوێنییانی کردووە بۆ یەکتاپەرستی، هەروەها سیستمە کۆنەکان و مێژووی ڕێك خستووە. ئەمەش بۆتە هۆی هێنانەگۆڕێی چەندین یاسای بالأ کە جێی سەرسوڕمانی یاسادانەران و زانا و فوقەهاکان بووە، لەوەش گرنگتر نەهێشتنی ناکۆکی نێوان (سوننە و شیعە) بووە.[١]

---

[١] العسراوي، د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص ٧

ئایینزای یەکخەران چەند ئەرکێکی ئایینیشی (فریضة) لەسەر باوەڕدارانی داناوە کە دەبێت تێکڕا جێبەجێ بکرێن، لەبەرئەوەی دەبنە کۆڵەکەی ئایینزاکە ولە چوارچێوەی ئیسلام دان. گەرچی جیاوازیش لەسەر باوەڕ و ئایین یاخود هزر ومومارەسەکردنی بە شێوەیەکی پراکتیکی هەبووبێت، بەڵام لە ناوەڕۆك دا هەمان ئەو کۆڵەکە و ئەرکە ئایینیانەن کە موسوڵمانان دەبێت ئەنجامی بدەن.

ئەم ئەرکە ئایینیانەش لە (حەوت) خاڵ دا کورت دەکرێنەوە، وە بە (فرائض توحيدية) ناو دەبرێن، هەروەك لە نامەی (٦) دا باسی لێکراوە وە کە تێکڕا باس لە خوداپەرستی و چاکە و ملکەچی بۆ فەرمانەکانی پەروەردگار دەکات، کە ئەمانەن :

١- ڕاستگۆیی (صدق اللسان)
٢- پاراستنی برایەتی (حفظ الاخوان)
٣- دورکەوتنەوە لە پەرستنی دونیایی (ترك عبادة العدم و البهتان)
٤- پاکی و بێبەری بوون لە ناپاکی (البراءة من الابالسة و الطغيان)
٥- باوەڕ بوون بە یەکخوایی (توحيد المولى جلّ ذكره في كل عصر و زمان)
٦- ڕازی بوون بە کردەوە و چارەنووس (الرضى بفعله كيفما كان)
٧- ملکەچ بوون بۆ فرمانەکانی پەروەردگار (التسليم لامره في السرّ و الحدثان)

## یەکەم ــ ڕاستگۆیی (صدق اللسان) ...

ترۆپکی فەزیلەتە. یەکتاپەرستان دەڵێن: "ڕاستگۆیی باوەڕ و ئەمینداریێتی و یەکتاپەرستییە بە تەواوەتی".. [1] ئەمەش باوەڕهێنانە بە پەروەردگار کە هەرگیز وێنەی نییە، چونکە ڕاستگۆیی بەهای مرۆڤ بەرز دەکاتەوە و دووری دەخاتەوە لە کاری خراپە و ڕەوشت نزمی، کەسی ڕاستگۆش هەردەم خاوەن بەڵێنە، لەبەرئەوەی درۆ و دزی و داوێن پیسی و پیاوکوژی و هیچ شێوازێکی خراپەکاری تێدا بەدی ناکرێت، ئەمەش مانای ئەوپەڕی یەکتاپەرستییە .

ئەم ئەرکە ئایینییە لە زۆربەی نامە نهێنییەکان دا وە بە شێوەی جیاواز دووبارە بوونەتەوە.. [2] چونکە ڕاستگۆیی لە ڕوانگەی یەکتاپەرستانەوە ئەوپەڕی خودا پەرستی و ئیمانداریێتییە، لەبەرئەوەی

---

[1] العسراوي، د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص٣٨

[2] النجار،عبدالله:مذهب الدروز و التوحيد، ص ١٤٨

ڕێنـوێنی ئـەقڵ دەکـات، لـە بەرامبـەریش دا درۆ بنچـینەی بوختانـە، لەبەرئـەوەی ڕێنـوێنی شـەیتان و خراپەکاری دەکات.. [1] لەم بارەیەوە نووسەر (حەسەن سادق– حسن صادق) بە هەمان شێوە باس لەم ئەرکە ئایینییە پیرۆزانە دەکات، وە بە بەردی بناغەی ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزی زانیوە.. [2]

ئەمانەی باسمان کرد، کورتەیەك بوو لە ڕاستگۆیی کە دەبێتە یەکەمین کۆڵەکەی پتەوی ئایینزای یەکتاپەرستان و لێرە بەدواوە بناغەی باوەڕی ئەم ئایینزایەی لەسەر بونیات دەنرێت .

گـەر بنـەماکانی ئـایینی (بـوودایی) بخەینـە ڕوو، دەبیـنین کـە خـۆی لـە (زانسـت) و (ئـایین) و (ڕاستگۆیی) و (زانستی دەرون) و (خوڕەوشت) و (هونەر) دا دەبینێتەوە. ئەم ئایینە مرۆڤەکان وشیار دەکاتـەوە و تێیـان دەگەیـەنێت کـە خۆیـان دروسـتکەری ژیـانی ئێسـتای خۆیـانن، وە خۆشیان داڕێـژەری پلانی دواڕۆژ و چارەنووسی خۆیانن، هەر خۆشیان بڕیاری لەسەر دەدەن.. [3]

نووسـەر (جـەمیل ئـەبو تـورابی– جمیـل أبـو ترابـي) کاتێـك بـاس لـە ڕاسـتگۆیی دەکـات، بـە گـەورەترین ئـەرکی یەکتاپەرسـتانی دادەنێـت. بـە (سـەر)ی مرۆڤـی وێنـا دەکـات، کـە چـۆن گـەر سـەر تەندروست بێت جەستەش تەندروستە، لەبەرئـەوەی بەهای مرۆڤەکە دەردەخات. واتـە لـەو کاتـەی وەك بەهایـەك سـەیری دەکرێـت، بەهـەمان شێوە ترۆپکـی باوەڕیشـە، لەبەرئـەوەی نوێنەرایـەتی ژیـری (عقـل) دەکــات. بــە پێچەوانەشــەوە درۆ ســەری یــاخود ترۆپکــی لادەر و هاوەڵپەیداکەرانــە، لەبەرئــەوەی ڕەنگدانەوەی شەیتانە. کەواتە درۆزن ئایینی نییە و بێباوەڕە.. [4]

کەواتـە ئـایینزای یەکتاپەرسـتان وەك ئایینـە ئاسمـانی و زەمینییـەکان بڕوایـەکی تـەواوی بـە ڕاستگۆیی هەیە، لەبەرئەوەی دەرونی تێدا پاکژ دەبێتەوە. لەوەش زیاتر کلیلی گشت چارەسەرەکانە...

## دووەم ـــ پاراستنی برایەتی (حفظ الاخوان)...

مانای ئاگاداری و پاسەوانی و چاودێری کردنی برای ئایینی خۆت، یـاخود پشـت بەسـتن بەیـەك وە پەیمان پارێزی و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی یەکتر و سـوود گەیانـدن بـە یـەکتر. بـە واتایـەکی تـر باوەڕدارانی یەکتاپەرستان دەبێت ببنە تەواوکەری یەکتر لەهەموو کات وشوێنێك دا، گەر وانـەبن ئاشـکرا کردنی نهێنییەکانیان زۆر ئاسان دەبێت و ئەو قەڵا تۆکمەیەی (هەزار ساڵە) نەوە لە دوای نـەوە و چـین لـە

[1] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص١٠٣

[2] اللواء حسن صادق: جذور الفتنة في الفرق الاسلامية، ص١٢٣

[3] الشنتاوي،احمد: بوودا، وەرگێڕانی: شاکر فتاح، چاپخانەی (الحوادث) – بەغداد، عێراق، ١٩٨٥، ل ٦٤

[4] ابو ترابي، جميل: من هم الموحدون الدروز، ص ٢٣

دوای چین کاری تێدا دەکەن، زۆر بە ئاسانی لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە.

ئەم بڕگەیە کایگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی یەکتاپەرستان، بەوەی هانی داون بۆ هاریکاری و یارمەتی دانی یەکتر، بە مەبەستی بوژاندنەوەی هۆشیاری و هەست کردن بە چارەنوسی هاوبەش. هەر ئەمەشە وایکردووە ئەندامانی ئەم ئایینزایە تەواو پشتگیری لە یەکتر بکەن لە ناخۆشی و ڕاوەدونان و کێشە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان.

لەم بارەیەوە یەکتاپەرستان وتەیەکیان هەیە هەردەم دووبارەی دەکەنەوە و شانازیشی پێوە دەکەن کە دەڵێن: **الدروز مثل صدر النحاس، من وين بتضربه برن**...[1]

**واتە: "دەرزییەکان وەك سنگی مسین وان، لە هەرکوێی بدەی دەزرنگێتەوە."**

لە ڕاستیدا ئەم ئەرکە ئایینییە ڕاستەوخۆ دوای ڕاستگۆیی دێت، کە بە یەکەمین ئەرکی ئایینی باوەڕداران دادەنرا، ئەوجا باوەڕداری کامڵ نابێت تاوەکو ئاڵوگۆڕی هاریکاری یاخود پارێزگاری کردن لەیەکتر نەیەتە کایەوە. ئەمەش بە پشت بەستن بە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کە فەرموویەتی:

**لا يؤمن أحدكم حتى يُحب لآخيه ما يُحب لنفسه**..[2]

واتە:"کەستان باوەڕدار نابن تاوەکو ئەوەی بۆ خۆتان حەزی پێدەکەن بۆ براکانیشتان حەزی پێنەکەن." بێگومان ئەمەش بە خۆشەویستی و هاوکاری و یەکسانی و پشتگیری و پەنابردنە بەریەك ئەنجام دەدرێت. لەبەرئەوەی یەکتاپەرستان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە باوەڕدار برای باوەڕدارە. ئەوان بڕوایان وایە کە پەیوەست بوونی خوێنی (الرابط الدمّي) تا سەر نامێنێت، بەوەی جەستە تاسەر نامێنێت و لەناو دەچێت، بەڵام پەیوەست بوونی ڕۆحی (الرابط الروحي) زۆر گرنگ و پتەو و هەمیشەییە، بە لەناوچوونی تاك یاخود جەستە لەناو ناچێت..

نووسەر (نەجیب عەسراوی) کاتێك باس لەم بابەتە دەکات ئاماژە دەدات بەوەی کە لە ڕاستی دا یەکتاپەرستانی دەرزی هەموویان برای یەکترن، کەواتە نابێت کەسیان خۆی لەوی تر جیا بکاتەوە. وە نابێت ڕێ بەخۆی بدات بەوەی وا هەست بکات لە بەرامبەرەکەی باشترە. نووسەر جەخت لەسەر ئەوەش دەکات کە نە بە پارە نە بە ڕەچەڵەك وە نە بە دەستڕۆیشتویی نییە، بەڵکو بە زانایی و دانایی و کار و تەقوایە. دواتر دەڵێت " برایەکی خۆشەویست و ڕاستگۆ ببە لەگەڵ براکانت..[3]

یەکێك لە کێشەکانی موسوڵمانان ئەوە بووە بە هیچ شێوەیەك سێریمۆنی ئایینی و بابەتە نهێنییەکانی یەکتاپەرستانیان بۆ ئاشکرا نەبووە، گشت کێشەکان لێرەوە دەستیان پێکردووە. لەبەرئەوەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز کۆتایی پێهێنەری ئایینە ئاسمانییەکان بووە، هەر ئەوەشە وای کردووە کە خۆی بە میراتگری ئایین لە گشت جیهان دا بزانێت. ئەمەش بەو مانایەی ڕێ نادرێت بە هیچ ئایین و ئایینزایەکی تر لە دوای خۆی کار بکات بە هەر ناوێکەوە بێت. ئەمەش گەورەترین کێشەی ئایینزای یەکتاپەرستانە کە بووەتە گرێکوێرە و (لغز)ی موسوڵمانان.

---

[1] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص١٠٤

[2] ابو ترابي، جميل: من هم الموحدون الدروز، ص ٢٤

[3] العسراوي، د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص ٣٨

نووسەر (ئەمین محەمەد تەلیع– امین محمد طليع) دەڵێت: ئەو دورزییەی لە سکی دایکی دەبێت، وە ئەوەی بە زمانەکەشی دەدوێت، مەرج نییە هەموو نهێنییەکان بزانێت، گەر فەزیلەتە توندوتیژەکانی نێو کتێبەکان ڕێنوێنی نەکەن. واتە مەحاڵە بێجگەلە دەرزییەکان کەسی تر نهێنییە ئایینییەکان بزانێت، گەر لە دێر زەمانیشەوە تێکەڵیان بووبێت، لەبەرئەوەی زۆربەی نهێنییەکان (نووسراو) نین، وتنەکانیش مانایەکی تر دەگەیەنێت. گەر کتێبێك لە (شەش کتێبەکانی دانایی)(كتب الحكمه)شی خوێندبێتەوە، چونکە وتن مانای ناوەکی ودەرەکی هەیە، هەرگیز ناواخنی نازانێت گەر بە تەواویش بینیبێتی.. [1]

ئەم پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان تاکەکانی یەکتاپەرستان جۆرە تێنەگەیشتنێکی هێناوەتە کایەوە لای تێکڕای کۆمەڵگاکان، بەوەی دەرزییەکان دەمارگیرییەکی ئایینی و کۆمەڵایەتیان تێدایە و ڕێز لە ئایینەکانی تر ناگرن و دورەپەرێز و خۆپەرستن، کە ئەمەش زۆر لە ڕاستییەوە دورە ..

لەم بارەیەوە نووسەر (جەمیل ئەبو تورابی) ئاماژە دەدات بەوەی کە ئاڵوگۆڕی هاریکاری و پشتگیری کردنی یەکتاپەرستان لە یەکتر، ئەوە ناگەیەنێت کە دەرزییەکان پەڕگیر و دەمارگیرن، تەنها گرنگی بە ئایینزای خۆیان دەدەن و خۆپەرستن، بەڵکو ڕێز لە تێکڕای ئایینە ئاسمانییەکان و گشت نێردراو و پەیامبەرەکانیشیان پیرۆز ڕادەگرن و بە ڕێزەوە سەیریان دەکەن.. [2]

پێویستە نووسەری ناوبراو ئاگادار بێت لەوەی، بە بێ مەبەست هێندەی نەماوە خۆی و ئایینزاکەی و تێکڕای یەکتاپەرستانی دەرزیش جیا بکاتەوە لە هەر سێ ئایینە ئاسمانییە پیرۆزەکان..

## سێیەم ـــ دورکەوتنەوە لە پاراستنی دونیایی (ترك عبادة العدم و البهتان)...

مانای وازهێنان لەو شتانەی کە هیچ سودێکیان نییە، واتە وازهێنان لە بت پەرستییە.. [3] بە واتایەکی تر مانای دورکەوتنەوە لەو پەیکەر و بەردانەی پیرۆز ڕادەگیران لە پەرستگاکان دا. لەبەرئەوە دەبینین پەرستگاکانی دەرزێکان خاڵین لەو بەردە پیرۆز ڕاگیراوانە و وێنە و زەخرەفە و ڕازاندنەوە، تەنها ئەو پێداویستیانەی کە پێویستە بۆ دانیشتن و خودا پەرستی تێیدا بەدی دەکرێت. ئەم بیروبۆچونە ئایینزای پرۆتستانتیمان وەبیر دەهێنێتەوە، کاتێك بە پێچەوانەی کاتۆلیکەکانەوە ڕێگەیان بە زەخرەفە و ڕازاندنەوە و کۆبوونەوە ئایینییەکان نەدەدا کە زۆرجار دەچووە قاڵبی ڤیستیڤاڵێکی

---

[1] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص٧

[2] ابو ترابي، جميل: من هم الموحدون الدروز، ص ٢٤ – ٢٥

[3] العسراوي، د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص٣٨

ئـاييني پـيرۆزەوە، يـاخود بـە پێويسـتيان نـەدەزانی کـە زۆرێـك لـە پەيکـەری کەسـايەتييە مەسـيحييە پيرۆزەکـان دابنـرێن يـاخود هەڵواسـرێن لـە کڵێسـەکان دا، بـەڵکو تـەنها بڕوايـان بـەوە هـەبوو کـە پێويسـتە پێداويستييە سەرەتاييەکان دابنرێن تياياندا. ئەوان بڕوايان بەوە هەبوو کە خوداپەرستی بەوە نييـە نـاو کڵێسەکان هێندە بڕازێنرێنەوە تا وەك شوێنێکی سـەرنج ڕاکێش دەربکـەوێت، بـەڵکو لـەو بـاوەڕەدا بـوون کە خودا پەرستی بە باوەڕی تـەواو و قوڵبونـەوە لـە ئاييني مەسيحی پيرۆز و پەيوەنـدی نێـوان خـودا و باوەڕداران دا دەبێـت. پرۆتستانتيەکان بڕوايـان بـە جياکردنـەوەی دەسـەڵاتی ئاييني و سياسـی هـەبوو، هەرچـەندە دەبـوو گوێڕايـەڵی بـۆ دەسـەڵاتی سياسـی دەربـبڕدرێـت، بڕوايـان بـەوەش هـەبوو کـە ئـايين ناوەڕۆکێکی سۆفيگەرانەی هەيە، واتە ئايين ئەو بڕواپێهێنانە ناوەکيەيە (القناعه الباطنيـە) لـە دەروون و ناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. بڕواشيان بە گرنگی کڵێسەی نەتەوەيی هەبوو..[1]

بەهەمان شێوە يەکتاپەرستانيش لەو باوەڕەدان کە زۆريـی ڕازاندنـەوە و زەخرەفـە و کۆبونـەوەی ئـاييني لــە پەرســتگاکان دا (خــەڵوەت) مــرۆڤ دوور دەخاتــەوە لــە خوداپەرســتی و قــووڵ بونــەوە و تێڕوانينەکانی، هەربۆيە ئەم کارانە قێزەونن لە ئاييـنزای يەکتاپەرستان دا.. [2] لە سەردەمانێکی پێشـوودا خەڵکان بتيان دەپەرست، هەروەك ئەوەی ژيان و مردن، بـەزەيی و بەخشـندەيی و بـەردەواميش بەدەسـت ئـەوان بووبێـت. کـاری وا هاوبـەش (شـرك) پەيـداکردن بـوو بـۆ پـەروەردگار، هـەر ئـەوەش وايکردبـوو يەکتاپەرستان ئەو شتانە دانەنێن و ڕێی پێنەدەن لە خەڵوەتگاکانيان دا.

ئـــاييـنزا ئيســـلامييەکان نـــاکۆك بـــوون لـــە بابەتـــەکانی ئـــايين و بـــاوەڕ، يـــاخود بيروبـــاوەڕ و مومارەسەکردنی بە شێوەيەکی پراکتيکی. وتەبێژی يان فەلسەفەی لاهوتی تێکەڵەيەك بوو لە ژيربێـژی و شيکردنەوەی فەلسەفەی لاهـوتی، بنيـات نرابـوو لەسـەر بنـەما و شـێوازەکانی دەربـڕين کـە زۆر بـە گرانـی پەی پێدەبرا و بە شـێوەيەکی پراکتيکـی جێبـەجێ دەکـرا. ئەمـەش لەبەرئـەوەی بـە ڕێکـەوت هـاتبووە نـاو فەرهەنگی ئاييـنييەوە و لەگەڵ ئاييـنزاکان دا نشونمای کردبوو.

ئـەم زانسـتە، واتـە (وتەبێـژی)(منطـق) جۆرێـك لـە نشـێوی و زيـادەڕەوی(غلو) و دورکەوتنـەوە لـە سوننەی لەخۆ گرتبوو، هەر ئەمەش نهێنی ناکۆکيەکان بوو لە چاکردنەوەی بابەتە ئاڵۆزەکان کـە گفتوگـۆ کـردن لـە بارەيانـەوە بـێ کۆتـايی بـوو. لـە بابەتەکانيشـی: (عێزەتـی خواوەنـدی– العـزە الالهيـە)، زانـين، دادوەری، توانا، پەيمان، چارەنووس، حەڵاڵ و حەرام، کاروبارەکانی ڕابەر (امام )... [3]

وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی ئاييـنەکان دا بريتـــی بـوو لـە سەرهەڵـــدانی (يەکتاپەرستی)، کـە سـەرهەڵدانێکی سروشـتی و دەرهاويشـتەی گەشـەکردنێکی پلەبەنـدی ئاييـنـەکان بـوو لـە چـەمکی (خواوەند) دا، بێگومان لەم بوارە دا مرۆڤەکان چەندين جۆر و شێواز و ئاڕاستەی جياجيايـان هـەبوو لـە چونيان بەرەو يەکتاپەرەستی...[4]

---

[1] د. موسا ئيبراهيم: فيکری سياسی خۆرئاوا لە مەکياڤيايەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی يەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم– سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥، ل ٥٥– ٥٧

[2] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز و اصولهم، ص ١٠٤

[3] النجار،عبدالله:مذهب الدروز و التوحيد، ص ١٤٦

[4] پێنجوێنی،سەروەر عەبدولڕەحمان: ڕيشە و بنچينەکانی توندوتيژی ئاييني، ل ١٣

## چوارەم ـــ پاکی و بێبەری بوون لە ناپاکی(البراءة من الابالسة و الطغیان)..

لـە ئـایینزای یەکتاپەرسـتانی دەرزی دا بونـەوەرێك نییـە نـاوی (شـەیتان) بێـت، تـا هـەوڵی لەخشتەبردنی باوەڕداران و مرۆڤەکان بدات...[1] هەروەها بڕوایان بەو بەهەشتەش نییە کە خۆشنودی و چێژی جەستەیی و خواردن و خواردنەوەی تیادا زۆر بێت...[2]

لەم بارەیەوە کۆمەڵی ئایینی (ئیخوان سەفا– اخوان الصفاء) کە یەکتاپەرستان زۆربەی فەلسەفە و بیروباوەڕە ئایینییەکانیان لەوانەوە وەرگرتبوو، ئاماژەیان بەوە دابوو کە:" دۆزەخ جیهانێکی گەندەڵە بەوەی شەڕەنگێزان و گوناهبارانی لەخۆ گرتووە، خۆشیی ژیانیش بەهەشتی ڕۆحە پاکەکانە، کە خاڵین لـە ئـازار و پەشـیمانی." ئەمـەش وایکردبـوو کـە بڕوایـان بـە کۆتـایی جیهـان ، هـەروەها هەڵسـانەوەی مردوەکـانیش لـە نـاو گۆڕەکـان دا نـەبێت. بـە ڕای ئـەوان (کۆتـایی) مانـای وێـران بـوونی جیهـانی نـە دەگەیانـد، بـەڵکو حاڵـەتی گواسـتنەوەی ڕۆح بـوو، نـەك تۆڵەسـەندنەوە و ئەشـکەنجەدانی جەسـتەی گوناهباران لە دەریای (ئاگر) دا و کردنیان بە خۆڵەمێش و جارێکی تر جەستە و دووبارە خۆڵەمێش...[3] هەربۆیە یەکتاپەرستانی دەرزی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە (کردار و ئاکار) پێوەری ئایینە... [4]

بیرمەند و فەیلەسوفی ئیسماعیلی (حەمیدەدین ئەبو حەسـەن ئەحمـەد کوڕی عەبدوڵڵا کرمـانی– حمیدالـدین أبـو الحسـن أحمـد بـن عبـدالله الکرمـاني) وەك بابـەتێکی ئـایینی کاتێـك دێتـە سـەر باسـی (پەرستنی زانستی و پراکتیکی– العباده العلمیه و العملیه)، ئاماژە دەدات بەوەی " ڕێگـای ڕاسـت تـەنها بە گرتنەبەری دوو فرمانە (باوەڕ و کار– الایمان والعمل)، وە هەر کەسێك پەروەردگار بپەرستێت بەم دوو شێوازە، واتە کار و کردار لەگەڵ زانست دا کۆبکاتەوە، وە پارێزگاری لە زانست بکات بە کار و کردەوە، بێگومـان ئـەوە ئـەو کەسـەیە کـە خـۆی بـۆ فەرمانـەکانی پـەروەردگار تـەرخان کـردووە. کەسێکە ملکەچی پەروەردگار و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی و بکەری ئەرێخواز و نەکەری نەرێخوازە"...[5]

ئاشکرایە کاتێك ئایینی ئیسلامی پیرۆز وەك ئایینێکی ئاسمانی و یەکتاپەرستی هاتـە کایـەوە، شۆڕشێك بوو دژی (بتپەرستی) بـەرپا کـرا، هەربۆیـە بـاس و خواسـی یەکتاپەرسـتی و شـەرمەزاریەکانی بتپەرستی ڕووبەڕێکی زۆری دەقە ئایینییەکانیان داگیر کردبوو، بەتایبەت دەقەکانی قورئـانی پیرۆز. لـەم بارەیەوە مرۆڤی بتپەرست بە (پیس– نَجس) لە قەڵەم دەدرا..[6] بە هەمان شێوە بتپەرستی لـەناو ئـایینی ئاسمانیی پیرۆزی (مەسیحی و یەهودی) دا پیس و قێزەونە.....

---

[1] العسراوي، د.نجیب: المذهب التوحیدي الدرزي، ص٣٩

[2] العسراوي، د.نجیب: المذهب التوحیدي الدرزي، ص٤٨

[3] النجار، عبدالله: مذهب الدروز و التوحید، ص ٧٩

[4] النجار، عبدالله: مذهب الدروز و التوحید، ص١٦١

[5] بول ووکر: حمیدالدین الکرماني الفکر الاسماعیلي في عصر الحاکم بامرالله، ص ١١٣

[6] پێنجوێنی،سەروەر عەبدولڕەحمان: ڕیشە و بنچینەکانی توندوتیژی ئایینی، ل ٥٤

لێرەوە یەکتاپەرستان کاتێك باسی دورکەوتنەوەیان لە شەیتان دەکرد، دەبوو ئەم ڕستەیە لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێت، واتە لەڕوی (دەرەکی وناوەکی- ظاهر و باطن)ەوە، بەوەی ڕووکاری ئەم وتەیە مانای (دورەپەرێزی لە شەیتان) کە لە سوودی مرۆڤ و باوەڕداران خۆیاندایە، هەرچی ناواخنی ئەم وتەیەشە مانای باوەڕبوونە بە ڕۆژی دوایی و خوداپەرستی، کە لە ڕێی دۆناودۆن و پۆشاکپۆشی یەوەیە. ئەوان بڕوایان وابوو (ڕۆژی حەشر) مانای لێپرسینەوەیە لە دەروون (نفس)ە، کە چ کارێکی باش و خراپی کردووە. لەو ڕۆژەدا تەرازوی دادوەریی پەروەردگار دەردەکەوێت، دەروونی پاك سەردەکەوێت و شەڕەنگێزیش سزای خۆی وەردەگرێت.....[1]

ئەم لێکدانەوەیە کێشەی بۆ یەکتاپەرستان دروست کردووە، لەوەش مەترسیدار تر ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ڕەها بڕوایان بە (بەهەشت و دۆزەخ) نییە، بەڵکو جۆرەها مانا و تەئویلی (ڕاڤەکردنی) ئایینی بۆ دەدۆزنەوە. ئەمەش تێپەڕاندنی ئەو (هێڵە سوورە) دەگەیەنێت کە ئایینی ئیسلام بۆ گشت ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکانی داناوە، لێکدانەوە و قسەکردن دەربارەی (حەرامە)، تەنانەت بە شێوەیەك کە لەگەڵ ژیری و ژیربێژیش (عقل و منطق) دا هاوتا بێت. لای یەکتاپەرستان ژیری و باوەڕ و یەکتاپەرستی ڕێگا نادەن بە بوونی هێزێك وەك ڕکابەر دژ بە تواناکانی پەروەردگار خۆی بنوێنی.

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە (ابلیس) لای ئەوان بوونی نییە بەڵکو مەبەست لەو مۆرکە دژانەیە (الطبائع الضدیّە) کە لە ناخی دەروون دا دروست دەبێت و دەبێتە هۆی تێکدانی باوەڕی ئیمانداران. کاتێکیش باس لە (خوێنڕێژی- طغیان) دەکەن مەبەستیان ئەو دەستەو تاقمانەیە کە بت و بەرد ومانگ و زۆر شتی تر دەپەرستن، کە بە (دەستەی تاریکی) ناویان دەبەن. بۆیە لای ئەوان بێبەری بوون لێیان ئەرکێکی ئایینی بوو،ئەم کارەش ئەرك بوو لەسەرئەوان، نەدەبوو لێی بەشك بن، بۆیە لەم بارەیەوە وتوویانە :

**اذا شككت عينك فاقلعها، و اذا شككت يدك فاقطعها، و قانا اللّه شرّ الابالسة و الطغاة، انه على كلّ شئ قدير..** [2]

واتە: "گەر گومانت لە چاوت بوو دەری بهێنە، خۆ ئەگەر گومانت لە دەستت بوو بیبڕە، خودا توانای شەڕی شەیتانەکانی هەیە، چونکە هەر ئەو توانای هەموو شتێکی هەیە."

کەواتە ئەمانەن کە وابەستەیی بۆ تاکی یەکتاپەرستان دروست دەکەن، کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن لێی دەرباز بن. لەگەڵ ئەوەش دا ئاماژە بەوە درا کە تاکی یەکتاپەرستی دەرزی هێندە کاریگەری ئایینزاکەی لەسەرە، کە هەرگیز وا بیرناکاتەوە ژێردەستەی پرەنسیپە ئایینییەکانیەتی، بەڵکو وەك ئەرکێکی ئایینی و کلتور و پێناسەیەکی نیشتمانی لەقەڵەمی دەدات..

---

[1] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص ١٠٢

[2] العسراوي،د. نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص ٣٩

## پێنجەم ـ باوەڕبوون بە یەکخوایی (توحيد المولى جلّ ذكره في كل عصر وزمان)

کاتێك باس لە یەکتاپەرستی دەکەن (توحيد) مەبەستیان لە پەروەردگارە، بێگومان ئەم وشەیەش لە (الواحد)ەوە هاتووە، کە تاك و تەنیایی پەروەردگار دەگەیەنێت...

بەم شێوەیە (یەکتاپەرستی) بە سەرەکیترین دیاردەی ئایینزای دەرزییەکان و تۆکمە ترین پایەی ئایینیان دادەنرێت، کە دەبێت هەموو دەرزییەك پەیڕەوی بکات، بگرە گشت کۆمەڵی یەکتاپەرستانیش پابەند دەکات. ئەم خاڵە بابەتێکی زۆر و لێکدانەوەیەکی فراوان و بۆچوونی جیاجیا لەخۆ دەگرێت، کە پێویستە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و زۆر ورد ڕاڤە بکرێت.

یەکتاپەرستانی دەرزی (هەروەك پێشتر باسمان کرد) جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئایینزاکەیان داکەوتەی ئایینی ئیسلامە، وە خۆیان بە (یەکخەران و یەکتاپەرستان) ناو دەبەن. بەڵام مەرج نییە ئەم قسەیەی یەکتاپەرستان گوێبیستی هەبێت لەلایەن موسوڵمانەکانەوە. ئەوەتا زانای ئەرمەنی (ه.ئاجەریانی) وتویەتی: موسوڵمانەکان بە گشتی ناوی (گۆڕانەکان) بەسەر زۆر ئایینی هەمەچەشنە دا دەسەپێنن کە شتێکی هاوبەشی ئەوتۆ لە نێوانیان دا نەبێت .....[1]

مەبەست لێرەدا ئەو ئایینزایانەن کە بە گشتی لە خۆراسان و کوردستان و خوزستان و سیستان و زۆر ناوچەی تری (ئێرانی ئەمڕۆ) دا دروست ببون، وە خۆیان بە باڵە جیاجیاکانی ئایینی ئیسلام دەزانی، لە بەرامبەر دا ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە لادەر و(زەندیق) لە قەڵەمی دەدان. هەرچەندە (ه، ئاجەریانی) تێکەڵییەکی دروست کردووە لە نێوان دیالێکتی گۆرانی و هۆزی گۆرانی و شیعەگەرایی دا. بەڵام پوختەی مەبەست ئەوەیە کە یەکتاپەرستان چەند خۆیان بە موسوڵمان بزانن، هێشتا هەر ماویانە لە هزری پیاوانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز دا جێی خۆیان بکەنەوە.

لەم بارەیەوە لە دەم (ئەبی عوبەیدەی جەراح– أبي عبيدة الجراح) دەگێڕنەوە کە گوایە پێغەمبەر (د.خ) لە کۆتایی ژیانی دا فەرمویەتی:

**اخرجوا اليهود من الحجاز و اخرجوا اهل نجران من جزيرة العرب.....**[2]

واتە: "جووەکان لە حیجاز و نەجرانییەکان (مەسیحییەکان) لە نیوەدورگەی عەرەب دەرکەن."

لێرەدا مەبەست نە جوو، نە مەسیحییە، بەڵکو تێڕوانینی ئیسلام بووە بۆ ئایین و ئایینزاکانی تر. کەواتە ئایینی ئیسلام لە سەرەتای دەرکەوتنی دا مەرج نییە تێکڕای ئایینەکانی تری پێ قبوڵ کرابێت، جا هۆکارەکەی هزری بێت یا ڕۆشنبیری یاخود باوەڕ وەیان خاوەنداریێتی ناوچەکە..

---

[1] ه. ئاجەریان، ف. مینۆرسکی، د. محمد موکری، ژ. ه.کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، ل ٢٢

[2] يعقوب الثالث،اغناطيوس:الشهداء الحميريون العرب في الوثائق السريانيية،المجلة البطريركية– بغداد،عراق،١٩٦٦،ص١٢٥

گەر وتەو بۆچوونەکانی دەرزییەکان نەتوانن خۆڕاگری خۆیان بسەلمێنن لە بەردەم دوودڵی ئیسلام دا، ئەوا دەبێت هەردەم سوور بن لەسەر بۆچوونەکانیان، تا جۆرێك لە باوەڕ پێهێنان و دڵنیایی دەبەخشن بەوان. لەم بارەیەوە نووسەر (نەجیب عەسراوی– نجیب العسراوي) ئەو تاوان و قسەڵۆکانە ڕەتدەکاتەوە کە خراونەتە پاڵیان، وە ئاماژە دەدات کە "بێدەنگی و نەدرکاندنی نهێنییەکان هۆکارێتی".

لەم بارەیەوە بلاوکراوەی (مەوسوعەی ئیسلامی– الموسوعه الاسلامیه) کە ماڵپەڕێکی ئیسلامییە، بە نمونە دەهێنێتەوە کە ئاماژەی داوە و وتویەتی:

**ان الدروز قليلوا الدين، يزعمون انهم مسلمون و لا يصلّون، و يقولون بتقمّص الارواح في الكلاب، و يسمحون بزواج الاخوات احيانا.**

واتە: "دەرزییەکان کەم باوەڕن، خۆیان بە موسوڵمان دەزانن، بەڵام نوێژ ناکەن، باس لە دۆناودۆنی ڕۆح دەکەن لە سەگ دا، ژن و ژنخوازی خوشك وبرا حەڵاڵ دەکەن."

هەروەها بلاوکراوەی (مەوسوعەی ئینگلیزی– الموسوعه الانگلیزیه) بە هەمان شێوە دەڵێت :

**ان الدروز يعتقدون بتقمّص ارواح الاشرار منهم في الكلاب و الجمال..**[1]

واتە: "دەرزییەکان بڕوایان بە دۆناودۆنی ڕۆح هەیە لە سەگ و وشتر دا."

نووسەر (سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی) لە بارەی یەکتاپەرستییەوە ئاماژە دەدات بەوەی "مێژووی دەسەڵاتی ئایینە یەکتاپەرستیەکان ناسراوە بەوەی کە ئەو دەسەڵاتە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات بۆ لەناوبردنی هەر دژ و بەرهەڵستکارێك، وە تێکشکاندنی هەر سەربەخۆییەکی سیاسی و ئابوری، کە ببێتە مەترسیەك بۆسەر دەسەلات.... ئەمەش بە ڕوونی لە مێژووی ئومەوی و عەبباسیەکان دا دیارە، کە بە ناوی بێباوەڕی و بتپەرستی و ئاگرپەرستییەوە لەناو دەبران..[2]

ئەوەی باسکرا ئاماژەدانێك بوو بەوەی بۆچی یەکتاپەرستان بەرەنگاری جۆرێك لە توندوتیژی بوونەتەوە بە درێژایی مێژووی ئایینزاکەیان.. بەدەر لەوانە، کاتێك یەکتاپەرستان باس لە (پەروەردگار– المولى و الباري جلّ ذكره) دەکەن، موسوڵمانان لەو باوەڕەدان ئەوان مەبەستیان لە خەلیفە (الحاكم بامر اللّه الفاطمي)یە، کە ڕۆحی پیرۆزی پەروەردگاری تێدا بەرجەستە بووە. ئاشکرایە یەکتاپەرستان (١١١) نامەی نهێنی و (٦) کتێبی دانایی (کتب الحکمە)یان هەیە، کە تێکڕا بابەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و بواری تر لەخۆ دەگرێت، گشت ئەم نووسراوانە بە تایبەتی باس لە کەسایەتییە پیرۆزەکان دەکەن، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە گەر ناواخنی نامەکان بخوێنینەوە، بە تایبەت نامەی ژمارە (٩) کە کەسایەتی(حەمزە کوڕی عەلی) نووسیویەتی، دەربارەی بە خواوەند بوونی خەلیفە حاکمە، کە ئاماژەی داوە و دەڵێت:

**الحذر الحذر ان يقول واحد منكم بأنه ( اي الحاكم ) ابن العزيز او أبوعلي، لان مولانا سبحانه هو، هو في كلّ عصر و زمان، يظهر في صورة بشرية، بتغيير الاسم والصفة لا غير..**

مانای: " ئاگادار بن خەلیفە حاکم، کوڕی عەزیز یاخود باوکی عەلی، پەروەردگارە لە هەموو کات

---

[1] العسراوي،د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص ٩

[2] پێنجوێنی، سەروەر عەبدولڕەحمان: ڕیشەو بنچینەکانی توندوتیژی ئایینی، چاپی یەکەم– سلێمانی، ٢٠٠٧ ، ل٤٥

وسەردەمێك دا دەردەكەوێت لە شێوەی مرۆڤ دا، تەنها سیفەت و ناوی دەگۆڕدرێت."

هەروەها نامەی نهێنی (٢٦) ئاماژە دەدات:

**حاشا مولانا جلّ ذكره من الاب و الابن و العمّ و الخال، لم يلد و لم يولد و لم يكنّ له كفواً احد..**[1]

مانای: " حاشا گەورەمان نە لە باوك، كوڕ، مام، خاڵ، لە كەس نەبووە و لە كەسیش نابێت."

هەرچەندە پێشتر باسی ئەم نامە نهێنییانەمان كردووە، بەڵام بابەتەكە ئەم دووبارە كردنەوانە هەڵدەگرێت. بەر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر كاتێك كەسێك بڕوای بە ئایینزای یەكتاپەرستان دەهێنا، دەبوایە یا میساقی بخوێندایەتەوە، یاخود دەبو بینووسێتەوە، ئینجا دەبووە باوەڕداری یەكتاپەرست كە دەیگوت : **توكلت على مولانا الحاكم الاحد، الفرد الصّمد، المنزّه عن الازواج و العدد..**[2]

نووسەر (فەرهاد دەفتەری) لەم بارەیەوە ئاماژەی داوە كە " میساق یاخود (العهد) وەرگرتن زۆر پێویست بوو بۆ ئەوانەی وەڵامیان دەدایەوە و بڕوایان دەهێنا (المستجيب)، تاوەكو نهێنیەكانی بیروباوەڕی ئیسماعیلی وەربگرێت كە ناودەبرا بە دانایی (الحكمە). دواتر فێركردنەكان چڕتر و پڕتر دەبوو، لەو كۆڕانە (مجالس)ی باوەڕدار تیایدا ئامادە دەبوو، ئەو كارەش یا بە تەنیا دەكرا، یاخود بە كۆمەڵ دەكرا و زانیارییەكان دەگەیەنرا...[3]

## شەشەم ـــ ڕازی بوون بە كردەوە و چارەنووس (الرضى بفعله كيفما كان)

مانای ملكەچ بوون بۆ بڕیارەكانی پەروەردگار، بەوەی چۆن ئەم گەردوون و ژیان و بوونەوەرانەی لە نەبوونەوە (عدم) دروست كردووە، ئاواش دەتوانێت بە (كن فيكون)ێك لە ناوی بەرێت .

لەم بارەیەوە دەڵێن :

**اللّه عطى اللّه اخذ هيكي امر، لا تجادلوا يا ناس في حكم القدر ...**[4]

مانای: " خودا داوێتی خوداش دەیسێنێتەوە ئەمە فرمانە، خەڵكینا گفتوگۆ مەكەن لەسەر بڕیاری چارەنووس."

هەروەك پێشتر باسمان لە میساق كرد بۆ بوون بە یەكتاپەرست، نووسەر (حەسەن سادق) لەم بارەیەوە زیاتری پێیە و دەڵێت: ئەو كەسە بە بڕوایەكی تەواوەوە دەیخوێندەوە و لە پاش دا دەوترا :

---

[1] النجار،عبدالله: مذهب الدروز والتوحيد، ص ١٠٥

[2] اللواء حسن صادق: جذور الفتنة فى الفرق الاسلامية ص ١٢٢

[3] دفتري،د.فرهاد: الاسماعيليون في العصر الوسيط، ص ١٠٦

[4] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص ١٠٥

**....... و انـه قـد سـلّم روحـه و جسـمه و ولـده و جميـع مـا يملـك لمولانـا الحـاكم جـلّ ذكـره...**[1]

مانـای: " ئـەو گیـان و جەسـتە و منـاڵ و هـەموو سـامانی پێشـکەش بـە گـەورەمان (حـاکم) کـرد."

لـە (عەقائیـدی دروز– عقائـد الـدروز)ی ماڵپـەڕی (ئـەهلل بـەیت– أهـل البیـت) دا دوو وشـە زیـاد کـراوە، ئەویش (خودای ڕاستەقینە– الاله الحقیقي)یە کە دەشێت زیادەڕەوی نووسین بێت، یا بە مەبەست ئەم دوو وشەیە زیاد کرابێت، لەبەرئەوەی نووسراوە:

**...و آمنت بما أمر به مولانا الحاكم و أقرّ بأنك انت الحاكم (الاله الحقيقي) المعبود و الامام الموجود جلّ ذكرك.**

مانای: "بڕوام بە بڕیارەکانی حاکمی گەورە هێنا، وە بڕیار دەدەم بەوەی تۆ حاکم و (خودای ڕاستەقینە)و ڕابەری دیاریت."

تەنانەت نووسەر(نەجیب عەسراوی) باسی لەم میساقە کردبوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بـە وشـەی (الالـە الحقیقـي) نـەدابوو. ئامـاژەی بـەوەش دابـوو کـە کەسـایەتی (سـوکەین– سُـکَین) چـەند گۆڕانکارییـەکی تێـدا کردبـوو، کـە مژدەبـەخش (بـەهادین) لـە نامـەی (٦٥) دا، باسـی لێکـردووە. دووبـارە نووسەری ناوبراو وتبووی "کتێبێکی ترم بینیوە بە ناوی(مصحف المنفرد بذاتە) کە زۆرترین لادانی تێدا ڕوداوە و بە شێوەیەکی تر باسی لە میساق کردووە"..[2]

هـەروەها نووسـەر (سـەعد ڕۆسـتەم) لـە کتێبـی (فیرەق و مـەزاهیبی ئیسـلامی لـە سـەرەتاکانەوە– الفرق و المذاهب الاسلامیة منذ البدایات / ل٣١٤) بە هەمان شێوە دەربارەی ئەو میساقە ئاماژەی دابوو، بـەڵام باسـی لـەو دوو وشـەیە نـەکردبوو. سـەیرە نووسـەر (نـەجیب عەسـراوی) نـەژاد دەرزی بـەو شـێوەیە باس لە کتێبی پیرۆزی (مصحف المنفرد بذاتە) دەکات، کە کتێبی پیرۆزی یەکتاپەرستان خۆیانە..

کاتێك ئایینی پیرۆزی ئیسلام گوازرایەوە بۆ دەرەوە، بەتایبەت بۆ (ئێران)، گۆڕانکاری بەسـەردا هات و چەندین ئـایینزای تـری لێکەوتـەوە. بـەڵام پاش ئـەوەی زنجیرەیـەك یەکخسـتن ڕویـدا لـە نێـوان ئـەم ئایینـەو ئـایینی زەردەشـتی دا لـە هەرێمـەکانی ئێـران، بانگـەوازێکی نـوێ هاتـە کایـەوە لـە ناوچـەکە دا، کە خۆی لە پرەنسیپەکانی دۆناودۆن و نرڤانا و ئاوێتەبون و پیرۆز ڕاگرتن و تەئویلی نـاوەکی و دەرەکـی و زۆر شتی دیکە دا دەبینییەوە.

ئەمـەش مژدەبـەخش بـوو بـە گوێڕایەڵییـەکی کوێرانـە و ملکـەچ بـوون بـۆ فـەرمان و خواسـتەکانی (تاکە کەس) لە ژێر چەندین ناوی جیاجیا، وە کوشتن و لەناوبردنی سەرپێچیکەرانی ئەم ئایینزایانە..[3]

نووسـەر (عەبدوڵڵا نـەجار) کاتێك بـاس لـە ئایینزای یەکتاپەرسـتی دەرزی دەکـات، ئامـاژە بـەوە دەدات کـە دروسـت بـوە و ڕاوەسـتاوە لەسـەر ئـایینی ئیسـلامی پـیرۆز، کـاتێکیش ئایەتـە پیرۆزەکـان ڕاڤـە دەکات ئەوا بە شێوازی (ناوەکی تایبەت– باطنیاً خاصاً) ئەنجامی دەدات، هـەر ئەمـەش وای کردووە کە تاوانبار بکرێت بە زیادە ڕەو (غلو). ئایینزای یەکتاپەرستی هەردەم بە شێوەیەکی تایبەت وە لە

---

[1] اللواء حسن صادق: جذور الفتنة فى الفرق الاسلامية ص ١٢٢

[2] العسراوي، د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص ٧٤

[3] د.فاروق عمر: التاريخ الاسلامي و فكر القرن العشرين، ص ٢٩١

ڕوانگەیەکی فەلسەفی و ئایینییەوە سەیری دەقە ئایینییە پیرۆزەکان دەکات، مانا و مەبەستە ڕۆحانییەکانیشی بە شێوەیەکی تایبەت دەخاتە ڕوو..[1]

نووسەر (جەمیل ئەبو تورابی) لەبارەی ڕازی بوون و ملکەچ بوون بۆ فەرموودەکانی پەروەردگار، ئاماژەی بەوە دابوو کە ملکەچ بوون بەری ڕازی بوونە، ڕازی بوونیش قبوڵ کردنە، ئەمەش پێچەوانەی ناڕازی بوونە. کەواتە باوەڕداران ملکەچ نابن گەر بە ڕازی بوون نەبێت. ئاشکرایە چەمکی ڕازی بوون مانای ڕازی بوونی ڕەهای باوەڕدارە بە تێکڕای کردەوەکانی پەروەردگار بەبێ ڕەخنەگرتن، لەبەرئەوەی گشت ئەو کردەوانە دەرکردەی ئیرادەیەکی خودایین. هەربۆیە ئەو ڕازی بوون و ملکەچ بوونەی ئایینزای یەکتاپەرستی باسی لێدەکات، کۆتایی زانست و پەروەردە دەگەیەنێت، ئەوەش پەوپەڕی یاخود گەورەترین دیاردەی خۆشەویستی دەگەیەنێت بۆ پەروەردگاری تاك و تەنیا..[2]

یەکتاپەرستان بەم وشە و چەمك و سووربونانەیان دەیانەوێت ئەو ڕاستییانە بخەنە ڕوو کە ئەوان باڵێکی ئایینی ئیسلامی پیرۆزن، هەربۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە (سەربازانی ڕاستی)ن، بلێسەی ئەو ئاگرەن کە بانگەوازی یەکتاپەرستی دەکات، وشە پڕماناکانی پەڕتووکی داناییان (كتب الحكمە) ئاماژە بەو ڕاستییانە دەدات، ئەوانەش دەرکردەی ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزن. ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەرگای باوەڕە، باوەڕیش دەرگای یەکتاپەرستییە. کەواتە ئیسلام و باوەڕ و یەکتاپەرستی سێ پلەن هیچیان لە یەکتر جودا نابن، وە ئایینی ئیسلامی پیرۆز کۆڵەکە و ڕاگری ئەم پلەبەندیەیە، هەرکاتێك باڵا دەست بوو ئەوانیش باڵا دەست دبن، هەرکاتێکیش بەرەو هەڵدێر و داڕمان چوو ئەوانیش بەرەو لەناوچوون دەچن...[3]

وەك ئاماژە پێدانێك، تێکڕای بابەتەکانی (زانست و کردار) ناتوانرێت بە ئاسانی پۆلێن بکرێن لە سایەی دەستەواژەکانی (دەرەکی و ناوەکی– الظاهر و الباطن) دا، بەڵکو تەنها جێبەجێ دەبێت بەسەر لایەنێکی دا. ئەمەش لە کاتێکدایە کە وروژێنەرترین بابەت لەبارەی دایەلۆگی نمونەییەوە بۆ بیروباوەڕی ئیسماعیلی، ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان تێگەیشتنی دەرەکی و ناوەکیدایە بۆ ئەو شەریعەت و دەقە پیرۆزانە..[4]

کەوابوو ئەم زانیاری و دەستەواژانەی باسکران، گشتی لە خانەی ڕازی بوون بە فەرموودەکانی پەروەردگار و ملکەچی دەربڕین بۆ فەرمایشتەکانی ئەو زاتە دا بەرجەستە دەبێت. یاخود بە مانایەکی تر ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر کردارەکانی پەروەردگار هەرچۆنێك بێت (كيفما كان)، ئەوە مانای ئەوپەڕی خوداپەرستی و یەکتاپەرستییە، کە باوەڕدارانی ئایینزای یەکتاپەرستی دەرزی جەختی لەسەر دەکات..

---

[1] النجار،عبدالله: مذهب الدروز والتوحيد، ص ٨٣

[2] ابو ترابي، جميل: من هم الموحدون الدروز، ص ٢٦

[3] سكيكر، زيد علي: الموحدون عرب مسلمون..لادروز، ص ١٦٢

[4] بول ووكر: حميدالدين الكرماني الفكر الاسماعيلي في عصر الحاكم بامرالله، ص ١٠٧

## حەوتەم ــ ملکەچ بوون بۆ فرمانەکانی خودا (التسليم لامره في السّر و الحدثان)

جەخت کردنەوەیە لەسەر ملکەچی کردن بۆ فرمان و بیروباوەڕەکان.

لەم بارەوە لە نامەی (١٥) دا هاتووە:

**ليس كل من عرف باطن شئ وجب عليه ترك ظاهره، .... كذلك اىّ رجل عرف باطن ثوبه و لبسه، وهو التقيه و السترة و اقامة الشريعة مع اهلها، و .....**[١]

مانای: " زانینی ناوەڕۆکی شتێك، گوێپێنەدانی ڕووکەشی ئەو شتە ناگەیەنێت، هەروەها هەر کەسێك ناوەڕۆکی خۆیی زانی، ئەوە تەقوا و شەریعەت و خوداناسییە."

ئەم نامەیە جۆرە ئامۆژگارییەك و ئەرکێکی ئایینی لەخۆ گرتووە کە یەکتاپەرستان دەبێت پابەندی بن، هەروەها دۆگماییەك بە ئایینزاکە دەبەخشێت کە باوەڕدارانی بێ چەنوچون ملکەچی دەبن. ئەمەش خۆی لە خۆی دا جۆرێك لە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت. بەڵام هەرگیز یەکتاپەرستان بەم شێوەیە بیری لێناکەنەوە و بە پێشێلکاری مافەکانی خۆیانی نازانن، بەڵکو بە ئەرکێکی ئایینی و بگرە کلتورێکی کۆمەڵگای خۆیانی دەزانن. هەرلێرەوە یەکتاپەرستانی دەرزی مەحاڵە سەرپێچی ئەم (حەوت) خاڵە بکەن کە ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵکو هەرچی فەلسەفە و نهێنی و هزر و داهاتویانە بە شێوەیەکی دەرەکی و ناوەکی لەم ئەرکە ئایینیانەدا کۆبوەتەوە ...

لە ڕاستی دا هەردوو خاڵی (شەشەم و حەوتەم) دەکرێت بلکێنرێت بە یەکەوە، لەبەرئەوەی ماناکانیان تەواوکەری یەکترن. واتە ڕازی بوون بە کردارەکانی پەروەردگار (کیفما کان)، مانای ملکەچی بوونە بۆ تێکڕای فرمان و فەرموودەکان. یەکتاپەرستان دەیانەوێت لەم ڕەهەندەوە جەخت لەسەر باوەڕداری و ئیسلامەتی خۆیان بکەنەوە..

یەکتاپەرست بۆئەوەی گومان لە ویژدانی دا دروست نەبێت دەربارەی دادوەری خودایی، دەبێت هاوەڵ پەیدا نەکات بۆ خودا، باوەڕی ڕەهای بە پەروەردگار هەبێت، خودا پەرستی بکات بە ئاشکرا و بە نهێنی، ڕێز لە سنووری شەریعەتی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بگرێت، بێبەری بوونی خۆی دەربڕێت لە شەیتان. گەر تێکڕای ئەم کارانەی کرد، مانای فەرمایشتەکانی خودای تاك و تەنیای بەجێهێناوە..[٢]

بیروڕا و هزری ئیسماعیلیەکان هەردەم چەشە بووە بە گومڕایی، لە دێرزەمانەوە تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم. ئەمەش بەهۆی ئەو تێنەگەیشتنانەوە بوو کە لە ئارادا بوون، یاخود بەهۆی ئەو پروپاگەندانەی نەیارانی ئایینزای یەکتاپەرستان دەیانکرد. بۆیە دەبینین بە درێژایی سەردەم یەکتاپەرستانی دەرزی جەخت لەسەر یەکتاپەرستی و ئیسلامەتی خۆیان دەکەنەوە..[٣]

---

[١] النجار،عبدالله: مذهب الدروز والتوحيد، ص ١٤٨

[٢] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص ١٠٤– ١٠٥

[٣] دفتري،د.فرهاد: الاسماعيليون في العصر الوسيط، ص ٨٣

## ب ــ چینەکانی کۆمەڵگای یەکتاپەرستان

کۆمەڵگای دەرزی وەك هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی تر بۆ چەند چین و توێژێك دابەش بوون، کە خۆی لە دوو چین دا دەبینێتەوە ئەوانیش (تێگەیشتووان و نەزانەکان– عقال و جهال)ن.

**<u>چینی یەکەم</u>** باوەڕدارە پاڵاوتەکانن کە تێکڕای نهێنییە ئایینییەکانیان لەلایە و قسەکانیان وەك فەلسەفە وایە، ئەمانە نە جگەرە دەکێشن نە مەی دەخۆنەوە، ڕوخسار و جل و بەرگیان سادەیە، تا ڕادەیەك گۆشەگیرن و دەم بە پێکەنین نین، بڕوایان بە دەستگرتن بە پارە و سامانەوە هەیە (تقشف) لە بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان دا (ئەمانە پیاوانی ئایینین). لە سایتی (اهل البیت) دا ئاماژە بەمانە کراوە و چینەکانی دیاری کردووە.

بەڵام **<u>چینی دووەم</u>** پێچەوانەی چینی یەکەمن، لەبەرئەوەی دەشێت جگەرە بکێشن و مەی بخۆنەوە، بە کاروباری ئایینییەوە زۆر خۆیان خەریك ناکەن، وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی ژیان بەسەر دەبەن و بێبەش نین لەخۆشییەکانی ژیان. بۆیان نییە لە خەڵوەتگاکان دا کتێبە پیرۆزەکان بخوێننەوە و خۆیان تێکەڵی ئەو کارانە بکەن، تەنها ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی هەندێك دەق نەبێت کە (عَقال) هەستاون پێی و ئەمانیش دەتوانن بیخوێننەوە، بۆیە پێیان دەڵێن (ڕاڤەکەران )(شُراحون) ...[1]

یەکتاپەرستان سەرۆکایەتییەکی ئایینییان هەیە ناو دەبرێت بە (مَشیخة العَقل). پێشتر ئەم شوێنە ناودەبرا بە (مشیخة العقّال)، کە ئەمەیان ڕاستترە. هەروەها دادگایەکی باڵای تایبەت بە ئایینزاکەی خۆیان هەیە، تایبەت بە کاروباری ئایینی، بێجگە لەمە چوار دادگای ئایینزایی تریان هەیە لە (لوبنان) و یەکێك لە (سوریا) و یەکێکی تر لە (فەلەستین) ....[2]

بەڵام کۆمەڵگای یەکتاپەرستی هاوچەرخ لە ڕوی ئایینییەوە دابەش بووە بۆ دوو گروپی تر، **<u>ڕۆحانێکان</u>**: نهێنی ئایینزا و سێکت (طائفە) لە لای ئەمانە، کە دابەش دەبن بۆ (ڕوئەسا– رؤساء، عوقەلا– عقلاء، ئەجاوید– اجاوید).ئەمانە دەستەبژێری (نخبە)ی پیاوانی ئایینین لە کۆمەڵگادا. **<u>ناڕۆحانێکان</u>**: کە ناویان دەبەن بە (جسمانییەکان– الجثمانیین)، ئەمانە تەنها گرنگی دەدەن بە کاروباری ناو کۆمەڵگای دەرزی (دنیوي) کە دابەش دەبن بۆ (ئومەرا– امراء) و (جەهال– جهال)، ئەمانە توێژە ڕۆشنبیرەکە دەگرێتەوە کە پێکدێن لە دەسەڵاتداران و فەرمانبەران و پیشەوەران و زۆرینەی خەڵك. واتە دەتوانین بڵێین ئەو چینەی کە خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکیۆلارین، بەوەی ئایین وە حکومەت جودا بن لەیەك. ئەم توێژە بۆیان نییە دەستوەردەنە کاروباری ئایینییەوە, ئەمە

---

[1] العسراوي، د.نجیب: المذهب التوحیدي الدرزي، ص ١٥٦

٢ العسراوی، د.نجیب: المذهب التوحیدي الدرزي، ص ٤٠

بێجگەلەوەی سروشتی ئەم گروپە هاوتا نییە لەگەڵ کاروباری ئایینی دا، واتە زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە دەربارەی ئایینزای یەکتاپەرستی..

یەکتاپەرستان ئاماژە بەوە دەدەن کە (ئەجاوید) نابێت بە هیچ شێوەیەك خواردن لە ماڵە (شایی و ماتەمینی) دا بخوات، وە نابێت پارە وەربگرێت لەبری نوێژکردن لەسەر مردو، یاخود بۆ بژێوی ژیانی، بەڵکو دەبێت ئەم کارانە بێ بەرامبەر بکات، وەك کارێکی چاکە بۆ خودا و ڕۆژی دوایی خۆی.

ئاشکرایە ئەو شتانەی نەهییان لێکردووە، هەمان ئەو شتانەیە کە ئایینی ئیسلامی پیرۆز نەهی لێکردووە، ئەویش بە پشتبەستن بەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێت:

**الخمر و الميسر رجسُ من عمل الشيطان**.. صدق الله العظيم.

واتە: "مەی خواردنەوە و قومارکردن لە کاری شەیتانە."

وەك درێژەپێدانی ئەم بابەتە، نووسەر (ئەمین محەمەد تەلیع) ئاماژەی بەو دوو چینە داوە، (عقال) ئەوانەن کە چەشە کراون بە زانستەکانی ئایین و نهێنییەکانی ئایینزایان لایە، ئەمانە سەرکردەی ئایینی و ڕۆحی یەکتاپەرستانن، کە دەسەڵاتی ئایینییان لە دەست گرتووە.هەرچی (جهال)یشە ئەوانەن کە جگەرە و مەی دەخۆنەوە و دوورن لەو بابەتە ئایینییانەوە کە گروپی یەکەم پابەندن پێوەی...[1]

کەسایەتی (وەلید جانبولاد- وليد جنبلاط) * لە گروپی دووەمە، کە بە کاری سیاسییەوە خۆی خەریك کردووە، نەك کاری ئایینی، کاریگەرترین ڕۆڵی سیاسیشی هەیە لە لوبنانی ئەمڕۆ دا. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە گروپی دووەم بە تەواوی دابڕاو بن لە گروپی یەکەم، یاخود هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نەبێت. بەڵکو وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەردوو چینەکە تەواوکەری یەکترن و پێکەوە کۆمەڵگای یەکتاپەرستی دەرزی دروست دەکەن.

ئاشکرایە کە بەهێزترین پەیوەندی لەنێو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگای یەکتاپەرستانی دەرزی دا بەدی کراوە، لە مێژەوە هەتا ئێستا. هەر ئەو یەکێتیەشە کە ساڵەهای ساڵە یەکتاپەرستانی پاراستووە لە گشت تەنگژە و خەتەرناکە دەرەکییەکان، بگرە لەوەش زیاتر تاکی یەکتاپەرستی دەرزی بووەتە جێگای حەسوودی و چاوتێبڕینی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەو جۆرە یەکبوونە و میانڕەوی و ڕای بەرامبەر پەسەندکردنەیان تێدا نییە و بەدی ناکرێت، بەڵکو لەجێی ئەوانەی باسکران خۆبەزل زانین و نەفامی و ڕاڕایی و لەبەریەك هەڵوەشان بەدی دەکرێت تیایاندا. لەوەش خەتەرناکتر بوونی هەستێکی ناسیۆنالیستی لە شۆڤێنیەت هەڵکێشراوە لەنێو ئەو کۆمەڵگا تازە دروست بووە دواکەوتووانە دا..

کەواتە هەرگیزەو هەرگیز نابێت وەك کۆمەڵگایەکی مرۆیی دۆگما سەیری یەکتاپەرستانی دەرزی بکەین، وەك ئەوەی هەموو جۆرە پێشکەوتنێك و ڕاوبۆچوونێکی بەرامبەر ڕەت بکەنەوە. بەڵکو کاتێك باس لە یەکێتی و تۆکمەیی کۆمەڵگایەك دەکرێت، دەبێت یەکتاپەرستانی دەرزی بە نمونە بهێنرێنەوە.

---

[1] طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص ١٠٦

* وەلید جانبولاد: سەرۆکی پارتی پێشکەوتوخوازی سۆشیالستی (الحزب التقدمي الاشتراكي)یە، کوڕی (کەمال جانبولاد)، دامەزرێنەری ئەو پارتەیە کە لە (١٩٧٧/٣/١٦ن) لەلایەن (پارتی سوریی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی)یەوە تیرۆر کرا. وەلید جانبولاد کەسایەتییەکی ناودار و نیشتمانپەروەری لوبنانە کە خۆیی و پارتەکەی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن تیایدا.

## ج ـ سرووتە ئایینییەکان

ئایینزای یەکتاپەرستان وەك هەر بیروباوەڕێکی ئایینی تر خاوەنی چەندین سێریمۆنی تایبەت بە خۆیانە. لە دێرزەمانەوە هەتا ئێستا گشت ئایینەکان ئەم کارانەیان بەڕێوەبردووە، بەڵام هەر ئایینە و بە شێوازێك، گرنگ ئەوەیە تێکڕا مەبەستێکیان هەیە ئەویش پاڕانەوە و بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ئایینەکەیانە لە هەموو سەردەم و کات و شوێنێك دا.

یەکتاپەرستان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سرووتانەش (طقوس دینیە) شوێنی تایبەتیان هەیە کە بە (خەڵوەت) ناودەبرێت، لێرە دا گشت باوەڕداران (عقال) لە نێر ومێ تێیدا کۆ دەبنەوە، خانەیەکی زۆر سادە و ساکارە بێ وێنە و جوانکارییە، وەك پێشتر باسی لێکرا. ئەم خانەیە لە دوو بەش پێك دێت، بەشێك بۆ پیاوان و ئەوی تریش بۆ ژنان. کارە ئایینییەکان لەم شوێنە دا دەستەیەك بەڕێوەی دەبات کە وەك سەرۆکی گشت باوەڕداران وان لە ناو خەڵوەتگاکە دا، وە کەسێك کە ناودەبرێت بە (سایس)، ئەم کەسە لەگەڵ دەستەیەك لە پیرانی باوەڕداران لەناو خەڵوەتگاکەدا هەڵدەستن بە بەجێهێنانی کارەکە و دەرکردنی چەندین بڕیاری ئایینی ناوخۆ و ئامۆژگاری و دورخستنەوەی سەرپێچیکەران لەم کارە ئایینییە گرنگانە .

گرنگترین خەڵوەتگا(خەڵوەتەکانی بەیازە- خلوات البیاضە)یە لە (حاسبیا- حاصبیا) لە لوبنان. ئەم خەڵوەتگایانە بۆ خوداپەرستی و خوێندن بۆ گشت دەرزییەك لە هەرکوێ بن تەرخان کراوە. هەندێ ناوچەی دەرزی نشین بینای تایبەتیان دروست کردووە بۆ ئەو کەسانەی دواتر دەیانەوێت بچن بۆ خەڵوەتی ناوبراو، واتە ئەو بینایانە وەك شوێنی حەوانەوە وان کە دواتر باوەڕداران ڕوی تێدەکەن.

پیرانی (عقل)، ئەوانەی کاروباری ئایینی دەبەن بەڕێوە، دەبێت هەموو پێداویستییەکی ژیانیان لەسەر خۆیان بێت. واتە پشتبەستن بەخۆ، گەورەترین فەلسەفەی تیۆلۆژییە (ثیولوجي- ئایینزانی). ئەم ژیانەش دەیانگەیەنێتە سۆفیگەرێتی، کە (چونە ناو) فەلسەفەی ئایینزای یەکتاپەرستییە. واتە گواستنەوەی مرۆڤ لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر لە ڕێی پوختەیی و پاکژ بونەوەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پاکژ بوونەوەی دەروون و پشت بەستن بەخۆ، وە بە باڵاترین ئاستی باڵادەستیی باوەڕ دادەنرێت کە باوەڕدارێکی دەرزی دەیگاتێ، لێرەدا ئەو باوەڕدارە پێویستی بە ناوەندێك (وسیط) نابێت بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەروەردگار دا، واتە ڕاستەوخۆ دەگاتە خزمەت پەروەردگار..[1]

گەر سەرنجێك لە ڕیفۆرمخوازی ئایینزای پرۆتستانتی (مارتن لوسەر)(١٤٨٥- ١٥٤٦ز) * بدەین،

---

[1] طلیع،امین محمد: اصل الموحدین الدروز واصولهم، ص ١٠٧

* مارتن لوسەری ئەڵمانی: ڕیفۆرمخوازێکی ئایینی مەسیحی پیرۆز بوو، توانی لە تشرینی یەکەمیساڵی (١٥١٧ز) دا (٩٥ ) برگە بەناوبانگەکەی بە دەرگای کڵێسەی زانکۆی شاری (ڤێتنبێرگ) دا دابکوتێ، کە دنیای هەژاند. ئەو دژی گەندەڵی پاپا و پیاوانی ئایینی و فرۆشتنی (صکوك الغفران) بوو. بە پێشەنگی ئەوانە دادەنرێت کە داوای دامەزراندنی کڵێسەی نەتەوەییان دەکرد، لەسەر دەستی ئەم ئینجیلی پیرۆز وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئەڵمانی.

دەبینین بە هەمان شێوەی یەکتاپەرستانی دەرزی باسی لە خوداپەرستی و باوەڕداری و پاکژ بوونەوەی دەروونەکان کردووە. بە ئاشکرا باسی لەوە کردبوو کە تەواوی خەڵکی لەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە ئایینزانی (تیۆلۆژی)یەوە هەیە، وەکو یەك وان و هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوانیان دا نییە.

(مارتن لوسەر) پێی وابوو مرۆڤ تەنها بە باوەڕ (ئیمان) لە گوناهەکانی پاك دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی (پاپا) یاخود کەسانی تر لە نێواندا بن. لێرەوە جەختی لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤ و پەروەردگار دەکردەوە، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بڵێت: " هەر پرۆتستانتییەك ئینجیلی خۆی پێبێت پاپایەکە بۆ خۆی."

بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی پێی وابوو کڵێسا ئەو مافەی نییە لێخۆشبوونی یەزدانی بداتە خەڵکی. هەموو مرۆڤەکان بەرپرسن لە ئیمانی خۆیان، ڕزگاری و سەرفرازیشیان لە ئەستۆی خۆیاندایە، کەواتە ئینجیل موڵکی کڵێسا نییە، بەڵکو هی هەموانە..[1]

گەر باسێك لە (خەڵوەت- الخلوة) بکەین، دەبینین وەك تێکڕای پەرستگا و خانە پیرۆزەکان شوێنێکی تایبەت بە خوداپەرستییە. دەبێت خەڵوەت دوورە دەست بێت، بە مانایەکی تر دابڕاو بێت لە خەڵك. بۆئەوەی باوەڕدارەکان بە تەواوی بچنە قۆناغی تەسەوف و نقوم بوون لە خوداپەرستی دا، هەروەك چۆن لە کوردەواری دا دەستەواژەی " چۆتە خەڵوەتەوە" بەکار دەهێنرێت بۆ ئەو حاڵەتە..

نووسەر (حەسەن سادق) لە کتێبەکەی دا باسی لەم سرووتە کردووە و ئاماژەی داوە کە : هەموو شەوێکی پێنج شەممە کاتێك لە خەڵوەت کۆ دەبنەوە و(شێخی ئەقڵ- شیخ العقل) دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆك و سرووتە ئاینییەکان بۆ ئامادەبوان، دەستەی (جهال) دەچنە دەرەوە، پاشان سرووتێکی تایبەت پێشکەش دەکرێت بۆ ( ئەجاوید) ، ئینجا ئەوانیش دەردەچن و دواتر تەنها (عوقال) دەمێننەوە، کە تێکڕای نهێنییە گرنگەکان گوێبیست دەبن..[2]

دوای ئەوەی لە گشت شار دەوڵەتەکانی یۆنانی دا خواوەندێك هەبوو بۆ پارێزگاری کردن لەو شارە، کە لە لایەن تێکڕای یۆنانییەکانەوە وەك کارێکی ئایینی و نیشتمانی ڕێزی لێدەگیرا، بەڵام شەپۆلێکی ئایینی تر توانی خۆی بسەپێنێت لە نێو هاوڵاتیان و بێگانەو کۆیلەکانی شار دەوڵەتەکان دا، ئەوەش مژدە بەخش بوو بۆ ژیانێکی ڕۆحی باڵاتر و بەهێزتر. گروپێك لە یۆنانییەکان سەرنجی ئەوەیان دا، کە جیاوازییەك هەیە لە نێوان هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و ئەو ئاکارەی بڕوایەکی تەواویان پێی هەیە. لێرەوە سەرەڕۆیی و دڵشادی مرۆڤیان بۆ دەرکەوت، وە پەیوەندی خواوەند بە مرۆڤەوە جیاوازە لەوەی لە نێوان خاوەندار (سیّد)و کۆیلەدا هەیە، ئەو پەیوەندییەش دڵخۆشی خواوەندی دەبەخشی، بۆیە دواتر لای ڕۆژهەڵاتییەکان خۆراکی ئەو پەیوەندییە بەدی کرا. بەمەش نهێنییەکان سەریان هەڵدایەوە، ئەم کارەش بە خۆدەرباز کردن بوو لە نەهامەتی ئەم دنیا و بەدەست هێنانی خۆشی ئەو دنیا..[3]

---

[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیایەوە تا مارکس، ل ٤٧

[2] اللواء حسن صادق: جذور الفتنة فی الفرق الاسلامیة ص ١٢٤

[3] یوسف کرم: تأریخ الفلسفە الیونانیە، الطبعة الاولی، دار القلم- بیروت، لبنان، آیار – ١٩٧٧، ص ٥- ٦

# تەوەری دووەم /

## ....باوەڕە فەلسەفییەکان ...

ا ـــ بیروباوەڕیان

١ ـــ دۆناودۆن
٢ ـــ نـرڤـانـا
٣ ـــ ئاوێتە بوون

ب ـــ پایە فەلسەفییەکان

١ ـــ خودا و خودا پەرستی
٢ ـــ دروسـت بـوون
٣ ـــ ئـایـیـن
٤ ـــ ژیـــری

ا ـ بیروباوەڕیان

بیروباوەڕی ئیسماعیلییەکان کەمینەیەك موریدێتی، کە هەردەم هەوڵی ئەوەی داوە فەلسەفە بخاتە شوێنی ئایین، ژێری لە شوێنی باوەڕ، ئازادی بیروڕایەکی بێکۆتایی لە شوێنی دەسەڵات.

ئەم ئازادییە درێژخایەنەش ناکرێت هەتا هەتایە کاری ژێری بێت، بەڵکو دەروازەیەك لە دڵ دەکاتەوە و کاریگەری خۆی لەسەر گۆڕەپانی واقیع دەچەسپێنی. مەبەستیش لەم وتانە بیروباوەڕی یەکتاپەرستانی دەرزییە کە لە ناوخۆی ئیسماعیلییەکانەوە بوونی خۆی سەپاند لە ڕۆژگاری خۆی دا هەتا ئەمرۆکە.

ڕۆژهەڵاتناسی سەدەی نۆزدە (ئەنتوان ئیسحاق سیلڤستر دوساسی)، * جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئایینزای دەرزی لە سەرەتا دا ئیسماعیلی بووە، بەڵام دواتر لێی جیابووەتەوە، بە تایبەت لە کۆتایی ژیانی خەلیفە حاکم دا. هەرچەندە وەك نزارییەکان سەرەتا توندڕەو بوون، بەتایبەت لە بابەتی بەخودا کردنی خەلیفە حاکم دا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هات و بوونە کۆمەڵێکی ئایینی میانڕەو، جودا لە ئیسماعیلییەکان.. [1]

لێرەوە ئیسماعیلییەکان بونە دوو باڵی جیاواز، یەکەمینیان باڵی (ئەفریقیا) بە تایبەت ئەوانەی (میسر) کە خۆی لە فاتیمییەکان دا دەبینییەوە، دووەمینیان باڵی (ئاسیا) بە تایبەت ئەوانەی (سوریا و فارس و عێراق)، کە ناودەبران بە (مولحید– ملحد) وە مەڵبەندەکەیان (قەڵای هەڵۆ) لە قەزوین بوو، واتە (قلعة آلموت) کە دامەزرێنەرەکەی (حەسەن سەباح– حسن الصباح) بوو، خاوەنی چەندەها (گیان فیدا– فدائي) کە ئەمانە بە (حشاشین) واتە (حەشیشە خۆرەکان) ناسرابوون. توانیبویان دەوڵەتێك بنیات بنێن ساڵی (٤٧٧ ك/١٠٨٤ز)، دواتر ساڵی(٦٥٤ك/١٢٥٥ز) ئەم قەڵایە لەسەردەستی (هۆلاکۆ) ڕوخێنرا.. [2]

ئیسماعیلییەکان بڕوایەکی تەواویان بە ناواخنی شتەکان هەبوو، هەموو دێڕێك مەبەستێکی ناوەکی (باطن) و دەرەکی (ظاهر)ی هەبوو لایان. کەواتە نەدەبوو ڕووکەش سەیری شتەکان بکرێت، بەڵکو هێندە بیری لێبکرێتەوە هەتا ناوەڕۆك و مەبەستەکەی دەزانرێت. ئەم کارەش بە تێڕوانین و قووڵبوونەوە، واتە (تەئەممول– تأمّل) وە لە ڕێی خوێندنەوە و هەڵهێنجانەوە دەبوو (استقراء و استنباط)، ئەمەش مانای فەلسەفەی دەگەیاند.

مامۆستای فەیلەسوفان (سوکرات)(٤٦٩ پ.ز ــ ٣٩٩ پ.ز) پەیڕەوی ئەم جۆرە کارەی دەکرد لە سەرنج دان لە سروشت و وتەکان، واتە میکانیزمی فەلسەفەکەی لەسەر هەڵهێنجانی زانیاری و ماناکان بوو لە سروشت و بەرامبەر دا. ئەم کەسایەتییە بەرامبەرەکەی دادەگرتەوە بە ژمارەیەکی زۆر لە پرسیار

* (ئەنتوان ئیسحاق سیلڤستەر دوساسی): ڕۆژهەڵاتناسی سەدەی نۆزدە و لەدایك بووی پاریس، لە ١٧٥٨/٩/٢١ز، بە یەکێك لە بەناوبانگترین مێژوونووسی سەردەمی خۆی دادەنرێت لە بواری دیراساتی ڕۆژهەڵاتیدا، وە یەکەمین مامۆستای عەرەبی بوو لە پاریس لە قوتابخانەی (زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان) ساڵی (١٧٩٥)ی زایینی.

[1] دفتري، د.فەرهاد: خرافات الحشاشين و اساطير الاسماعيليين، ص ١٩٧

[2] سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلامية منذ البدايات، ص ٢٩٦

و وشـەی فەلسـەفی، تـا وای لێـدەکرد وەلاّم بداتـەوە. هەرچـەندە ئـەم کـارەی قێزەونـی کردبـوو، لای دەسـەلاّتدارانی دژ بـە ڕاسـتی و فەلسـەفە. بـەلاّم سـووربوونی ئـەم فەیلەسـوفە لەسـەر ئـەم ڕێبـازەی کـە ڕووکەش و ناوەڕۆکی پرسیار و ئاشتەنگەکانی دەخستە ڕوو لە لایەك، هەروەها ڕێزگرتنیشـی لـە یاسا و ڕاستی لە لایەکی ترەوە، هۆکارێك بوون بۆئەوەی مەرگی هەتا هەتایی بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

سوکرات بـەم کـارەی جـۆرە دەنگدانەوەیـەکی دروسـت کردبـوو لـە نـاو کۆمـەڵگاکانی یۆنـانی ئـەو سەردەمە دا، کە دواتر بە پێشەوای فەلسەفە و داکۆکی کـردن لـە ڕاسـتی و بیروبـاوەڕ ناسـرا، لـەو ڕۆژەوە هـەتا ئەمڕۆکـە. هـەر ئـەم داکـۆکی کردنـەش بـوو کـە (باوکـانی کڵێسـە– آبـاء الکنیسـة) بـە پێشـەنگی شـەهیدانی مەسـیحیان لـە قەڵـەم دەدا، ئەمـە بێجگـە لـەوەی فەیلەسـوفەکانی دوای خـۆی سـەیری ئـەم کەسایەتیەیان دەکرد وەك فەیلەسوفێکی ڕاستی و ڕاستیخواز..[1]

لـە سـەردەمی سـوکرات دا فەلسـەفە و سـۆفیگەرێتی پـەرەی سـەندبوو، چـەندین قوتابخانـەی فیکـری و فەلسـەفی لـە یۆنـان دا دروسـت بوبـوو. گروپێکـی فەلسـەفی بـە نـاوی (سۆفیسـتەکان– السفسطائین)ەوە دروست بوبوون کە وانەی فیکری و فەلسـەفییان دەبەخشـییە خـەڵك، بـەلاّم لـە بەرامبـەر پارە دا ئەم کارەیان دەکرد. سوکرات وەك خۆی هەردەم دژایەتی ئەم هەڵوێستەیانی دەکرد، لەبەرئـەوەی ئـەوان بـۆ بـژێوی ژیانیـان ئـەو کارەیـان دەکـرد. ئەمـە بێجگەلـەوەی بڕوایـەکی تـەواوەتییان بـە هێـزی دەسەلاّتدار هەبوو، وە لە ڕوانگەی تاکەوە سەیری ئاشتەنگ (شت)ەکانیان دەکرد، واتە تاك چەقی یاخود تەوەری فەلسەفەکەیان بوو، ئەو کارانەشیان بە باشتر دەزانی وەك لە ملکەچ بوون بۆ یاساکان..[2]

ئاشکرایە سوکرات و سۆفیستەکان هاوکاتی یەك بوون، ئـەوان ڕوخسـار و نـاوەڕۆکی فەلسـەفە کۆسمۆلۆژییەکـەیان * گـۆڕی و ڕوویـان کـردە لێکۆڵینـەوە لەسـەر مـرۆڤ و چـۆنیەتی زانـین و بـەها و ئاکارەکانی ژیانی کۆمەلاّیـەتی و ڕامیاری. بۆ یەکەم جار سۆفیستەکان ئایینـەکانیان بەدرۆ خستەوە و بوونی خودایان ڕەت کردەوە، دەستووره ڕامیارییەکانیشیان بە بەرهەمی مرۆڤ و شتێکی کاتی لەقەڵم دا، کە فەرمانبەران بۆ بەرژەوەندی خۆیان نووسیویانە و لە ئاسمانەوە نەهاتووە..[3]

ئاماژەمـان بـەوە دا کـە سۆفیسـتەکان (تاك)یـان کردبـووە تـەوەری زانینـەکان (المعرفـە)، مانـای "تـاك پێـوەری تێکـڕای شـتەکانە." لێـرەوە گیـانی تاکگـەرایی (روح الفردیـە) لـە نێـو شـار دەوڵەتـە یۆنانییەکان دا پەرەی سەند. بەپێی ئەم بیروبۆچونە تاك هەوڵی بەدەستهێنانی خۆیی دەدا، بـەبێ پابەند بوون بە بەها و یاساکانی کۆمـەڵ. هەربۆیـە سۆفیسـتەکان شـایەنی ئـەوە بـوون کـە نـاوببرێن بـە مامۆسـتا تاکگەراییە یەکەمینەکان..[4]

ئیسماعیلییەکانیش بە هەمان شێوەی سوکرات و هاوشێوەکانی سەیری دەسەلاّت و ژیانیان دەکرد،

[1] د.غانم محمد صالح: الفکر السیاسی القدیم و الوسط، مدیریة دار الکتب للطباعة و النشر– بغداد، عراق، ١٩٨٨،ص ٤٦

[2] د.غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، و: سەلام کـەریم عـەلی، خانـەی چاپ و بلاّوکردنـەوەی چوارچرا– سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥، ل ٦٨

* کۆسمۆلۆژی، کۆزمۆگرافیا: ئەو زانستەی بەدوای ڕووکەشی گەردوون و پێکهاتە گشتییەکانی دا دەگەڕێت..

[3] د. محەمەد کەمال: کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفە دا، ل ٤٥

[4] د.غانم محمد صالح: الفکر السیاسی القدیم و الوسط، ص ٣٣

گرنگییەکی زۆریان بە یاساکانی ژیان دەدا. وەکی سوکرات و پێچەوانەی سۆفیستەکان ئارەزوی ملکەچی دەربڕینیان نەبوو بۆ دەسەڵاتداران، پێیان وابوو تاك هەردەم دەبێت لە خزمەتی ئایین و ڕابەر و ئیسلام دا بێت، بەڵام ئەمەش نە نەیاری دەگەیاند بۆ دەسەڵات، نە پێشێلکاری مافەکانی تاك، بەڵکو سروشتی تاکی ئیسماعیلی و یەکتاپەرستی دەرزی و تێکڕای شیعە وایە کە خوازیاری خوداپەرستی و گوێڕایەڵی فرمانەکانی ڕابەر و پارێزگاری کردن لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز بکات.

ئیسماعیلییەکان جۆرە دوورکەوتنەوە و پەرگیرییەکیان پەیڕەو دەکرد لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئیسلامی ئەو سەردەمە دا، ئەوان پێیان وابوو ڕابەرەکانیان پشتگیرییان لە ڕاستی کردووە، بۆیە لە ڕێچکەی خەلافەت و ئیمامەت دوور خراونەتەوە. ئەمەش جۆرێك لە گومڕایی لا دروست کردبوون، واتە فاکتەری گۆشەگیری و دوورەپەرێزی لە دەسەڵات بوو.

نووسەر (عەلی وەردی) لەم بارەیەوە ئاماژەی دابوو کە: " فوقەهاکانی شیعە خەڵاتی حکومەت بەهیچ جۆرێك وەرناگرن، بەڵکو بۆ بژێوی خۆیان پەنا دەبەنە بەر سەرچاوەی میللی. قێزەونترین تۆمەتیش کە بدرێتە پاڵ یەکێك لە شەرعناسەکانی شیعە، ئەوەیە کە پێی بوترێت (مووچە لە حکومەت وەردەگرێت)"...[1] ئەم کارەش وایکردبوو کە سنگیان هەڵگری نهێنییەکان و مێشکیان لێکدەرەوەی ڕاستی و ئایین و سیاسەت بێت لە چوارچێوەیەکی فەلسەفی دا.

بەپێی ئایینەکان دەبێت هەموو پەیامبەرێك کەسێك لە دوای خۆی دەستنیشان بکات تا لەکاتی کۆچی دوایی یاخود هاتنەپێشەوەی بارودۆخێکی نەگونجاو، کاروباری ئایینی بگرێتە دەست، هەروەك لای شیعەکان کە بە (بەڵگە- حجّة) ناودەبرا، بەڕای ئەوان ئەم کارەش (تەقوا- التقوى) بوو.. گوایە لە (سەلمانی فارسی)یان پرسیوە کە لە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بپرسێت کێ جێگرێتی؟ ئەویش ئەم پرسیارەی ئاڕاستە کردووە، لە وەڵام دا فەرمویەتی (ئەی سەلمان کێ جێگری موسا بووە؟) سەلمانیش وتویەتی (یوشع بن نون)، پێغەمبەریش فەرمویەتی جێگرو میراتگری ئایینم (عەلی کوڕی ئەبی تالب)ە..[2] مەبەست لەم نمونەیەش ئەو گومڕایی و دوودڵییە بوو کە لای شیعەکان دروست ببوو، دەربارەی ئەوەی (ئیمامی عەلی) خودا لێی ڕازی بێت وەك جێگری پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) مافی تەواوەتی خۆی نەدراوەتێ. بەڵکو دەسەڵاتدارانی ئیسلامی ئەو سەردەمە باڵادەستی ئایینی و سیاسی و جێگرایەتییان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو.

لێرەوە سەرەتاکانی ناکۆکی نێوان سوننە و شیعە دەستی پێکرد، هەروەها ناکۆکی لە نێوان شیعەکان خۆشیان دا دروست بوو، دواتر بە ناوی ئیسلامەوە چەندین باڵی ئیسلامی دروست بوو، کە زۆریان ئەوانەی پێش خۆیان ڕەت دەکردەوە.

بەڵام ئەوەی شیعەکانی بەیەکەوە بەستووە، ئەوەیە کە بڕوایەکی تەواوەتیان بە ئایینی ئیسلامی پیرۆز و دوانزە ڕابەرەکە و دۆناودۆنی هەتاهەتایی ڕۆحی پیرۆزی ئیمامی عەلی هەبووە و هەیە. بۆیە لە داهاتوودا زیاتر باس لە دۆناودۆن و ئاوێتە بوون و نرڤانا دەکەین....

---

[1] وەردی، د.عەلی: واعیزەکانی سوڵتان، ل ٣٤٦

[2] عبدالزهراء عثمان محمد: سيرة الائمة، محاولة لتقييم المنهج ، الطبعة الاولى، مركز العصمه- بغداد، عراق، ١٩٩٣، ( جمادى الاول ١٤١٤هجري)، ص ٥٥

## ١- دۆناودۆن (تناسخ)

مانای گەر کەسێك کۆچی دوایی کرد، ئەوا ڕۆحەکەی لە لاشەی جودا دەبێتەوە و دەچێتە لاشەی یاخود جەستەی کەسێکی ترەوە. گەر کەسی دووەمیش کۆچی دوایی کرد، ئەوا ئەم کردارە لە کەسی سێیەم دا دوبارە دەبێتەوە و بەوجۆرە.

کەواتە مەبەست لە کرداری ئاڵوگۆڕی ڕۆحە لە جەستەکان دا بە بەردەوامی. بیروباوەڕی دۆناودۆن مێژوویەکی کۆن و شێوازێکی هاوبەشی هەیە لە نێوان ئایینەکانی جیهانی کۆن دا، (شەهرستانی) لە (مەلەل و نەحل- الملل و النحل)(ج٢ ص٥٤) دا ئاماژەی دابوو کە: " زیادەڕەوانی شیعە (غلاة) چەندین جۆرن، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر دۆناودۆن و ئاوێتە بوون".. [١]

یەکتاپەرستان هەروەك فەیلەسوفانی گریکی باوەڕێکی تەواویان بەم بوارانە هەبوو، هەردەم بە شێوەیەکی پیرۆز سەیری ڕۆحیان دەکرد. بەڵام لە چەند ڕوویەکەوە جیاواز بوون لەگەڵ گریکەکان دا، بۆ نمونە (ئەفلاتون) لەو باوەڕەدا بوو کە گیان یا دەروون بە تەنها بوونی هەبووە، جودا لە جەستە. بەڵام پەیامبەری یەکتاپەرستان (حەمزە) پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی هەبووە و جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ڕۆح و جەستە هەردەم پێکەوە بوون، نەك جودا لە یەك.. [٢]

زانای ئایینی (عەبدولسەبوور شاهین- عبدالصبور شاهين) کاتێك باس لە نهێنییەکانی پەروەردگار دەکات دەربارەی خوڵقاندن یان دروستکردنی مرۆڤ، ئاماژە بە دوو ئاست دەدات: **یەکەمیان** دروستکردنی ماددی لە گڵ، کە خۆی لە ڕووکەش و دەرکەوتەی مرۆڤەکە دا دەبینێتەوە، واتە خوڵقاندنێکی دەرەکییە. **دووەمیان** دروستکردنی دەروونی لە ڕۆحی پەروەردگار، کە خوڵقاندنێکی ناوەکییە. هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە ئەگەر ئەو (فووە خوداییە- النفخه الالهيه) نەبوایە، ئەوا ئەو بوونەوەرە (مرۆڤە) بێجگەلە ئاشتەنگێك لەسەر زەوی، هیچ شتێکی تر نەدەبوو.... [٣]

لەسەردەمی نوێ دا فەیلەسوفێکی وەك (هیگڵ) بە شێوەیەکی فەلسەفییانە سەیری ڕۆحی کردووە وە پۆلێنی کردوون بەم شێوەیە (ڕۆحی زەینی و ڕۆحی عەینی و ڕۆحی ڕەها)، واتە گیان لە شێوەی ڕەهاو سەرەتای خۆی دا لە هونەر و پاشان فۆرمی ئایینی دا دەرکەوتووە... [٤] یەکتاپەرستان پێیان وابووە گیان ژمارەیەکی دیاری کراوی هەبووە و هەیە، کە پەروەردگار لە ئەقڵەوە دروستی کردون. بەڵام جەستە هەردەم لە زۆربوون دابووە و ژمارەیەکی دیاری کراوی نەبووە و نییە. میسرییە کۆنەکان بڕوایەکی تەواوەتییان بە (دۆناودۆن و هەڵوەشانەوە و نیشتن- النسخ و الفسخ و الرسخ) هەبووە.

---

[١] اللواء حسن صادق: جذور الفتنة فى الفرق الاسلامية ص١١٦

[٢] العسراوي، د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص ٦٧

[٣] د. عبدالصبور شاهين: أبي آدم قصة الخليقه بين الاسطورة و الحقيقه، دار اخبار اليوم- قطاع الثقافه- القاهره، جمهورية مصر العربيه، ١٩٩٩، ص ٨٤

[٤] جیهانبەگلو، رامین: هیگڵ و سیاسەتی مۆدێرن، و: شۆڕش جوانڕۆیی، چنوری فەتحی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦، ل ٦٦

لێرەدا کاتێك باس لە دۆناودۆن (**نەسخ- نسخ**) دەکەین مەبەست لە گیان وە یاخود ڕۆحێکی باشە (الـروح الصـالحه)، کەلـە جەسـتەی مرۆڤێکـی باشـەوە دەچـێتە جەسـتەی مرۆڤێکـی باشـی تـر، واتـە پەیوەنییەکی ڕۆحییە تەنها لە نێوان مرۆڤەکان دا ڕوو دەدات. هەروەها هەڵوەشانەوە (**فەسخ- فسخ**) مانای ڕۆحی مرۆڤێك کە هێندە باشەی نەبوبێت لە ژیانی دا ئەو مرۆڤە، کاتێك کۆچی دوایی دەکات ڕۆحەکەی دەچێتە جەستەی (ئاژەڵێکەوە) نەك جەستەی مرۆڤێکەوە. بە مانای ئەو پەیوەندییە ڕۆحییە لە نێوان مرۆڤێك و ئاژەڵێك دا ڕوودەدات. بەڵام نیشتن (**ڕەسخ- رسخ**) مەبەست لێی گیانی شەڕەنگێز و پیسە، کەلە دوای مردنـی ئـەو کەسـە ئـەو ڕۆحـە دێتـە دەرەوە و دەچـێتە بێگیانێکـەوە (جمـاد). بـەڵام ئـەم جـارە پەیوەندییەکە لە نێوان مرۆڤ و ئاشتەنگێك (شت)ێکی بێگیـان دا ڕوو دەدات، کە دەشێت بەرد بێت. بەم جۆرە ئەو ڕۆحە شەڕەنگێزە لەناودەچێت و دەمرێت بۆ هەتا هەتایە.

بەڵام فەلسەفەی ئایینی هینـدی بەهیچ شێوەیەك بڕوای بە نیشـتن (رسخ) نەبووە، بەڵکو تـەنها بڕوای بە (نسخ و فسخ) هـەبووە. لەبەرئـەوەی ئـەوان بڕوایـان بـەوە نـەبوو کـە گیـان (روح) لـەناو دەچێت، بـەڵکو ڕۆحـی پـیس و شـەڕەنگێز بـۆ ماوەیـەك سـزا دەدرێـت، بـەوەی دەچـێتە نـاو جەسـتەی ئاژەڵانـەوە تـاوەکو پـاك دەبێتـەوە ئینجا دەچێتەوە نـاو جەسـتەی مرۆڤێکـی تـر. هەرچـی یەکتاپەرسـتانی دەرزیشـە تـەنها بڕوایـان بـە (نسـخ) هـەبووە، واتـە دۆنـاودۆن، لەبەرئـەوەی گیـان بـەهیچ شێوەیەك لـەناو ناچێت و ناچێتە جەستەی ئاژەڵانیشەوە. بەڵکو ئەوەی لەناو دەچێت تەنها جەستەیە.. [1]

کاتێك ئەرستۆ چەمکی (دەروون– النفس) دەخاتە ڕوو لە کتێبەکەی دا بەناوی (دەروون)ەوە، بۆ سێ جۆر پۆلێنی دەکات. یەکەمیان (دەروونـی نوسـتوو– الـنفس النامیە)، کـە لـە ڕوەك دا بـوونی هەیـە، بێئەوەی هەسـت و ژیـری هـەبێت. ئـەم جـۆرە دەروونـە دوو کـاری هەیـە، ئـەویش گەشـە سـەندن و لـەدایك بوونە. دووەمیان (دەروونی هەسـتیار– الـنفس الحاسّە)، مەبەسـت لـە ڕەگـەزە پێکهێنـەرە هەسـتیارەکانە، کە ئەندامەکان دەگرێتـەوە. هەرچـەندە بـە تـەواوی ڕاڤـە نـەکراوە کـە پڕاوپڕ چـی دەگەیـەنێت، واتـە تـەنها ڕەگەز و ئەندامەکان ناگرێتەوە. لەبەرئـەوەی ئەندامـەکان بـە تـەنها هەسـت نـین، بـەڵکو یـەکگرتوون لەگـەڵ هێز دا، واتە ئەم ئەندامانە بە هەست ئیش دەکەن. سێیەمیـان (دەروونی وتەبێژ – الـنفس الناطقە)، ئەمـە مەبەسـت لـە ژیرییـەکی نـەمرە (العقل الخالـد)، کـە باڵادەسـتە بەسـەر مـاددە دا. ناشـتوانرێت بوترێـت ئـەم دەروونە خوڵقێنراوە، بەوەی ئەرستۆ ئاماژەی نەداوە نە بە خوڵقاندن وە نە بە دۆناودۆن... [2]

لـە کۆتـایی دا نووسـەر عەبـدوڵڵا نـەجار ئامـاژەی دابـوو کـە: ڕۆح و دەروون دوای ئـەقڵی گشـتی دروست بوون لە ڕوناکی پیرۆزەوە، کە دەستنیشان کراو و ژمێردراون لەلای خودا، زیاد و کەم ناکات، وە هەرگیز جەستەش لەناو گۆڕدا نایەتە دەرەوە. گیان دەگوازرێتەوە بۆ جەستەی لەدایك بووی نوێ، کە بە پلـەکانی پـاك بونـەوە و تـەواو بـوون یـاخود گەنـدەڵی و سـزادان و شـەڕەنگێزی دا دەڕوات.. [3] هەرچـەندە پێشتر ئاماژە بەوە درا کە ئەرستۆ (ئەقڵی نەمری) بە (دەروونی وتەبێژ) ناوبردبوو..

---

[1] طلیع، امین محمد: اصل الموحدین الدروز واصولهم، ص ٩٩

[2] یوسف کرم: تأریخ الفلسفه الیونانیه، ص ١٥٣– ١٦٧

[3] النجار، عبدالله: مذهب الدروز والتوحید، ص ٥٧

## ٢- نرڤانا ( پۆشاك پۆشی )( تقمص )

نرڤانا یاخود لەدایك بوونی دووەم. یەكتاپەرستان بە (تقمص) ناوی دەبەن، بەوەی جەستە كراسی (بەرگ)ی دەروونە (نفس). واتە (تقمص) لە (قمیص)ەوە هاتووە..[1]

لەم ڕووەوە یەكتاپەرستانی دەرزی وتویانە جەستە وەك بەرگ وایە، كۆن دەبێت و دەدڕێت، تەنها گیانە نەمر و پیرۆزە و لەناو ناچێت. لەبەرئەوە دۆناودۆن و نرڤانا هاوتای یەكن. بەپێی ئەم بیروبۆچونانەش گیان لەگەڵ مێشك (عقل) لەناو جەستەدا یەكدەگرن و كەسایەتی پێك دێنن.

ئەوان بڕوایان وایە كە بیروباوەڕی دۆناودۆن و نرڤانا واتە لەبەر گرتنەوە و پۆشاكپۆشی، دەگەڕێتەوە بۆ میسرییە كۆنەكان و بوودا و فیساغۆراس. لەم بارەیەوە لە نامەی (٦٧) دا هاتووە:

**" أنَّ البشر وهم عالم السواد الاعظم، سواء في العالم العلوي، أعني الفلك و ما فيه من المدبِّرات و النيِّرات و الاستقصّات. أم في العالم السفلي، لم يتناقصوا و لم يتزايدوا من حيث الارواح التي هي معدودة من أوَّل الادوار، تظهر بظهورات مختلفات الصّور على مقدار اكتسابها من خير و شرّ."**

گوڵەوەچنەی مەبەست پۆشاكپۆشی و گیانەكان (روح) دەگەیەنێت كە نە زیاد دەكەن نە كەم، نە لەم دنیا نە لەو دنیاش، بەڵكو شێوەكانیان گۆڕانكاری بەسەردا دێت، ئەویش بەپێی چاكە و خراپە..[2]

بێجگەلە یەكتاپەرستان، لە كتێبە پیرۆزە ئاسمانییەكانی تریش دا باس لە (لەبەرگرتنەوەی ڕۆح) مانای (تناسخ الارواح) كراوە، واتە لە كتێبە ئاسمانییە پیرۆزەكانی (قورئان و ئینجیل و تەورات) دا. بۆنمونە لە سورەتی (بەقەرە- بقرە)دا فەرمویەتی:

**"كيفَ تكفرون بالله و كنتم أمواتاً فاحياكم ثمّ يميتكم ثمّ يحييكم ثمّ اِليه ترجعون."** صدق الله العظيم (الجزء الاول - الاية٢٨).

واتە " چۆن بێبڕوا دەبن بە خودا لە كاتێكدا ئێوە بێگیان بوون، خودا دروستی كردوون و گیانی بەبەردا كردن، پاشان دەتانمرێنێت و دواتر زیندووتان دەكاتەوە، ئەوسا بۆلای ئەویش دەبرێنەوە."

یاخود فەرمویەتی:

... **تخرجُ الحيّ من الميّت و تخرجُ الميت من الحيّ.** صدق الله العظيم. (سورة آل عمران- الاية ٢٧).

واتە ".. زیندوو لە مردوو دەردێنێت وە مردووش لە زیندوو."

لە ئایینی مەسیحی پیرۆز دا، زۆر باس لە ڕۆحی پیرۆز و نرڤانا و دۆناودۆن و بەرجەستە بوونی ڕۆحی پیرۆز كراوە, هەروەك لە ئینجیلی پیرۆزی (یۆحەننا) دا ئاماژەی پێدراوە كە دەفەرموێت:

**" كل روح تعترف بأن يَسوع المسيح جاء بالجسد فهو من الله."** يو ٤: ١- ٣

واتە " تێكڕای ڕۆحەكان دان بەوەدا دەنێن كە عیسای پەیامبەر (مەسیح) بە جەستەوە هاتووە،

---

[1] طليع، امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص ١٠٠

[2] النجار، عبدالله: مذهب الدروز والتوحيد، ص ٥٦

ئەم کارەش لە پەروەردگارەوە بووە." [1] کەواتە سەرەتا عیسای پەیامبەری ئایینی مەسیحی پیرۆز، ڕۆحێکی پیرۆز بووە و تێکڕای ڕۆحە پیرۆزەکانی تریش دان بەوەدا دەنێن کە ئەم ڕۆحە پیرۆزە بەرجەستە بووە لە جەستەیەکی پیرۆز دا، ئەم کردارەش بە ئیرادەی پەروەردگار کراوە. پوختەی مەبەستیش، دۆناودۆن و نرڤانای ڕۆحی پیرۆز بووە کە لە عیسای پەیامبەر دا بەرجەستە بووە.

بەپێی بیروڕای (کڵێسەی سریانی ئارتەدۆکس– الکنیسە السریانیە الارثذوکسیە) بیرۆکەی بەرجەستەبوون، لە ڕێی جووەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ بتپەرستان، ئەمەش بە هۆی (عەهدی قەدیم– العهد القدیم)ەوە کە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی یۆنانی لە سەردەمی (پاتلیمۆس)(٢٨٠ پ.ز) دا.[2]

لە (مونتەدەیاتی فردەوسی جیهادی– منتدیات الفردوس الجهادیە)دا باس لەم پۆشاک پۆشییە (تقمص) کراوە، بەڵام زیادەڕەوییەکی پێوەیە، بەوەی کاتێك یەکتاپەرستان کەسێکیان لێ دەمرێت، خێرا لەو شوێن و دەوروبەرەدا دەگەڕێن بەدوای ئەو منداڵە تازە لەدایك بوانەی لەو ساتەدا لەدایك دەبن. گوایە گیانی کەسە مردووەکە خێرا دەچێتە جەستەی ئەو منداڵە تازە لەدایك بووەوە لەو ساتە دا.

بیروڕای (ئەهلی هەق)یش زۆر باسی لە دۆناودۆن و پۆشاك پۆشی کردووە. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە گیانی مرۆڤ (١٠٠١) جار خولی بەرجەستە بوون (تجسید) دەبینێت، واتە ئەوەندە جار ئەو ڕۆحە ئەم جەستە و ئەو جەستە دەکات، کە تیایدا چاکەی کردەوەکانی دەدرێتەوە.. [3]

لە شارستانیەتی ڕۆژهەڵات دا، ئایینی (بوودا)ش جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە:

**" دەبێت مرۆڤەکان دەروونیان پاك بێت تا بگەن بە کامەرانی. "**

کەسایەتی بوودا ئەم کارەی بە نرڤانا ناو بردوو، ئەمەش بەوە دەبوو کە مرۆڤەکان واز لە خۆزگەکانی ژیانیان بهێنن و دوای خوداپەرستییەکی پوخت بکەون، لەبەرئەوەی مرۆڤ دەرئەنجامەکەی هەر مردنە. جا بۆئەوەی بە ئیمانداری و ژیانی هەتاهەتایی ئەو دنیا شاد بن، پێویستە واز لە خۆزگەکان و زۆر شتی تری ئەم دنیا بهێنن، کە لە خوداپەرستی ڕاستەقینە دووریان دەخاتەوە.. [4]

لە سەدەکانی ناوەڕاست دا کەسێکی وەك **دانتێ** (١٢٦٥–١٣٢١ز) کاتێك باسی لە کاروباری ئایینی کردووە و مرۆڤی هەڵسەنگاندووە، ئاماژەی داوە کە: مرۆڤ سروشتێکی دووڕوو (مزدوج) یاخود دوالیزمی هەیە، کە گیانی و جەستەییە. (جەستە) هەوڵی بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی سەرزەوی دەدات (ئەم دنیا). بەڵام (گیان) هەوڵی خۆشگوزەرانی هەتاهەتایی (ئەو دنیا) دەدات. جا لەکاتێك دا (ژیری و فەلسەفە) تەنها هۆکارێکن بۆ خۆشگوزەرانی سەرزەوی، (دڵ و باوەڕ)یش تەنها هۆکارێکن بۆ بەختەوەری هەمیشەیی (أبدي)... [5]

---

[1] الأب اسحق ساکا: الاله المتجسد بحسب اعتقاد الکنیسة السریانیة الارثوذکسیة، الطبعة الثانیة، مطبعة شفیق– بغداد، عراق، ١٩٧٠، ص ١٧

[2] الأب اسحق ساکا: الاله المتجسد بحسب اعتقاد الکنیسة السریانیة الارثوذکسیة، ص ٤٠

[3] ه. ئاجەریان، ف. مینۆرسکی، د. محمد موکری، ژ. ه.کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، ل ٦٦

[4] الشنتاوی،احمد: بوودا، ل٣١

[5] د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، ل ٣٥٠

## ٣- ئاوێتە بوون (الحلول)

نووسەر (ئەمین محەمەد تەلیع) ئاماژەی بەوە دابوو کە: ئاوێتە بوون جۆرێکە لە پۆشاك پۆشی، بەلاّم جیاوازی لەوەدایە کاتێك گیان لە جەستەیەکەوە دەچێتە جەستەیەکی تر، تێکڕای سیفەتەکان لەگەڵ خۆی دا دەگوازێتەوە، یاخود تەنها سیفەتە باشەکانی دەگوازێتەوە، واتە لە پۆشاکپۆشی دا ئەم کارە یاخود گواستنەوەی سیفەتەکان مەرج نییە ڕوو بدات.

بەپێی ئەم میکانیزمە، ڕۆحی پیرۆزی پەیامبەران کاتێك هەڵدەستن بە پۆشاکپۆشی، جار لە دوای جار سیفەتی باشتر و جوانتر دەگوازنەوە لەگەڵ خۆیاندا، هەتا دەگەنە ترۆپکی سیفەتە بالاّکان. لەبەرئەوە پۆشاك پۆشی (حەمزە) بۆ خەلیفە حاکم هەمان پۆشاك پۆشی (سەلمان فارسی)بووە بۆ پێغەمبەر (د.خ) وە گشت پەیامبەرەکانی تر، بۆیە دەرزێکان ڕێز لە هەموو پەیامبەران دەگرن، لەبەرئەوەی پەیامبەری دوێنێ پەیامبەری ئەمڕۆشە...[1]

نووسەر (عەبدوڵلاّ نەجار) ئاماژەی دابوو کە: گیان دەچێتە جەستەی تازە لەدایك بووەوە، گیانی یەکتاپەرستان بۆجەستەی یەکتاپەرستان، گیانی لادەر و هەڵگەڕاوەش بۆ جەستەی هەڵگەڕاوە. واتە بەرەو پاکژی و کامڵی و خوداپەرستی، یاخود گەندەڵی و شەڕو ئەشکەنجەدان. هەروەها ئاماژەی دابوو کە مرۆڤ دەروونی پڕە لە خۆزگە سروشتییەکان، کە نەزانین بەسەری دا زاڵە، وە لەبەرئەوەی مرۆڤ ئاوێتەیە بە کردار و زانین و هەڵچون و هەڵنەچون، بۆیە ئەمانە تێکڕا پێویستیان بە بزوێنەرێك هەیە کە زانین لە ڕووکەشیی نەزانین بهێنێتە دەرێ..[2]

گەر سەرنجێك لەم دێڕە فەلسەفییەی یەکتاپەرستانی دەرزی بدەین، وتەکانی (سوکرات)ی فەیلەسوف دێتەوە بیرمان، کە باسی لە (ئیستیقرا و ئیستینبات- استقراء و استنباط) دەکرد. هەردەم دەیگوت مرۆڤەکان نەزان نین، بەڵکو لە زانینی خۆیان بەگومانن. من هەوڵ دەدەم هەڵەکان ڕاست بکەمەوە تا زانیاریەکی ڕاست ودروست بێتە گۆڕێ..[3] دەبینین زۆربەی کات سوکرات باسی لە ئاوێتە بوونی ڕۆح و جەستە کردووە بە ئەقڵ و زانین و فەلسەفە، بۆیە هەردەم دەیگوت (فەزیلەت) بەندە بە (مەعریفە)وە.

وەك درێژەپێدانێك بە سوکراتی فەیلەسوف دەربارەی بابەتە فەلسەفییەکانی، دەبێت ئەوە بزانین کە ناوبراو گرنگیەکی زۆری دابوو بە بابەتە مرۆییەکان، بەوەی فەلسەفەکەی لە چوارچێوەی ئاکار دا داڕێژرا بوو، لەبەرئەوەی ئاکار بەلای مرۆڤەوە زۆر گرنگ بوو. هەر لێرەوە کەسایەتییەکی وەك (شیشرۆن) کاتێك ئاماژە بە سوکرات دەدات، بە شێوەیەك وێنای دەکات کە فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێناوەتە سەر زەوی. مانای تێڕوانینەکانی لە گەردوونناسی و ڕەگەزەکانەوە گۆڕیوەتە سەر دەروون، وە ئاکاریشی لە خولگەی مرۆڤایەتی دا سووڕندووەتەوە..[4]

---

[1] طليع، امين محمد: اصل الموحدين الدروز واصولهم، ص ١٠٠

[2] النجار، عبدالله: مذهب الدروز والتوحيد، ص ٥٧

[3] د. غانم محمد صالح: الفكر السياسى القديم و الوسط، ص ٤١

[4] يوسف كرم: تأريخ الفلسفه اليونانيه، ص ٥٣

پێشتر ئاماژە درا کە یەکتاپەرستانی دەرزی بڕوایەکی تەواوەتییان بە ئاوێتە بوون و دۆناودۆن و نرڤانا هەیە، بڕواشیان بەوە هەیە کە پەروەردگار ژیری بە مرۆڤەکان داوە تاوەکو ڕاستییەکان لە ناڕاستییەکان جیابکەنەوە، بەڵام یەکتاپەرستان هەرگیز بڕوایان بە چارەنووس و قەزاوقەدەر نییە، واتە (تەخیر و جەبر– التخيير و الجبر)..[1]

هەروەك ئاماژەمان پێدا، یەکتاپەرستان بڕوایان وایە کە پەروەردگار ژیری بە مرۆڤەکان داوە تاوەکو بتوانن سپی لە ڕەش جیابکەنەوە، کە مانای (تەخیر– التخيير) دەگەیەنێت. هەروەها بڕوایان بەوەش نییە کە مرۆڤەکان هەرچیەك بکەن بەدەر لە خواست و ئیرادەی خۆیانە، کە دەبێت هەر ببێت، بەمانای ئەوەی خودا وای لە چارە نووسیون، کە (جەبر– الجبر) دەگەیەنێت.

ژیری وەنەبێت تەنها چەمکێکی ئاینی هەبێت، ئایدیای پێشکەوتن بەرهەمێکی شۆڕشی زانستییە و دەست بەدەست لەگەڵ گەشەی عەقڵانیەت ڕۆیشتووە. زانست فۆرمێکی باوەڕپێکراو و ئەقڵانی دابینکرد کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئامانجی مەعریفی جیهانی چواردەوری خۆی بەدەست بهێنێت. ئەمە مرۆڤی لە ئایینزا و دۆگما ئایینییەکان ڕزگار کرد کە پێشتر لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیرییان کۆت و زنجیر کردبوو وە برەویان بە عەلمانیەتی هزری ڕۆژئاوا دا.مرۆڤ بە خۆیی و چەکەکەیەوە کە ئەقڵیەتی، دەتوانێت بۆ یەکەم جار نەك هەر تەنیا جیهانی سروشتی شی بکاتەوە بگرە دەتوانێت لەو کۆمەڵگایەش بگات کە تیایدا دەژی و پرۆسەی مێژووی خۆی شرۆڤە بکات..[2]

لە ئایینی پیرۆزی مەسیحی دا بەهەمان شێوە باس لە ئاوێتە بوون کراوە، وە لکێنراوە بە پەروەردگار و کەسایەتییە پیرۆزەکانەوە. کەسایەتی (ئیسحاق ساکا– الأب اِسحق ساكا) باسی لە ڕۆحی پیرۆز و بەرجەستەبوونی پەروەردگار و ئاوێتەبوون کردبوو، وە ئاماژەی بەوەش دابوو کە کەسایەتی ئایینی (مار فیلکسینۆسی مەنبەجی– مار فلكسينوس المنبجي) ئاماژەی داوە کە:

**" منذ الازل و حتّى الحلول في أحشاء العذراء اِله بدون جَسد، و من الحلول و الى الابد اِله متجسّد."**.[3]

پوختەی مانا ئەوە دەگەیەنێت کە: " لە سەرەتای بوونەوە تا کاتی ئاوێتە بوون، لە ناوپۆشی مەریەمی پیرۆز دا خودایەك هەبوو بەبێ جەستە، لە ئاوێتە بوونیشەوە تا هەتاهەتایە خودایەکی بەرجەستە بووە."

بە بیروڕای یەکتاپەرستان ڕۆح (یاخود دەروونی پیرۆز) لەگەڵ ئەقڵ، لە ناو جەستە دا پێکەوە یەکدەگرن لەگەڵ دەروونی سروشتی یا ژیاوی دا، واتە (ڕۆح و ئەقڵ و ژیان) یەکدەگرن کە بە هۆیەوە کەسایەتی مرۆیی دروست دەبێت، کە هەردەم لە زیاد بوون و کەم بووندایە، بەڵام ژمارەی گیانەکان (روح) هەرگیز نە کەم نە زیاد ناکات. بەپێی ئەم پرەنسیپە تیۆری پۆشاکپۆشی دامەزراوە..[4]

---

[1] العسراوي، د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص ٤٥

[2] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧، ل ٥٧٠

[3] الأب اسحق ساكا: الاله المتجسد بحسب اعتقاد الكنيسة السريانية الارثوذكسية، ص ١٧

[4] النجار، عبدالله: مذهب الدروز والتوحيد، ص ٦٢

## ب - پایە فەلسەفییەکان

مێژوونووسانی ئیسلامی وەك (ئیبن خەلدون، شەهرستانی) ئاماژەیان بەوە دابوو کە ئیسماعیلییەکان، دابەش بوون بۆ دوو بەش، یا دوو بانگەواز، گەر گوزارشتە تایبەتییەکانیان بەکار بهێنین، ئەویش بانگەوازی کۆن و نوێ. کۆنەکەیان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمام (ئیسماعیل کوڕی جەعفەر سادق)، بەتایبەت (محەمەد)ی کوڕی، واتە ناوەڕاستی سەدەی سێی کۆچی. بانگەوازە نوێکەش بۆ سەردەمی کەسایەتی (حەسەن کوڕی سەباح)، واتە ساڵی (٤٨٣ك/١٠٩٠ز)..[١]

گەر سەیرێکی بانگەوازە نوێیەکە بکەین، دەبینین چەندین ناوی ئایینزای نوێی لێکەوتووەتەوە، هەر لە (بەهەرەکان، ئاغاخانێکان، حەشاشەکان، سینانێکان، قادیانی ئەحمەدی، بابی یا بەهائی، ...هتد)، ئەمانە تێکڕا مۆرکی شیعەگەراییان پێوە دیاربوو، بەڵام تێکەڵ بە ئایینی زەردەشتی کراو، واتە لێرەوە ئایینی ئیسلام جۆرە تێکەڵ بوونێکی بە خۆوە بینی بوو لەو ناوچانەدا. هەرچەندە بەلای مێژوونووسێکی عەرەبەوە ئەم ڕاستییانە هیچ مانایەك ناگەیەنێت، بگرە بەلایەوە دووریشە لە ڕاستی.

لە (دائیرەی مەعاریفی ئەمریکی– دائرة المعارف الامریکیە)ی چاپی ١٩٦٥ دا هاتبوو کە "بنەماڵەیەك هەبووە لە هندستان، وازیان لە تێکڕای بیروباوەڕە باوەکانیان هێنابوو، تەنها خەریکی پۆشاك پۆشی و گەردووناسی و لاهوت و تەسەوف بوون. ئەمانە لەگەڵ براکانی ئێرانیاندا جیاوازبوون لە هەڵسوکەوت و سرووتەکاندا، لەوێ فێری زۆر شت بوون و ناوبانگی باشیان دەرکردبوو،چەندین بازرگانی کارایان لێ پەیدا ببوو. بڕوایان وابوو کە (زەردەشت) پەیامبەریانە و یەکتاپەرستیش بووە."[٢]

لە ڕاستی دا ئەوەی گرنگە تێکڕای ئەم ئایینزایانە ڕابەرەکانیان بە پەیامبەر لەقەڵەم داوە. بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا یەك ڕێچکەیان هەبووە. بە هەمان شێوە لە کوردستانیشدا هاوشێوەی ئەم ئایینزایانە هەبوون. واتە ئایینزای تێکەڵ بە شیعە و زەردەشتی، هەروەك ئێزدی و ئەهلی هەق (کاکەیی) و شەبەك و تۆمار و سارلی و باجورانی و تەنانەت (عەلی ئیلاهی)یەکانیش، کە شیعەیەکی تەواون و بڕواشیان بە دۆناودۆن و نرڤانا و ئاوێتەبوون هەبووە.

مێژوونوس (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لەکتێبی (کورد و کوردستان) دانوسیبووی کە بێجگە لە بنەماڵەی ئێزدی، هەر لەلیوای موسڵ دا بنەماڵەی (سارلی، باجوران، شاباك)یش هەیە کە ئەمانە کوردن و بە پێی وردبینی لیژنەی (عصبه الامم) کە ئەمە دووپات دەکاتەوە دەڵێت زمانەکەیان کوردییەکی تێکەڵ و پێکەڵە و باوەڕیان جیایە. وە دەڵێت (ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیش) خەڵکی سنجاری بە کورد قبوڵ کردووە و لە ماددەی شاباك (شەبەك)دا باسی ئەم سێ تایەفەیەی دوایی کردووە و ئەڵێ شاباك مەزهەبی هەندێ لە کوردانی موسڵە، وە بە گوێرەی ئاماری کارمەندانی (ئینگلیز) ژمارەیان دەهەزار کەسێکە.

---

[١] دفتري، د.فرهاد: خرافات الحشاشين و اساطير الاسماعيليين، ص ٢١٤

[٢] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: ژمارە ٢–٣، بەشی دووەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد– بەغداد، عێراق، ١٩٧٥، ل ٥٩٢

موسوڵمانانی ئەو ناوەش (اعوج)یان پێدەڵێن مانای (چەوت).. ئەمانە لە قەزای سنجار لە دێهاتەکانی (عەلی ڕەش، یەکیجە، خەزنە، تاللار، ....هتد نیشتەجێن. وە لەگەڵ ئێزدییەکانی دراوسێیان دا یەکن. وە بەگوێرەی (اب اناستاس) ئەمانە شیعەی (موفریتن–مفرط)..[1]

مێژوونووس (کەریم زەند)یش لە کتێبە ڕەنگین و کەم وێنەکەی دا بەهەمان شێوە ئاماژەی بەم ڕاستیانە دابوو، واتە باسی لە تێکڕای ئێزدی و شاباك و ئەوانی دی کردبوو، بە هەمان شێوەش وەکی مێژوونووسان و نووسەرانی کورد، ئەوانی بە کورد لەقەڵەم دابوو..[2]

## ١ – خودا و خودا پەرستی

ئەو گەوهەرەی کار دەکات و هەڵدەچێت، دەروونی پیرۆزە لەبەرئەوەی ژیرە، زانایە، زیندووە، ڕوونە، هەستیارە، قبوڵی نەزانی هەروەها دانایی و زانایش دەکات. وە لەبەرئەوەی دەروونی مرۆڤەکان ڕەزامەندن بەرامبەر زانین و نەزانین، ئەوجا کامیان زاڵ بوو بەسەری دا ئەوەیان ڕەنگدانەوەی زیاتر دەبێ. مانای زانین یا نەزانین.[3]

پاشان ئەم دەروونانە لەبەرئەوەی هێزی بیرکردنەوەیان تێدا چەسپیوە کە ژیری دەگەیەنێت، ئەوا بە یەکگرتنی ژیری و دەروون بەرجەستە بوونێکی نوێ لە دەروون دا دێتە گۆڕێ کە پێی دەگوترێت (النفس الناطقه)، هەروەك فەیلەسوفانی یۆنانی پێیان دەگوت (نەفسی عاقل– النفس العاقلة)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (ئەقڵی گشتی) دروستکراوی پەروەردگارە، هەرچی ئەقڵی مرۆڤەکانیشە ڕێچکەی ئەو ئەقڵە گشتییەن کە کە خوڵقێنراوی پەروەردگارە.[4]

کەواتە جۆرە پیرۆزییەك ئاوێتە دەبێت لەگەڵ مێشکی مرۆڤەکان دا کە ئامرازی بیرکردنەوەیانە. ئەمەش سەرەتاییترین وە گرنگترین پایەی فەلسەفییە لەلای یەکتاپەرستانی دەرزی، هەر ئەمەشە وای کردووە کە یەکتاپەرستان بڵێن ئایینزاکەمان (ئایینزای ژیرییە)، واتە ئەو ئایینزایەی کە بەپێی پرەنسیپە ئەقڵییەکان هەڵسوکەوت دەکات.

---

[1] محمد ئەمین زەکی: کوردوکوردستان، ل ٢٩

[2] کەریم زەند: ئایینستان =کوردلاند، تۆماری تەمەن (٧)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەزمر– سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٤– ١٦

[3] النجار، عبدالله: مذهب الدروز والتوحید، ص ٥٧

[4] العسراوي، د.نجیب: المذهب التوحیدي الدرزي، ص ٣١

لـە ئۆرگـانی (ویکیپیدیا) دا ئاماژەی پێکراوە کـە دوای ئـەوەی دەروونـی ژێـر دروسـت دەبێـت، مێشکێکی کامڵی خاوەن هێز دێتە کایەوە. لێرەوە گشت بوونەوەرەکان دروست دەبن، مێشکیش درکیان پێدەکات. ئەم بوونەوەرانە (دەروونی وتەبێژ- النفس الناطقە) دەچێتە جەستەیانەوە، واتە قسەکردن و بیرکردنەوە و تێڕوانین. بۆیە ئەم بوونەوەرانە خوازیار بوون کە دروستکەر و خوڵقێنەری خۆیان ببینن، مانای پەروەردگار، ئەویش بەزەیی پێیان دا دێتەوە و خۆی نیشانیان دەدا لە گەورەترین و پیرۆزترین وێنەدا، کە یەکتاپەرستان ئاماژەی پێدەکەن بە (ئەلعەلی ئەلئەعلا- العليّ الاعلى).

دەرزییەکان ئاماژە دەدەن کە: " پاش ئەوەی پەروەردگار لە گەورەترین و پیرۆزترین وێنەدا خۆی نیشانی بوونەوەرەکانی دابوو، ئەم کردارە دووبارە ببوەوە تا کەسایەتی خەلیفە حاکم. ئەمەش بە مانای ئەوەی کەسایەتی ناوبراو ڕۆحی پیرۆزی پەروەردگاری تێدا بەرجەستە ببوو." ئەم ئاماژە پێدانە دوو مەبەستی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان: مەبەست لە گەورەیی و پیرۆزی خەلیفە حاکم بیئەمریللایە کە دەستنیشانکراوی پەروەردگار بووە. دووەمیان: ئەوەی پێی دەگوترێت چەمکی دۆناودۆن و نرقانا و ئاوێتە بوون، کە بەلای یەکتاپەرستانەوە گرنگە و لەم دا بەرجەستە بووە..

یەکتاپەرستان ئەم خوداپەرستییە لە سورەتی (ئیخلاس–الاخلاص)دا دەبینینەوە کە فەرمویەتی:

**قل هو الله احد، الله الصمد، لم یلد ولم یولد، ولم یکن له کفؤاً احد.** صدق الله العظيم.

مەبەستی سەرەکی ئەم ئایەتە پیرۆزەش ئاماژەدانە بە تاك و تەنیایی پەروەردگار..

هەر لەم ڕووەوە فەلسەفەی ئایینی یەکتاپەرستان ئاماژەی داوە کە:

**انّ الله لا اله الاّ هو، خَلق الاکوانَ بارادته و مشیئته**

مانای: "هیچ خودایەك نییە تەنها پەروەردگار نەبێت، گەردوونەکانی خوڵقاندووە بە ئیرادەی خۆی."

وە ئاماژە دەدەن بەوەی کاتێك فەرمویەتی: (ببە، بووە)(**کن، فکانت**). ئەمەش ئاماژەدانە بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، کە فەرمویەتی:

**انَّ أمرهُ أن یَقل للشيء کُن فَیکُن**

واتە "فەرمانی ئەوەیە بە هەر شتێك بڵێت ببە دەبێت."

بە هەمان شێوە لە (سفری یەهودیت)ی تەورات دا فەرمویەتی:

**فَلتعبدُك الخلیقةَ بِاسرها لانَّك قُلت فکانت، وَ أرسلت روحكَ فَخلقتْ**

واتە "با بونەوەران تێکڕا بتپەرستن، لەبەرئەوەی وتت، بوو.. وە ڕۆحت نارد، دروست بوو."

هەروەها لە ئینجیلی پیرۆزی لۆقا دا فەرمویەتی:

**ألغیر المستَطاع عندَ الناسْ، مُستطاعْ عندَ الله...**[1]

مانای: "ئەوەی لای خەڵك لە توانادا نییە، لای پەروەردگار لە توانادایە." کە دەتوانین بڵێین هەمان مەبەستی پێشوو دەگەیەنێت.

هەر لەبارەی گەورەیی و پیرۆزی و توانای پەروەردگارەوە یەکتاپەرستان دەڵێن:

**انَّ الله هوَ ألخالق ألموجدْ کلَّ شيء، وَ انَّهُ أزليّ وَ آبدي..**

مانای:" پەروەردگار خوڵقێنەری هەموو شتێکە، وە هەتاهەتایی و هەمیشەییە."

ئەم وتەیەشیان هاوتای وتەی فەیلەسوفانی یۆنانییە، کە وتویانە: (پەروەردگار دروستکەری هەموو شتێکە، نەمرو سەرمەدە)..[2]

لە کۆتایی دا دەڵێین یەکتاپەرستان ئاماژەیان داوە کە: **لا الهَ الاّ ألله**

مانای "هیچ خودایەك نییە تەنها پەروەردگار نەبێت... بێ هاوبەش، زیندووکەرەوە و مرێنەر، بە توانایە، زیندووە و ناوی پیرۆزە، زۆر بە بەزەیی و بەخشندەیە، لە هەموو سەردەم و کاتێك دا بە گۆڕینی ناو و سیفەت دەردەکەوێت....[3]

---

[1] الآب اسحق ساکا: الاله المتجسد ص ٢١

[2] العسراوي، د.نجیب: المذهب التوحیدي الدرزي، ص٢٣

[3] طلیع، امین محمد: اصل الموحدین الدروز واصولهم، ص ٩٢

## ٢ – دروست بوون

یەکتاپەرستان ئاماژە دەدەن کە: " پەروەردگار لە ڕوناکی پیرۆزییەوە (نورە الشعشعاني) وە بە ئیرادەی پیرۆزی خۆی، وێنەیەکی کامڵ و تەواوی دروست کرد کە هەوێنی هەموو شتەکان بوو. گەر بیەوێت شتێك دروست بکات، دەفەرموێت (ببە، دەبێت). ئەم وێنەیەشی ناونا مێشك (عقل). ئەم مێشکە کامڵ بوو بە ڕوناکی و هێز، کردار و وێنە، هەموو بونەوەرەکانی تێدا ئامار کرا. ئەم ئەقڵە لە هەموو کات و سەردەمێك دا بوونی هەبوو، ئەمەش (سابق)ی ڕاستەقینەبوو."(نامەی ١٣)..[1]

کەواتە بە فەرمانی پەروەردگار، لە ڕوناکی پیرۆزییەوە ئەقڵ دروست بوو، وەك یەکەم داهێنان، بۆیە بە (حوججەتوڵلاَ– حُجّـةُ الله) لەنێو بونەوەرەکان دا لە قەڵەم درا. بەڵام ئەمە جۆرە لەخۆبایی بوونێکی بۆ ئەقڵ دروست کرد، بەوەی هەستی کرد لەم باشتر و جوانتر و داناتری دروست نەکردووە و پێویستی بە کەس نییە و کەسیش دژی نییە. ئەمەش لادان لە بوون و پشت کردنە ڕوناکی بوو. لێرەوە پشت کردنە بوون (نەبوون)ی هێنایە کایەوە، هەروەها پشت کردنە ڕوناکی (تاریکی) هێنایە کایەوە.

لە ئۆرگانی (ویکیپیدیا) دا ئاماژە بەمانە دراوە و تێیدا هاتووە کە: "بەم شێوەیە لە ملکەچ بوونی ئەقڵەوە (یاخی بوون)، وە لە ڕوناکییەوە (تاریکی)، وە لە خۆبەکەم زانینەوە (خۆبەگەورە زانین)، وە لە زانینەوە (نەزانین) هاتە کایەوە. واتە چوار مۆرکی خراپ بەرامبەر چواری باش هاتە کایەوە. لێرەوە ئەقڵ هەستی کرد سەری لێ شێواوە، بۆیە دانی نا بە بێتوانایی خۆی دا و لێبوردن و پاڕانەوەی گرتەبەر، تاخودا زاڵی بکات بەسەر ئەم دژانەدا. پەروەردگاریش ئەم پاڕانەوەیەی لێ قبوڵ کرد، بەڵام (نەفسی کوللی– النفس الكلي) دروست کرد، بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم دژانەدا. دەرکەوتنی (نفس) لە نێوان ڕوناکی ئەقڵ و تاریکی دژدا بوو، بە دەرکەوتنی ژیان و کردارەکان هاتە گۆڕێ. بەڵام بەهۆی دروست بوونی ڕەگەزی بەربەرەکانییەوە وەك یارمەتیدەرێکی دژ، ئەقڵ و دەروون ناچار بوون هەوڵ بدەن بەسەری دا سەربکەون. بۆیە لە ئەنجام دا ڕوناکییەکی تر لە (دەرون– نفس)ەوە دەرکەوت کە (وتە– الكلمه)ی هەمیشەیی بوو. وە لە (وتە– الكلمه)ەوە (ڕابردوو– السابق) دروست بوو، وە لە (السابق)ەوە (داهاتوو– التالي) دروست بوو."

ئەم وتە و دەستەواژانەی ئاماژەی پێدرا، پڕاوپڕ لەگەڵ بابەتە فەلسەفییەکان دا دەگونجێت، فەیلەسوفێکی وەك شیشرۆن (١٠٦– ٤٣ پ.ز) ئاماژەی دابوو: یاسای سروشتی هاوتایە لەگەڵ ئەقڵ دا، هەردوکیان یەك سەرچاوەیان هەیە کە هێزی خودایییە (القوه الالهیه). هەروەها کەسایەتییەکی وەك (تۆماس ئەکوینی) کە فەیلەسوفی سەدەی سیانزەهەم بوو، باسی لە یەکخستنی ئەقڵ و باوەڕ کردبوو..[2] ئەمانەش درێژکراوەی فەلسەفەی گریکی بوون کە یەکتاپەرستان بە گەورە ڕۆحانییەکانی خۆیانیان دەزانی.

---

[1] النجار، عبدالله: مذهب الدروز والتوحيد، ص ٤٢

[2] د.غانم محمد صالح: الفكر السياسى القديم و الوسط، ص ٢٠٣

گەر بڕوانینە فەلسەفەکانی (فیلۆنی ئەسکەندەری)، * دەبینین کاتێك باس لە دروست بوون و بوون دەکات، تێکڕا دەیبەستێتەوە بە شکۆمەندی و بڵندیی پەروەردگارەوە. بەڵام ئەم شکۆمەندییەش لای ئەو دوو جۆرە، یەکێکیان ڕەها ئەوی دی ڕێژەیی. هەروەك لەم دەستەواژەیە دا دەردەکەوێت، "پەروەردگار تەنها ئاشتەنگەکانی نەهێناوەتە نێو ڕوناکییەوە، بەڵکو ئەو ئاشتەنگانەشی دروست کردووە کە پێشتر بوونیان نەبووە. تەنها دروستکەریش نییە، بەڵکو خوڵقێنەرە."

ناوبراو دەیەوێت بڵێت جیهان لە نەبوونەوە (عدم) دروست بووە، گیانەکان بەتاڵ بوون لە ماددە، پەروەردگار دروستی کردن، هەروەك چۆن ژێری بیرۆکە و هزرەکان دروست دەکات. بەڵام جیهانی هەست پێکراو لە ئەنجامی ڕێکخستنی ماددەی پێشووەوەیە لەلایەن پەروەردگارەوە، یاخود لە ئەنجامی کاری نێوەندەکانی نێوان پەروەردگار و ماددەیە، هەروەك بیروبۆچوونی ئەفلاتون. بەڵام فیلۆن تا ڕاددەیەك لەم بیروبۆچوون و نێوەندە کەم دەکاتەوە، بەوەی خوڵقاندن تواناکانی پەروەردگار دەردەخات. وە جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوانەی خوڵقێنراون خێر و چاکەی پەروەردگاریان لەلا پەسەندە..[1]

گەر لە ڕوانگەی مانیزمەوە لە فەلسەفەی دروست بوون بڕوانین، دەبینین بە شێوازێکی جیاواز لە بیروبۆچونەکانی پێشوو باسی لێکراوە. لەم بارەوە مانیزم دروست بوون و ژیان بۆ دوو دروستکراو دەگەڕێنێتەوە، یەکێکیان (مرۆڤی کۆن) و ئەوی تر (شەیتان)ە. ئەم دوانەش لە دوو ڕەگەزی جیاواز پێکهاتون کە لە ململانێیەکی بەردەوام دان بە مەبەستی بەدەستهێنانی هێزی (ڕوناکی و تاریکی). هەربۆیە سەرەتا (تاریکی) شەیتانی دروستکرد تاوەکو لە لێدانی هێزی (ڕوناکی) دا هاوکاری بکات..[2]

لە سەردەمی نوێش دا کەسێکی وەك (جۆن فریدریك هیگڵ–١٧٧٠–١٨٣١ز) فەیلەسوفی سەردەمی نوێ، دەربارەی فەلسەفەی ڕۆحیی جەختی لەسەر ئەوە کردبوو: "جیهان وەك یەکەیەکی یەکگرتوو وایە، چەشە کراوە بە ڕۆح و ئەقڵ، کە بە وێنە یا ئەقڵی خواوەندی ناوی بردبوو، وە ئاماژەی دابوو کە تەنها ئەمانە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە، هەرچی لە دەرەوەی ئەمانەیە (بە ماددە و جیهانی دەرەوەش) دروستکراوی ئەقڵن، بۆیە وتبووی ئەقڵ سەروەرە (العقل سيد العالم)." [3]

ئەمانە پوختەی ئەو بۆچوونە فەلسەفیيانە بوون کە دەربارەی دروستبوون (تكوين) وترابوون، هەر لێرەشەوە دەتوانین بڵێین کە یەکتاپەرستانی دەرزی هەمان بۆچوون و تێڕوانینیان هەیە دەربارەی بابەتە فەلسەفییەکانی تایبەت بە دروست بوون...

---

* (فیلۆنی ئەسکەندەری)(٣٠ پ.ز– ٥٠ز) فەیلەسوفێکی جوو بوو لەژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی دا. واتە فەلسەفەکانی تێکەڵ بوو لە فەلسەفەی یۆنانی و بیروباوەڕی جوو، ئەمە بێجگەلەوەی بە نێوەندێك دادەنرا لە نێوان ئەوانەی بڕوایان بە بتپەرستی هەبوو، لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە فەلسەفەکانی یۆنانی هەبوو..

[1] یوسف كرم: تأريخ الفلسفه اليونانيه، ص ٢٥٠

[2] کەیوان ئازاد ئەنوەر: مانیزم، لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی– ئایینی)یە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان– سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤، ل ١٣٢

[3] د.موسى ابراهيم:معالم الفكر السياسىالحديث والمعاصر،مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر– بيروت،لبنان،١٩٩٤،ص٢٣٩

## ٣- ئایین

یەکتاپەرستان لەو باوەڕەدا بوون کرۆکی ئایین ئەوەیە کە مرۆڤ ویژدانی پاڵاوتە بێت. بەم ویژدانە پاڵاوتەیەشەوە هەڵدەستێت بە پیرۆزکردنی دادوەری و حیکمەتی پەروەردگاری. هەر بۆیە یەکتاپەرستان بە گوناهی دەزانن (قوربانی) پێشکەش بکرێت و نوێژو ڕۆژو بەجێ بهێنرێت وەك ئەرکێکی ئایینی، لەکاتێك دا ئەو کەسە نوقمی تاوان و خراپەکاری بێت. ئەوەش لەبەرئەوەی ئەو قوربانییە بە حەڵاڵ نازانن کە تێکەڵ بە گوناهو تاوان بێت، هەروەها نوێژەکانیش تێکەڵ بە لادان و کاری نابەجێ ببێت..[١]

ئەوان ئایینزاکەیان بە پوختەی ئایینەکان و هەوێنی هزری ئیسلامی و بزوتنەوەی چاکسازی دەزانن، بۆیە هەوڵی سەرکەوتن بەسەر بیروباوەڕە نامۆ و شازەکان و نەهێشتنی هاوبەش پەیداکردنیان دەدا، وە بەو ئایینزایەشی دەزانن کە ناکۆکی نێوان شیعەکان و سوننەکان بنبڕ دەکات..[٢]

لەم بارەیەوە (عەلی وەردی) کاتێك باس لە ئایین دەکات دەنووسێت: " ئیسماعیلییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە هەموو شەریعەتەکانی پەیامبەران دوو ڕووی ناوەکی و دەرەکییان هەبووە (ظاهر و باطن)، دەرەکیەکەی (واتە ڕوکەش) چارەسەری دەروونە نەخۆشەکانی (زۆرینەی خەڵك)ی پێکراوە، بەڵام ناوەکیەکەی کە مەبەستی سەرەکی ئایینی لەخۆ گرتووە، بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی بووە. ئەمەش نهێنییەك بووە کە کەس تێی نەگەیشتووە تەنها پەیامبەران و فەیلەسوفان و زانایان و تێگەیشتووان نەبێت، واتە کەمینەیەکی کۆمەڵگای ئیسلامی." [٣]

نووسەر ئاماژەی بەوەش دابوو کە نهێنی پەیڕەوکردن ببووە مۆرکێکی دیار بۆ ئیسماعیلییەکان هەروەك (موعتەزیلە-معتزلە)کان. بەڵام ئیسماعیلییەکان پەندیان لەو هەڵانە وەرگرتبوو کە پێشتر موعتەزیلەکانی تێکەوتبوو، بەوەی موعتەزیلەکان بۆچونەکانیان لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی ئەو سەردەمەدا نەدەگونجا. بۆیە ئیسماعیلیەکان سیستەمی ئایینی خۆیان لەسەر بنچینەی چینایەتی ئەقڵی (الطبقة العقلیە) دامەزراند، واتە ئەوەی بۆ چینێك دەستی دەدا مەرج نەبوو بۆ چینێکی تر دەستی بدایە، بەم کارەشیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. لەم بوارەش دا بزوتنەوەکانی (قەرامیتە و حەشاشینەکان- قرامطە و حشاشین) دوو نمونەی دیاری ئەو سەرکەوتنەیان بوو، کە ماوەیەکی زۆر ململانێیان لەگەڵ عەباسیەکان دا دەکرد. ئەم وتەیەش خۆی لەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەدا دەبینییەوە کە لە سەدەکانی سێ و چواری کۆچی/ نۆ و دەی زایینی دا ڕوی دا..

---

[١] طلیع، امین محمد: اصل الموحدین الدروز واصولهم، ص٩١

[٢] العسراوي، د.نجیب: المذهب التوحیدي الدرزي، ص ٧١

[٣] وردي، د.علي: منطق ابن خلدون في ضوء حضارته و شخصیته، الطبعه الاولی، منشورات سعید بن جبیر- قم المقدسە، جمهوریة ایران الاسلامیه، ٢٠٠٥، ص ١٨٤

ئایینی ئیسلام وەك ئایینە ئاسمانییەکانی تر ڕێ نادات چەند پرسیارێك بکرێت، لەو پرسیارانە (کێ خالقە؟ یاخود کێ دروستکەرە؟ وەیان خودا کێیە؟). واتە ئەو پرسیارانەی ڕۆدەچن لە زاتی خودا. ئەمانە هێڵی سوورن نابێ تێبپەڕێنرێن، لەبەرئەوەی تایبەتن بە ئایینەکەوە. بۆیە لێرەدا مرۆڤەکان ملکەچی ئیرادەی پەروەردگارن، وەك ئایینەکانی تر. ئەمەش بە بڕواو بە باوەڕ نەك بە ژیری. لەم ڕەوشانەدا دەبێت ئەقڵ دەستبەرداری وەزیفەی خۆی بێت و لێرەدا بوەستێت و ملکەچی نیشان بدا..[1]

بە هەمان شێوە ئەم ڕاستیانە بەسەر ئایینزای یەکتاپەرستان دا جێبەجێ دەبێت، بەهیچ شێوەیەك ڕێ بە چەند پرسیارێکی نهێنی نادرێت، وە نابێت بدرکێنرێت تەنانەت لەنێو خۆشیان دا، گەر تەمەنی ئامادەبوو بۆ کارە ئایینییەکان نەگاتە (٤٠) ساڵ. لەگەڵ ئەوەش دا زۆر بابەتی ئایینی تر هەیە باسی لێ ناکەن، لەبەرئەوەی کێشە دروست نەبێت.

لێرەوە (عەلی وەردی) پێی وابووە: ئیسماعیلییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە خەڵکی لە کۆمەڵگادا لە ڕووی هێزی دەروونی و دروستی بیرکردنەوەیان، دابەش ببوون بۆ دوو لایەن، (گشتی و تایبەتی)، تایبەتەکان (کەمینەن): ئەوانە بوون کە دەکرا پشتیان پێ ببەسترێت بۆ چاکسازی بیروباوەڕی زۆرینەی خەڵك. هەرچی گشتییەکانە (زۆرینەن): ئەوانە بوون کە دەبوو فێربکرانایە و گوێ ڕایەڵی کەمینە بوون. دژی هەموو گۆڕانکارییەکی کۆمەڵگا بوون، هزر و ژیربێژی و فەلسەفە بەلایانەوە لادان بوو لە فیکری باو، واتە دژی هەموو گۆڕانکارییەك بوون.

کەسێکی وەك (غەزالی) دژی بۆچونی ئیسماعیلییەکان و موعتەزیلەکان بوو، تێکڕای نوسینەکانی تەرخان کردبو بۆ هێرش کردنە سەر ئەوان و ژیربێژی و فەلسەفە. لەلایەکی ترەوە لە سەردەمی خەلیفە (متەوەکیل)دا زاراوەی (ئەهلی سوننە وجەماعە– أهل السُنّة والجماعة) هاتە گۆڕێ، لێرەوە زۆرینەی خەڵك پشتیان بە (سوننە) بەست وە لایەنگری (جەماعەت) بوون، بەمەش پشتیان کردە ژیربێژی و دوورکەوتنەوە لە فەلسەفە و ڕادەربڕین، لێرەوە دەستەواژەیەك بڵاوبوەوەلە نێو کۆمەڵگا دا، ئەویش بریتی بوو لە (**من تمنطق فقد تزندق**)، واتە "ئەوەی ژیربێژی بکات زەندیقە"..[2]

بەڵام ئەمە ئەوەی نەدەگەیاند کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامی دا بەهیچ شێوەیەك کار بە فەلسەفە و ژیربێژی نەکرابێت، بەڵکو کاریگەری خۆی هەبووە و کەسانێکیش هەبوون لەم بوارانەدا کاریان کردووە. بەڵام زیاتر مۆرکێکی ئایینی بەسەریاندا زاڵبووە..

ئایینەکان بە گشتی، چەندین پایەی فەلسەفی و ژیربێژی و تێڕوانینی زانستی لەخۆ دەگرن، چەندین پرەنسیپی باشە و ڕاستگۆیی و خوداپەرستی تیایان دا بەرچاو دەکەوێت، کە ئەمە تێکڕای ئایینزاکانیش دەگرێتەوە. ئایینی (بوودا)ش نمونەیەکی زیندووی ئەم پرەنسیپانەیە کە باس کران، لەبەرئەوەی لای بوودایەکان ئایین بریتی بوو لە (کردەوە و کار). بوودا هەردەم باوەڕدارانی خۆی لەوە ئاگادار کردبوەوە کە بەدڵ خوداپەرستی بکەن، بۆئەوەی دەروونیان لە خراپەکاری دوور بێت،

---

[1] دۆسێی ئیسلام: وەرزە گۆڤارێکی تایبەتە بە ئیسلام، ژمارە (٤)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان– سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧، ل ١٠٢

[2] وردي، د.علي: منطق ابن خلدون ص ١٨٢

لەبەرئەوەی خراپەکاری لەناخی هەموو شتێك دا بوونی هەیە. هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردبووەوە کە وەك چرا وابن، دەروونی خۆیان و دەوروبەری پێ ڕوناك بکەنەوە، وە لە دەروونی خۆشیان بەولاوە پشت بە هیچ پشتیوانێکی تر نەبەستن، ئەمەش مانای (تەنها ڕاستی چرایە)..[1]

یەکتاپەرستانیش هەمان بۆچونیان هەبوو، گەر هەمان وشە و ڕستەش نەبووبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بۆچونەکانیان لای موسوڵمانان تا ڕاددەیەك خوازیار نەبوو، واتە چەشە کرابوو بە گومڕایی. ئەمەش هۆکارێك بوو بۆئەوەی پەیڕەوانی ئاییینزای یەکتاپەرستی قۆزاخەیەك بە دەوری خۆیاندا دروست بکەن. بەمانای دوورکەوتنەوەی گروپێکی ئاییینی لەناو کۆمەڵگای ئیسلامی دا.

کاتێك خۆری (ئومەوییەکان) لە ئاوابوون دا بوو، ئەستێرەگەشەی (عەباسییەکان) لە هەڵاتن و درەوشانەوەدا بوو، لە چەندین لاوە هەوڵی سەرخستنیان درا. کەسایەتییەکی وەك (عەبدولڕەحمان ئەبو موسلیمی خۆراسانی– عبدالرحمن أبو مسلم الخوراسانی) کە کوردێکی هەرێمی خۆراسان بوو، * وە کە لای مێژوونووسەکان ناسراو و ناوی زانرا بوو، ئەم کەسایەتییە سەرکردەیەکی ناوداری بانگەشەی عەباسییەکان بوو، بەڵام بە بیروڕایەکی (مانیزم)، کە دواتر بە (مسقۆف– زەندیق) لە قەڵەم درا..[2]

ئەمەش بە بۆچونی هەریەك لە (تەبەری، کوڕی نەدیم، مەسعودی، بەیرونی، عەبدولڕەحمان بەدەوی، حامید عەبدولقادر، عاتف شوکری ئەبو عەوەز، د.حسێن عەتوان، د.جیهانگیر ئۆشیدری– الطبري، ابن الندیم، المسعودي، البیروني، عبدالرحمن بدوي، حامد عبدالقادر، عاطف شکري ابو عوض، د.حسین عطوان، د.جهانگیر ئوشیدری) و چەندینی تر..[3]

نووسەری کورد شێخ محەمەدی مەردۆخی کوردستان جەختی لەسەر ئەم ڕاستییە کردبووەوە، کە کوردێکی خۆراسان بووەو بەدەستی (ئەبو جەعفەری مەنسور) کوژراوە. لێرەدا ئاماژەی بە وتەکانی (ئەبو دەلامە– أبو دلامە)ی غوڵامی حەبەشی کردبوو، کە لەکاتی کوشتنەکەی دا وتبووی:

**أ بـا مجـرم مـا غيّـرَ اللهُ نعـمةً على عَبـده حتّى يـغـيِّرها الـعبـدُ**

**أفي دولة المنصور حاولتَ غدرنا ألا أنَّ أهلَ الغدرِ آباؤك الكردُ..** [4]

مانای"ئەی تاوانبار خودا هیچ نیعمەتێك لەسەر بەندەی خۆی ناگۆڕێ، تا ئەو بەندەیە خۆی نەیگۆڕێ. لە دەوڵەتی (مەنسور) دا ویستت غەدرمان لێبکەی، ئەهلی غەدر کوردی باووباپیرتن.."

مێژوونووس (ئیبن قوتەیبەی دینەوەری– ابن قتیبە الدینوري)(٢٧٦ك–٨٨٩ز)، یەکەمین کەس بوو کە ئاماژەی بە ڕەگەزی ئەم کەسایەتییە دابوو، وە وتبووی "مێژوونووسان ناکۆك بوون لەسەر نەژاد و

---

[1] احمد الشنتاوي: بوودا، ل ٢٧

* ناوی ڕاستەقینەی (بەهزادان کوڕی وەنداد کوڕی هورموزد)ە، لە تەمەنی (١٩) ساڵییەوە پەیوەندی بە (ئیبراهیم کوڕی محەمەد کوڕی عەلی)یەوە کردبوو، جێی متمانە و باوەڕپێکراوی ئەو بوو.

[2] کەیوان ئازاد ئەنوەر: مانیزم، لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی– ئاییینی)یە، ل ٢٥٩

[3] کەیوان ئازاد ئەنوەر: مانیزم، ل ٢٥٠

[4] مەردۆخی کوردستان،شێخ محەمەد: مێژووی کورد و کوردستان، و: عەبدول کەریم محەمەد سەعید، چاپخانەی ئەسعەد– بەغداد، عێراق، ١٩٩١، ل ١٧٩

شـوێنی ئـەم کەسـایەتییە، بـەوەی هەنـدێکیان گێڕابویانـەوە بـۆ شـاری (ئەسـفەهان)، هەنـدێکی کـە بـۆ (خۆراسان)، بەڵام (ئەبو دەلامە) گێڕابویەوە بۆ ڕەگەزی کورد..[1] واتە نەژاد کورد بووە..

عەباسییەکان سەرەتا لەڕێگەی کوردستانەوە و بە هاوکاری کوردان و نەتەوەکانی تر، توانیبویان دەربکـەون و سـەرەتاترین جموجـوڵ و شۆڕشـیان دەسـت پێبکـەن، وە بگەنـە ناوجەرگـەی دەسـەڵاتی ئومەوییەکانەوە لە دیمەشقی پایتەخت..[2]

مەبەسـتی سـەرەکی لـەم وتانـە (نـە ئـەم کەسـایەتیەیە نـە ڕەگـەز و نـە جێنشـینی)، بـەڵکو ڕێ پێنەدانی ئایین و ئایینزاکانی تربوو لە سەردەمی دەسەڵاتە ئیسلامییە یەك لەدوای یەکەکان دا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ڕێ لە دزەکردنی لایەنگرانی ئایینزاکانی تر نەدەگیرا، کە بانگەشەی ئیسلامی بوونیان دەکرد، ئەمەش بە فەلسەفەی نوێ. لەم بارەیەوە (عـەلی وەردی) کاتێك ئاماژەی بەم کەسایەتییە دابوو، ئەوەی ڕوون کردبوەوە کە تەنها خۆی هەڵنەسابوو بەم کارە، بەڵکو چواردەور و ژینگەکەش یارمەتیدەری بوون. سەرکەوتنی دەسەڵاتی عەباسییەکان هۆکارێك بوو بۆ قێزەون کردنی دەسەڵاتی عـەرەب و تۆڵـە سـەندنەوە لێیـان. بۆیـە (ئیبراهیم ئیمام)ی ڕابـەری بانگـەواز، نامەیـەکی نووسیبوو بـۆ (ئـەبو موسـلیم)ی بریکاری خۆی و تیایدا وتبووی:

**"اِن استطعت أن لا تدعْ بخراسان أحداً يتكلّم بـالعربيه فـأفعلْ، و أيُّما غلام بـلغ خمسة أشـبار تتهمه فـأقتله، و عليك بضـر فـأنّهما العدو القريب الدار، فـأبد خضراءهم، ولا تدع في الارض منـهم ديـاراً.."** [3]

مانـای" گـەر توانیـت نـەهێڵیت لـە خۆراسـان کـەس بـە عـەرەبی بـدوێ، بیکـە. لاوەکانیـان بکـوژە، شینایی مەهێڵە، ئەوانە دوژمنن، دار و پەردویان مەهێڵە."

دوای کوشتنی (ئەبو موسلیم)، لایەنگرانی ناوبراو کە خەڵکی خۆراسان بـوون، وە بـە ئیمـام لـە قەڵەمیان دابوو، ئەم ئیمامەتییەیان گواستەوە بۆ (فاتمە)ی کچی. لێرەوە ئایینزایـەکی نـوێ هاتـە کایـەوە کە بە (الفاطميه)، یا(الرزاميه) ناوبرا. ئەمانە لە باسی (ابو مسلم) دا زیادەڕەوییان دەکرد (غلاة)، بەوەی جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە ڕۆحی پیرۆزی خواوەندی بە بەردا کراوە، لەم بارەوە دەیانگوت:

**فهو الله وهو العالِم بكل شئ، و من عَرفه فليتحلل من الفرائض و النواميس الخلقيه..** [4]

مانای" ئەوە خودایە هـەموو شتێك دەزانێت، ئەوەشـی زانیویـەتی بـا خـۆی داماڵێـت لـە ئەرکـە ئایینی و یاسا ڕەوشتییەکان....

لـەم بـارەوە (فـاروق عومـەر) ئامـاژەی بـە (الرزاميـە) دابـوو، کـە پـاش مردنـی ئـەو کەسـایەتییە، لایـەنگرانی دابـەش بـوون بـۆ دوو بـەرە، بەرەیـەکیان ڕابەرایـەتییان بـۆ کچـەکەی گەڕانـدبووەوە، ئـەوەی تریشیان ئەوانە بوون کە مردنی ئەویان ڕەت کردبوەوە، بەوەی ڕابەرەکەیان هەرگیز نامرێت و ڕۆحی

---

[1] د.فرست مرعي: كردستان في القرن السابع الميلادي، ص٢١٤

[2] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، ل ٧٦

[3] وەردی، د.عەلی: واعیزەکانی سوڵتان، ل ٢٨٩

[4] د.فاروق عمر فوزي: نشأة الحركات الدينيه السياسيه في الاسلام ، ص ١٣١

پیرۆزی لە جەستەدا بووە..[1] ئەم نمونەیەش بۆ ئەوە بوو، کە بزانرێت (کورد) چ ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە، لە ڕووی ئایینی و مێژوویی و سیاسییەوە لە گشت سەردەمەکان دا. بەلاّم بەداخەوە نە جێی گرتووە، نە پێزانراوە، نە باسیش کراوە.

هەروەك جەخت کردنێك لەسەر کەسایەتی و بیروباوەڕی (ئەبو موسلیم) کە کورد بووە و ئایینێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، (نەسری کوڕی سەیار– نصر بن سیاّر) کە والی ئومەوییەکان بووە لە خۆراسان، وەك تانەدان لە کەسایەتی و ئایینی ناوبراو، نامەیەکی بۆ نووسیوە کە تیایدا دوو دێڕ شیعری لەخۆ گرتووە. والی خۆراسان لەو نامەیەدا جەختی لەوە کردووە کە ناوبراو ئیسلام نییە و ئایینێکی نامۆ بە کۆمەڵگای ئیسلامی پەیڕەو دەکات، جا لە نامەکەی دا هاتووە:

**قوم يُدينون ديناً ما سمعت به من الرسول و لا جاءت به الكتب**

**فمن يكن سائلاً عن أصل دينهم، فاِنّ دينهم أن تقتل ألعرب**

واتە: نەتەوەیەك ئایینێکیان هەیە نەمبیستووە لە نێردراوان، وە کتێبە پیرۆزەکانیش باسیان لێنەکردووە گەر کەسێکیش پرسیار لە بنچینەی ئایینەکەیان بکات، ئەوا ئایینەکەیان بکوژی عەرەبە...[2]

ئەو زانیارییەی ئامارژەی پێدرا تەنها وەك جەخت کردنێك وابوو لەسەر کەسایەتی و ئایینی ناوبراو. واتە گەر زیاتر ماناکەی بخەینە ڕوو، مەبەست لە نەتەوەی کورد و ئایینی (مانی)یە..

مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئەحمەد لەبارەی باوەڕە ئایینییەکانی کوردەوە ئامارژەی بەوە دابوو "کۆنترین ئایین کە کورد باوەڕی پێهێنابێت زەردەشتییە، کە لە خاکی فارس و میدیا دا بلاّوبووەوە، شەش سەدە پێش زایین. هێندەی نەبردبوو تا ببوە ئایینێکی فەرمی و کوردان باوەڕیان پێهێنابوو. لەو بارەیەوە مێژوونووسان دەربارەی ئەو ئایینە زۆریان نووسیوە. ئەمڕۆکە پاشماوەیان لە هەندێ ناوچەی (هند) ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لەدایك بوونی زەردەشتەوە لە (٣٠)ی ئایاری هەموو ساڵێك دا..[3]

ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی ئەو وتەیەیە کە دەڵێت کوردستان شوێنی لەدایك بوونی زۆرینەی ئایینەکانە، جا ئاسمانی بێت یا زەمینی، بێگومان ئەمەش کاریگەری و کاردانەوەی هەبووە لەسەر تاکی کوردی بەدرێژایی مێژوو ..

[1] د.فاروق عمر: التاريخ الاسلامي وفكر القرن العشرين، ص ٢٨٥

[2] کەیوان ئازاد ئەنوەر: مانیزم، لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی– ئایینی)یە، ل ٢٦١

[3] أحمد محمد أحمد: أكراد لبنان و تنظيمهم الاجتماعي و السياسي، الطبعه الاولى، مكتبة الفقيه– بيروت، لبنان، ١٩٩٥، ص ٢٣

## ٤ ـ ژیــــری

ژیری، دەتوانین بڵێین فەلسەفە زیاتر لەم بوارەدا کۆبووەتەوە، بێجگەلە چەندین مانا و گوزارشتی جیاجیا. جارێك وەك داهێنانێکی پەروەردگار، جارێکی دی وەك کەسایەتییەکی پیرۆز، کە بەپێی کات و سەردەمەکان پێناسەی پیرۆز و جیا هەڵدەگرێت.

نامەی (٥٤) جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە (مەسیحی پیرۆز) ژیری (عقل) بووە. لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)، ژیری (سەلمانی فارسی) بووە، وە لە سەردەمی خەلیفە حاکم دا (حەمزە) بووە. خەلیفە حاکم وەك باوك وابووە بۆ (حەمزە)، هەروەك چۆن پەروەردگار باوك بووە بۆ (مەسیح)..[١]

لێرەدا ژیری خۆی لە کەسایەتییەکی پیرۆزدا نواندووە. هەروەها لە (کتێبی دانایی– کتب الحکمە)ی یەکتاپەرستان دا باس لەوە کراوە، کە پەروەردگار لە ڕوناکی پیرۆزییەوە (نورە الشعشعانی) وە بە ئیرادەی پیرۆزی، وێنەیەکی تەواو و ڕوونی خستبووە ڕوو، کە هەوێنی هەموو شتەکان بووە، داهێنانەکانی لێوە دروست ببوو، ئەم وێنەیە بە ژیری (عقل) ناو برابوو..[٢] بە پێی نامەی (١٣) بە ڕابردوو (السابق)ی ڕاستەقینە ناو برابوو، وە بە (هۆکاری هۆکارەکان–علّة العلل) وە (نقطة البیکار) ناوبرابوو، کە ئایدیاکان و بیروبۆچونەکانی لەخۆ گرتبوو.

ژیری گەوهەرێکی ڕۆحانی سادە بوو، یەکەمین سنووری ڕۆحانی بوو کە ملکەچ بوو بۆ پەروەردگار و داهێنانە پیرۆزەکانی، کە دواتر دەبووە بەڵگەی پەروەردگار (حجّة الله)، لە نێو بوونەوەرەکان دا..[٣] بیروباوەڕی ئیسماعیلی بنچینە فەلسەفییەکانی لە بیردۆزە ئەفلاتونییەکانەوە وەرگرتبوو، نەك ئەوپەڕگیری شیعە(غلاة)..[٤] لە (سفری تەکوین)ی تەورات دا هاتووە کە دەفەرموێت: **انّ الله تعالی خلق الانسان علی صورته و مثاله باراً مستقیماً، مزیّناً بالعقل و الارادة و الحریّه، و خوّله السیادة و السیطرة علی جمیع المخلوقات، و أسکنه في جنّة عدن التي خلقها خصیصاً له..**[٥]

واتە " پەروەردگار مرۆڤی لە جوانترین وێنەدا دروست کردبوو، ڕازاندبوویەوە بە مێشك و ئیرادە و ئازادی، سەروەری و باڵادەستی بەسەر تێکڕای بوونەوەرەکان دا پێبەخشی بوو، وە لە بەهەشت دا نیشتەجێی کردبوو کە بە تایبەت بۆ ئەوی دروست کردبوو..

نووسەر (مەحمود عەباس ئەلعەققاد– محمود عبّاس العقّاد) لە کتێبی (فاتیمەی زەهرا و فاتیمییەکان– فاطمة الزهراء و الفاطمیّون)دا وتەیەکی تەواوەتی لەسەر پەروەردگار و بوون و ژیری و دەروون دابوو، کە لە فەیلەسوف (ئیبن ڕوشد)ەوە وەری گرتبوو، بەوەی ئایینزای یەکتاپەرستان پێش

---

[١] النجار، عبدالله: مذهب الدروز والتوحید، ص ١٣١

[٢] العسراوي، د.نجیب: المذهب التوحیدي الدرزي، ص ٢٩

[٣] طلیع، امین محمد: اصل الموحدین الدروز واصولهم، ص٩٣

[٤] سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلامیة منذ البدایات، ص ٣٠٤

[٥] الأب اسحق ساکا: الاله المتجسد ص ٢٤٢

بۆچونەکانی (ئەرستۆ) هەبووە بە چەندین قۆناغ، وە بەهەمان شێوە باسی پەروەردگاری کردبوو، وە ئاماژەی دابوو: (ئەفلاتون وەك ئەرستۆ) ڕای وابووە کە پەروەردگار بە کەسەوە سەرقاڵ نەبووە.... هەرچی جیهانیشە دەرکردەی ژیری بووە، کە لە پەروەردگارەوە بووە، دەروونیش دەرکردەی ژیری بووە، واتە پەروەردگار دەروون لە ژیری و هەستەکانیشی لە دەروونەوە دروست کردووە. کەوابوو ژیری بەبێ پەروەردگار، دەروون بەبێ ژیری، هەستەکان بەبێ دەروون نابێت و نەبووە..[1]

لە سەردەمی نوێش دا فەیلەسوفێکی وەك (هیگڵ) زۆر گرنگی بە ژیری دابوو، بە بەخشینێکی پیرۆزی پەروەردگاری زانیبوو، پێی وابوو کە ژیری لە (دەوڵەت) دا بەرجەستە بووە، (لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە ئەمەی وتووە)، ئاماژەی بەوەش دابوو کە جیهان یەکەیەکی یەکگرتوو بووەو لە ژیری و دەروون پێکهاتووە، (پێشتر باس کرابوو)..[2] هەرچەندە هیگڵ بڕوایەکی تەواوی بە ژیری جیهانی یا(ئەقڵی گشتی) هەبوو، بەڵام بەگومان بوو لە ژیری تاکەکان و توانایان، بەو شێوەیەی کە ئایدیاڵی خۆیی ئەڵمانی و ئەزمونگەیی ئینگلیزی پێشکەشی کردوون..[3]

هیگڵ ژیری بە هۆکاری بەدیهێنانی (مێژوو) دەزانی، لە هەمان کات دا مێژووی بە مەیدانی گەشەکردنی ژیری دەزانی، کە بە پێی یاسایەکی دیالێکتیك دەڕوات بە ڕێوە. لە کاتێك دا ئایدیالیستی ئەڵمانی (ئیمانوێل کانت-١٧٢٤-١٨٠٤ز) وەك فەیلەسوفێکی ڕەخنەگر، جوڵەی سروشتی بە هۆکاری بەدیهێنانی (مێژوو) دەزانی. واتە جیاوازییەك بەدی دەکرا لە بۆچونەکانیان دا..[4]

کانت هەردەم جەختی لەسەر بوونی پەروەردگار دەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی لۆژیکی و ژیرانە، دوور لە بۆچونە تەقلیدییەکانی پیاوانی ئایینی ئەو سەردەمە، وە بەدەر لە میتافیزیکی ڕووت کە مێشکی مرۆڤەکان توانای وێناکردنی نەبوو بۆی. بۆیە هەوڵی دەدا بەپێی یاسایەکی ئەقڵی ڕاست و دروستی چەشەکراو بە ئاکار، جارێکی تر میتافیزیکەکە داڕێژێتەوە کە لەگەڵ ژیری دا یەکبگرێتەوە..[5]

ئەم بابەتەش بە فەرمودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) کۆتایی پێدەهێنین کە فەرمویەتی:

**اوّل ما خلق الله العقل، قال له أقبِل فاقبَل، ثمّ قال له أدبِر فأدبر..[6]**

واتە " یەکەمین شت کە پەروەردگار دروستی کرد ئەقڵ بوو، فەرمووی وەرە، هات، پاشان فەرمووی بڕۆ، ڕۆی....

---

[1] العسراوي، د.نجيب: المذهب التوحيدي الدرزي، ص ٢٦

[2] د.موسى ابراهيم:معالم الفكرالسياسى الحديث والمعاصر، ص٢٤٠

[3]الطعّان، د.عبدالرضا حسين: تأريخ الفكر السياسي الحديث، دار الحكمه للطباعة والنشر- بغداد، عراق، ١٩٩٠، ص ٥١٧

[4] جیهانبەگلو، رامین: هیگڵ و سیاسەتی مۆدێرن، ل ١٠٧

[5] عیماد عەبدولسەلام: کانت، و: پەژارە عەبدولحەمید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥، ل ١٨

[6] النجار، عبدالله: مذهب الدروز والتوحيد، ص ٤٤

# بەشی سێیەم

# ڕۆڵ و پێگەی دەرزییەکان

## تەوەری یەکەم /

### پێگەی دەرزییەکان لە شام

## تەوەری دووەم /

### ڕۆڵی دەرزییەکان لە سیستەمی سیاسی لوبناندا

## تەوەری یەکەم /

## پێگەی دەرزییەکان لە شام

یەکتاپەرستانی دەرزی هەردەم پێگەیەکی تایبەت و دیاریان لە شام، لە کاتی دەرکەوتنیانەوە تا ئەمڕۆکە هەبووە. ئەمەش مانای ئەوەی لە سەردەمی فاتیمییەکان و سەلجوقی و ئەییوبی و عەبباسی و عوسمانی و فەرەنسی و دواتر و دواتر، تا ئەمڕۆ. دیارە ئەوەش بەهۆی دۆگمایەتی نهێنییەکان و بەردەوامی و سوربوون و خۆڕاگری یەکتاپەرستان لەبەردەم گۆڕانکاییەکانی سەردەم، هەردەم سومبولی جوامێری و نەبەردی ئەوان بووە.

سەرەتا وەك بزوتنەوەیەکی ئایینی ناوەکی (باطني) لە میسر دەرکەوتبوون، دواتر ئەو بزوتنەوەیە شێوەیەکی ڕۆحانی وەرگرتبوو، بەوەی چەند کەسانێك وەك مژدەبەخش کاری بانگەوازیان لە ناوچەکە دا گرتبووە دەست. ئەو کارەش بە دوو ڕێچکەی جیاواز، وە لە دوو هەرێمی جیاواز دا، یەکێکیان لە میسری فاتیمی، ئەوەی دیش لە شام. هەرچەندە میسری فاتیمی پێشتر ئایینزای ئیسماعیلی تیایدا بالادەست بوو، کە باڵێکی شیعە بوون، بەلام دواتر لەسەر دەستی خەلیفە (حاکم بیئەمریللا) و هاوەلانی، گۆڕدرا بۆ ئایینزای یەکتاپەرستی. ئەوەش لە نێوان سالانی (٣٨٦-٤١١ك/ ٩٩٦-١٠٢١ز) دا..[١]

نووسەری دەرزی (جەمیل ئەبو تورابی- جميل ابو ترابي) ئاماژەی بەوە دابوو کە خەلیفەی عەبباسی (ئەبو جەعفەری مەنسور- أبو جعفر المنصور) دوای ئەوەی لە هێرش و شالاوەکانی (بێزەنتییەکان و یاخیبووەکان) * بێزاربوو، کە بەردەوام هێرشیان کردبووە سەر یەکە سەربازییە عەبباسییەکان، خەلیفەی ناوبراو پەنای بردبووە بەر دوو میری (لەخم- لخم) * کە میر (ئەرسەلان و مونزیر) بوون. نووسەر ئەم دوو میرەی بە پێشەنگی یەکتاپەرستان لەقەلەم دابوو، ئەو دوو میرە توانیبویان بەرەنگاری بێزەنتی و یاخیبوان بوەستنەوە و ناوچەکە بپارێزن لێیان، لە بەرامبەر دا خەلیفەی ناوبراو هانی دابوون کە لە ناوچەکانی لوبنان نیشتەجێ بن.

بەڕای نووسەر خێزانەکانی ئەو دوو میرە سەرەتایی ترین دانیشتوانی لوبنان بوون. بەلام نووسەر ئاماژەی بە یاخیبوان نەدابوو، کێن و چۆن گەیشتبوونە ناوچە شاخاوییەکانی لوبنان.. هەروەها ئاماژەشی بەوە دابوو کە هێشتا نیوەی دووەمی سەدەی (دە)ی زایینی نەهاتبوو، کاتێك خێڵە عەرەبەکان گەیشتبوونە ناوەڕاستی ناوچەکانی لوبنان، کە دواتر بانگەوازی یەکتاپەرستانی تێدا بلاوببوەوە، واتە ئەو خێڵە عەرەبانەی تازە گەیشتبوونە ناوچەکە و نیشتەجێ ببوون، دواتر ببوونە دەسەلاتداری

---

[١] سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلاميه منذ البدايات، ص ٣١٠

* نووسەر، یاخیبوان بە (مەرەددە- مَرَدَّه) ناودەبات کە لە چیا سەختەکانی ناوچەکانی لوبنان جێگیر ببوون، وە دژی دەسەلاتی عەبباسییەکان دەجەنگان.

* خێڵی (لەخم- لخم وە تەننوخ- تنّوخ وە بەنی ڕەبیعە- بني ربيعه) وە چەندین خێڵی عەرەبی تر. لە نیوە دورگەی عەرەبەوە گەیشتبوونە شام و لوبنان، پێش بانگەوازی یەکتاپەرستی بە (٢٠٠) ساڵ. (بەڕای نووسەرانی دەرزی).

ناوچەکە هەروەها فەرمانڕەواش بەسەر دانیشتوانە ڕەسەنەکەیەوە. لێرەوە لوبنان وەك شام کەوتە ژێر کاریگەری بە عەرەب کردنەوە واتە (تعریب)، بە شێوەیەك کە مۆرکێکی عەرەبی ئیسلامی پێبەخشرا بوو، ئەوەش بەر لە دەستپێکردنی بانگەوازی یەکتاپەرستی..[1]

دیارە ئەگەر پێش نیوەی دووەمی سەدەی (١٠)ی زایینی، کە سەرەتای سالآنی (٩٠٠ز) دەکات، لەو کاتە بە دواوە خێڵە عەرەبەکان ڕویان کردبێتە شام و لوبنان، کەواتە پێشتر ناوچەکە عەرەب نشین نەبووە، وە ئەگەر باسی لە ڕەگەزی ئەو دوو میرە کردبێت کە عەرەبی موسڵمان بوون، ئایا ئەم وتەیەی جۆرێك لە تێکەڵی دروست ناکات؟ بەوەی گەر ئەوان عەرەب بوون، وە پێش خێڵە عەرەبەکانی تر گەیشتبێتنە لوبنان، کەواتە مەرج نییە نەژادی ئەو دوو میرە عەرەب بووبێت. لەبەرئەوەی نووسەر جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە لە دوای خێزانی ئەو دوو میرەوە خێڵە عەرەبەکان گەیشتبوونە ناوچەکە و نیشتەجێ ببوون..

بەڕای نووسەر (ئەمین محەمەد تەلیع) وە چەندین نووسەری تر خێڵە عەرەبەکان (٢٠٠) ساڵ پێش بانگەوازی یەکتاپەرستی دەرزی لە نیوەدورگەی عەرەبەوە گەیشتبوونە ناوچەکە، کە سالآنی (٨٠٠ز) دەکات. هەروەها نووسەر باسی لەوە کردبوو کە بە گەیشتنی خێڵە عەرەبەکان وە سەپاندنی دەسەلآتیان، ناوچەکە مۆرکێکی عەرەبی وەرگرتبوو، تا ئەو کاتەی بانگەوازی یەکتاپەرستی دەرزی ناوچەکەی گرتبوەوە. دووبارە ئەوەش جۆرێك لە جیاکردنەوەی ئایینزای یەکتاپەرستانە لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز. لە لایەکی ترەوە نووسەرێکی لوبنانی تر ئاماژەی بەوە دابوو کە (ئەبو جەعفەری مەنسور) هانی خێڵە عەرەبەکانی دابوو بۆ نیشتەجێ بوون لە چیاکانی لوبنان. یەکەمین خێڵی عەرەبیش (تەننوخییەکان– التنوخیین) بوون، بە سەرۆکایەتی میر (ئەرسەلان) کە لە ناوچەکە دا نیشتەجێ ببوون. لێرەوە یەکەمین میرنشینی عەرەبی ئیسلامی لە ناوچەکە سەریهەڵدا..[2]

کەواتە بەپێی ئەو وتانە بێت دەرزییەکان وەك بنەماڵەیەك پێش عەرەبەکان بوونیان لە ناوچەی شام وە لوبنان بەدی کراوە و ڕۆڵی خۆیان بینیوە. ئەوەش ڕاستییەکە کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات. بەڵام دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو ڕاستی دا بکرێت، یەکەمیان مێژووی پێگەی دەرزییەکان، دووەمیان مێژووی بانگەوازی یەکتاپەرستانی دەرزی. ئێمە لێرە دا زیاتر مەبەستمان لە لایەنی یەکەمە وەك ڕاستییەك. گەر چاوێك بە مێژووی فەرمانڕەوایی (ئەبو جەعفەری مەنسور) دا بخشێنینەوە، دەبینین لە سالآنی (٧٥٤– ٧٧٥ز) حوکمڕانی کردبوو، واتە مێژووی فەرمانڕەوایی ئەو دوو میرە دەرزییەش هەمان ساڵ بووە، یان نزیك بووە لێوەی، بەمانای لە سەدەی هەشتەمی زایینییەوە دەرزییەکان دەسەلآتدار بوون لە ناوچەکە دا.

دوای ئەوەی لە سایەی حوکمڕانیی خەلیفە (ئەلزاهیر عەلی– الظاهر علي)دا باوەڕدارانی ئایینزای یەکتاپەرستی دووچاری جینۆساید و ڕاوەدونان بوون، مژدەبەخشانی ئایینزاکە بە ناچاری داخستنی

[1] ابو ترابي، جميل: من هم الموحدون الدروز، ص ٧٧– ٨١

[2] د. عصام سليمان: الفدراليه و المجتمعات التعدديه و لبنان، الطبعه الاولى، دار العلم للملايين – بيروت، لبنان، ١٩٩١، ص ٦٣

ئەو دەرگایەیان ڕاگەیاندبو کە بە پێی پەیماننامەیەك یا وەسیقەیەك، خەڵکانی ناوچەکە ڕویان تێدەکرد. لەو بارەوە نووسەری دەرزی (ئەمین محەمەد تەلیع) وەك نمونەیەك ئاماژەی بەوە دابوو کە "ئەفسەرێکی ئینگلیز ویستبوی ببێتە یەکێك لە باوەڕدارانی یەکتاپەرستان، بۆ ئەم مەبەستە نوسراوێکی ڕەوانەی هاوڕێیەکی کردبوو، کە خوالێخۆش بوو (شێخ جەمیل تەلحوق- الشیخ جمیل تلحوق) بوو، وە کە تیایدا وەك کارئاسانییەك داوای هاوکاری و ڕێنوێنی کردنی کردبوو، تابتوانێت ببێتە ئەندامێکی ئایینزاکە. لە وەڵام دا شێخی ناوبراو بە داوای لێبوردنەوە جەختی لەسەر ئەوە کردبوو، کە دەرگای وەرگرتن و چونە ناوەوەی ئەو ئایینزایە لە دێرزەمانەوە داخراوە، ئێستاکەش کەس وەرناگرێت"..[1]

پاش ئەوەی (بەهادین ئەبوحەسەن عەلی کوڕی ئەحمەد سموقی- بهاءالدین ابوحسن علي بن احمد السموقي) وەك دواهەمین مژدەبەخشی ئایینزاکە ڕاگرتنی میساق و مژدەبەخشینی ڕاگەیاندبوو هەروەك پێشتر باسکرا، بە شێوەیەکی پراکتیکی ساڵی (٤٣٥ك- ١٠٤٣ز) ئەو کارە چوبووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، واتە لەو ڕۆژە بەدواوە میساق لە کەس وەرنەگیرابوو تاوەکو ببێتە باوەڕداری ئایینزاکە، ئەم بۆچونەش تێکڕای مێژوونووسان و نووسەرانی دەرزی کۆکن لەسەری.

بەڵام وەك لە بەشەکانی پێشتر ئاماژەمان پێدا، جانبولادەکان ساڵی (١٦٣٠ز) وە بە هاندانی میر (فەخرەدینی مەعنی دووەم) ببوونە باوەڕداری ئایینزاکە. بەڵام مەبەستی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەم بۆچونانە دژایەتییەك دروست ناکەن لەگەڵ یەکتر دا ؟ لەبەرئەوەی پێشتر زانرا کە مێژووی ڕاگرتنی ئایینزاکە کەی بووە، وە مێژووی باوەڕپێهێنانی بنەماڵەی گیانپۆلاکانیش کەی بووە. لەوەش گرنگتر نووسەری دەرزی (جەمیل ئەبو تورابی) ئاماژەی بەوە دابوو کە مێژووی دەرکەوتنی بنەماڵەی (مەعنییەکان)یش لە ناوچەکە دا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی (٦)ی کۆچی، کە سەدەی (١٢)ی زایینی دەگەیەنێت.

پوختەی ئەم هەموو زانیاری و ڕاستیانەی وەك بەڵگە هێنرانەوە، تەنها بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنین ڕەنگاڵە جیاوازەکانی شەبەنگی کۆمەڵگەی یەکتاپەرستانی دەرزی کە ئێستاکە تێکڕا یەکتاپەرستن، مەرج نییە لە یەك کاتی دیاری کراو و پێکەوە بڕوایان بە ئایینزای یەکتاپەرستی هێنابێت. بەوەی گروپێك لە سەدەی دوانزە و یەکێکی تر پێشتر و گروپێکی دی دواتر، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر مەحاڵە ئەم گروپانەی باسی لێدەکەین یەك نەژاد بێت، واتە کۆمەڵێکیان کوردی نەژاد و کۆمەڵێکی تر عەرەب و دەشێت نەژادی تریشی تێدا بێت، ئەمەش ڕەت کردنەوەی بیروبۆچوونی ئەوانەیە کە دەبێژن یەکتاپەرستانی دەرزی گشتیان (عەرەبی پالأوتەن). تێناگەم نووسەرانی دەرزی بە چ بەڵگەیەك ڕاستی بۆچوونەکانیان دەسەلمێنن، کە پێکهێنەرە مرۆییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە عەرەبی پالأوتەن؟

سەرەتا مەعنییەکان لە چیاکانی دەوروپشتی (حەڵەب) نیشتەجێ ببوون، بەڵام کاتێك مەترسی خاچ پەرستە فەرەنجییەکان بۆ سەر ناوچەی (شوف) زیادی کردبوو، ئەوان بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییە هاتبوونە ئەو ناوچەیە. ئەمە بێجگە لەوەی زۆر لە مێژوونووسانی ئەو سەردەمەش جەختیان لەسەر باوەڕپێهێنانی مەعنییەکان بە ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزی کردووە،

---

[1] طليع، امين محمد: اصل الموحدين الدروز و اصولهم، ص ٧

هەروەك (مەجی– المجيّ، دوەیهی– الدويهي) هەروەها هەندێك لە مێژوونووسەكانی ئەم دواییەش وەك (فیلیپ حەتتی– فيليب حتّي، كەمال سولەیبی– كمال الصليبي، پۆڵس قەرئەلی– بولص القرألي) هەمان بۆچونیان هەبووە..[1]

مێژوو ئەوەی سەلماندووە كە سەركردەی سەربازیی كورد (سەلاحەدینی ئەییوبی) دوای ئەوەی زۆربەی ناوچەكانی شام و میسر و یەمەن و باكوری ڕۆژهەلاتی كیشوەری ئەفریقیای گرتووەتە دەست، توانیویەتی لە شكرێكی بەهێز لە یەكتاپەرستانی دەرزی پێكبهێنێت، ئەمەش لەڕێی ئەو بنەماڵانەی كە پێشتر سەركردەی ناوبراو بانگەشەی كردبوون بۆ نیشتەجێ بوون لە ناوچەی شام و ڕۆخی دەریای لوبنان، هەر لە جانبولادەكان و عیمادیەكان و سەیفاییەكان و هتد، ئەمەش وەك دروستكردنی بەربەستێك لەبەردەم شالاوی خاچپەرستانی ڕۆژئاوا دا.

توێژەر (خەلیل شەڵماشی) هۆكاری ئاسان پێكهێنانی ئەم لەشكرەی گەڕاندبوەوە بۆ فاكتەری ئیتنی، بەوەی نەژادی سەركردەی سەربازی ئەییوبی و هەموو ئەو هۆز و بنەماڵانەی بانگهێشت كرابوون بۆ نیشتەجێ بوون لەو ناوچەیە دا (كوردی پالاوتە) بوون..[2]

نووسەرێكی تری كورد (محەمەد عەلی سوێركی كوردی– محمد علي الصويركي الكردي) * ئاماژەی بەوە دابوو كە بوونی كورد لە لوبنان لەمێژەوەیە، بەلام لە سەردەمانی ئەییوبی و مەمالیك و عوسمانی دا، هەروەها لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیست دا ڕێژەكە زیادی كردووە. نووسەر ئاماژەی بەوەش دابوو كە ساڵی (١١٣٩ز) بنەماڵەی خانەدانی ئەییوبییەكان هاتبوونە لوبنان، لە كاتی جەنگەكانی خاچپەرستان دا، ئەمەش لە ئەنجامی دروستبوونی ئەو بۆشاییە بوو كە لەنێو موسوڵمانان دا دروست ببوو. ئەمڕۆكەش نەوەكانیان لە گوندی (ڕەئس نەححاش– رأس نحاش) لە قەزای (بترۆن– بترون) لە باكووری لوبنان بوونیان هەیە.

نووسەر دێتە سەر باسی مەعنییەكان و بە (مەعنییە كوردەكان) ناوزەدیان دەكات، كە دوابەدوای جەنگی خاچپەرستان گەیشتوونەتە لوبنان، وە بوونەتە فەرمانڕەوایانی لوبنان لە سەدەكانی شازدە و حەڤدە دا. ئەم فەرمانڕەوایەتییەشیان تێكڕای لوبنانی گرتووەتەوە، بە شێوەیەك كە (دەرزییەكان) قەرزارباری ئەمان بوون، بە تایبەت پاش ئەوەی ئەمانیش بڕوایان بە ئایینزای یەكتاپەرستی هێناوە. لە كۆتایی دا نووسەر ئاماژە بەوەش دەدات كە بنچینەیان دەگەڕێتەوە بۆ (مەعنی ئەییوبی كوردی)..[3]

لە لایەكی ترەوە نووسەری دەرزی (فوئاد ئیسحاق خوری) لە كتێبەكەی دا (أن تكون درزياً) ئاماژەی بەو یەكێتی و هاوكارییە دابوو كە لە نێوان (عەلی پاشا جانبولاد) و (میر فەخرەدینی دووەم) دا هەبووە، ئەمەش مایەی سەركەوتنیان بووە بەسەر جەبەل لوبنان دا، وە هۆكاری نیشتەجێ بوونی

---

[1] ابو ترابي، جميل: من هم الموحدون الدروز، ص٩١

[2] شەڵماشی، خەلیل: نەژادی كورد لە لوبنان، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٧

* د. محەمەد عەلی سوێركی كورد، نووسەرێكی كوردی ئەردەنە، ئەندامی یەكێتی نووسەران و ئەدیبانی ئەردەنییە

[3] الصويركي الكردي، د. محمد علي: الاكراد الاردنيون و دورهم في بناء الاردن الحديث، الطبعة الثانيه، من منشورات (بنكەی ژين)– السليمانيه، إقليم كوردستان العراق، ٢٠٠٥، ص٣٧

بنەماڵەی جانبولادەکان بووە لە شۆف، کە دواتریش ببوونە ڕیش سپی (شیوخ)ی ناوچەکە. هەروەها ئاماژەی بەوەش دابوو کە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی جانبولادەکان وەك ڕەچەڵەکی بنەماڵەی عیمادەکان (آل عماد) وایە، کە کوردی موسڵ بوون..

لێرەوە دەردەکەوێت کە پێکهاتەی کۆمەڵگای دەرزی، چەندین نەتەوە و ڕەچەڵەکی جیاجیای لەخۆ گرتووە، کە بە پێی مێژوو لە کات و شوێنی جیاجیا دا دەرکەوتون و بونەتە یەکتاپەرست، وە لەو ناوچەیە دا کە ئێستا وڵاتانی (لوبنان، سوریا، ئەردەن، ئیسرائیل)ی لەخۆ گرتووە، مەڵبەندی دەرخستنی هێز و توانای ئەوان بووە، هەرچەندە ئێستاش هەمان کاریگەری خۆیان هەیە، بەتایبەت لە لوبنان، ئەوەش وتەکانی کەسایەتی کۆچکردوو (کەمال جانبولاد) دێنێتەوە یاد، کە ئاماژەی بەوە دابوو " دەرزییەکان هەرگیز دەست لە خاکی خۆیان هەڵناگرن، لەبەرامبەر داگیرکەر دا." [1] کورتەی مەبەستیش ئەوەیە کە تێکڕا یەکتاپەرستانی دەرزی هەرگیز (عەرەبی پاڵاوتە نین و نەبوون)، هەردەم پەیوەستیش بوون بە ئایینزا و خاکی خۆیانەوە..

نووسەرێکی لوبنانی بەناوی (عەبدولڕەحیم ئەبوحسێن– عبدالرحيم ابوحسين)، توێژینەوەیەکی دەربارەی بارودۆخی لوبنان پێشکەش کردبوو، تیایدا باسی لە کێشە ئیدارییەکانی هەردوو سەدەی (١٦ وە ١٧)ی زایینی (بە پشت بەستن بە سەرچاوە ناوخۆیی و عوسمانییەکان) کردبوو، لەو بارەیەوە شاری (سەیدا– صيدا)ی بە نمونە هێنابووەوە، تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە ئەو شارە هەردەم پڕکێشە بووە، بەڵام کاتێك باسی لە (جەبەل دروز) کردبوو، ئاماژەی بەوە دابوو کە بارودۆخێکی تایبەتی هەبووە، وە جۆرێك لە ئارامی سیاسی و ئیداری تیادا بەدی کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیوەندی نێوان دەرزییەکان وە عوسمانییەکان هەردەم پڕ لە کێشمەکێش و پێکدادان و ململانی و نائارامی سیاسی بووە..[2]

یەکتاپەرستانی دەرزی بەتەنها پێکنەهاتوون لە بنەماڵەی (لەخمی– لخمي)، هەروەك نووسەر جەمیل ئەبوو تورابی ئاماژەی پێدابوو، بەڵکو چەندین بنەماڵەی تریشی لەخۆ گرتووە، کە هیچیان لەو بنەماڵەیە کەمتر نین. لە سەردەمی ئەمڕۆدا بنەماڵەی (جانبولادییەکان) پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەیە، کە پێشتریش بەهەمان قورسایی، هەمان پێگەیان هەبووە. هەروەها بنەماڵەی (مەعنییەکان)یش کە پێشتر ئاماژەی پێدرا.

مێژوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ساڵی (١٦٣٠ز) کاتێك جانبولادییەکان تێکدەشکێن لە (حەڵەب) لەبەردەم شاڵاوی لەشکری عوسمانییەکان دا، میر (جانبولاد کوڕی سەعید) لەگەڵ (ڕەباح)ی کوڕی دا، هەڵهاتبوون بۆ چیاکانی لوبنان، لەوێ میر (فەخرەدینی مەعنی دووەم) (١٥٩٠–١٦٣٣ز) پێشوازی لێکردبوون. هۆکاری ئەو هاریکارییەش ئەوە بووە کە هەردوولا، دوو بنەماڵەی کوردی شام بوون. کاتێکیش یەکتاپەرستیی لە ناوچەکە دا وەك ئایینزایەك بڵاوببوەوە، بنەماڵەی جانبولادییەکان

[1] الخوند، مسعود: لبنان المعاصر، مشهد تأريخي و سياسي عام، الطبعة الثالثه، الجزء (١٧)، الشركة العالميه للموسوعات، ش، م، م– لبنان، بيروت، ٢٠٠٥، ص ٤٧٨

[2] الجميل، سيّار: بقايا و جذور التكوين العربي الحديث، الطبعه الاولى، منشورات الاهليه للنشر و التوزيع– عمان، الاردن، ١٩٩٧، ص ٣٠٩

ڕەزامەند بوون بۆ باوەڕهێنان پێی، واتە لەو کاتەوە باوەڕیان بە ئایینزای یەکتاپەرستی دەرزی هێناوە..[1]
نەك وەك ئەوەی ساڵی (٤٣٥ك- ١٠٤٣ز) کاتێك ڕاگیرانی بانگەوازی یەکتاپەرستی ڕاگەیەنرا لە لایەن دوامژدەبەخش (بەهادین ئەبوحەسەن عەلی کوڕی ئەحمەد سموقی)یەوە، ئیتر بە هیچ شێوەیەك هیچ گروپ و لایەنێك نەیتوانیبێت ببێتە باوەڕداری ئایینزای یەکتاپەرست.

پێشتر ئاماژە بەوە درا کە فاکتەری ئیتنی پێش ئایینی هۆکاری پێکەوە بەستن و هاریکاری کردن بووە لە نێو جانبولادەکان و مەعنییەکان دا، بەڵام مەرج نییە ئەو هاریکارییە بەو شێوەیە بووبێت لە نێوان لایەنەکانی تری ناوچەکە دا، بگرە زۆر جار لە نێو هەمان بنەماڵەی دەرزی دا، ململانێی خوێناویشی لێکەوتۆتەوە. بۆ نمونە، دوو وەچە بەجیا فەرمانڕەوایەتی میرنشینی (جەبەل لوبنان)یان پشتاوپشت کردبوو، وەچەی (مەعنییەکان) کە ڕەگەز کورد بوون، هەروەها وەچەی (شەهابییەکان) کە بە ڕەگەز عەرەبی سوننی بوون. ئەو دوو وەچەیە زۆرجار ناکۆکی لە نێوانیان دا هەبووە، دواتر چەند میرێکی شەهابی ببوون بە مەسیحی (مارۆنی). ئەمەش قۆناغێکی نوێی هێنایە ئاراوە تا لە سەردەمێکی تر دا ناکۆکی و ململانێیەکی نوێ لەنێو دەرزی و مارۆنی دا دەست پێبکات.

هەرچەندە ئەو هۆز و خێڵ و بنەماڵانە تێکڕا کۆمەڵگای لوبنانییان پێکهێناوە، بەڵام ئەوەی دەرزییەکانی یەکخستبوو تەنها فاکتەری ئایینزای یەکتاپەرستی دەرزی بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فاکتەری ئیتنی لە نێو باڵە جیاجیاکانی دەرزییەکان دا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. واتە ئەو پەیوەندییەی هەیە لەنێوان بنەماڵە کوردییەکانی ناوبران کە ئیتنییە، مەرج نییە هەمان پەیوەندی بێت لەگەڵ بنەماڵەی شەهابی و لەحمی و تەننوخی و ئەوانی تردا، یاخود گەر بڵێین لەگەڵ خێڵەکانی بەنی ڕەبیعەی ڕەگەز عەرەب دا.

ساڵی (١٧٨٨ز) کاتێك میر (بەشیر شەهاب)ی ڕەگەز عەرەب، کە لە لایەن جانبولادییەکانەوە بۆ فەرمانڕەوایەتی جەبەل لوبنان هەڵبژێردرابوو، یەکەمین کاری ئەو میرە پەلاماردانی جانبولادییەکان و میر (بەشیر جانبولاد) بوو، کە لە هەمان ناوچەدا بوون، ئەوەش بەهۆی ئەوەی دەسەڵات و سامانی زۆر زیاتر بوو لە میری شەهابی. دەرەنجام ئاوارە بوونی زۆربەی جانبولادییەکان و ڕووخانی مزگەوت و چەندین کۆشك و تەلاری لێکەوتەوە، هەروەها کۆشکی میر بەشیر جانبولادیش، * کە لە گوندی (موختارە)ی سەر بە لوبنان بوو. هەروەك ئاماژەی پێدرا، هۆکاری ئەوەش مەترسی میر لە زیادبوونی دەسەڵاتی جانبولادییەکان بوو، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوون بوو..[2]

ناوچەکانی شام هەردەم پرکێشە بوون، لە دێرزەمانەوە ئەو ناوچەیە هەڵگری چەندین ئایین و ئایینزا و ئایدۆلۆژیا و ڕەگەز و نەتەوە و بەها کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بووە. بۆ نمونە لە سەردەمی دەسەڵاتە ئیسلامییە جیاوازەکان دا، چەندین ململانێ و کێشمەکێش ناوچەکەی گرتبووەوە، تەنانەت لەنێو ئەو دەسەڵاتە ئیسلامیانەش دا هەمان ململانێ هەبووە. بەڵام ئاشکرایە کە سوتەمەنی ئەو پێکدادان و هێرشانە، خەڵکی بێدەسەڵات و ڕەشوڕووتی ئەو هەرێمانە بوون. نەك هەر شام و لوبنان،

---

[1] سکیکر، زید علي: الموحدون عرب مسلمون، لا دروز، ص ٩٨

* ئەو کۆشکە نۆژەن کراوەتەوە و ئێستا سەرکردەی دەرزییەکان (وەلید جانبولاد)ی تێدا نیشتەجێیە لە لوبنان.

[2] سکیکر، زید علي: الموحدون عرب مسلمون، لا دروز، ص ٩٩

بگرە تێکڕای کۆمەڵانی مرۆیی جیهانی ئیسلامیش هەردەم لەبەردەم بەرداشی پێکدادانە ئایینی و ئیتنی و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان دا بووە لەو سەردەمانە دا.

لە ناوەڕاستی سەدەی (١١)ی زایینی دا، جیهانی ئیسلامی بۆ دوو بەش دابەش ببوو، بەشێکی شیعی بە ڕابەرایەتی فاتیمییەکان، بەشێکی تریش بە ڕابەرایەتی تورکە سەلجوقییە سوننە مەزهەبەکان. ئەو دابەش بوونەش زیاتر کاریگەری هەبوو بۆ ناوچەکانی شام و لوبنان، بەوەی چەندین میرنشینی جیاواز، لەنێوان پەیڕەوانی سوننی و شیعی دا دروست ببوون. هەر لە سەردەمی فاتیمییەکان دا بوو کە ئایینزای یەکتاپەرستانی دەرزی لە ناوچەی شام و میسر دەرکەوتبوو، لەبەرئەوەی ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی لوبنان کە دۆڵی تیم (وادي التيم) بوو، خاکێکی لەبار و بەپیتی بڵاوبونەوەی ئەو ئایینزایە بوو لەو کاتە دا..[1]

ئاشکرایە کە شام لە دێرزەمانەوە جێنشینی چەندین هۆز و بنەماڵە و خێڵی کوردان بووە، لەم بارەیەوە مێژوونووسی ڕوسی (ف. ف. مینۆرسکی) ئاماژەی بەوە دابوو کە تورکەکان ساڵی (١١٨٥ز) دەستیان کردبوو بە دەرکردنی کوردەکان لە (سوریا و کیلیکیا) واتە (تەتریك کردن)، هەروەها ئاماژەی بەوەش دابوو کە کوردەکانی شارەزور لە سەدەی (١٣)ی زایینی دا، پاش داگیرکاری مەغۆلەکان بۆ ناوچەکەیان، بەناچاری ڕوویان کردبووە سوریا و میسر.لە سەدەی (١٤)ی زایینیشدا بەهەمان شێوە تیرەکانی (عێلام، کۆسا، باپیریە، لاوێن، بادێن) ڕویان کردبووە سوریا و میسر و جەزائیر، ئەوەش بە هەمان هۆکار بوو...[2] واتە نەتەوەی کورد لەو ناوچانە دا نیشتەجێ بوون. بەڵام بە هۆی جەنگ و داگیرکارییە یەك لەدوای یەکەکانەوە دیمۆگرافیا و جوگرافیای ناوچەکە گۆڕدرا بوو.

هەرچەندە زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونووسان و بگرە نووسەرانی دەرزیش ئەو ڕاستیانە دەزانن، بەڵام چەندین هۆکار لەبەردەم ئەو ڕاستیانە دا ڕێگر بوون، هەر لە فاکتەری بەرژەوەندی و سیاسی و ئیتنی و ئایینی و هەرێمی و نێودەوڵەتی. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ دا کێ ئەم ڕاستیانە دەدرکێنێت؟ نە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان بڕوایان بەم ڕاستیانە هەیە، نە پسپۆڕان و مێژوونووسانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، تەنانەت نەزانی و بێباکی نووسەر و خوێنەری کوردیش هاندەرێکی باشە بۆ لەبیرچونەوەی ئەم ڕاستییە مێژووییانە.

ساڵی (١٤٠٠ز) کاتێك داگیرکاری مەغۆلییەکان بە ڕابەرایەتی (تەیمورلەنگ) بۆ شام دەستی پێکرد، ئاوارەبوونێکی گەورەی بەدوادا هات، بەوەی خەڵکانێکی زۆر پەنایان بردە بەر چیاکانی لوبنان، بە مەبەستی خۆدەرباز کردن و پارێزگاری کردن لەخۆ، دواتر لەوێ نیشەجێ بوون، ئەمەش مانای خاوەندارێتی ئەو زەویانەی دواتر لەسەری دەژیان. لێرەوە جۆرێك لە سیستەمی دەرەبەگایەتی دەستی پێکرد لە ناوچەکەدا، وەك هەموو سیستمێکی دەرەبەگایەتی تر لەنێو کۆمەڵگا مرۆییە جیاوازەکان دا. سیستەمی دەرەبەگایەتی جۆرێك لە گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەوەی بنەماڵەی دەرەبەگی خاوەن (دەسەڵاتی بەردەوام)ی دروست کرد، واتە لێرەوە دەرەبەگەکان وەك دەوڵەت دەسەڵاتدار بوون.

---

[2] د. عصام سليمان: الفدراليه والمجتمعات التعدديه ولبنان، ص٦٤

[2] م. س. لازاريف و آخرون: تأريخ كوردستان، ت: د. عبدي حاجي، الطبعه الاولى، دار سپيريز للطباعة و النشر– دهوك، اقليم كوردستان العراق، ٢٠٠٦، ص ٣٦

جارێکی تر جیهانی ئیسلامی له سەرەتای سەدەی (١٥)ی زایینی دا، بۆ دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دابەش بوو. سەرەتا له (٢٣/ ئاب/ ١٥١٤ز) له لایەن عوسمانییەکانەوە، له شەڕی (چالدێران)دا سنوورێك بۆ پەلهاویشتنی سەفەوییەکان دانرا، دواتر له (٢٤/ ئاب/١٥١٥ز) کاتێك لەشکری (سوڵتان سەلیمی یەکەم) هێرشی بردە سەر مەمالیکەکان له شەڕی (مەرج دابوق)ی نزیك شاری (حەڵەب) دا، مەمالیکەکان بە سەرکردایەتی (قانسۆ گۆری چەرکەسی) ناچارکران سوریا بدەن بە دەستەوە. لێرەوە سوریا و لوبنان دابەش کران بۆ دوو هەرێمی جیا، کەبە تورکی بە (ئیالە– إیالة) ناودەبرا. ئەوەی فەرمانڕەوایشی دەکرد ناودەبرا بە (پاشا). بەپێی ئەو سیستەمە بەشی باکوری جەبەل لوبنان خرایە ژێر فەرمانڕەوایی والی (تەرابولس– طرابلس)، هەروەها بەشی باشوری بۆ والی دیمەشق. دواتر له ساڵی (١٦٦٠ز) دا له (سەیدا– صیدا) ویلایەتێکی نوێ دامەزرا، بە مەبەستی چاودێری کردنی لوبنان کە جۆرێك له (هەستی جوداخوازی) تێدا دروست ببوو، بە تایبەت له سەردەمی میر (فەخرەدینی دووەم)ی گەورە دا ..[1] کە ڕەگەز کورد بوو..

لێرە بەدواوە دەرزییەکان وەك لایەنەکانی تری نێو چیاکانی لوبنان، له سەردەمی مەمالیکە چەرکەسییەکانەوە، له هێشتنەوەی سیستەمە دەرەبەگایەتییە باوەکەیان دا سەرکەوتوو بوون، وە کە تایبەت بوو بە خۆیان. تەنانەت دەوڵەتی مەمالیکەکان خوازیار بوون، له دەسەڵاتی ڕابەری دەرزییەکان کەم بکەنەوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی هێندە گەورە بوو کە بەئاسانی ڕێگری لێنەدەکرا، بۆیە زۆرجاریش دەوڵەت بەپێچەوانەوە دەیویست پلەوپایە ببەخشێتە ڕابەری دەرزییەکان. (ڕابەر) وەك میری گەورەی دەرزییەکان وابوو، سەرکردایەتی سیستەمێکی دەرەبەگایەتی دەکرد، کە لەسەر مافی بۆماوەیی (حق الارث) دامەزرابوو، وە سەرکردایەتی چەندین (خێزانی دەرزی) دەرەبەگی له ناوچە دەرزییە جیاجیاکان دا دەکرد.

عوسمانییەکان هەردەم هەوڵی گۆڕینی سیستەمی دەرەبەگایەتی و بارودۆخی باویان له ناوچە دەرزییەکان دا نەدەدا، بەڵکو وەك مەمالیکەکان (کە ناچار بوون)، ئەمانیش ڕێیان پێدابوون کە کاروباری ناوخۆیان وە سیستەمی دەرەبەگایەتی تایبەت بە ناوچەی خۆیان بەڕێوەبەرن. هەربۆیە میر (فەخرەدینی مەعنی دووەم) توانیبوی دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، کە گشت جەبەل لوبنانی دەگرتەوە، بە تایبەت له (کەسرەوان – کسروان) جێپێی خۆی توند کردبوو..

لە سەردەمی میری ناوبراو دا، سیستەمی دەرەبەگایەتی ناوچەکانی لوبنانی باکوریشی گرتبووەوە. بەڵام دواتر له ناوچەی کەسرەوان و چەندین شوێنی تر دا، بنەماڵەی مارۆنی دەرکەوتبوون، وەك (خازنییەکان– آل الخازن). کاتێك ناکۆکی و ململانێ، کاتێکیش هاوکاری لەگەڵ خێزانە دەرزییە دەرەبەگەکان دا بەدی دەکرا. ئەمانیش بەهەمان شێوەی دەرزییەکان کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبرد، لەوەش گرنگتر دانپێدانانیان بوو بە دەسەڵاتی میر فەخرەدینی دەرزی له ناوچەکە دا..[2]

ئەو ململانی و بارودۆخانە وایانکرد دەرزییەکان بیر له ڕێگەچارەیەك بکەنەوە بۆ مانەوەی

---

[1] د. عصام سلیمان: الفدرالیه و المجتمعات التعددیه و لبنان، ص ٧٤

[2] د. عصام سلیمان: الفدرالیه و المجتمعات التعددیه و لبنان، ص ٧٨– ٧٨

خۆیان، ئەوە بوو ساڵی (١٨٤٠ز) دەرزییەکان و مەوارنەکان، بە پشتگیری تەواوی عوسمانی و زلهێزانی ئەو سەردەمە (بەریتانیا، نەمسا، ڕوس) یەکیان گرت بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی شاڵاوی میسری سەردەمی (محەمەد عەلی پاشای گەورە) بۆسەر جەبەل لوبنان. هەرچەندە (فەرەنسا) وەك زلهێزێك پشتگیری لە میسر کرد، بەڵام بەدەستێوەردانی سەربازی ئەو زلهێزانە و ڕزگارکردنی لوبنان هەروەها جەبەل لوبنانیش لە دەست میسرییەکان کۆتایی هات. لەگەڵ ئەوەش دا لابردنی میر (بەشیری دووەم) وە دانانی میر (بەشیری سێیەم) وەك دەرەنجامێك بوو، بەڵام دوا میر لەبەرئەوەی هێندە دەسەڵاتی نەبوو بۆ پاراستنی ئاسایش و بارودۆخ، بۆیە دەکرێت وەك هۆکاری سەرەتای دەستپێکردنی ناکۆکی نێوان دەرزییەکان و مارۆنییەکان ئاماژەی پێبدرێت.

گەر هەڵوێستەیەك بکەین دەربارەی بارودۆخی شام و لوبنان، وە کاریگەری شاڵاوەکانی محەمەد عەلی پاشا بۆسەر ناوچەکە و بۆسەر هەژموونی دەوڵەتی عوسمانی، وە کاردانەوەی ئەو شاڵاوانە و ڕۆڵی کۆمەڵگا مرۆییەکان و بەتایبەت ڕۆڵی کورد لەو کاتە دا، دەبینین کورد جیاواز لە ڕەفتاری دەرزییەکان و مەوارنە مەسیحییەکان و دەوڵەتانی عوسمانی و زلهێزانی ئەو کاتە جوڵاونەتەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم دژە ڕەفتارەش فاکتەری نەتەوەیی بووە. لەم بارەیەوە نووسەر (محەمەد عەلی سوێرکی کوردی) لە نوسراوێکی دا بە ناوی (الکرد في بلاد مصر)، ئاماژەی بەو هاوپەیمانێتییە کردبوو کە لە نێو میسری محەمەد عەلی پاشا و میرنشینی بۆتانی بەدرخان پاشا دا دروست ببوو. جەختی لەسەر ئەوەش کردبوو کە سەرکەوتنی پاشای میسر و سەربەخۆیی بوونی لە (بابی عالی) عوسمانی، پاشان دەستبەسەراگرتنی شام لە لایەن (ئیبراهیم پاشا)ی کوڕی ناوبراو وە هەڕەشەی ڕاستەوخۆی بۆسەر دەسەڵات و خەلافەتی عوسمانی، هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ بەئاگا هێنانەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد. هەربۆیە جۆرێك لە هاوپەیمانێتی لەنێویان دا دروست ببوو، لەوەش گرنگتر هاریکاری میسرییەکان بۆ کوردەکان، دروستکردنی (کارگەی چەك و تەقەمەنی) لە (ڕەواندوز) بوو.

بۆ زیاتر دەرخستنی ئەو ڕاستیانە، مامۆستا (کەیوان ئازاد ئەنوەر) زیاتری پێیە و ئاماژە دەدات کە پاش مۆر کردنی (پەیمانی پیرۆز) لەنێو سەردارانی کوردی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا، کە بە یەکێك لە ڕێکەوتننامە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی کورد هەژمار دەکرێت، (بەدرخان پاشا)ی میری میرنشینی بۆتان وەك درێژەپێدانی سیاسەتە چاکسازییەکەی، توانی بە شێوەیەکی دبلۆماسی و سیاسیانە خۆی لە سەردارانی میسر نزیك بخاتەوە، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لەو گرژی و ئاڵۆزییەی لەنێو دەسەڵاتدارانی عوسمانی و میسری دا دروست ببوو. میری کورد بەپێی پرەنسیپی (دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە) هەڵسوکەوتی دەکرد، واتە ئەوپەڕی زیرەکی و هاوسەنگی بەکارهێناوە لە سیاسەتەکەی دا. هەربۆیە بەدرخان پاشا توانیبووی لە نێوان ساڵانی (١٨٢١– ١٨٤٧ز) دا بیری کوردایەتی بەرز بکاتەوە و بونیادی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کوردی بنێت..[١]

پاش ئەوەی دەرەبەگە دەرزییەکان ویستیان قورسایی دەسەڵات بەلای خۆیان دا بگێڕنەوە،

---

[١] کەیوان ئازاد ئەنوەر: کورد و کۆمەڵی مەدەنی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم– سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤، ل ١١٣

میری ناوبراو لەگەڵ بنەماڵە مارۆنییەکان دا دژیان وەستایەوە، بەتایبەت جوتیارە مارۆنییەکان کە پشتگیرییەکی تەواویان لە لایەن کڵێسەی مارۆنییەوە لێدەکرا، ئەوەش هۆکارێك بوو بۆ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ، دواتر ساڵی (١٨٤٢ز) دەسەڵاتی عوسمانی وەك ڕێگرییەك بۆ تەشەنە کردنی شەڕ، هێزی سەربازی خۆی لەناوچەکە دا بەکار هێنابوو، بەوەش کۆتایی بە دەسەڵاتی خۆیی (ئۆتۆنۆمی) دەرزییەکان لە جەبەل لوبنان هات، کە چەندین سەدە پارێزگاریان لێکردبوو، ئەم ڕووداوانە لە کاتێك دا بوو کە لوبنان بە تەواوی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە..[1]

لە سەدەی (١٩)ی زایینیش دا، کاتێك ناکۆکی و نائارامی سیاسی ناوچەکەی گرتەوە، کە زیاتر مۆرکێکی (تایەفەگەری) لەخۆ گرتبوو، سەرەتای لەناوچوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو کە بنچینەی سیستەمی میرنشینی لەخۆ گرتبوو، ئەوەش بەهۆی نایەکسانی هاوسەنگی هێز لە نێوان هەردوو بەرەی ناوبراو دا، بەوەی هێزی مارۆنییەکان و ڕۆڵی کەنیسەی مارۆنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون بوو، لە بەرامبەر دا هێزی دەرزییەکان ڕوو لە لاوازی بوو، ئەمانە تێکڕا هۆکاری دروست بوونی ڕق و کینە بوون لای هەردوو هێزی ناوبراو..

وڵاتانی ئەوروپی ئەو سەردەمەش دابەش ببوون بۆ دوو بەرە، یەکێکیان کە فەرەنسا بوو پشتگیری لە مەسیحییە مارۆنییەکان دەکرد، ئەوی دیش کە بەریتانیا و نەمسا و ڕوسیا بوون بەرژەوەندییەکانیان وای دەخواست گەر بە ڕواڵەتیش بێت پشتگیری خۆیان دەربخەن بۆ دەرزییەکان. ئەم دابەش بوونی هێزەش فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی هێندەی تر ململانی و ڕووبەڕووبوونەوەی تایەفی پەرە بستێنێ، دواتر لوبنان بە گشتی بووە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێ لەنێو زلهێزان دا، کە پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای لوبنانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڵدەستان پێی. ئاشکرایە کە دەرەنجامی ئەوانەی باس کران، دوو بەرەی دژ بە یەك و ونبوونی یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی لوبنانی لێکەوتەوە.

دەوڵەتی عوسمانی ئەو نائارامییە سیاسی و پشێوی و شەڕە ناوخۆییانەی بە هەل زانی بۆ زیاتر دەستێوەردان، هەربۆیە وڵاتانی ئاماژە بۆکراو لە (٢٣/ ئایار/ ١٨٤٢ز) لە ئەستەمبوڵ بە ئامادەبوونی کونسوڵگەرانی دەوڵەتە زلهێزەکان و نوێنەری سوڵتانی عوسمانی، لەسەر ئەو پڕۆژەیەی کە (مەترنیخ)ی سەرۆك وەزیرانی نەمسا ئامادەی کردبوو ڕێکەوتن، وەك ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەی لوبنان. بەو پێیەش جەبەل لوبنان دابەش کرا بۆ دوو هەرێمی کارگێڕی جیاواز، یاخود بۆ دوو قایمقامیەت، واتە ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیەی مەترنیخ دابەش بوونی ئیداری و هێزی ناوخۆی کۆمەڵگای لوبنانی ئاماژە بۆکراوی لەخۆ گرتبوو. بەمەش هەرێمێکی سەروو بۆ مارۆنییە مەسیحییەکان، هەرێمێکی خوارووش بۆ دەرزییەکان دەستەبەر کرا، هەردوو هەرێمەکەش ڕێگەی (بەیروت– دیمەشق) جیای کردبوونەوە، بەم هەنگاوەش دەوڵەتانی زلهێز و عوسمانی توانیان مەرامە سیاسییەکانی خۆیان بەجێ بهێنن دوور لە ئیرادە و خواستی کۆمەڵگای لوبنانی. دواتر وەك دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو دەوڵەتی عوسمانی بە هەمان شێوازی پێشووتر میر (بەشیری سێیەم)یشی لابرد، وە لە شوێنی ئەو ئەفسەرێکی لەشکری

[1] د. عصام سليمان: الفدراليه و المجتمعات التعدديه و لبنان ،ص ٩٠

عوسمانی کە ناوی (عومەر پاشای نەمساوی) بوو لە جەبەل لوبنان وەك فەرمانڕەوا جێگیری کرد..[1]

لەم بارەیەوە نووسەر (سەیار جەمیل) ئاماژەی بەوە دابوو کە ساڵانی (١٨٤١، ١٨٤٥، ١٨٦٠ز) ناوچەکە خوێناویترین پێکدادان و شەڕی ناوخۆیی بەخۆوە بینی بوو، هەر ئەوەش وای لە عوسمانییەکان کردبوو کە ساڵی (١٨٤٢ز) چەندین ڕێکەوتننامە لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی ئەو سەردەمە دا مۆر بکات، بەوەش لوبنان لەدایك بوونی سیستەمێکی نوێی بەخۆوە بینی، واتە دابەش بوونی جەبەل لوبنان لە ڕووی ئیدارییەوە بۆ دوو(قایمقامیەت)، یەکێکیان دەرزی، ئەوی تریش تایبەت بە مارۆنییەکان (پێشتر باسکرا)..[2]

لە لایەکی ترەوە نووسەر (عیسام سولەیمان) ئاماژەی بەوە دابوو، کاتێك (عومەر پاشا)ی عوسمانی دەسەڵاتی گرتبووە دەست، هەوڵی زیندووکردنەوەی بنەماڵە دەرەبەگەکانی هەردوولای دابوو، ئەوەش بە مەبەستی لەخۆ نزیك کردنەوەیان، بەڵام دەرزییەکان و مارۆنییەکان پێشوازییەکی ئەوتۆیان لەو خۆنزیك کردنەوەیە نەکرد بوو، واتە نەیانویستبوو بەو شێوەیە جارێکی تر تێکەڵی دروست ببێتەوە، چ لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی، چ لەنێو یەکتر دا، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە پێشوازیشیان لە سیستەمی نوێی ناوچەکەیان نەکردبوو.

لە کاتێك دا مارۆنییەکان بە ڕابەرایەتی پاتریارك (یوسف حەبیش) هەوڵیان دابوو بۆ گەڕاندنەوەی سیستەمی میرنشینی و میر (بەشیری دووەم)، یاخود هەر میرێکی مارۆنی تر، هاوکات دەرزییەکانیش هەوڵی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵە دەرەبەگەکانی خۆیانیان دابوو. بۆیە هەردوولا دژایەتی فەرمانڕەوای ناوبراو وە سیستەمی نوێیان کردبوو، لەبەرامبەریش دا (عومەر پاشا) ڕێوشوێنی توندی لە دژیان گرتبووە بەر. ئەمەش وایکردبوو کە دەرزییەکان جارێکی تر هەوڵ بدەن خۆیان لە مارۆنییەکان نزیك بکەنەوە، واتە وەلانانی گشت ناکۆکی و کێشەکان بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی پێشهاتەکان، یاخود دەتوانین بڵێین پوچەڵکردنەوەی مەرامەکانی دەوڵەتی عوسمانی. بەڵام پێش ئەوەی ئەو یەکێتییە لەنێویان دا ڕووبدات، عومەر پاشا توانیبووی ڕێگری بکات. هەرچەندە دواتر بەریتانیا کە لایەنگری دەرزییەکان بوو لەو کاتەدا، توانیبووی لەڕێی دبلوماسیەتی خۆیەوە دەستوەرداتە کارەکە و لە شوێنی حاکمی ناوبراو ئەفسەرێکی عوسمانی تر دابنێت..[3]

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەرگیز بارودۆخی ناوچەی دەرزییەکان لەبار نەبووە، کە خۆیان وەك قەوارەیەکی سیاسی و ئایینی سەربەخۆ دەربخەن. بەڵام هەردەم یەکگرتوویی یەکتاپەرستانی دەرزی نمونەی خۆڕاگری ئەوان بووە، بۆ گشت دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکان و حکومەتە نوێکانی ناوچەکە، بەوەی لە دێرزەمانەوە توانیبویان بوونی خۆیان بسەلمێنن. ئەمەش هەر لە سەردەمی خەلیفە (زاهیر عەلی لیئیعزاز دینللای فاتیمی– الظاهر علي لاعزاز دين الله الفاطمي)ەوە کە پاش دیارنەمانی خەلیفە حاکمی باوکی فەرمانڕەوایەتی گرتبووە دەست، وە گەورەترین جینۆسایدی دەرهەق بە ئایینزای یەکتاپەرستان و پەیڕەوانی ئەو ڕێبازە ئەنجام دابوو، بە تایبەت لەنێوان ساڵانی (١٠٢١–١٠٢٦ز)

[1] د. عصام سليمان: الفدراليه و المجتمعات التعدديه و لبنان، ص ٩٢

[2] الجميل، سيّار: بقايا و جذور التكوين العربي الحديث، ص ٣١٦

[3] د. عصام سليمان: الفدراليه والمجتمعات التعدديه ولبنان، ص ٩٢

له(حەڵەب و ئەنتاکیا) کە بە هەزاران کەسی بێسەروشوێن کردبوو، هەتا ئەمڕۆکە.. [١]

کاتێك هەستی ڕزگاری خوازی و دەرباز بوون لەدەست سیستەمی دەرەبەگایەتی لە نێو جوتیارە مەسیحییەکان دا ڕوو لە زیادبوون بوو، بە پێچەوانەوە جۆرێك لە پتەوی و تەبایی لە نێو جوتیاران و دەرەبەگە دەرزییەکان دا بوونی هەبوو، کە پێشتریش بەدی کرابوو. ئەو جیاوازییەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ زیاد بوونی دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان مارۆنی و دەرزییەکان لە ناوچە تێکەڵەکان دا، بە تایبەت لە ساڵانی (١٨٤٣-١٨٤٥ز) دا کە دواتر مۆرکێکی تایەفەگەری وەرگرتبوو. هەرچەندە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی (شەکیب ئەفەندی) لەو کاتەدا زۆر هەوڵی چارەسەرکردنی دابوو، بەڵام دوای لاچونی ناوبراو لە پۆستەکەی بارودۆخ تێکچوبوەوە.

ڕاپەڕینی جوتیارانی مەسیحی لە دژی سیستەمی دەرەبەگایەتی، بەرەنگاری یەکپارچەیی بەرەی دەرزییەکان بە جوتیار و دەرەبەگەوە ببوەوە. ئەوەش زاڵ بوونی هەستی تایەفەگەری و کاریگەری فاکتەری ئایینی نیشان دەدا لەلای دەرزییەکان بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لوبنانی دا. هۆکاری ئەو یەکێتییەش بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلی مارۆنییەکان بوو لە ناوچەکە دا، بە تایبەت ڕۆڵی کەنیسەی مارۆنی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لوبنانی هەبوو.

دەوڵەتانی زلهێزی ئەو سەردەمە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی دەستێوەردانی ئەو بارودۆخەیان دابوو کە بە بەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێبێت. لەلایەکەوە بەرژەوەندییەکانیان وای دەخواست ببنە پشت و پەنا بۆ لایەنە ناکۆکەکان، لەلایەکی تریشەوە هەوڵدان بۆ دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی. بەهەمان شێوە خودی دەوڵەتی عوسمانی خۆیشی هاندەری زیادبوونی ناکۆکی و ململانی بوو، لەبەرئەوەی دژی مافی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ دانیشتوانی جەبەل لوبنان، کە بە کەمکردنەوەی سەروەرییەکانی خۆیی لە قەڵەم دەدا، بۆیە هەردەم هانی دەرزییەکانی دەدا بۆ بەگژاچوونەوەی بوون و دەسەڵاتی ئایینی مارۆنییەکان.

وەك جێبەجێکردنی پیلانەکانی دەوڵەتی عوسمانی، والی دیمەشق (ئەحمەد پاشا)ی عوسمانی، لە سەدەی (١٩)ی زایینی دا، لە دژی فەرەنسا و ئەو ڕێکخراوانەی داکۆکیان لە یەکسانی سیاسی و مەدەنی موسڵمان و ناموسڵمان دەکرد، هانی شێخی موسڵمانان (عەبدوڵلا حەڵەبی- عبدالله الحلبي) دابوو کە فەتوایەك لە دژی مەسیحییەکان دەربکات، شێخی ناوبراویش بەو کارە نامرۆڤانەیە هەستابوو، کە دەبوو مەسیحییەکان هەڵکەندرانایە لە سوریا و لوبنان. لەگەڵ نالەباری بارودۆخی ناوخۆ، ئاستی نێودەوڵەتیش لەسەر هەمان کێشە ململانێی بەریتانیا و فەرەنسای بەخۆوە بینیبوو، ئەمانە تێکڕا ئەتمۆسفێرێکی لەبار بوون بۆ ڕەخساندنی پێکدادانێکی خوێناوی سەرتاسەری. بۆیە لە ئایاری ساڵی (١٨٦٠ز) دا هەموو ناوچە تێکەڵەکانی گرتەوە، هەرلە لوبنانەوە تا دیمەشق، چی گوندی مەسیحی هەبوو سوتێنران، بە هەزاران مەسیحیش لەناوچوون. لێرەوە داخوازی جوتیاران گۆڕدرا، لە ڕزگاربوون لە دەست سیستەمی دەرەبەگایەتی، بۆ بەرگری کردن لە دژی دەرزییەکان. واتە داخوازییەکان و بارودۆخ بەرەو شەڕی ناوخۆی سەرتاسەری و تایەفەگەری و ئایینی چوو.

---

[٢] سکیکر، زید علي: الموحدون عرب مسلمون، لا دروز، ص ٥٥

لێرەوە جینۆسایدی مارۆنییەکان هەژانێکی گەورەی لە ڕای گشتی ئەورووپی دا دروست کرد، وە کاردانەوەیەکی چاوەڕوانکراویشی لێکەوتەوە. فەرەنسا وەك زلهێزێك کە هەردەم پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات دا دەکرد، داوای بەستنی کۆبونەوەیەکی بەپەلەی لەم بارەیەوە کرد. بۆیە نوێنەرانی پێنج دەوڵەتە زلهێزەکە (بەریتانیا، فەرەنسا، پروسیا، نەمسا، ڕوسیا) وە بە ئامادەبوونی باڵیۆزی عوسمانی (محەمەد تۆفیق ئەفەندی) لە پاریس کۆبونەوەیەکیان ئەنجام دا. بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە ڕێگە درا بە فەرەنسا کە هێزێکی سەربازی بنێرێت بۆ لوبنان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخی ناوچەکە. ئەوەبوو لە (١٦/ ئاب/١٨٦٠ز) پێشەنگی ئەو هێزە سەربازییەی فەرەنسا گەیشتە بەیروت..[١]

دیارە کاتێك باس لەو پێکدادانە خوێناوییەی لوبنان دەکەین، دەبێت بزانین کە مەبەست لەوە، ئاماژەدانە بە بەردەوام بوونی ئەو ڕق و کینەیەی هەردوو لایەن لە زەینی خۆیان دا دروستیان کردبوو بەرامبەر بە یەکتر. بۆ نمونە کاتێك (أ. ج. هۆبزبۆم)(هۆبسباوم) باسی لە کاریگەری و دووبارەبوونەوەی مێژوو کردبوو، ئاماژەی بەوە دابوو کە کێشەی کەمینە ئاینییە چەکدارەکانی لوبنان، تەنها لەوەدا نەبوو کە بارودۆخی بنچینەییان دوای (١٥٠) ساڵ گۆڕانکاری بەسەر دا نەهاتبوو، بەڵکو شێوازی سیاسیشیان گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبوو. ئاماژەی بەوەش دابوو کە جانبولادییەکان ساڵی (١٨٦٠ز) کاتێك ڕابەرایەتی دەرزییەکانیان دەکرد، ئێستاش هەر هەمان ئەو بنەماڵەیەیە کە ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام بە چەندین ناو و کەسایەتی و ڕۆڵی سیاسی جیاجیا..[٢]

نووسەری دەرزی (حەننا ئەبی ڕاشید)(حنّا ابي راشد) کاتێك باسی لە دەرزییەکان کردبوو، بە خانەدان و گەورەپیاوانی لوبنانی ناوزەد کردبوون. ئاماژەی بەوەش دابوو کە زۆربەی خاکی لوبنان لە کۆن دا بە جەبەل لوبنان ناسرابوو، هەربۆیە دەرزییەکان بە درێژایی (٤٠٠) ساڵ سەردارانی لوبنان بوون، بەڵام ساڵی (١٧١١ز) ئەو سەروەرییە لە دوای شەڕی (عەین دارا) *[٣] کۆتایی پێهاتبوو. هەروەها ئاماژەی بە میرانی (مەعنی)ش دابوو کە سەردارانی دەرزی بوون، ئەوان بوون ساڵی (١٥١٦ز) بەرەنگاری (مەمالیکەکان) ببونەوە.

لە سەردەمی سوڵتان سەلیم دا کاتێك عوسمانییەکان میسریان داگیر کردبوو، دانیان بە سەروەری دەرزییەکان دا نابوو، کە لە سەردەمی میر فەخرەدینی دووەم دا، دەسەڵات و پێگە و خاکی دەرزییەکان (ئەنتاکیا) لە باکوری سوریا، وە (تەدمور) لە ڕۆژهەڵات، وە (عەجلون) لە ئوردون بوو. هەرچەندە بەیروت، سەیدا، لازقیە، تەرابولسیش قەڵەمڕەوی ئەوان بوو. هەروەها نووسەر باسی لە

---

[١] د. عصام سليمان: الفدراليه و المجتمعات التعدديه و لبنان، ص ٩٨- ١٠١

[٢] أ. ج. هوبزبوم: دراسات في التاريخ، ت: عبدالاله النعيمي، طبعه خاصة، دار المدى للثقافة و النشر- سوريه، دمشق، ٢٠٠٦، ص ٥٥

* شەڕی (عەین دارا) بە گرنگترین شەڕ لە قەڵەم دەدرێت کە لە نێوان دەرەبەگەکانی میر (حەیدەر شەهابی- حيدر الشهابي) ناسراو بە (قەیسی- القيسي) وە میر (یوسف عیلمەددین- يوسف علم الدين)ی ناسراو بە (یەمەنی- اليمني) دا ڕووی دابوو. ئەو شەڕە کۆتاییەکەی بە سەرکەوتنی لایەنگرانی (قەیسی) و تێکشکانی لایەنگرانی (یەمەنی)، وە ئاوارە بوونیان بەرەو ناوچەی (حەوران- حوران) لە خاکی سوریا هاتبوو.

داگیرکارییەکانی (ئیبراهیم پاشا کوڕی محەمەد عەلی پاشای گەورە) بۆسەر سوریا کردبوو، کە ساڵی (١٨٣٢ز) ئەو وڵاتەی داگیرکردبوو، وە تا ساڵی (١٨٤١ز) توانیبووی بمێنێتەوە تێیدا، بەڵام لە کۆتایی دا بە ناچاری بەجێی هێشتبوو، لە ئەنجامی ئەو ڕاپەڕینەی (بەنی معروف- بني معروف) بەرپای کردبوو..[١]

مامۆستا (کەیوان ئازاد ئەنوەر) بە تێروتەسەلی ئاماژەی بەم ڕوداوانە دابوو لە کتێبەکەی دا، بەوەی لە (٢٤/ حوزەیران/ ١٨٣٩ز) پاش ئەوەی سوپای عوسمانی لە شەڕی (نیزەپ) دا شکستی خواردبوو لە بەرامبەر سوپای (محەمەد عەلی پاشا)دا بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم پاشا)ی کوڕی، ئەمە خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆئەوەی نەك هەر شیرازەی سوپای عوسمانی لەبەریەك هەڵوەشێت و دەسەڵاتیان لە ناوچەکە دا نەمێنێت، بەڵکو سەرەتایەکیش بێت بۆ سەرهەڵدانی چەندین پەیوەندی، لەوانەش پەیوەندی نێوان میری بۆتان و سەرداری میسر کە بەهۆیەوە هەوڵدرا سنورێك بۆ گشت شاڵاو و هێرشە سەربازییەکانی لەشکری عوسمانی دابنرێت..[٢]

ئاشکرایە پێگەی دەرزییەکان ئێستا دەکەوێتە نێو وڵاتانی لوبنان، سوریا، فەلەستین، ئەردەن، کە بە پێگەی سەرەکی ئەوان ناوزەد دەکرێت. هەرچەندە لە بەرازیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش چەندین ڕێکخراو و گروپی کارایان هەیە. ئەمڕۆ ژمارەی دەرزییەکان لە جیهان دا بە زیاد لە (٢٠٠) هەزار کەس مەزەندە دەکرێت. بێگومان ئەو ژمارەیەش چەندین بنەماڵە و خێزانی جیاجیا لەخۆ دەگرێت. پێشتر باسیش لەوە کرا کە بنەماڵەکان تیایاندایە بە ڕەچەڵەك کوردن، کە لێرەدا پێویست ناکات ئاماژەی پێبدەین. نووسەری دەرزی لوبنانی (سەلاح عیسام ئەبو شەقرا) لە توێژینەوەیەکی دا، ئاماژەی بەوە دابوو کە لە نێو کۆمەڵگای لوبنانی دا توێژێك خێزانی کورد هەن، توانیویانە ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردن و بنیاتنانی مێژووی لوبنان دا بگێڕن..[٣]

بۆ ڕاستی ئەم وتەیەش نووسەر (دەیڤد مەکدویڵ) ئاماژەی بەوە دابوو، بنەماڵەی جانبولادەکان کە ڕەچەڵەك کوردن، وە خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێزن، ئەوان توانیویانە بە درێژایی مێژوو سەرکردایەتی دەرزییەکان بکەن بەبێ ئەوەی بنەماڵەیەك هەبێت لە ئێستا دا کە بتوانێت شان بدات لە شانیان. هەرئەوەش وای کردبوو کە کوردەکان لە پاڵ ئەوان دا بە ئاسودەیی ژیان بگوزەرێنن، زیاتر لەوەی لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی تری نێو لوبنان. هەرچەندە کەمینەیەك لە کوردەکانی لوبنان چوبوونە پاڵ سوننەکان، بەڵام دواجار بۆیان دەرکەوتبوو کە وەك ئەندامێکی پلە دوو (هاوڵاتی پلە دوو) ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت و سەیر دەکرێن، ئەوەش تەنها لەبەرئەوەی ئەوان عەرەب نەبوون..[٤]

لێرەوە دەردەکەوێت کە شوناسی دەرزییەکان زۆر پەیوەست بووە بە (گیان پۆڵا) ڕەگەز کوردەکانەوە. ئەوەتا لە لایەك مێژوونووسان و ڕۆژهەڵاتناسان خۆیان شاهیدی ئەو ڕاستیەیان داوە، لەلایەکی تریشەوە هەر بە وتەی ئەوان و نووسەرانی دەرزی خۆشیان، جەختیان لەسەر ئەو ڕاستییە

---

[١] ابي راشد، حنّا: حوران الدامیه، ص ٥٨٣

[٢] کەیوان ئازاد ئەنوەر: کورد و کۆمەڵی مەدەنی، ل ١٢٠

[٣] ابو شقرا،صلاح عصام: کورد گەلی مەینەتییەکان، و: جاسم محەمەد محەمەد عەلی، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥، ل ٤٣

[٤] دیڤید مکدویل: تأریخ الاکراد الحدیث، ص٧٢١

کردووه کە بنەماڵەی گیان پۆلاکان (جانبولادەکان)ساڵی (١٦٣٠ز) لە سەر دەستی میر (فەخرەدینی مەعنی دووەم) بوونەتە لایەنگر و باوەڕداری یەکتاپەرست..[1] کەواتە دەکرێت بوترێت کە پەیوەنییەکی مێژینە هەبووە و هەیە لەنێو کورد و دەرزییەکان دا، خۆ ئەگەر ئایینیش نەبێت ئیتنییە..

نووسەر (میرزا شوکروڵڵای سنەیی (فەخرولکیتاب– فخر الکتاب)) لە کتێبەکەی دا کاتێك باس لە بنەچەی کورد دەکات، ئاماژە بە مارە ئەفسانەییەکانی سەرشانی زوحاك دەدات، کە دەبوایە ڕۆژانە مێشکی دوو لاوی کوردی بۆ بکرایە بە خۆراك، بەڵام ئەو کەسەی خۆراکەکەی بۆ مارەکان ئامادە دەکرد وەك کارێکی مرۆیی و بەزەیی هاتنەوە بەو لاوانە دا، لەبری لاوێکیان مێشکی مەڕێکی تێکەڵ بە خۆراکە ئامادەکراوەکە دەکرد، بەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆر لەو لاوانە ڕزگاردەکران و بەرەو چیا و ئەشکەوتەکان هەڵدەهاتن. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەم چەند دێڕەیە کە نووسەر ئاماژەی پێداوە و وەسفی کوردی پێدەکات، کە وتویەتی: " کاتێك نۆرەی سەربڕینی لاوێك دێت کە ناوی (کورد)ە، چێشتلێنەری زوحاك بەزەیی پێدا دێتەوە و دەربازی دەکات، ئەویش بە خۆیی و ژنەکەیەوە کە ناوی (کوردستان) دەبێت ئاوارەی شاخ و کوێستانەکان دەبێت. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەو ناوچە دوورەدەستانە دا ژیان بەسەر دەبەن وە لە ئەنجامی زاوزێ، نەوەیەکی زۆر و چەندین وەچە و تایەفەیان لێدەکەوێتەوە کە تێکرا بەناوی کوردەوە ناودەبرێن و ئەو خاکەی نیشتەجێش بوون لەسەری بە کوردستان ناودەبرێت. ئەمانە بە ئازایەتی و خۆڕاگری و ملنەدان و پیاوەتی ناوبانگیان دەرکردبوو..[2]

گەر بڕوانینە ئەو چەند دێڕەی سەرەوە دوور لە ئەفسانەی مارەکان، دەبینین نووسەر زۆر بە جوانی و فەلسەفییانە باسی لە کورد کردووە، (کورد)ی بە لاوێکی ئازا و کۆڵنەدەر و پڕهیوا ناوبردووە. لەهەمان کاتیش دا خێزانی ئەو لاوەی بە (کوردستان) وێنا کردووە، کە سومبولی جوامێری و میهرەبانییە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە نووسەر کورد و کوردستانی بە سەرەتایی ترین و لەمێژ ترین خێزان ناوزەد کردووە و پابەندی یەکیشی کردوون، واتە وشەی کورد و کوردستان هەرگیز لێك جودا نابنەوە و نمونەی خۆڕاگری و ئازایەتی و جوامێریشن. هەرلێرەوە دەکرێت دان بەو ڕاستییە دا بنێین کە کورد ئەو گەلە لێقەوماوەیە کە ساڵەهای ساڵە دەربەدەری شاخ و کێوانە، بەهیچ جۆرێك دانیش نەنراوە بە بوون و قەوارە و مافەکانی دا، تەنها کارێکی مرۆڤانەش بووە کە نەیهێشتووە ملی بەر چەقۆی ڕۆژگار بکەوێت و لەناو نەچێت، ئەمڕۆکەش هەر ئەو کارە مرۆڤانەیەیە کە هێشتویەتییەوە، بەبێ قەوارە و سەروەری دوور لە کاروانی ئازادی. سەرباری ئەوانەش پارچەپارچە کردن و لەبەریەك هەڵوەشان سیمای سەرەکی ئەو نەتەوەیەیە..

---

[1] سکیکر، زید علي: الموحدون عرب مسلمون، لا دروز، ص ٩٨

[2] سنندجی، میرزا شکرالله "فخر الکتاب": هۆز و تیرە و تایەفەی کورد لە کوردستانی ئەردەلان، و: ئەنوەر سوڵتانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین– سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦، ل ٥٠

## تەوەری دووەم/

### ڕۆڵی دەرزییەکان لە سیستەمی سیاسی لوبناندا

بیرمەند (مایکڵ دۆنیلان) لە تیۆریی هاوپەیمانێتی دا ئاماژەی بەوە دابوو کە:

کاتێك جیهان یەك کەسی تێدا بێت، ئاشتی بەرقەرارە..
کاتێك جیهان دوو کەسی تێدا بێت، ململانی بەرقەرارە...
کاتێك جیهان سێ کەسی تێدا بێت، هاوپەیمانێتی بەرقەرارە..[1]

ولاّتی لوبنان لە چوار کۆمەڵی سەرەکی پێکهاتوون کە (دەرزی، مارۆنی، سوننە، شیعە)ن، بەپێی مێژوو کاریگەرییەکی تەواویان لەسەر گۆڕەپانی لوبنانی هەبووە و هەیە، جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بێت یا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەم گروپە ئایینی و ئیتنییە جیاوازانە بە درێژایی مێژوو، کاریان لەسەر دامەزراندنی جۆرە هاوکێشەیەك کردووە، کە بنەماکانی ململانی و کێشمەکێش و بگرە زۆرکات شەڕ و پێکدادانی خوێناویشی لەخۆ گرتووە، کە دەتوانین بڵێین ئەم واقیع و هاوکێشە سیاسییە ئاڵۆزە هۆکاری دامەزراندنی چەندین گروپی جەنگاوەر بووە، کە بە سەرکردایەتی میرە جەنگاوەرەکان تێکڕای هاوکێشە سیاسی و کارەکان دەبران بە ڕێوە، لەگەڵ ئەوەش دا سیستمێکی دەرەبەگایەتی هاوشێوەی سیستەمی ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاست، میکانیزم و هەڵسوڕێنەرێکی بالاّدەست بوو لە نێو ئەو کۆمەڵگە فرە ئیتنی و ئایینییە دا.

چەمکی میر لای لوبنانییەکان، هەمان مانای میری کۆمەڵگاکانی چاخەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا و ئاسیای دەگەیاند، ئەمە لەگەڵ ئەوەی چەندین نازناوی جیایان هەبوو. ئەم گروپانە تێکڕا تایبەتمەندێتی خۆیان هەبوو، بەوەی دامەزراوەیەکی تۆکمە و تەواو بوون لە ڕووی کارگێڕی و مرۆیی و وەزیفییەوە. لەم بوارە دا دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای مارۆنی پێشەنگی کۆمەڵگاکانی تری لوبنان بوون لە ڕووی ئەم جۆرە پێکهاتەیەوە. دواتر بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و دیمۆگرافیانەی لە ناوچەکە دا ڕووی دا، وە کاریگەری دەرەکی لەسەر هەردوو قائیمقامیەت، ئەمانە تێکڕا فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆئەوەی ڕۆڵی سەرەکی مارۆنییەکان لە سەدەی (١٩)ی زایینی دا ڕوو لە زیادبوون ببێت.

---

[1] د. ممدوح محمود مصطفى منصور: سياسات التحالف الدولي، الطبعه الاولى، جامعة الاسكندريه، مكتبة مدبولي– الاسكندريه، مصر، ١٩٩٧، ص ١٣٦

ئەوانـەی باسـکران ئاماژەدانێـك بـوو بـە سـەرەتای گواسـتنەوەی هـەژموون بـوو بـۆ بنەماڵـەی مارۆنییەکان. بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێزی ئەو سەردەمە، لـە کاروباری لوبنـان بـە گشـتی ومارۆنییـەکان بـە تایبـەتی، جـۆرە جیاوازییـەك لـە ڕاوبۆچـوونی مارۆنییـەکان دا دروسـت بـوو، واتـە لەدەستدانی ئـەو کۆدەنگییـەی پێشـتر لـە نێویـان دا هـەبوو. ئـەم ناکۆکییـە لـە سـەردەمی ئینتیدابـەوە تـا گەیشـتن بـە سـەربەخۆیی لوبنـان پـەرەی سـەند، واتـە دابـەش بـوونی گروپـی مەسـیحی بـۆ دوو بـەرە، بەرەیەکیان پشتگیری ئینتیدابی فەرەنسیان دەکرد، ئەوی دیش دژی بـوو. بێگومـان ڕەنگدانـەوەی ئـەم ناکۆکییەش لە شەڕی ناوخۆی لوبنانی دا زیاتر ڕەنگی دایەوە..

لەگـەڵ ئـەو کـۆدەنگی و تەبایـیەی لـە نێـو دەرزییـەکان دا هـەبوو، بـەڵام دواتـر ئـەوانیش بەهـەمان شێوەی مەسیحییەکان جۆرە ناکۆکییەك لە نێویان دا دروست بوو. بە درێژایی سـێ سـەدە ئـەم ناکۆکییـە بەردەوام بوو، کە دواتر بووە هۆی لاواز بوون و لەدەستدانی ڕۆڵی گرنگـی ئـەوان لەچـاو مارۆنییـەکان دا. بۆیە دەتوانین بڵێین سەدەی (١٩)ی زایینی سەرەتای لەناوچوونی هاوسەنگی و پێکدادانی خوێناوی ئەو دوو لایەنە بوو. ئاشکرایە پاش دروست بـوونی دوو ئیـدارەی جیـا، ڕۆڵـی مارۆنییـەکان ڕوو لـە زیـادبوون بوو تا گەیشـتن بـە (لوبنـانی گـەورە). تەنانـەت لـە سـەدەی (٢٠)ی زایینـی دا، کۆمـەڵگای دەرزی هێنـدەی نـەمابوو بـوونی خـۆی تـەنها لـە بنەماڵـەی جانبولادەکـان دا ببینێتـەوە، بەتایبـەت لـە کەسـایەتی (کـەمال جـانبولاد) و کوڕەکـەی دا، واتـە لـە (١٩٤٣ز) تـا کـاتی تـیرۆر کردنـی لـە ئایـاری (١٩٧٧ز) دا. هەرچـەندە بنەماڵەی ئەرسەلانییەکانیش کاریگەرییەکی ڕێژەییان هەبوو.

پاش تیرۆرکردنی ناوبراو، (وەلید جانبولاد)ی کوڕی دەسـەڵاتی (میرنشـینی) دەرزییـەکانی گرتـە دەسـت. دووبـارە مـیری نـوێ بەهـەمان شـێوەی پێشـووتر دوچـاری نـاکۆکی و ملمـلانـێ و شـەڕی نـاوخۆ بووەوە، گرنگترینیـان (شـەڕی جەبـەل- حرب الجبـل)ی سـاڵی (١٩٨٣ز)، کـە بـە سـەدان و هـەزاران کـەس ملوێران و سەرگەردان بوون، ئەو شەڕە بە سەرەتایەك دادەنرێت بۆ هاتنەکایەی (ڕێکەوتننامەی تـائیف- اتفاق الطائف)ی ساڵی(١٩٨٩ز) کە بارودۆخی بەرەو هێورکردنەوە برد.

دەرزییەکان پێشتر وەك هاوپەیمانێکی سوریا، دواتریش وەك نەیارێکی سەرسەختی ئـەو ڕژێمـە، بەتایبـەت دوای ئـەوەی دەنگـی خۆیـان خسـتە پـاڵ ئەوانـەی کـە دژی بـوونی سـوریا لـە لوبنـان بـوون (کـە زۆرینـە بـوون)، ئەمـەش بەسـەرکەوتنێکی گـەورە لەقەڵـەم درا بـۆ تێکـڕای لوبنانییـەکان. سـاڵی (٢٠٠٠ز) دوای کشانەوەی لەشکرکێشی سوپای ئیسرائیلی لـە خـواروی لوبنـان کـە بـە سـەرکەوتنێکی ڕێـژەیی بـۆ (حیزبوڵڵا - حزب الله) ئەژمارکرا لـەو ناوچەیە دا، وە دوای ئـەوەی سـاڵی (٢٠٠٥ز) کەسـایەتی نـاوداری لوبنانی (ڕەفیق رفیق الحریري) تیرۆر کرا، بەهۆیەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵـەتی سـوریا ناچـارکرا بـەوەی هێزەکانی لە لوبنان پاشەکشێ پێبکات.

خۆ ئەگـەر سـەرنجێکی مێژووییانـە لـە لوبنـان بدەین، بەتایبـەت ناوەڕاسـتی حـەفتاکانی سـەدەی پێشـوو، واتـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی شـەڕی نـاوخۆی لوبنـانی، دەبیـنین کـە دەرزییـەکان چ ڕۆڵێکـی کاریگەریان گێڕاوە چ لەسەر ئاستی نـاوخۆ، چ لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی، تـاك لایـەن یـاخود بەشـێوەی هاوپەیمانی. باشتروایە سەرەتا باسێکی لایەنە ناکۆکە بەشدارەکان و هۆکارە دەرەکی و ناوەکییـەکانی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ناوخۆییە و دەستێوەردانە دەرەکییەکانی بخەینە ڕوو. زۆربەی بەڵگەنامە

مێژووییـەکان ئاماژەیـان بـە (١٣/ ٤/ ١٩٧٥ز) دابـوو وەك مێـژووی دەسـتپێکردنی ئـەو شـەڕە ناوخۆییـە، لەمبارەیەوە ماڵپەڕی (ویکیپیدیا) ئاماژەی بەوە دابوو کە پاش هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی بۆ تیرۆرکردنـی ڕابەری مارۆنی (پیار جومەییل- بیار الجمیّل) تـەرخانکرابوو، وە دوابـەدوای کوشتاری (عێن ڕوممانـە- عین رمانـه) کـە تیایـدا بـە چەکی ئۆتۆمـاتیکی هێـرش کرابـووە سـەر ئۆتۆمـۆبێلێکی مـەدەنی کـە تێکـڕای سەرنشینانی فەلەستینی و لوبنـانی بوون، وە سـەرەنجام (٢٦) فەلەسـتینی، (٢) کـەتائیبی لوبنـانی، (٢) هـاوڵاتی لوبنـانی کوژرابوون، کـە ئـەوەش تێکـڕای سەرنشـینانی نـاو ئۆتۆمۆبێلەکـە بـوون، ئـەوە و چـەند کردەوەیـەکی تۆڵەسـەندنەوەی تـریش، تێکـڕا هۆکـارە ناوخۆییـەکان بـوون بـۆ هەڵگیرسـانی ئـەو شـەڕە خوێناوییەی کە گیانی هەزاران بێتاوانی کردە سوتەمەنی، وە نزیکـەی (١٥) ساڵ پێکهاتـە جیاوازەکـانی کۆمەڵگای لوبنانی بەیەکدا دا.

هەمان ماڵپەڕ ئاماژەی بە لایەنە بەشەڕهاتووەکانی ناو لوبنان دابوو کە خۆی لـە لەشـکری لوبنـان (الجیش اللبناني)، هێزە لوبنانییەکان (القوات اللبنانیه)، پارتی پێشکەوتوخوازی سۆشیالیستی (الحزب التقدمي الاشتراکي)، پـارتی کـەتائیبی لوبنـانی (حـزب الکتائـب اللبنانیـه)، پـارتی نیشـتمانی ئـازادیخواز (حزب الوطنیین الاحرار)، ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی (منظمة التحریر الفلسطینیه)، بزوتنەوەی ئەمەل (حرکة الامل)، بزوتنـەوەی نیشـتمانی لوبنـانی (الحرکـه الوطنیـه اللبنانیـه)، وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی سۆڤێت، ئیسرائیل، سوریا، ئێران، وڵاتانی چواردەور دا دەبینییەوە..

بەڵگەنامەکان ئاماژەیان بەوە دابوو کە کاتێك پارلەمانی لوبنانی لە ساڵی (١٩٨٨ز) نەیتوانی بوو کەسێکیتر دەستنیشان بکات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی لە دوای سەرۆك (ئەمین جومـەییل- امـین الجمیّل)، سوپاسـالاری ئـەو کاتـە (عیمـاد میشـێل عـۆن- العمـاد میشـیل عـون) تـاك لایەنـە سـەرۆکایەتی حکومـەتی ڕاگەیانـدبوو، ئـەوەش ببـوە هـۆی نـاڕەزایی دەربڕینـی زۆرێـك لـە لایەنـەکانی تـری هاوکێشـەی لوبنـانی. بێگومان هاوکات حکومەتێکی ئەڵتەرناتیڤ دروست بوو بە سەرۆکایەتی (سەلیم حوس- سلیم الحص). دواتـر وەك چارەسـەرێك بـۆ ئـەو کێشـەیە (شانشـینی عـەرەبی سعودی- المملکـة العربیـه السـعودیه) لـە مانگی هەشتی ساڵی (١٩٨٩ز) هەستابوو بە سەرۆکایەتی کردنی کۆبونەوەیەك لە (تائیف- الطائف) کە تیایدا هەوڵ درابوو بۆچونە جیاوازەکـانی لایەنـە ناکۆکـەکان لێـك نزیـك بکرێتـەوە، کەبـە (ڕێکەوتننامـەی تائیف- اتفاق الطائف) ناسرا بوو.

ئاشکرایە کە ڕێکەوتننامەی تائیف هۆکارێك بوو بۆ سەرەتای کۆتایی پێهێنـانی شـەڕی نـاوخۆی لوبنـانی، هەرچـەندە سوپاسـالاری نـاوبراو ئـەو ڕێکەوتننامەیـەی ڕەتکردبـووەوە، لەبەرئـەوەی بـەپێی ئـەو پرۆتۆکۆلە دەبوایە هێزەکانی سـوریا لەسـەر خـاکی لوبنـان بڵاوبونایەتـەوە، ئـەوەش بـە مەبەسـتی چیدی ڕێگرتن لە شەڕی ناوخۆ. لە مانگی دەی ساڵی (١٩٩٠ز)، لە ڕێی کردەوەیـەکی سـەربازی هاوبەشـەوە کـە هێزەکانی سوریا و لوبنان هەستابوون پێی بە ڕەزامەنـدی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، سوپاسـالاری نـاوبراو لـە کۆشـکی (بەعەبـدا- بعبـدا)ی سـەرۆکایەتی لـە بـەیروت دوور خرایـەوە، ئـەوەش فشـارێکی کاریگـەری بـۆ نـاوبراو دروسـت کردبـوو، بۆیـە بەناچاری پـەنای بردبـووە بـەر (باڵیۆز خانـەی فەرەنسـی)، دواتر وەك پەنابەرێکی سیاسی ڕووی کردبووە (پاریس).

دوابەدوای تاوانبارکردنی (پارتی کەتائیب)[1]* کە (پیار جومەییل) سەرکردایەتی دەکرد، لە لایەن سەرکردایەتی بزوتنەوەی فەلەستینییەوە کە مۆڵگە چەکداری و مرۆییەکانیان لە ناو خاکی لوبنان دا بوو. (یاسر عەرەفات)ی سەرۆکی ئەو بزوتنەوەیە بانگەوازێکی بەپەلەی ئاراستەی سەرکردەی وڵاتە عەرەبییەکان کرد بوو وەك ناڕەزایی دەربڕینێك، کە تیایدا چەکدارانی کەتائیبی تاوانبار کردبوو بە هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی..[1]

نووسەر (عیسام سولەیمان) ئاماژەی بەوە دابوو کە لە ساڵی (١٩٦٩ز)ەوە بوونی چەکداری فەلەستینی لە ناو خاکی لوبنان دا، هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بووە بۆ شەڕی ناوخۆی لوبنانی...[2] بەڵگەنامەکان ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دۆسیەی لوبنان دا ڕەزامەند بوون بە دەستێوەردانی سوریا لە خاکی لوبنان دا، هەر بۆیە لە (١٩٧٦/١/٢١ز) دا وتەبێژ بە ناوی (کۆشکی سپی)یەوە ڕایگەیاند کە " سەرۆك (گێراڵد فۆرد) دەستبەرداری بۆچونی (دەستێوەردانی سەربازی دەرەکی) بووە، دەبوایە وڵاتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندییەکانی سوریای بەهەند وەرگرتایە." هەربۆیە لە (١٩٧٦/١/٢٩ز) وتەبێژی فەرمی بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی ڕایگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵی سوریای بەهەند وەرگرتووە لە کێشەی لوبنان دا..

نووسەر (مەسعود خوەند) ئاماژەی بەوە دابوو کە فەلەستینییەکان بێگوێدانە بەرژەوەندییە باڵاکانی لوبنان، خاکی لوبنانیان کردبووە مۆڵگەی کردەوە سەربازییەکانیان. ئەوەش هۆکاری (ڕێکەوتننامەی قاهیرە- اتفاق القاهرە) بوو، کە لە (١٩٦٩/١١/٣ز) لە نێوان شاندی لوبنانی و فەلەستینی، وە بە سەرپەرشتی میسر مۆر کرا بوو، کە تیایدا چەکدارانی فەلەستینی ئازاد کرابوون لە هەڵسوکەوت و چالاکیان دا...[3]

بەپێی زۆرێك لە بۆچوونەکان، بوونی هێز و ڕێکخراوە جیاجیاکانی فەلەستینی هۆکاری سەرەکی شەڕی نێوخۆی لوبنانی بوو. هەربۆیە کەسایەتی (کەمال جانبولاد) وەك زۆرێك لە پارلەمانتار و وەزیرانی لوبنانی کە پێشتر لایەنگر و هاوسۆزی کێشەی فەلەستینییەکان بوون، بەڵام دواتر بەهۆی پابەندنەبوونی چەکدارانی ناوبراوەوە بە پرەنسیپە سەرەکییەکانی ڕێکەوتننامەکە و گوێنەدان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی لوبنانەوە، جۆرێك لە ناڕەزایی لە نێو ئەوان و کۆمەڵگای لوبنانی دا دروست بوو، کە زیاتر لە مەسیحییەکان دا ڕەنگی دایەوە.

---

[1]* پارتی کەتائیبی لوبنانی، پارتێکی سیاسی بوو ساڵی (١٩٣٦ز) لە لایەن (پیار جومەییل)ەوە دامەزرا بوو، ئەو پارتە پاڵپشتێکی بەهێزی سەرۆك (کەمیل شەمعون) بوو لە ڕوداوەکانی ساڵی (١٩٥٨ز). یەکێك لە گرنگترین لایەنە ڕاست ڕەوە چەکدارەکانی شەڕی ناوخۆی لوبنانی بوو. بەڵگەنامەکان ئاماژەیان بەوە دابوو کە لەو شەڕە ناوخۆییە دا چەکیان لە ئیسرائیل وەرگرتبوو، هەرچەندە کەتائیب ئەو دەنگۆیانەیان ڕەتکردبوەوە لە کاتی خۆی دا، پاش کۆچی دوایی سەرکردەکەیان ساڵی (١٩٨٤ز) پێگە و ڕۆڵی ئەو پارتە ڕوو لە کەم بوون چوو. لە سەرکردە ناودارەکانی ئێستای ئەو پارتە (ئەمین جومەییل)ی سەرۆکی پێشووی لوبنانی وە (پیار ئەمین جومەییل)ی وەزیری پیشەسازی نێو حکومەتەکەی (فوئاد سەنیورە)، هەرچەندە لە مانگی یانزەی ساڵی (٢٠٠٦ز) تیرۆر کرا.

[1] الخوند، مسعود: لبنان المعاصر، الجزء (١٦)، ص ٢٨٣

[2] د. عصام سليمان: الفدراليه و المجتمعات التعدديه و لبنان، ص ٢١٧

[3] الخوند، مسعود: لبنان المعاصر، الجزء (١٦)، ص ٢٦٤

هەربۆیە کەسایەتی ناوبراو وەك وەزیری ناوخۆ، بێزاری خۆی دەربڕی بوو بەرامبەر بەو زیادەڕەوییانەی چەکداران. ئەوەش هاندەرێکی باش بوو بۆ وەزیرە مارۆنییەکان تا ناڕەزاییەکانی خۆیان بخەنە پاڵ ناڕەزایی تێکڕای مەسیحییەکان و کاریگەری زیاتر دروست بکەن لەسەریان. هەربۆیە وەزیری کارگوزاری گشتی و گواستنەوە پیار جومەییل، هەروەها (کەمیل شەمعون- کمیل شمعون) وە (ڕیمۆن ئیددە- ریمون إدە) وە چەند سەرکردەیەکی تری مەسیحی، پشتگیری تەواویان بۆ ئەو ناڕەزاییانە دەربڕی بوو، وە ڕێکەوتننامەی قاهیرەیان بە (هەڵە) ناوبردبوو، ئەمە و دوابەدوای بەرزبونەوەی ناڕەزایی، کەسایەتی (بەشیر جومەییل- بشیر الجمیّل)[1*] لە گۆڤاری (مەگەزین) ژمارە (٢١) لە مانگی ئابی (١٩٧٥ز)دا ڕایگەیاند کە " فەلەستینییەکان زۆر بەهێزن لە بواری ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە دا، داواکارین کە ڕێز لە بەڵێن و وتەکانی خۆیان بگرن، هیواداریشین ڕێکەوتننامەی قاهیرە جێبەجێ بکەن. گەر ئەو کارە جێبەجێ بکەن هەروەك پێویستە، ئەوا هیچ کەم وکوڕیەك لە سەروەری لوبنان دا ڕوو نادات.."[1]

گەر جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە چەکدارانی فەلەستینی یەکێك لە هۆکارە ناوخۆکانی دروست بوونی شەڕی ناوخۆی لوبنان بووبن، دەشێت بۆچونەکە هەڵە نەبێت. هەر ئەوەش بوە هۆی لابردنی تۆزی سەر ناکۆکییە لەمێژەکانی نێوان مارۆنییەکان و دەرزییەکان، واتە کارا کردنی سەرلەنوێی ناکۆکییەکان. خۆئەگەر دەرزییەکان پاڵپشتی چەکدارەکانیش نەبووبن، بەڵام لە خانەی بەرەی موسڵمانان دا ئەژمار دەکران، واتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوونە بەرەی دژ بە مەسیحییەکان. زۆربەی جار کردەوەی کتوپڕ و نەخوازە، هاوکێشە سیاسییەکانی تێك دەدا. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە دەرەنجامەکان مەرج نەبوو بەو شێوەیە بونایە کە پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ دەکرا..

نووسەر (مەسعود خوەند) ئاماژەی بەو ناڕەزایی دەربڕینانەش دابوو کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە چەکدارانی فەلەستینی دروست ببوون، بۆ نمونە باسی لە (ئەیلولی ڕەش) کردبوو کە تیایدا (شا حوسەین)ی پادشای ئوردون لە (١٧-٢٦/ ئەیلول/١٩٧٠ز) جینۆسایدی دەرهەق بە چەکدارانی فەلەستینی ئەنجام دابوو، لە بەرامبەر ئەو کردەوانەی ئەو چەکدارانە کردبویان لە ڕفاندنی فڕۆکەیەکی بیانی بە سەرنشینەکانییەوە، وە بەزۆر نیشاندنەوەی لە فڕۆکەخانەیەکی (بیابانیی) لە ئوردون. هەربۆیە سوپای ئوردونی لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژە کەمەدا نزیکەی (دە هەزار) چەکداری فەلەستینی کوشتبوو، دەیان هەزار کەسیشی لێ بریندار کردبوون. ئەوەشی مابوەوە بە ناچاری هەڵاتبوون بۆ سوریا، لە وێشەوە بۆ لوبنان. دواتر لە مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٧٠ز) بارەگای (ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی- منظمة التحریر الفلسطینیة) گواسترابوەوە بۆ لوبنان. دیسانەوە بەو هۆیەوە شەپۆلێکی تری چەکداران و هاوڵاتیانی فەلەستینی ڕووی کردبووەوە لوبنان.

بە پێی ڕێکەوتننامەی قاهیرە دەبوو چەکدارانی فەلەستینی لە ڕێی سوریاوە و تەنها بە ڕێی وشکانی دا بچن بۆ لوبنان، بەڵام وەك پێشێلکارییەك بۆ بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە، هەروەها وەك تاقیکردنەوەی تواناکان، هەمان مانگ فڕۆکەیەك لە فڕۆکەخانەی بەغدادەوە گەیشتبووە فڕۆکەخانەی

---

[1*] بەشیر جومەییل، کوڕی پیار جومەییل، کەسایەتییەکی نێو پارتی کەتائیب بوو. ١٩٨٢/٩/١٤ز تیرۆر کرا.

[1] الخوند، مسعود: لبنان المعاصر، الجزء (١٦)، ص ٢٦٥

بەیروت، وە (٤٠) کەس لە سەرنشینەکانی (گیان فیدا- فدائیین)ی فەلەستینی بوون. لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتدارانی لوبنانی ڕێگەیان پێ نەدابوون بە دابەزین، بەڵام پاش ڕفاندنی کارمەندێکی فڕۆکەخانەی بەیروت بە بارمتە لە لایەن ئەو چەکدارانەوە وەك پەرچەکردارێك، سەرۆك (سولەیمان فەرەنجیە- سلیمان فرنجیە) وەك دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو، بە هیچ شێوەیەك ڕەزامەندی و نەرمی بەرامبەر بەو کردەوەیە دەرنەبڕی بوو. هەربۆیە دواتر فڕۆکە عێراقییەکە بە ناچاری بە سەرنشینەکانییەوە گەڕابوەوە بۆ فڕۆکەخانەی بەغداد..[1]

ئەو زانیاریانەی باس کران، هەوێنێکی باش و هۆکارێکی یارمەتیدەر بوون بۆ سەرەتای دەست وەشاندنی چەکدارانی کەتائیب لە فەلەستینییەکان، بە بیانوی ئەوەی بوونی ئەو چەکدارانە لەسەر خاکی لوبنان، هاندەرێك دەبێت بۆ ئەوەی ئیسرائیل بەناوی ڕاوەدونانەوە، سنووری سیاسی لوبنان ببەزێنێت. ئەوەش مانای پێشێلکاری لە سەروەری نیشتمانی لوبنان و دواتر دەستوەردانی سەربازی لە خاکی لوبنان دا..

نووسەر (دەیڤید مەکدویل) ئاماژەی بەوە دابوو کە پاش ئەوەی سیستەمێکی کەتائیبی (بە پاڵپشتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل) لەلایەن (ئەمین جومەییل)ەوە دروست ببوو، ناوبراو توانیبوی دەسەڵات بگرێتە دەست. ئیدی لێرەوە هێزە حکومییە مەسیحییەکان دەستیان کردبوو بە فشار دروست کردن لەسەر بەرەی موسڵمانان بەتایبەت (فەلەستینی، شیعە، کورد)، بەڵام ئەو کارە ساڵێکی نەبردبوو تا هێزە چەکدارە (شیعی و دەرزی)یەکان بە پاڵپشتی سوریا، بە توندی بەرپەرچی هێزە مەسیحییەکانیان دابوەوە و لە ناوچە موسڵمان نشینەکان دەریان کردبوون.

جارێکیتر بەڵگەنامەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە کاتێك هێزە مارۆنییەکان هێرشیان بردبووە سەر بەیروتی خۆرئاوا، زۆرینەی کوردەکان پەنایان بردبووە بەر دەرزییەکان بە سەرۆکایەتی کەسایەتی (کەمال جانبولاد) (پێشتر باسی لێکرا). لە لایەکی تریشەوە کاتێك کۆتایی ساڵی (١٩٨٣ز) بزوتنەوەی (ئەمەل) کە سەرەکیترین میلیشیای شیعی بوو، بە مەبەستی لێدانی فەلەستینی و کوردەکان هەوڵی داگیرکردنی باشوور و خۆرئاوای بەیروتی دابوو (ئەو کارەش لە بەرژەوەندی سوریا بوو)، بەڵام دواتر بۆئەوەی ڕێگری لەو کارە بکەن کوردەکان و دەرزییەکان پێکەوە بەرەنگاری ئەمەل ببوونەوە..[2]

نووسەری ناوبراو جەختی لەسەر ئەوەش کردبوو، کە هۆکاری بەشدار بوونی کوردەکان لەناو هێزی دەرزییەکان دا، زیاتر هۆکارێکی ئیتنی بووە، لەبەرئەوەی بنەماڵەی جانبولادەکان بە ڕەگەز کورد بوون. ئەم ڕاستییەش توێژەر (خەلیل شەڵماشی) لە توێژینەوەکەی دا زیاتر ڕوونی کردبوەوە، بەوەی کوردەکان لە سەدەی (١٢)ی زایینییەوە لە لوبنان نیشتەجێ بوون. لە توێژینەوەکەی دا ئاماژەی بەوە دابوو کە " سەرەتا دەبێت دەستخۆشی لە بنەماڵەی (ئەیوبییەکان) بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەوان پێشەنگی ئەو کۆچکردنە بوون بۆ شام. بەمەبەستی دروستکردنی هێڵێکی بەرگری، چەندین بنەماڵەی کوردیی تریان بانگێشت کردبوو بۆ نیشتەجێ بوون لە ڕۆخی دەریای لوبنان. لەو بنەماڵە کوردیانەش (گیان

---

[1] الخوند، مسعود: لبنان المعاصر، الجزء (١٦)، ص ٢٦٩

[2] ديڤيد مكدويل: تأريخ الاكراد الحديث، ص٧٢١

**پۆلاکان، مەراعییەکان، سەیفاییەکان، عیمادەکان، مەحلەمییەکان) کە زۆریان ئێستا خۆیان بە کورد لە قەڵەم نادەن، لەبەر تواندنەوەیان لە ناو کۆمەڵگای فرە ئیتنی و ئایینی لوبنانی دا "..[1] (پێشتر باسکرا).**

**بەهەمان شێوە و دەربارەی کوردان، نووسەری کورد محەمەد عەلی سوێرکی کوردی ئاماژەی بە بنەماڵـە کوردییـەکانی لوبنـان دابـوو، کـە (ئەیوبییـەکان، مەعنییـەکان، جانبولادەکـان، مەرعییـەکان، عیمادییەکان، فەزڵییەکان (آل الفضل)، نەسرولڵاکان، ئەبی لوتفەکان (أبي اللطف)، ئەبی غانمەکان (أبي غـانم)، قزعۆنـەکان، مەحلەمییـەکان، حەمییـەکان (آل حميّـە)ی شـیعی، وە هەنـدێك بنەماڵـە و خێزانـی کوردی تـر، کـە پـێش شـەڕی نـاوخۆی لوبنـانی ژمارەیـان گەیشـتبووە (١٥٠–٢٠٠) هـەزار، بـەڵام ئێسـتا نزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە لە لوبنان بەدی دەکرێت..[2]**

**کەوابوو مەحاڵ نییە گەر بڵێین پێکهاتەی یەکتاپەرستانی دەرزی چەندین بنەماڵەی کوردی لەخۆ گرتـووە، (هـەروەك پێشـتر بـاس کـرا) لەبەرئـەوەی هـاو ئیتنـی بـوون، هـەر ئـەو یـەك ڕەگـەزی و هەسـتە نەتەوەییـە سـەرەتاییەش بـووە کـە چارەنووسـی کـوردانی لوبنـانی بـە بـوون و خـۆڕاگری دەرزییەکانـەوە بەستووەتەوە. بێگومان ئەمڕۆکەش هەستی هاوئیتنی لە نێوان کوردان و دەرزییـەکان دا بـەدی دەکرێت، ئەوەتا لە نامەیەکی بەڕێز (وەلید جونبولات) بۆ بەڕێز سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان (مەسـعود بـارزانی)، بە بۆنەی تەقینەوە تیرۆریستیەکانی شاری کەرکوك لـە (١٦/ ٧/ ٢٠٠٧ز) دا، نـاوبراو نیگـەرانی خـۆی بـۆ سـەرۆکی هـەرێم و دانیشـتوانی هـەرێم بـە گشـتی و شـاری کـەرکوك بـە تایبـەتی دەربڕیبـوو، کـە تیایـدا پرۆتێستۆی کارە تیرۆریستییەکەی کردبوو..[3]**

**کەوابوو دەبێت بە ئومێدێکی زۆرەوە سەیری پەیوەندییەکانی نێوان کورد و دەرزییەکان بکـەین ، گەر ئەو ئومێدەش بەقەد تاڵە مویەك بێت. دەشێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بێت، یاخود لەسەر ئاستی سـەرکردایەتی و سیاسـی. بـۆ کەسـایەتییەکی وەك بـەڕێز جـانبولات زۆرە کـە دەنگـی خـۆی بخاتـە پـاڵ ئەوانـەی پشـتگیری لـە نەهامەتیـەکانی کـورد دەکـەن، یـان توانیویـەتی تـا ڕادەیـەك کوردسـتانیەتی خـۆی دەربخات. ئاشکرایە ناوبراو ئەمە یەکەمین کارو هەڵوێستی نییـە بەرامبـەر بـە کـورد، پێشـتریش بەبۆنـەی دەستگیرکردنی سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڕێز (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ەوە نـاڕەزایی خـۆیی دەربڕیبوو، لەوەش گرنگتر ئـەوە بـوو کـە جـەختی لەسـەر ناسـنامەی نەتـەوەیی و کـوردی خـۆی کردبوو. ئەمە بێجگە لەوەی باوکی ناوبراو، خوالێخۆشبوو (کەمال جونبولات) گەورەترین خزمەتی بە کوردەکـانی لوبنان گەیاندبوو، بەوەی ناوبراو کارئاسانی بۆ ئەنجام دابوون بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕەگەزنامـەی لوبنـانی، ئەمەش مانای ڕزگار بوون لەدەست ون بوون لە دۆزەخی شەڕی ناوخۆی لوبنانی دا.**

**نووسـەر (دەیڤد مەکدویڵ) لـە کتێبەکـەی دا، ئاماژەی بەوە دابوو کە کوردەکـانی لوبنـان تـەنها لەپاڵ یەکتاپەرستانی دەرزی دا هەستیان بە ئاسودەیی دەکرد، واتە تەنها یەکتاپەرستانی دەرزی پشـت و پەنا و لانەی کوردان بوون لە شەڕی ناوخۆی لوبنانی دا. (پێشتر باس کرا).**

---

[1] شەڵماشی، خەلیل: نەژادی کورد لە لوبنان، ل ٢٧

[2] الصويركي الكردي، د. محمد علي: الاكراد الاردنيون و دورهم في بناء الاردن الحديث، ص٣٧

[3] جريدة الاتحاد: الصحيفه المركزيه للاتحاد الوطني الكردستاني، العدد (١٦١٤)، السبت، ٢١/ ٧/ ٢٠٠٧

پـێش شـەڕی نـاوخۆی لوبنـان، دەرزییـەکان پەیوەندییـەکی زۆر بـەهێزتر و تونـدوتۆڵتر لەگـەڵ کوردان دا بەیەکیـەوە بەستبوون، ئەمـەش دەرهاویشتـەی پەیوەندییـە مێژینـەکان بـووە. کاتێك کـورد لـە مەینـەتی دا بـووە، ئـەوان تـا ڕادەیـەك هێزێکـی مەعنـەوی بـوون بـۆ کـورد، ڕاسـتە هاوپـەیمانی سـتراتیژی نەبوون، کۆمـەکی سـەربازی و ئـابووری و لۆژیکیـان پێشـکەش بـە کـورد نـەکردبوو، بـەڵام لـەو کاتـەدا زۆر گـرنگ بـووە کەسـێکی وەك (کـەمال جـانبولاد) لـە ناوچەرگـەی وڵاتێکـی عەرەبییـەوە بـە سـەردانێك بگاتـە کوردستانی عێراق، بـۆ دیـدەنی سـەرکردەی کـورد خوالێخۆشـبوو (مستـەفا بـارزانی). ئـەم ڕاستیەش بـە وێنەوە پارێزراوە..[1]

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆی لوبنانی بەهۆی هەوڵە نـاوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانـەوە، وە پاش ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای لوبنانی جارێکی تر بـە شـێوازێکی تـر داڕێژرایـەوە، چـەند ڕاستییەکی بەڵگەنەویست کە پێشتر وەك میتـۆد و ئایـدیا بـەدی کرابوون، ئێستا وەك شتێکی واقعـی لـە نێو ئەو کۆمەڵگایە دا پراکتیزە بوون. لەوانە " ساڵی (١٩٨٢ز) چەکدارانی فەلەستینی لە لوبنان دەرکران بـە زەبـری هێـز (پـاش گـەمارۆدانی بـەیروت لـە لایـەن سـوپای ئیسـرائیلییەوە)، هـەروەها هـەردوو بـەرەی ئیسلامی و مەسـیحی ئاشـکرای (بـوون و قـەوارەی خۆیـان) بـوون، چیدی سـوریاش وەك زلهێزێکـی نێـو گۆڕەپانی لوبنانی کاریگەری لەسەر بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئایینی نەما.

لوبنـان وەك تاقیکردنەوەیـەك وابـوو لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆ و نێودەوڵـەتی، کـە بەهۆیـەوە وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هێزێکی زەبەلاح بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، تا چەند دەتوانێت کاریگـەری و گۆڕانکاری دروست بکات لـە ناوچـەکە دا، یـاخود ئـەمریکا بـەهۆی گەمەیـەکی سیاسـییەوە تیۆرەکـانی (هاڵفۆرد جۆن ماکندەر) و (نیکۆلاس سپایکمان)ی جێبەجێ کرد، بەوەی دەبوو هـەردەم هـەوڵی کۆنتڕۆڵ کردنی ئۆراسیای بدایە ئێستاش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەمەبەستی گەیشتن بە ئاوە گەرمەکانی کەنداو، (هەرچەندە ئەم خەونە پێشتر و لە سەدەکانی ڕابردوو دا تایبەت بوو بە ڕووسیای قەیسەری).

هەروەها لەوەش گرنگتر ئـەوە بـوو کـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت گـەر لـە پـەراوێزی (دڵـی جیهـان) دا نەبوایە، ئەوا دەبوو لەو وڵاتە پەراوێزانـەدا بوایـە کـە سـپایکمان لـەکاتی خـۆی دا ئاماژەی پـێ دابـوو، وە جەختیشـی لەسـەرئەوە کردبـوو کـە دەبێـت وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا ئاراسـتەی سیاسـەتی خـۆی بـەرەو کۆنتڕۆڵ کردنـی وڵاتـانی نـاو ئـەو پشـتێنە پەراوێزییـە بـەرێت. ئـەو کـات مەبەسـت لـە دڵـی جیهـان یەکێتی سۆڤێت و هاوپەیمانانی دەوروپشتی بوو. پشتێنە پەراوێزەکەش، وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یابان و ئەو دورگـە و وڵاتانـە بـوو کـە دەکەوتنـە پشـتەوەی یـەکێتی سـۆڤێتەوە. بەمانای تێکڕای وڵاتانی چواردەوری یـەکێتی سـۆڤێت و هاوپـەیمانانی بـە شـێوەیەکی بازنـەیی. ئەمـەش پێچەوانەی وشە و چەمکی (پەراوێز) دەخاتە ڕوو، لەبەرئەوەی وڵاتانی ئاماژە بۆکراو گەر هێندە پـەراوێز و بێفەڕ و پشتگوێ خراوبن لەپای چی ئەم هەموو هەراوهوریا و پلاندانان و ئاڕاستەکردن و قۆرخکردنە، کەوابو دەبوایە ئەو وڵاتانە ناوبرانایە (وڵاتە ستراتیژەکان یاخود گرنگ و یەکلاکەرەوەکان). نابێت

---

[1] بـارزانی، مەسـعود: بـارزانی و بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، بـەرگی سـێیەم، بەشـی دووەم، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٣٣

ئەوەش لە یاد بکەین کە لەگەڵ ئەوەی سۆڤێت وەك زلهێزەکەی جاران نەماوە، بەلاّم کاریگەری هەژموونی سۆڤێت و ولاّتانی میراتگری هەر ماوە.

گوڵەوەچنەی بۆچوونەکانی زانایان (هالفۆرد ماکندەر وە نیکۆلاس سپایکمان) مانای ئەوەی دەبەخشی: (کێ کۆنترۆڵی ولاّتە پەراوێزەکان بکات، کۆنترۆڵی ئۆراسیا دەکات. کێ کۆنترۆڵی ئۆراسیاش بکات، کۆنترۆڵی جیهان دەکات)"..[1]

لە کۆتایی ئەم دەقانەش دا دەکرێت بپرسین: ئایا ڕاستە فەلەستینییەکان هۆکاری سەرەکی دروست بوونی ئەو شەڕە بوون ؟ ئایا سوریا هۆکار بوو، یا داوای لێکرا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت بۆ کۆتایی پێهاتنی ئەو شەڕە ؟ بۆچی سەرۆك (حافز ئەسەد- حافظ الاسد) بۆچونی جیاوازی هەبوو لەگەڵ (یاسر عەرەفات- یاسر عرفات) ؟ بۆچی سەرەتا سوریا لەگەڵ لایەنە بەشەڕهاتووەکان کۆك بوو، بەلاّم دواتر ناکۆك ؟ کاریگەری ئەمریکا و سۆڤێت و ولاّتانی چواردەور و عەرەبی چی بوو ؟ ئێران ڕۆڵی چی بوو ؟ هۆکارەکانی براکوژی ؟ ڕێژەی زیان لێکەوتن ؟ ئایا شەڕی لایەنە لوبنانییەکان بوو لەسەر خاکی لوبنانی، یا شەڕی ولاّتانی تر، بە لایەنە لوبنانییەکان ؟ هاوکێشە بەرژەوەندییەکان چی بوون؟ پاداشتی ئەمریکا بۆ سوریا لە بەرامبەر کۆتایی پێهێنانی شەڕ چی بوو ؟ ئەمەو چەندین پرسیاری تر...

لە وەلاّمی ئەم پرسیارانەش دا دەکرێت بڵێین: لایەنە بەشەڕ هاتووەکان گەیشتبوونە ئەو ڕاستییەی کە مێزی دانووستان چارەسەری کۆتاییە. لەم بارەیەوە نووسەر (عیسام سولەیمان) ئاماژەی بەوە دابوو کە بیرۆکەی (لامەرکەزی سیاسی و فیدراڵیەت) بەو شێوەیەی لە دەستورەکان دا زانراوە نەبوو. تەنانەت وەك میکانیزمێك نەخرابووە ڕوو بۆ دروست بوونی لوبنانی پێش ڕوداوەکان.

لە پاییزی (١٩٧٥ز) دا پارێزەر (موسا برنس- موسی برنس) کە لە (پارتی نیشتمان پەروەرانی ئازادیخوان) (حزب الوطنيين الاحرار)ی سەرۆك (کەمیل شەمعون) بوو، دوو پرۆژە یاسای بۆ شێوازی حوکمڕانی وەك مۆدێل خستبووە ڕوو، یەکەمیان فیدراڵی دووەمیان کۆنفیدراڵی (وەك چارەسەرێك بۆکێشەکانی لوبنان). هەرچەندە ناوبراو یەکەمیانی پێباشتر بوو، لەبەرئەوەی بەڕای ئەو دووەم دەبووە هۆی دابەش بوون..[2]

لە ڕاستی دا هەرچەندە تێکڕای لایەنەکان سیستەمی فرەیی (التعدديه) و فیدراڵیان پێباش بوو، بەلاّم یەکتربڕی و کارلێکی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ فاکتەرە دەرەکییەکان دا، زۆر کاریگەرتر بوون. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە تاڕادەیەك لایەنەکان خاوەنی تەواوی ئیرادەی خۆیان نەبوون. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بڵێین لوبنان بووە سومبولێك بۆ دەرخستنی ناکۆکی شارستانییەکان، یاخود پێکدادانی شارستانییەکان، ئەمە بێجگەلە کێشەی ئایینی و ئیتنی.

نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە ئیسرائیل کاریگەرترین ڕۆڵی دەبینی لە هاوکێشەی لوبنانی دا، ناکۆکی و ململانێی نێوان لایەنە بەشەڕهاتووەکان بە سوود و قازانج دەگەڕایەوە بۆ ئەو. هەرگیز لە دەستێوەردان درێخی نەدەکرد، هەربۆیە بودجەیەکی تایبەتیشی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو.

---

[1] د. محەمەد عەبدولغەنی: جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، و: جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥، ل ٤٠٩

[2] د. عصام سليمان: الفدراليه و المجتمعات التعدديه و لبنان، ص ١٩٩

کەوابوو مەبەستێك هەبوو لەوەی بەرژەوەندی ئیسرائیل وابخوازێت کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی لوبنان نەهێنرێت، ئەمە بێجگەلە خواست و کارلێکی بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێت و ئێران و وڵاتانی عەرەبی و چواردەور.

گەورەترین کێشەی لوبنان پراکتیزەکردنی حکومەتێکی شەرعی هەڵبژێردراو بوو، حکومەتێك کە زۆرینەی لایەنەکان بەشداری سیاسیان هەبێت تیایدا، حکومەتێك کە بە پێی پرەنسیپەکانی دیموکراتی هەڵسوکەوت بکات، تیایدا ڕێز لە یاسا و مافی تاك بگیرێت، چەمکی هاوڵاتیبوون بەرزترین مانا بگەیەنێت، لێبوردەیی و لێکتێگەیشتن و هاریکاری جێگەی تۆڵەسەندن و دەمارگیری و ململانێ بگرێتەوە، واتە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی مۆدێرن..

یەکێك لە خاسیەتەکانی دەوڵەت بریتییە لە سەروەری، کە دەسەڵاتە ڕەها و بێسنوورەکەیەتی. دەوڵەت دەسەڵاتی باڵای بەدەستە، هەربۆیە لە سەرووی هەموو کۆمەڵە و گروپەکانی تری کۆمەڵگەوە دەوەستێتەوە. یاساکانی داوای پابەند بوون دەکات لە هەموو ئەوانەی لە ناوی دا دەژین. تۆماس هۆبز ئەم وێنەیەی دەوڵەت بە دەسەڵاتی باڵا دەزانێت و وەك دێوەزمەیەکی زەبەلاح یاخود مەخلوقێکی دەریایی وەسفی دەکات. گەر وردببینەوە، دەبینین ئەوە سەروەرییە کە دەتوانێت دەوڵەتی مۆدێرن لە فۆرمەکانی پێشتری کۆمەڵەی سیاسی جیا بکاتەوە..[1]

لەگەڵ ئەوەی شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێهات، بەڵام کاریگەرییەکان هێشتا هەر ماون. بۆچونی جیاواز و دەرخستنی هێز و نەبوونی تەوافوق، سیمای سەرەکی شەبەنگی کۆمەڵایەتی ئێستای کۆمەڵگای لوبنانییە. هەربۆیە دروست بوونی بەرەی (زۆرینە و کەمینە)، دەشێت بە سەرەتای هەمان سیناریۆی شەڕی پانزە ساڵە سەیر بکرێت. هەر لێرەوە پێویستە دەستەی هەڵبژێراو (نخبە)ی سیاسی لوبنان ئەوە بخەنە ڕوو کە کێشەی ئەوان سیاسی وتایەفی ومەزهەبییە، لەوەش زیاتر نەگونجانە پێکەوە. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵیەتی لایەنەکان و (دەستوور) و میساقی نیشتمانی (١٩٤٣ز) کە تایەفەگەری بە هەند وەرگرتبوو.

ئاشکرایە مادەی (٩٥)ی دەستووری لوبنانی (١٩٢٦ز) و میساقی نیشتمانی، لە ڕاستی دا جەخت کردنێك بوو لەسەر دابەش بوونی پۆستە (سیادي)یە سیاسی ونوێنەرایەتیەکانی وڵات، لەسەر بنچینەیەکی تایەفی..[2]

هەردەم کرۆکی کێشەی کۆمەڵگای لوبنانی ڕەنگدانەوەی ململانێی ئایینی و ئیتنی بووە بە شێوەیەکی سەرەکی، دواتر کارلێکی بەرژەوەندییە جیاجیاکان. نمونەیەکیش بۆ کاریگەریی فاکتەری ئایینی ئەو هەوڵانە بوو کە کوردەکانی لوبنان دابویان بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی لوبنانی، دوای ئەوەی هاوشێوەکانی ئەوان لە ئەرمەنی و ئاشوری و سریانی پاش ئەوەی گەیشتبوونە لوبنان ببوونە هەڵگری ڕەگەزنامەی لوبنانی. هەربۆیە لە (١/ ٢/ ١٩٥٦ز) و بە بڕیارێکی دادگای باڵای لوبنانی، حەڤدە کورد بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە ببوونە هەڵگری ڕەگەزنامەی لوبنانی، ئەمەش پاش ئەوەی بەناچاری

---

[1] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧، ل ١٢٨

[2] د. عصام سليمان: الفدراليه و المجتمعات التعدديه و لبنان، ص ١٥٦

**ببوون به باوەڕداری ئایینی مەسیحی پیرۆز. واتە پاش ئەوەی ئایینزای خۆیان لە سوننەوە گۆڕی بوو بۆ مەسیحی مارۆنی. ئەم ڕوداوەش لە سەردەمی حکومەتی (ڕەشید کەرامی) دا بوو، هەرچەندە سەرەتا دەنگۆی ناڕەزایی لە نێو لایەن و پارتە سیاسییە ئیسلامیەکان دا دروست بوو، بەڵام دواتر هەر حکومەت خۆی ئەو ناڕەزاییانەی پشتگوێ خست و کۆتایی بە کەیسەکە هێنا..[1]**

**کەواتە فاکتەری ئایینی یەکلاکەرەوەی ئەو کوردانە بوو بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی لوبنانی، بە هەمان شێوە دەشێت کارێکی مەحاڵ نەبێت گەر بڵێین لەم حاڵەتە دوچاری یەکتاپەرستانی دەرزیش بووبێت، بەڵام بە دەرەنجامێکی جیا، لەبەرئەوەی هەرچۆنێك بێت لەو کاتە و ئێستاش دا فاکتەری ئایین هەر کاریگەری هەبووە و هەیەتی، جا نەك هەر لە لوبنان بەڵکو لە تێکڕای کۆمەڵگا مرۆییەکانی جیهاندا. زۆرترین کاریگەریشی کاتێك بەدی دەکرێت کە ئایین ڕۆڵ و مۆرکی ناسیۆنالیزم وەردەگرێت..**

**لەوانەیە زۆرێك لە سیاسەتمەدارانی لوبنانی ئەمڕۆکە جەخت لەسەر ئەوە بکەن کە کۆمەڵگای لوبنانی تێکڕای ئەو تەنگژانەی تێپەڕاندبێت کە ساڵانی پێشوو کۆمەڵگاکەیانی گرتبووەوە، بەتایبەت لەپێش و لەکاتی شەڕی ناوخۆ دا. هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش بکەنەوە کە عەقڵیەتی تاکی لوبنانی بە گشت پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانیەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت. ئەم قسەیە تا ڕادەیەك ڕاستە، لەبەرئەوەی هەموو شارستانیەتەکان و تەنانەت مرۆڤایەتیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت بە تێپەڕ بوونی کات، مێژووش مەیدانی دەرخستنی ئەو گۆڕانکاریانەیە، بەڵام کۆمەڵگەیەك بە خێرایی گۆڕانکاری تێدا ڕوو دەدات، کۆمەڵگەیەکی تر هێواش. بەڵام ئەمانە بێجگەلە کاریگەریی فاکتەرە دەرەکی و ناوەکییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کۆمەڵگاکە، هەروەها بێجگەلە بەربەستەکانی نێو کۆمەڵگاکان کە خۆی لە هەژاری و نەخوێندەواری و ئایین و بیروباوەڕی باو دا دەبینێتەوە.**

**نووسەر (تورکی حەمەد- ترکي الحمد) لە ژمارە (١٠٤٦٣)ی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) لە (٢٢/ تەموز/ ٢٠٠٧ز)دا وتارێکی بەناوی (بۆچی لوبنانییەکان براکوژی دەکەن؟)(لماذا يتقاتل اللبنانيون؟) بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا باس لە هۆکاری ناکۆکیەکانی نێو لایەن و پارتە سیاسیەکانی لوبنان دەکات. نووسەر ئاماژە بەوە دەدات کە "پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی لوبنان هێندەی هەست و سۆز و ملکەچی پرەنسیپە تایەفییەکانن، هێندە وەلائی نیشتمانیان نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونیادی یاخود پێکهاتەی دەوڵەتی لوبنانی، کە لەجیاتی ئەوەی ڕەنگاڵەی کۆمەڵگای لوبنانی بتوێنێتەوە لە چەمکی (هاوڵاتیبوون) دا، بەڵکو بەپێچەوانەوە تواندنەوە لەخزمەت تایەفەگەرێتیدایە."**

**لە لایەکی ترەوە نووسەر ئاماژە بە (ڕێکەوتننامەی نیشتمانی لوبنانی) لە دوای سەربەخۆیی لوبنان دەدات، کە "یاسایەك بوو بۆ تایەفەگەرێتی پێش ئەوەی چارەسەرێك بۆ پەیوەندی نێوان تایەفە و لایەنەکان بێت، وە پێگەیان لە نێو دەسەڵاتی نوێ دا. کاتێکیش ڕێکەوتننامەی تائیف وەك ڕێگەچارەیەك بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕی ناوخۆ هاتە پێش، بێجگەلە بوژاندنەوە و تازەکردنەوەی ڕێکەوتننامە نیشتمانییە کۆنەکە، هیچی تر نەبوو."**

---

**[1] أحمد محمد أحمد: أكراد لبنان و تنظيمهم الاجتماعي و السياسي، الطبعه الاولى، مكتبة الفقيه- بيروت، لبنان، ١٩٩٥، ص ١٣٩**

نووسەر جەخت لەسەر ئەوەش دەكات كە " كێشە لە ڕەنگاڵە (پێكهاتە) پێكەوە هەڵنەكردووە يەكنەگرتووەكانی لوبنانی دا نييە، هەروەها لە دەستێوەردانی دەرەكی و گواستنەوەی ململانێكانيان دا بۆ خاكی لوبنان نييە، ياخود لە حاڵەتی گومڕايی لەبن نەهاتوو كە لە نێو لايەنەكان دا بەدی دەكرێت، بەڵكو ئەمانەی باسكران، لە كۆتايی دا ديارەدەی نەخۆشييەكی پەيكەرين نەوەك هۆكارەكانی كێشەكە. كەواتە كرۆكی كێشەكە خۆی لە پێكهاتەی دەوڵەتی لوبنانی دا دەبينێتەوە كە هەردەم لەخزمەت تايەفەگەرێتی دا بووە."

هەربۆيە نووسەر دەڵێت " بێگومان ئەمانەش چەمكی (دەوڵەتی هەموو) لە مێشك و زەينی گشت لوبنانييەك دا دەسڕێتەوە، كە تيايدا هەموو ئينتيما و وەلائێك دەشێت و بەدی دەكرێت، تەنها ئينتيما بۆ لوبنان شياو نييە و بەدی ناكرێت." كەوابوو پێش هەموو شتێك دەبێت دووبارە دروستكردن و بونيادی دەوڵەتی لوبنانی بكرێتە بەرنامە، كە چارەسەری بنەڕەتی كێشەی لوبنانە..

لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی لوبنانی هەردەم وەك مۆدێلێكی ديموكراتی و سكيولاری خۆی نيشانداوە لە جيهانی عەرەبی و ئيسلامی دا، بەڵام دەكرێت دان بەوە دا بنرێت كە مەرج نييە ئەو مۆدێلە ديموكراتييەی لە وڵاتە يەكگرتووەكانی ئەمريكا و ئەورووپای خۆرئاوا و يابان دا بەدی دەكرێت، هەمان مۆدێلی لوبنان بێت. لەبەرئەوەی ئاشكرايە تا ئێستاش لە لوبنان دا ڕێكخراو و پارتی سياسی هەيە (هەرچەندە پێگەيەكی جەماوەرييان هەيە)، بەڵام لە پێشەنگی ئەوانەدان كە تيرۆر پەيڕەو دەكەن. كەواتە ديموكراتيەتی لوبنانی مەرج نييە مۆدێلێكی كامڵ بێت..

بيرمەند (فرانسيس فۆكۆياما) دەربارەی ديموكراتيەت ئاماژە دەدات كە " ناكرێت ديموكراتيەت لە دەرگای دواوە بێتە ژوورێ، لە خاڵێكی دياری كراو دا هەردەبێت بڕياری سياسی بۆ دامەزراندنی ديموكراتيەت بدرێت. ديموكراتيەتی ليبراڵی سەقامگير بەبێ بوونی سياسەتوانی حەكيم و ئەكتيڤ بوونی نابێت، ئەوانەی شارەزای سياسەتن و تواناداررن لەسەر گۆڕينی بەردەوامی ئاڕاستەی ميللەت و دەزگا سياسييە بەردەوامەكان، لێكۆڵينەوەكانيش دەربارەی (گۆڕينی ديموكراتيانەی سەركەوتوو)، جەخت لە گرنگی هۆكارە سياسييە بەردەوامەكان دەكەنەوە، وەك توانای سەركردايەتی كردنی ديموكراتيەتی نوێ لەسەر دابينكردنی هێزی چەكار لە كاتی گەڕان بەدوای شرۆڤەكردنی شكستەكانی ڕابردوو دا، هەروەك توانای دۆزينەوەی ڕايەڵەيەكی ڕەمزی لەگەڵ ڕابردوو دا."

بيرمەندی ناوبراو ئەوەش دەخاتە ڕوو كە " بەپێچەوانەی ئەمانەشەوە لێكۆڵينەوەكان دەربارەی شكستی سيستەمە ديموكراتيەكان، ئەوەيان ڕوونكردووەتەوە كە ئەو جۆرە ڕووداوانە (وەك ئەنجامی گەشەسەندنی ڕۆشنبيری و ئابوری) شتی حەتمی نيين. بەڵام وردە وردە لە ئەنجامی ئەو بڕيارە تايبەتييانەوە دروست دەبن، كە لە لايەن سياسەتوانە تاك ڕەهەندەكانەوە دەدرێن.." [1]

لەناو مۆدێلە ديموكراتيەكەی لوبنان دا چەندين كەسايەتی و گروپ و ڕێكخراوی تيرۆريست بەدی كراوە، نوێترينيان گروپی تيرۆريستی (فەتحولئيسلام- فتح الاسلام) بوو كە لەلايەن كەسايەتی

---

[1] فرانسيس فۆكۆياما: كۆتايی مێژوو، و: ئيسماعيل كوردە، چاپی يەكەم، بەڕێوەبەرايەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، هەرێمی كوردستانی عێراق، ٢٠٠٨, ل ٣٧٨

(شاكر ئەلعەبسی– شاكر العبسي) فەلەستینی نەژادەوە سەرۆكایەتی دەكرا. ناوبراو گەورەترین سەرئێشەی بۆ حكومەتی لوبنانی دروست كردبوو، بەوەی سەرلەبەیانی ڕۆژی (٢٠/ ٥/ ٢٠٠٧ز) هێزەكانی فەتحولئیسلام لە ئۆردوگای (نەهرولبارید– نهر البارد) هێرشیان كردبووە سەر سەربازگەیەكی سوپای لوبنانی، كە لە ئەنجام دا ئەفسەرێك و (٢٧) سەرباز و چەند مەدەنییەك كوژرابوون. هەرچەندە و دواتر لەلایەن سوپای لوبنانییەوە وەلەڕێی پرۆسەیەكی سەربازی و لە چەند مانگێك دا، ناوبراو كوژرا وە كۆتایی بە یاخی بوونەكەیان هێنرا.

ئەوەی ئاماژەی پێدرا زیاتر ململانێیەكی ناوخۆیی بوو، لەگەڵ ئەوەی دەرخستەی گروپە تیرۆریستەكانیش بوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە ململانێی لایەن و پارتە سیاسییەكانی ئێستای لوبنان دەرخستەیەكی تری كێشەی حكومەتی لوبنانییە. هەر لە بەرەی زۆرینەوە كە بە گروپی (١٤)ی ئازار (مارس) ناسراوە، تاوەكو گروپی كەمینەكان كە لە بەرەی نەیاران دان. هەردەم دژایەتی و بەربەرەكانێی یەكتر دەكەن، گەرچی زۆربەی جار بە شێوەی دبلۆماسییانەیە. نمونەیەكی ململانێكانیان، هەڵبژاردنی (١٢)یەمین سەرۆك كۆمار (میشێل سولەیمان) بوو لە (٢٥/ ٥/ ٢٠٠٨ز) دا، كە زۆرێك لە وڵاتان هەوڵێكی زۆریان دابوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی. یاخود نمونەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆك وەزیران (فوئاد سەنیورە) لە (٢٨/ ٥/ ٢٠٠٨ز)، هەرچەندە بە زۆرینەی دەنگ بوو.

جارێكی تر لە وڵاتی قەتەر وە بە سەرۆكایەتی میری قەتەر، لایەنە ناكۆكەكان پاش هەوڵێكی زۆری دەرەكی و ناوەكی، قەیرانی سیاسییان تا ڕادەیەك لە لوبنان دوورخستەوە. ئەوەش پاش ئەوەی لایەنە ناكۆكەكان بەئاگاهێنرانەوە لە مەترسیدارییی بارودۆخەكە، بەتایبەت پاش ئەوەی سكرتێری نەتەوە یەكگرتووەكان (بان كی مۆن) لە چاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەوانی دا لە بەیروت ئاماژەی دابوو كە "ئەگەر لایەنە سیاسییەكانی لوبنان لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری ئەو وڵاتە ڕێكنەكەون، ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ لەئارادایە."

بێگومان ئەمە زەنگێكی خەتەرناك بوو بۆ ئاگادار كردنەوەی لایەنە ناكۆكەكان. ئاشكرایە كە كۆشكی سەرۆكایەتی (بەعەبدا) لە بەیروت بۆ ماوەی شەش مانگ بێسەرۆك بوو. بەڵام دواتر لە ڕێی پرەنسیپی گونجاندن (مبدأ التوافق)ەوە، لایەنە ناكۆكەكان لوبنانیان لە كارەساتی شەڕێكی ناوخۆی تر ڕزگار كرد. ئەمەش جۆرێك لە ڕاییكردن و ڕازیكردنی یەكتر بوو، جێبەجێكردنی سیاسەتی دەرەكی بوو نەك جێبەجێكردنی تەواوی پرەنسیپەكانی دیموكراتیەت.

ئەو ڕێكەوتنەش دواخستنی شەڕێكی ناوخۆی تر بوو، كە دەشێت لە كاتێكی تردا و بە جۆرێكی تر سەر هەڵداتەوە. هیچ گەرەنتی سەرهەڵنەدانەوەی شەڕ وماڵوێرانییەكی تر لە لوبنان دا نییە، لەبەرئەوەی كێشە لەمێژەكانی لوبنان كە خۆی لە ململانێی تایەفەگەری دا دەبینێتەوە هەرگیزاوهەرگیز چارەسەر نەكراون، بگرە هێندەی تریش كێشە كۆمەلایەتی و سیاسییەكان كەڵەكە بوون. سیاسەتمەدارانی لوبنان زۆر چاك ئەمانە دەزانن، كە قەیرانی سیاسی لەو وڵاتە دا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو تەقینەوەیەكی تر دەچێت، گەر چارەسەر و هەوڵێكی ناوخۆیی بەپەلە نەگیرێتەبەر.

بەڵام پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە كە " ئایا لایەن و پارت و سیاسەتمەدارانی لوبنان گەر ئەو ڕاستییانە دەزانن، لەبەرچی هەوڵی گۆڕانكاری نادەن؟"

# ئەنجام:

سەرەتا گەر بمانەوێت لە چەمك و كەسایەتی یەكتاپەرستانی دەرزی تێبگەین، دەبێت لە ڕوانگەیەكی زانستی دوور لە كاریگەرییە ئایینییەكان، بۆچون و تێڕوانینەكانمان پراكتیزە بكەین، بۆئەوەی تێگەیشتنێكی ڕاست و دروست بەدەست بهێنین. ئەمەش گرنتی گەیاندنی ڕاستییەكان وەك خۆی دەكات. هەر نەگەیاندنی ئەو ڕاستیانەشە، كە بووەتە هۆی ئەوەی زۆرینەی مێژوونووسان و نووسەرانی عەرەب، دەماودەم و لە بۆنە جیاجیاكان دا هەمان هەڵەی نەزانین و گومڕاییان بەرامبەر یەكتاپەرستان دووبارە بكەنەوە.

ئاشكرایە بەشێكی گومڕایی مێژوونووسان و نووسەران بۆ نەبوونی زانیاری تەواو دەربارەیان دەگەڕێتەوە، كە دەشێت بە ڕاستی زانیاری تەواویان چنگ نەكەوتبێ، یاخود دەستكەوتبێت و فاكتەرە سیاسی و بەرژەوەندی و مەزهەبییەكان تێمەڵ و پێكەڵی بكەن. ئەمە لەلایەك، لە لایەكی تریشەوە دۆگمایی و نەدركاندن و قۆزاخەیی باوەڕدارانی ئەم ئایینزایە فاكتەرێكی تری چنگ نەكەوتنی زانیارییەكانە. گەر وەك گروپێكی ئایینیش دوور لە فاكتەری نەتەوەیی و مرۆیی تێیان بڕوانین، دەبینین كە خاوەنی ئایینزا، مێژوو، زمان، كلتوور، خاك، نەریت و فەرهەنگێكی تایبەت بە خۆیانن. ئەمەش دووبارە لەگەڵ پێكهاتەكانی نەتەوە دا یەكدەگرێتەوە. كەواتە ناكرێت تەنها وەك گروپێكی ئایینی ئیسلامی پیرۆز سەیریان بكرێت، كە لە نەتەوەیەك پێكهاتبن. بەڵكو گروپێكی ئایینی فرەنەتەوەن.

یەكتاپەرستانی دەرزی هەردەم شانازی بە ئایینزای خۆیانەوە دەكەن، هەر ئەم شانازییەشە وای كردووە وەك كۆمەڵێكی ئایینی بناسرێن. ئەو ناسینەش شوناسێكی پێبەخشیون، پێبەخشینەكەش دەرەنجامی تەباییانە، كە دواتر بووەتە هۆكاری جیاكردنەوەیان لە كۆمەڵە مرۆییەكانی تر لەڕووی مەزهەبی و ئیتنییەوە.

لە دەقەكانی پێشووتردا كاتێك باس لە پێكهاتەی كۆمەڵایەتی یەكتاپەرستان كراوە، وەك گروپێكی فرەنەتەوەیی خراونەتە ڕوو. لەگەڵ ئەوەی ئەم تێڕوانینە بەلای نووسەرێكی عەرەبەوە مەحاڵە، لەبەرئەوەی لادانە لە ڕیتمی كۆمەڵگای ئیسلامی. بەڵام وەك تێڕوانینی ئەو نووسەرە خۆی بۆ ئەوان، هەستێكی نقووم بووە لە خەیاڵی دەریای گومڕایی، لەبەرئەوەی هەرگیز وەك باڵێكی ئایینی ئیسلامی پیرۆز سەیریان ناكات. جا ئەگەر لە ئەنجامی نەزانی و دوودڵییەوە بیت، یاخود كاردانەوەی فاكتەری شۆڤێنیەت بێت. ئەوەیە هۆكاری تێكەڵ وپێكەڵی زانیاری و بۆچونەكان.

دیارە بەوپێیەی كە زێدەڕەوی لە ئایین دا هەردەم بووەتە هۆی بەزاندنی سنوورەكان، هەربۆیە یەكتاپەرستیی وەك ئایینزا لای زۆرینەیان تا ڕادەیەك سنوورەكانی بەزاندووە، كە ئەمەش زۆر بە ئاشكرا بەدی دەكرێت، واتە شوناسێكی تایبەت بە خۆیانی وەرگرتووە. لەوەش زیاتر، ئەوەیە كە ئایینزای یەكتاپەرستی لای ئەوان مۆركێكی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیانی وەرگرتووە. ئەم وتەیەش تیۆرییەكانی بیرمەند (بێنەدكت ئەندرسن)مان دێنێتەوە یاد، كاتێك جەختی لەسەر ئەوە دەكرد كە: "ئایین جۆرێك لە

ناسیۆنالیزم دروست دەکات."

بێگومـان ئـەو زێدەڕەوییـە، تـا ڕادەیـەك هۆكـاری ناسـینی ئـەوان بـووە وەك پـەڕگیر و زێـدەڕەو (غلاة)ی شیعە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی. كێشەكەش لەوەدایە كە پێشتر تاوانبار كراون بەوەی هاوەڵیان بۆ پەروەردگار پەیدا كردووە، هەروەك بەخواوەند كردنی خەلیفە (حاكم بیئەمریللا). هەرچەندە یەكتاپەرستان ئەو تۆمەتە ڕەت دەكەنەوە و تەنها وەك خەلیفەیەكی فاتیمی و كەسایەتییەكی ئیسلامی پیرۆز دەیناسێنن...


بە بۆچوونی ئێمەش یەكتاپەرستان ئایینزاكەیان تێكەڵێكە لە ئایینی زەردەشتی و شیعەگەرایی، كـە شـێوە دۆگمایەتییـەكی پێـوە دیـارە وەك زۆربـەی زۆری مەزهەبـە شـیعەكان، ئەمـە و تەنانـەت لـەنێو خۆشیان دا باوەڕدار دەبێت تەمەنی بگاتە چل ساڵ، ئینجا بۆی هەیە بنەما ئایینییەكان تێبگات. ئەوەش بەڵگەیە بۆئەوەی ڕاستی بیروباوەڕ هەرگیز نابێت ئاشكرا بكرێت، لەبەرئەوەی بەلای ئەوانەوە تیاچوونی سەرتاسەریی لەخۆدەگرێت.

گـرنگترین ئاماژەپێـدان، ئـەوە بـوو كـە هـەردەم لـە پێشـەنگی ئەوانـەدا بـوون كـە هـەوڵی پێكـەوە گونجـانی ئـایین و فەلسـەفەیان دابـوو، واتـە كـاركردن بـە فەلسـەفەی گریكـی و هینـدی و فارسـی، وە گونجانـدنیان لەگـەڵ پرەنسیپەكانی ئـایینی ئیسـلامی پـیرۆز دا، هەرچـەندە ئـەو كـارە تـا ڕادەیـەكی زۆر هۆكـاری بەرزبوونـەوەی دەنگـۆی نـاڕەزایی بـوو لـەناو كۆمـەڵگا ئیسـلامیەكان دا. لـەوەش خەتـەرناكتر بڕوابوونێكی ڕەهایە بە دۆناودۆن و نرڤانا، كە تەواو پێچەوانەی پرەنسیپەكانی ئیسلامە، ئەوەش خۆی لەخۆی دا لادانە لە ڕێتمی ئایینی ئیسلامی پیرۆز.

كۆمـەڵگای یەكتاپەرسـتانی دەرزی خـاوەنی كەسـانێكی بـاوەڕدار و لێبـوردە و زانـا و چوسـت و چـالاكن، هـەرگیز پەیوەسـتن بـە خـاك و ئـایین و نـەریتی خۆیانـەوە. جـارێكی تـریش جـەخت لەسـەر فرەنەتـەوەییان دەكەینـەوە، هـەروەها بەهیچ شێوەیەكیش ڕاسـت نییـە كـە ئـەوان عـەرەبی پاڵوتـەن، وەك ئەوەی نووسەرانی عەرەب و زۆرینەی نووسەرانی دەرزی خۆشیان جەختیان لێكردووەتەوە، نمونەش بۆ ئەم ڕاستییە بوونی چەندین بنەماڵەی كوردی و هەڵسوكەوت و شێوەی جلوبەرگیانە.


لە كۆتایی دا هیوادارین ئەو ڕاستیانەی دركێنران جێگەی خۆیان گرتبێت لە فەرهـەنگی ڕاسـتییە ونبووەكـان دا، لەبەرئـەوەی یەكتاپەرسـتانی دەرزی هـەرگیز نەیانویسـتووە و نایانـەوێت ئـەو ڕاسـتیانە بدركێنن كە باس لـە پێكهاتـەی كۆمەڵایـەتی و نەتـەوەیی و ئـایینی و ئیتنییـان دەكات. كـەوابوو لێرەوە بنەمای پەیڕەوكردنی كاری نهێنـی و ڕاڤـەی ئـایینی نـاوەكی لـە نێویـان دا هاتـە گـۆڕێ. دووبـارە ئـەوەش لەبەر ئەو هۆكارانەی پێشتر باسكرا...

# پاشكۆكان




**نەخشەی ١ ..............**

**پێگەی ناوچەی زۆزان لـە كوردستانی گـەورە دا، سـەرەتای سـەدەی یەكـەمی كۆچی (حەوتـەمی زایینی). لە كتێبی (كردستان في القرن السابع الميلادي)ی نووسەر (فرسەت مەرعی)یەوە وەرگیراوە.**



نەخشەی ٢ ..........

**پێگەی زۆزان لە کوردستانی گەورە دا. سەردەمی لەشکرکێشی ئیسلامی (١٦-٢٦ک/٦٣٧-٦٤٦ز)**

**لە هەمان سەرچاوەی پێشووەوە وەرگیراوە..**

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە عەرەبییەکان....**


١- أحمد محمد أحمد: أكراد لبنان و تنظيمهم الاجتماعي و السياسي، الطبعه الاولى، مكتبة الفقيه- بيروت، لبنان، ١٩٩٥

٢- أ. ج. هوبزبوم: دراسات في التاريخ، ت: عبداﻻله النعيمي، طبعه خاصة، دار المدى للثقافة و النشر- سوريه، دمشق، ٢٠٠٦

٣- الأب اسحق ساكا: الاله المتجسد بحسب اعتقاد الكنيسة السريانيية الارثوذكسية، الطبعة الثانيية، مطبعة شفيق- بغداد، عراق، ١٩٧٠

٤- بول ووكر: حميدالدين الكرماني الفكر الاسماعيلي في عصر الحاكم بامرالله، ت: سيف الدين القصير، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة و النشر- دمشق، سوريا، ١٩٨٠

٥- ابو ترابي، جميل: من هم الموحدون الدروز، الطبعه الثانيه، دار علاءالدين للنشر و التوزيع و الترجمه - سوريا، دمشق، ٢٠٠٧

٦- د.جمال رشيد احمد: ظهور الكورد في التاريخ، الجزء الاول، دراسة شاملة عن خلفية الامه الكورديه و مهدها، دار آراس للطباعة والنشر، السلسله الثقافيه- اربيل، اقليم كوردستان العراق، ٢٠٠٣

٧- الجميل، سيّار: بقايا و جذور التكوين العربي الحديث، الطبعه الاولى، منشورات الاهليه للنشر و التوزيع- عمان، الاردن، ١٩٩٧

٨- حكيم عبدالرحمن زبيرالبابيري: مدينة خەلات، الطبعة الاولى، دار سپيرێز للطباعة و النشر- دهوك، كوردستان العراق، ٢٠٠٥

٩- الخوند، مسعود: لبنان المعاصر، مشهد تأريخي و سياسي عام، الطبعة الثالثه، الجزءان (١٦)،(١٧) الشركة العالميه للموسوعات، ش، م، م- لبنان، بيروت، ٢٠٠٥

١٠- دفترى،د.فرهاد: خرافات الحشاشين و اساطير الاسماعيليين، ت: سيف الدين القصير، دراسات ، دار المدى للثقافة و النشر- بيروت ، لبنان، ١٩٩٦

١١- دفتري،د.فرهاد: الاسماعيليون في العصر الوسيط،ت: القصير، سيف الدين، الطبعه الاولى، دار المدى للثقافة و النشر- دمشق، سوريا، ١٩٩٩

١٢- ديڤيد مكدويل: تأريخ الاكراد الحديث، ت: راج آل محمد، الطبعه الاولى، دار الفارابي للنشر- بيروت، لبنان، ٢٠٠٤

١٣- ابي راشد، حنّا: حوران الداميه، الطبعه الثانيه، منشورات مكتبة الفكر العربي و مطبعتها للنشر و الطبع و التأليف- بيروت، لبنان، ١٩٦١

١٤- سعد رستم: الفرق و المذاهب الاسلاميه منذ البدايات، الطبعة الاولى، الاوائل للنشر و التوزيع و الخدمات الطباعيه – سوريا ، دمشق، ٢٠٠٤

١٥- سكيكر، زيد علي: الموحدون عرب مسلمون، لا دروز، الطبعه الاولى، منشورات دار علاءالدين للنشر و التوزيع و الترجمه- دمشق، سوريا، ٢٠٠٢

١٦- عبدالزهراء عثمان محمد: سيرة الائمة، محاولة لتقييم المنهج ، الطبعة الاولى، مركز العصمه- بغداد، عراق، (جمادي الاول، ١٤١٤ هجري)، ١٩٩٣

١٧- العسراوى،نجيب: المذهب التوحيدى الدرزي ، الطبعه الثالثه – برازيليا، برازيل ، ١٩٩٠

١٨- د. عصام سليمان: الفدراليه و المجتمعات التعدديه و لبنان، الطبعه الاولى، دار العلم للملايين – بيروت، لبنان، ١٩٩١

١٩- د. عبدالصبور شاهين: أبي آدم قصة الخليقه بين الاسطورة و الحقيقه، دار اخبار اليوم- قطاع الثقافه- القاهره، جمهورية مصر العربيه، ١٩٩٩

٢٠- د. غانم محمد صالح: الفكر السياسى القديم و الوسط، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر- بغداد، عراق، ١٩٨٨

٢١- طليع،امين محمد: اصل الموحدين الدروز و اصولهم ، الطبعه الاولى، دار الاندلس للطبع و النشر، بيروت ، ١٩٦١

٢٢- الطعّان، د. عبدالرضا حسين: تأريخ الفكر السياسي الحديث، دار الحكمه للطباعة و النشر- بغداد، عراق، ١٩٩٠

٢٣- د. فرست مرعي: كردستان في القرن السابع الميلادي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه – السليمانيه، اقليم كوردستان العراق، ٢٠٠٦

٢٤- د. فاروق عمر: التاريخ الاسلامي و فكر القرن العشرين، الطبعه الثانيه، مكتبة النهضه- بغداد، عراق،١٩٨٥

٢٥- د.فاروق عمر فوزي: نشأة الحركات الدينيه السياسيه في الاسلام،الطبعه الاولى،الاهليه للنشرو التوزيع- عمّان، ١٩٩٩

٢٦- الكردي، د. محمد علي الصويركي: الاكراد الاردنيون و دورهم في بناء الاردن الحديث، الطبعة الثانيه، من منشورات (بنكەی ژین)- السليمانيه، إقليم كوردستان العراق، ٢٠٠٥

٢٧- اللواء حسن صادق: جذور الفتنه في الفرق الاسلاميه منذ عهد الرّسول حتى اغتيال السادات، الطبعة الرابعه، عربية للطباعة و النشر- القاهره، مصر، ٢٠٠٢

٢٨- م. س. لازاريف و آخرون: تأريخ كوردستان، ت: د. عبدي حاجي، الطبعه الاولى، دار سپيرێز للطباعة و النشر- دهوك، اقليم كوردستان العراق، ٢٠٠٦

٢٩- د. ممدوح محمود مصطفى منصور: سياسات التحالف الدولي، الطبعه الاولى، جامعة الاسكندريه، مكتبة مدبولي- الاسكندريه، مصر، ١٩٩٧

٣٠- د.محمود اسماعيل: فرق الشيعه بين الدين و السياسة، الطبعه الاولى، رؤية للنشر والتوزيع- القاهره، مصر، ٢٠٠٥

٣١- د.موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسى الحديث و المعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة و النشر- بيروت، لبنان،١٩٩٤

٣٢- النجّار،عبدالله : مذهب الدروز و التوحيد ، دار المعارف بمصر - القاهره ، مصر، ١٩٦٥

٣٣- وردي، د. علي: منطق ابن خلدون في ضوء حضارته و شخصيته، الطبعه الاولى، منشورات سعيد بن جبير- قم المقدسه، جمهورية ايران الاسلاميه، ٢٠٠٥

٣٤- يعقوب الثالث، اغناطيوس: الشهداء الحميريون العرب فى الوثائق السريانيية، المجلة البطريركية- بغداد، عراق، ١٩٦٦

٣٥- يوسف كرم: تأريخ الفلسفه اليونانيه، الطبعة الاولى، دار القلم- بيروت، لبنان، آيار - ١٩٧٧

١- ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧، ل ٥٧٠
٢- ه. ئاجەریان، ڤ.مینۆرسکی، موکری، د. محەمەد، ژ.ه.کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، و: نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥
٣- بارزانی، مەسعود: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤
٤- بدلیسی، شەرەفخان: شەرەفنامە، و: هەژار، لە بلاْوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد- نەجەفی پیرۆز، عێراق، ١٩٧٣
٥- تەوەحودی، کەلیموڵلا: کۆچی مێژوویی کورد بۆ خۆراسان، و: عەدنان بەرزنجی، چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦
٦- پێنجوێنی، سەروەر عەبدولڕەحمان: ڕیشەو بنچینەکانی توندوتیژی ئایینی، چاپی یەکەم- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧
٧- جیهانبەگلو، رامین: هیگڵ و سیاسەتی مۆدێرن، و: شۆڕش جوانڕۆیی، چنوری فەتحی، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦
٨- سنندجی، میرزا شکرالله "فخر الکتاب": هۆز و تیرە و تایەفەی کورد لە کوردستانی ئەردەلاْن، و: ئەنوەر سوڵتانی، لە بلاْوکراوەکانی بنکەی ژین- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦
٩- شەڵماشی، خەلیل: نەژادی کورد لە لوبنان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٠
١٠- ابو شقرا، صلاح عصام: کورد گەلی مەینەتییەکان، و: جاسم محەمەد محەمەد عەلی، چاپی یەکەم، لە بلاْوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥
١١- الشنتاوی، احمد: بوودا، وەرگێڕانی: شاکر فتاح، چاپخانەی (الحوادث) - بەغداد، عێراق، ١٩٨٥
١٢- عبدالرقیب یوسف: تابلۆکانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم، لە بلاْوکراوەکانی بنکەی ژین- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥
١٣- عیماد عەبدولسەلام: کانت، و: پەژارە عەبدولحەمید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥
١٤- د. غانم محەمەد ساڵح: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، و: سەلام کەریم عەلی، خانەی چاپ و بلاْوکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥

١٥- فرانسيس فۆكۆياما: کۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨
١٦- کەیوان ئازاد ئەنوەر: مانیزم، لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی- ئایینی) یە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤
١٧- کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ، ٢٠٠٦
١٨- کەیوان ئازاد ئەنوەر: کورد و کۆمەڵی مەدەنی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤
١٩- کەریم یەڵدز: کورد لە عێراق، و: شاهۆ بورهان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧
٢٠- کەریم زەند: ئایینستان = کوردلاند، تۆماری تەمەن (٧)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەزمڕ- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦
٢١- محمد امین زکی: کورد وکوردستان، جلدی ١-٢-٣، (چاپخانەی دار السلام، بغداد)، انتشارات سیّدیان- مهاباد، ١٩٣١
٢٢- د. محەمەد عەبدولغەنی: جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، و: جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥
٢٣- مەردۆخی کوردستان، شێخ محەمەد: مێژووی کورد و کوردستان، و: عەبدول کەریم محەمەد سەعید، چاپخانەی ئەسعەد- بەغداد، عێراق، ١٩٩١
٢٤- مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧
٢٥- د. محەمەد کەمال: کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفە دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٢
٢٦- د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥
٢٧- وەردی، عەلی: واعیزەکانی سوڵتان، و: عەبدوڵلا جەبار، چاپی دووەم، خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦

١- دۆسیێی ئیسلام: وەرزە گۆڤارێکی تایبەتە بە ئیسلام، ژمارە (٤)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧

٢- ڕۆژی کورد (١٩١٣ ئەستەموول) گۆڤاری جڤاتی "هێڤی" قوتابیانی کورد: ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥

٣- فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ): وەرگێڕان و ئامادەکردنی: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦

٤- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: ژمارە ٢-٣، بەشی دووەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغداد، عێراق، ١٩٧٥

٥- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگی چوارەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، عێراق، ١٩٧٦

٦- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگیپێنجەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، عێراق، ١٩٧٧

٧- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، عێراق،١٩٨٠

٨-گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، عێراق، ١٩٨١

٩- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: دەستەی کورد، بەرگی دەهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، عێراق، ١٩٨٣

١٠- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (٤٦٢١)، هەینی، ١١/ ٧/ ٢٠٠٨

١١- جريدة الشرق الاوسط، العدد (١٠٤٦٣) السبت، ٢٢/ ٧/ ٢٠٠٧

**ماڵپەڕەکان ........**


١- منتديات السرداب الاسلاميه. الحوار الاسلامی ٢٢/ ٥ / ٢٠٠٤

٢- منتديات الفردوس الجهاديه. القسم العام. ١٨/ ١ / ٢٠٠٣

٣- ١٧/١٠/٢٠٠٤ www.ahl-ul-bait.org

٤- ١٥/١٠/٢٠٠٦ Ar.Wikipedia.Org

٥- ٢٢/٧ /٢٠٠٧ www.Al-akhdood.Net

٦- ٤ / ١ /٢٠٠٧ www.Aljazeeratalk.Net

٧- ٢٢/٧/ ٢٠٠٧ www.Druze.Org.au

٨- ١٥/١٠/٢٠٠٦ www.Lakii.com

٩- ٢٢/ ٧/٢٠٠٧ www.Saudiinfocus.Com